# کۆمەڵە وتارێ:
# بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و نووسین بە شێوەی دایرەتولمەعاریف

# کۆمەڵە وتاریٚ:
# بە لیٚکۆڵینەوە و لیٚکدانەوە و نووسین بە شیٚوەی دایرەتولمەعاریف

**محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)**

هەولیٚر – ٢٠١٠

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- كؤمةلَة وتارص: بة لَيكؤلَينةوةو لَيكدانةوةو نووسين بة شيَوةي دايرةتولمةعاريف
- نووسینی: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: کاوە حسێن
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٦٥) لە ساڵی ٢٠١٠
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٢٩)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک

سەرەتا ........................................................................ ١
ڕەگەزی کورد ........................................................................ ٢٩
لێکۆڵینەوەی لەسەر بابە تاهیری لوڕ ........................................ ٣٣
عەباس خان سەردار ڕەشید ئەردەڵان ........................................ ٧١
سمکۆی مەزن ........................................................................ ٨٦
ئیحسان نوری پاشا ........................................................................ ١١٠
بۆ ئەدای دەین و پێزانین سەبارەت بە زانای دڵسۆزی کورد، مامۆستا محەمەد سەعید ئیبراهیمی ........................................................................ ١٣٠
محەمەد صالح ئیبراهیم (شەپۆل) ........................................ ١٤٢
ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا ........................................ ١٧٥
جەدوەلی زنجیرەی پلەی ئامانجەکانی تەوسیعە ................................ ٢٠٥

# سەرەتا

## بەناوی خوای بەخشەر و دلاوا

کوردستان ئەو بەهەشتە رەنگینە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامەتی، و لە هەر دەوارانێکدا، لە هەر چەشنە زانین و هونەرێکدا کە باوی رۆژ بووبێ بە دەیان کوردی زانا و سەنگین و بیرورد و دەس ڕەنگین هونەرنومایییان تێداکردووەو ناویان دەرکردووە، تەنانەت زۆر لەو کوردە بەناو و دەنگانەی کە ناچاربوون بە زمانی بێگانە، بنووسن و بێگانە کە لەسەر خۆی حیسابی کردوون و ناوی کوردی لێ سڕیونەتەوە. یا بە فەرموودەی حاجی قادری کۆیی (لەبەربێ دەفتەری ون بوون و فانی)، بەڵام ئەگەر (لە هەشتێك مشتێك) و لە (کۆشکی خشتێکیش) ماوە هێشتا هەر زۆر دەوڵەمەندین. بە واتاییتر سەرەڕای ئەمانەش کە لە کورد داگیرکراون، هێمان لەسەر ڕووپەڕی مێژووی گەلە بێگانەکاندا هێندەمان کوردی داناو زانا ماون کە خۆمانیان پێوە رابنێین و بە ڕاشکاوی بە دنیا بڵێین ئێمەیش لە کاروانی ژیار و شارستانییەتی مرۆدا دەسە چیلەی خۆمان هێناوە، بۆ وێنە: ١- لە صەحابەی پێغەمبەری ئیسلام زاتێکی وەك: جابان کوردی و ئەبو بەسیر ئیبنی جابان کوردی کە ئەبو بەسیر بن جابان کوردی بۆتە هۆکە ئەم مادە: (هەر کەس موسوڵمان بێ، دەبێ پێغەمبەر بیداتەوە دەس کافران) لە قەراردادی حودەیبیە. بە سوودی ئیسلام هەڵوەشێتەوە (بڕواننە پیتی ج



الاصابە نووسراوی حافز کوڕی حەجەر عەسقەلانی، تەفسیری روحولمەعانی نووسراوی عەللامە شەهابەدین مەحموود، تەبەرانی، صەغیر و کەبیر، (بڕواننە پەند یا ئەمساڵی قورئان لە باسی حەجی عەمرەدا نووسراوی شەپۆڵ، چاپی **١٣٦٢** پەڕەی ١٥٤ تا ١١٩). ٢-لە زانایان کە کوڕی خەلدون (ابن خلدون) لەسەر زانایی و خزمەتی کوردان شایەدی داوەو نووسیویەتی: ((...بنچینەی پێگەی زانین و ئەدەب چوار کتێبە، دوانیان کورد نووسیوویەتی: ١- ئەدەبولکاتب نووسراوی کوڕی قوتەیبەی دینەوەری کوردی لای کرماشان. ٢-نەوادر نووسراوی ئەبو عەلی ئیسماعیل قالّی دیاربەکری کورد. ((پەڕەی ١١٧٥ مقدمەی ابن خلدون ج٢)) چاپی چوارەمی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ریسالەی تاریخی عولومی ئیسلامی نووسراوی دوکتۆر جەلال هەمایی کە نووسەری ئەم دێڕانە ئەم رێسالەی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی و (دانشکدەی قضایی و خدماتی ئیداری) لە تاران بە دەرس وت وەتەوە. یا زانایەکی وەك ئەبو حەنیفە دینەوەری کە عیلمی (ریاضی): ریازی و گیاناسی هێناوەتە نێو فەرهەنگی ئیسلامی و ئەم فەرهەنگەی پێ غەنی کردووە و لەو زانستانەدا خاوەن بیروڕابووەو کەشفیاتێکیشی لە زانینی شیمیدا هەیە، عەبدولسەلام ماردینی عیلمی (ریاضی) و گیاناسی هێناوەتە نێو فەرهەنگی ئیسلامی و رۆژگارێکیش سەرۆکی زانینگەی قاهیرەی شاری میسر بوو کە ئیمام ئەورەحمان خازینی، کوڕی رەسوڵی زەکی سابلاغی ریازی زانانی ناودار، محیدینی خەلاتی کە - لە دانانی رەسەدخانەی مەراغا هاریکاری خواجە نەسیری توسی کردووە-(قاضی القضاة علاّمة کمال الدین) هەولێری کە بە (قدوة المحققین، سلطان الحکماً) ناودارە کە لە عیلمی ریازیشدا هەر شەپۆڵی داوە-(ابن الحاجب) شارەزووری دانەری (صرف و نحو و اصولی فقه) ئیسلامی، عوسمان ناودار بە کوڕی جنی دانەری (فقة اللغة). ئەم زانا کوردانە تەنانەت (بین، سیلاب، لەت، سریچکا و مەقتەعی واژەیان لە زبانی عەرەبیدا دیاری کردووە- کە لە زمانی کوردیدا ئەگەر دوو حەرف و یەك بین بن ١- چڕ، دڕ پڕ، بڕ، چو، مو، شو، تو، دو، تۆ، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر. ٢- سێ(حرف) بن، سی پیتی وەك داو،

راو، چاو، خاو. ٣-دوو بین و چوار (حرف) بن وەك: باوك (با+وك)، مامز (ما+مز). ٤- پێنج پیتی بن وەك: هاوار (ها+وار)، نەخۆش (نە+خۆش). ٥- شەش پیتی وەك: هەنجیر (هەن+جیر) و... ٦-سێ هەشت بین بن وەك: ئارەزو(ئا+رە+زو)، حەوت پیتی وەك: شارەزور (شا+رە+زور)-هەشت پیتی وەك هەورامان (هەو+را+مان). بڕواننە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتیدا چاپی ١٣٦٤ مەهارەت، تاران پەرەی ٦٥٢ تا ٦٥٩.

و... یا زیائەددین کوڕی ئەسیر ناودار بە نووسەر کە لە ٥٥٨ لە دایك بووەو لە ٦٢٧ی art بە واتای ئاوڕ-ە نێو بۆ سەر زەوی یەك کە یۆنانیا بە ئاترو پاتن) سورەیانییەکان بە ئازربایجان و ئێرانیان بە (ماد ئازربایگان) و (ماد ئاتور پاتگان) و عەرەب بە ئازربایجان ناویان بردووە. کە بەشی لای سەرووی سەر زەوی مێژوویی دەوڵەتی ماد بووەو ئەم سەر زەوییەی ماد لە چەمی ئاراز و شیوەتی چەمی ڕەش تا دەریاچەی (وان)، ئارمەنییە لە باکوور، بەشێ لە ناوچەی خۆراوای( زەگروتی: زاگرۆس) و دەشتی پان و بەرینی نێو دوو روان: مۆزۆپۆتامیا: (بين النهرين) تا چەمی تالیس بەشی سەرووی چەمی (زێ): زابی بچووك و بەشی ناڤینی ڕێڕەوی چەمی دیالە یائوستانی نەمیر Namer لە باشوورەوە بۆ بابیل (=یەوری لە ئاوێستادا، بابیرۆش Babirush لە کەتیبەکانی ئێرانی کۆندا)، یانی بەشی سەرووی چەمی دیالە بە قسەی دیاکۆنۆڤ لە (تاریخی ماد)دا لە سێ کۆچکانەی شاری ئێستای سلێمانی، زەهاو، سنە لە ناوەڕاستی سەدەی ٩ بە ناوچەی (پارسوا= سنوور کە بە زمانی ئاشۆری پارسوایانی (سنوور، مەرز و حدود) ناوبراوە. (جا بەم واتایە (پارسوا) هیچ جۆرە پێوەندێکی بە قەومی پارسەوە نییە). سەر زەوی ماد-ی گەورە بە ناوچەی کوێستانی پان و بەرین (زەگروتی) ناودار بووە کە داگری: (ئەسبەدان Espadan و رەگا Rhaga: (ڕێی، ڕێگا)= رەی، پاسارگاد، سوشیانا تا خۆراسان، گیهون: گەیهون (=جەیحون) و ویهرود (ویهچەم) بوو.



که سنیفۆن Xenephonی مووەریخ و سەرداری ئاتنی یۆنانی لە کتێبی ئاناباسیس: (لەشکر کێشی) یا گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی کە بە خاکی کوردستاندا لە (٤٣٠/٣٥٥ بەر لە زایین) تێپەڕیووە، خەڵکی کوردستانی بە (کردۆك: Kardouxoi ناو بردووە، کە کوردەکان ڕێگای هەڵاتنی ئەو دە هەزار یۆنانییەیان گرتبوو دنیایان لێ کردبوونە چەرمە چۆلەکە و بە قورنە شەڕ خۆیان لە خاکی کورد دەرباز کرد (گەڕانەوەی دە هەزار سواری یۆنانی). مێژووزاتان لە رۆژگاری ئەسکەندەردا بەسەر زەوی ماد-یان وتووە: (ماد-ی گەورەو بۆیە کە کەم جار بەسەر زەوی بچووك: ماد ئاتورپاتکان، ئیشارە کراوەو سترابوون نووسیوویەتی لە رۆژگاری ئیسکەندەردا ئاتورپاتی ماد-ی بە دەست ماد و (سەربەخۆ) بوو گرینگترین پێگەی بەرگیری و بەرەوانی کردن بوون لە راست هێرشی یۆنانی و بێگانەدا (پەڕەی ١٢ و ١٣ و ١٤ کوردانی گۆران-بە سەرنجدان بە کەتیبەی داریوش لە بێستون (لەسەر بنەڕەتی خوێندنەوەی رەلف نارمەن شارب raiphinarmansharf سنووری باکووری ماد-ی سەروو (ئاتورپاتکان) سەر زەوی ئەرمەستان بووگە، کە بەپێی لەبەر چاوگرتنی هەویەی مێژوویی و بە قسەی (بار تولێد) بەشێ جیانەکراوە لەسەر زەوی هۆزی ماد، ژمێردراوە.

بەشی خواروو یا باشووری ئاتۆر پاتکان لە ئیسفەهانەوە بیگرە تا ئەو پەڕی زاگرۆس: (زەگروتی) بەناوی ماد-ی گەورە، بەجێی و نیشتمانی ماد، نێو برياوە.

لە بابەت خەڵکی ئەم دوو سەر زەوی (ماد) و رووداوەی مێژوویی کە چارەنووسی (ماد و پارس) کەوتە بن دەست مەقدۆنییەکان تا مردنی ئیسکەندەر، لە ٣٢٣ بەر لە زایین، ئەو ناوچە ماد-ی لێ ژیاوە. کە بە پیتو pito پات (پی تەن) pythen ساتراپی ماد-ی گەورەریش یاد کریاوە. یا ماد-ی ناحیەی رەی: (ڕێی)، کارنیا (=کرندی ئێستا، کامبادتە (کرماشانی ئێستا، کرماشان لەنێو کوردی بن دەست تورکانی تورکیە هۆزێك بەناوی (کورمیشان) هەیە و لە تاریخی کۆنی ئێراندا (خورمیش: خورمیترا) دەبیندرێ یا دەشتی (میشان) کە لەوە دەچێ لە ریشەدا

(کورمەنشان) بووبێ. چونکا خەڵکی کرماشان بە خۆیان دەڵێن: (کورمەنشان-ی) کرماشان کە عەرەب بە (قرماسان، قرماسین) نێویان بردووە، (کورمیەسان)، میشان و میسان لەرەگاژوی (میترا و میترا)نن بێ، جێگای لە دایکبوونی بوو عەلی سینا بە (خرمیسن)ی نێزیکی بوخارا، نێو بریاوە، دەش گونجی کرماشان، کرماجان یێ کرماجان یانی کورد (پەڕەی ٤٩ی کتێبی کوردانی گۆران لە کۆبەدا-شەپۆل). ئەو تاوەندانە، نیشتمان و ئاو و خاکی ماد بووە. لە بەڵگەنامەی یۆنانی تاریخی پارتیان (=پەرتەو parthara= پەهلەوە pahlava) لە وشوێنی بەناوی گوردین یا کوردوئین یا کوردیانا یا کوردی ینە (korduena) یا دێ کریاوەو لە رۆژگاری ((تێکران = ئەرمەنی)) و (فەرهاد = ماد)ی دمە قڕەساز بووەو بە ناونجیگەری (پومپە یا پومپەئیوس) سەرداری رۆمێ لە ئاسیای بچووکدا و بە ناوبژی کردنی ئەو (مۆزۆپۆتامپا: (بەینە نەهرەین)ی سەرو لە نێو ئەو دووانە: دابەشکرا- (بڕوانە کوردانی گۆران ١٤و١٥ و ١٦). لە کارنامەی ئەردەشێر بابەکان: ((ئەتخشێر)) لە مەتنە کۆنەکەدا لە (شای کوردان-ی ماد-ی ناوبراوە، بە سپای کوردانی مادی بە وێنەی ((سپای مادیگان)) یانی سپای مادەکان بە رووناکی باس کراوەو لە کارنامەی ئەردەشێر بابەکاندا، بە قسەی دوکتۆر فەرەوەشی ئەردشێر چۆتە جەنگی کوردانشای ماد-ی (نزنفت: چووە) (کوردانی گۆران پەرەی ١٨ هەر ئەوی) و (بەشی ٥ کارنامەی ئەردشێر بابەکان پەرەی ١٥ بەهرام فەرەوەشی بڵافۆکی زانکۆی تاران (١٤٩٩) چاپی ١٣٥٤ی هەتاوی. ئەم کارنامە لە بابەت تێ شکانی پارتی و هاتنە سەرکاری ساسانیان قسە دەکات، نێوبردنی کوردان، دیارە بە ئاشکرا ناوی کوردی و مادی کورد، لەو کارنامەدا هاتووە. بێگومان نیشانی داوە کە نێوی کورد و ماد، دەبێ هەر ئەو کوردۆئین یا کوردۆ-یە بێ کە بە زاراوەی یۆنانیان لە چاخی پارتییەکاندا، باو بووەو لە کتبیشدا نووسیوویانە و هەروا ئەردەوانی ئەشکانی بە ئاشکرا واژەی کوردی سەبارەت بە ئەردەشێری بابەکان بەکاربردوو، پێی وتووە: (ئەی کوردی پەروەردەکراوی نێو جیغ و چادری هەوارگەی کوردان) تەبەری بە نەقڵ لە کوردانی گۆران هەر ئەوێ.



ئەبێ بزانین ساسان باوە گەورەی ئەردەشێر، لە چینی موغ: مگۆ بووە بە ناوی ویسپوهرگان: هیڕبود نیگاوان لە (ئاردانەکان) یا عیبادەتگەی ئیستەخر؛ بە کاروباری رۆحانی و کاهنی مشوڵ بوگە، جا هەر لەبەر ئەو، ئەردەشێر فەرمانڕەوایی خۆی بە (فەڕەی ئێزەدی: فەڕی خوایی) دەزانی، بەڵگەیش کاهنی پاپەك و ساسانە بە تایبەت کە هێری دۆت موغ یا ماگوئیەکانی بە یەکێ لە شەش هۆزی ماد، ناوبردووە، کوردبوونی ئەردەشێر لە مادبوونی ئەو سەرچاوەی گرتووە. هەروا دەبێ بزانین دایە گەورەی ئەردەشێر-ی ساسانی کورد، ناوی (دینگ Dinag یا رام بەهەشت، کیژ گوڵچیهر Gaochittra) بووە، ئێستاش لە نێو کورد، (کیژ یا کیژان) دەکرێنە نێو بۆ کچانی کوردو بەکار دەبری (شەپۆڵ) ئەردەشێری بابەکان لە شارەزوور و لە دەشتی ماهیدەشت لە داوێنەی گڵکۆی ویسی قەرەنی و لای باشووری ئەوێ لەگەڵ کوردانشای ماد-ی بەشەڕ هاتووەو بەو جۆرە لە کارنامەدا هاتووە: کوردانشای ماد و یەزدانشای شارەزووری دوای تێشکان لەگەڵ ئەردەشێردا سازاون و چوونەتە نێو سپای ئەردەشێری ساسانی کورد. بڕواننە کارنامەی ئەردەشێری بابەکان کیسرەوی؛ بە نووسراوی تەبەری جوزهێر، پاشای بازرنگی لە زنجیرەی پاشاکانی هەرێمی پارس، فەرمانڕەوای دژ سپی (بەیزی فارسە) کوری ئەسیر-ی کورد لە ئەلکامیلدا بە عەرەبی کراوەکەی (ئەلباد رنجین)ی هێناوەو تەبەریش (ئەلباذرنجین) و مەسعودیش لە تەنبیهە و ئیشراقدا (ئەلبارنجان) و ئیبین بەلخی (رۆم، ئەلبانجان)ی هێناوەو هەموویان لەسەر ئەوە سوورن کە ئەو هۆزە لە رەگەزو رەگژی کوردەکانی پارسی کۆن و فارسی دوایین. ئیبن بەلخی، کورد لە پێنج هەرێمدا باس دەکا: زەم جیلویە، زەم زیوان، زەم لوجان، زەم کاریان، زەم بازنجان: (زەم: هۆز) و هەروا نووسیوویەتی هەر، زەم سەد هەزار تەبەعەی هەیە و شەوکەتی فارس یانی شەوکەتی کورد، مەجمەعولئەنسابی شوانکارەیی، مورووج زەهەب، فارسنامە، تەنبیع و ئیشراق، رەشید یاسەمی هەموو دەڵێن: ئەردەشێر بابەکان لە هۆزی شوانکارەیە و کاتێ جوزهێر-ی کورد، لە رەگەزی گەورەکانی بازرنگی، بازرنجیە (بەرزنجی) حاکمی ئیستەخر بووژنێکی لە خێڵی

بازرنگی هێناو کورێکی لەو ژنە بوو ناویان نا (پاپەك) کە بووە سەرۆکی هێزی پێشمەرگە (ئەرگبود Arbbadk) لە دارا بگرد و دژی بەیزا کە (کریستێن سین) لە مێژووی ساسانیاندا، ئەوەی بە گوپانان: چۆپانان ناوبردووە کە هێزێ فرەی بەدە هێنابوو، جا ئەوە دەیسەلمێنێ کە ئەردەشێر لە شوانکارەیە و دایکیشی لە کوردانی بازرنگییە و بۆتە (شا)، ئەردەوانی ٥ ئاخرین شای ئەشکانی بە تەشەرەوە پێی دەلێ: ئەی کورد، لە نێو چادری کوردان پەروەردە کراوی، کێ ئیجازەی پێداوی کە تاجی شاهیت لەسەر ناوە... تەبەری، کوڕی ئەسیر و کێتبی کورد و پەیوەستەگی نژادی تاریخی ئەو پەڕەی ١٧١ بە نەقلێ لە وەحدەتی قەومی کورد و ماد. یۆنانیان بە کەیقوبادی کوردیان وتووە (رەباسی کورد) کە سەرۆکی یەکێ لە تایفەی ماد بە نێوی لوس: بورز، کە لە مازندەران ژیاوەو هەندێ لە مێژوو زانان زاتێ وەك پڕزانا ئایەتوڵڵا مەردۆخ کوردستانی فەرموویانە: چیای ئەلبورز لە نێو تایفەی (بورز) وەرگیراوەو عەرەب ئەلف و لامی تەعریفیان پێوەلکاندووە، مازندەران لە ریشەی ماژ— ەو لە کۆنەوە تا ئەم دواییانە یەکێ لە ناوەندەکانی کوردنشین بووە، لە ساڵەکانی ٢٣ز ئەردەشێر توانی ئازربایجان لە دەس ئەردەوانی ٥ دەربێنێ بڕواننە کارنامەی نووسراوی سەیید ئەحمەد کیسرەوی پەڕەی ٦١ بە نەقلێ لە کۆبەی وەحدەتی قەومی کورد و ماد. (کوردای گۆران هەر ئەوێ). دەسەیێ دیکە لە کوردانی پارس لە خێڵی شوانکارەی کوردن، شوانکارە بە وەنازبون کە لەزاروکانی ئەردەشێری کوردی بابەکانن. محەمەد شوانکارەیی لە کتێبی (مەجمە عولئەنساب)دا کە لە ٧٣٣ی مانگی دایناوە، نووسیوویەتی: ((نەسەبی پاشایانی شوانکارە، بە باوەڕی زۆربەی مێژووزانان و ئەهلی زانیاری ئەنساب و رەگەزناسان و لێکۆڵەران، شوانکارە لە زارۆکی ئەردەشێری بابەکانی ساسانین: (کوردن) بە سەرنجدان بەو بەڵگەنامانە، ئەوە کە ئەردەوان بە ئەردەشێری وتووە: ئەی کورد، لە رووداوەی هاتنە سەرکاری ئەردەشێر، بۆ پارس و مادە بووە هۆیی یەکیەتی ئێرانان بە پادشایی ئەردەشێر، (کورد): بە دژی، پارتییەکانی خۆفرۆش کە چبوونە بن هەنگڵی رۆم، ئەی کورد، رووی قسە لە



ئەردەشێرە، کە بە رەگەز لە مادەو مۆبیدزادە کە ئێرانیانی لە دەسەڵاتی رۆمیان رزگار کرد. (کوردانی گۆران) جا لەمەوە بە جوانی دەردەکەوێ (ماد) چوون لە بەڵگەنامەکانی یۆنانی سەردەمی (پارتیان) بە کورد، ناودار بوون، ئێرانیەکانیش لە باتی سەر زەوی ماد، کوردستانیان بە سەر زەوی و نیشتمانی تایبەتی کورد، زانیووە (پەڕەی ٢٠ کوردانی گۆران)-چەك نێوی ماد-ی خوڕە (chora) پەهلەوی: یا کەورە، کە یۆنانییەکان بە ئەکلیما: kllma ئیقلیم یانی ناوچە، هەرێم (کەرئی ئاوێستایی کە لە پەهلەویدا: (کیشتەن kistan یانی شیار و خەت خەتی کردن: زەوییەکەی کێڵا. لە ئاوێستادا (وەرە زەن veazena) لە دواییدا (بە رزەن)-خاوە پلە (خەشترە پاوەن)، ئودیسا، روها Urha، نەسیبەین، بابیل، حیرە hira هەمەدان، نەهاوەند، بەشێ لە خاکێ بە ناوی ئوستانی (خوسرەو ئاد فیزوز) کە داگری ئەم شارانە بووە (حولوان: (هەلەمان Hallaman و هەڵاوان: یانی (هالاو، بوخار) کە یاقوت نووسیوویەتی لەم شارەدا کانی کبریتی و گۆگرد فراوانە، شاری فیرۆز قوباد، ئامرا، ئاربێڵ، ئەربل، کە هەمان (نودارد یانی دیە: ئەوبەری چۆم شێر: بوزاردشێر Budh Ardashir و خانەقینە. ئەمانە گشتی خاك و نیشتمانی هۆزی (مادیك) بوون: مای میانیی ساسانیان (ماە، ماهی)، ماد دینەوەر کە بە وێنەی ماە کوفە، ماە دینەوەر، ماە نەهاوەند (نیهـ ئاوەد، نیهـ شار، ئاوە: زەرف یانی شاری ئاودار (یەشتەکان ج٢ پەڕەی ٢١٩ پورداوود): سەپێڵ زیهاو، زیهـ Zeh یازیها Zeha: تاڤگەی ئاو، هەڵقونی ئاو، شارەزوور لە واژەی زوڕوان و زوڕوانی گیراوە کە نیشتمان و جێی کۆبوونەوەی مەزدەکییەکانی کێفی سەکیە (kudsakua) بووە. یا بە قسەی شارستانی لە میلەل و نیحەلدا: (کوزیە) یەکێ لە چواردە سەی زەمانی ساسانی بووە. لە دواییدا بە قسەی ئەبو دولف لە سەفەرنامەکەیدا بە ناوی (نیم ریێ: نیوەی رێگا-ی نێوان ئاگرگەی شێز و تیسفون، نێوبراوە، لە باشووری سلێمانی یانی لە (یاسین تەپە)ی ئەمڕۆدا-دیاری عیمادیە: ئامێدی: ئاشەب ناوەندی بادینان جێی کۆزیلکەی بیهدنانی: (ماد-ی) زەردەشتی ئامێد (عیمادیە لە قەڵاکانی ناوداری ماد، بووەو لە پاشان بووەتە جێی

شێرە هەڵۆکانی بادینان (بیهدینان) شاری ئامێد لە کوردستانی باشووریدا لەبان کێوێ بەرزو بڵندساز دراوەو سێ لای ئەو هەوراز و هەڵدێرێ فرەسەخت و رەقەو تەنیا دەروازەیەکی بۆ چوونە ژووریٚ و هاتنە دەرێ هەیە و بە ئەندازەی چوار هەزار بنەماڵە گونجایشی هەیە و زیاتر لەوە ناگرێ، مەگەر خانووەکان تێك بدرێن بکرێنە ئاپارتومان نشین، ئاسەواری مێژووی شاری ئامێد، بە شێوە خانووی ئێزەدیان سازدراون و رازاونەتەوەو نیگار کێشی کراون و شوێنەواری زانینگەی گەورە زانیاری و عولوم: لە قەڵا و باڵەخانە و دام و دەزگای حوکومەتیدا دیارە. کە بەداخەوە خەریکە وێران دەبێ، بیهدینان یا بادینان هەمان دینی زەردەشتیانە، لە شێخان و لالەش ئاگردانی مدفەرکی ئێزەدیان هەیە و هێمان ئاسەواری ماوەو بۆ رۆشن راگرتنی ئاگری ئەوێ لە فتیلەی لۆکە و رۆنی زەیتون کەڵك وەردەگرن. لە هەرێمی بادینان شەمێران یا شەمیرانات هەیە، لەلای تارانی ئێرانیش شەمێران هەیە. جا کەوابێ ماد-ی گەورە بە نێوی جیبال بەشێ لە هەویەی فەرهەنگی سەردەمی ساسانی بووە. جیبال کۆی جەبەلە و بە واتای کێو-ە، کێف، (Giray) گریە، لە ئاوێستادا گری لە پەهلەویداگر. نیشتمانی ماد، ماد-ەکان-ە، کورِی فە، قیهـ لە موختەسەرو لبولدان) دا بە ئاشکرا باسی لێی کردووەو شاردێن، ئەو شوێنە، بە هەمان ماد-ی گەورە دەزانێ، بەڵام دیاکۆنۆف لە تاریخی ماد، نووسیوویەتی: ماد-ی گەورە، مادی خواروە کە لە نێوان کێوەکان-ی، ئەلبورز و زنجیرە کێفگەلی زەگروتی، زاگرۆس دایە: زەگروتی یانی بە شێوەی زگی رووت هەڵکەوتووە (زاگرۆس) (پەڕەی ٢١ و ٢٢ کوردانی گۆران). ساسانیان لە ٤٢٥ تا ٦٥١ز یانی تا مردنی یەزدی گرد حوکومەتیان کردووە، ئیبنی رۆستە لە (ئەعلاقو لونەفیسە) کە لە ساڵی ٢٩٠ی مانگی دیناوە، وڵاتی جیبال بە داگری: (ماهـ سەبەدان، میهرەجان، قەدەق، ماهـ کوفە، (دینەوەر) ماه (بەسرە: (نەهاوەند)، هەمەدان و قوم): گۆم، گۆمی ئاوی سوێر زانیووەو دووجار ناوی (کورد)ی بردووە، بەناوی دانیشتووانی شارۆڵکەی (ئاخورین) کە بە قسەی ئەو خوسرەوان) ئەوێی سازداوە کە ئاگردانی مەجوس: موغەماد لەوێ



سازدراوە. ئیستەخری جوغرافی زانی ناودار لە ١٠٨٠ ساڵ بەر لەمڕۆ (٣١ ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ز) نووسیوویەتی: بنەماڵەی کورد، لە فارسدا ئەو نەزۆرە لە ژمار نایێن و کوڕی حەوقل لە ١٠٤٧ ساڵ بەر لەمڕۆ نووسیوویەتی: کوردانی فارس لە خاکی فارسدا زیاتر لە سەد تایەفەن و من ٣٠ و چەند تایەفەم نێوبردووە (...خوسەرویە، شاهکانیە، ئیستامیهریە) ئازەرکانییە، بنداد میهرە، رامانیە، میهرکیە، شاهۆیە...) میقدەسی لە ئەحسەنولتەقاسیم لە ناسینی ئەقالیمدا ١٠٢٠ ساڵ بەر لەمڕۆ، نووسیوویەتی: ٣٣ خێڵی کورد لە هەرێمی فارسن کە پێنسەد بنەماڵەن... فارس پێنج زۆمی هەیە، زم یا زۆم بە قسەی (لیسترنج) بە واتای قەبیلەیە و واژەیەکی کوردییە: (چەند رەشماڵ و چادر و جیغ و خەیمە، کە کورد لە هەوار و کوێستانی مەڕو ماڵات لەوەڕێن: لەوڕگەدا-رای دەبوێرن و لەو هەوارگەدا ٢٠ رەشماڵ یا زیاتر پێکەوە خەریکی ئاژەڵداریِن، بە زمانی کوردی پێی دەوترێ زۆم یا زۆمی، یانی رەشماڵ، خەیمە (شەپۆڵ) ئیستەخری لەباتی زۆم حۆمی بۆ ئەو رەشماڵ نیشانە بەکاربردووە، (دحویە) پڕزانا قەزوێنی ئەوەی بە واتای خێل و ئێل بەکاربردووە، کە لە دواییدا (کێلوکیلویە: کوهکیلویە) کەوتووتە سەرزاران کە لە نێوان فارس و خوزستاندایە، کەڵوڕو کورد لە رەگژی مادن و لەوێ دەژین و خەڵکی سەر زەوی فارس: (ماد) لە جیبال، ماد-ی خواروو بوون، لە نێوان هەمەدان تا شارەزوور و نەهاوەند و ئیسفەهان و رەی: (ریێ) و کێوەکانی ئەلبورز، ماد و مادزادەن و ئیبنی حەوقەل لە نەخشەی جوغرافیای خۆیدا، لەسەر زەوی جیبال، کە لە نێوان رەی تا هەمەدان نەخەشەکەی کێشاوە، ئەو ناوچەی بە لەوەڕگەی کوردان، لە قەڵەم داوەو بە هی کوردی نەخشەکەی کێشاوە، ئەو ناوچەی لەوەڕگەی کوردان، لە قەڵەم داوەو بە هی کوردی زانیووە. کوڕی خەلەکانی کورد، لەوە فەیاتولئەعیاندا سەرنجمان بۆ لای تایەفەیێ زۆر و زەبەند، لە کوردانی خۆراسان رادەکێشێ کە لە سەدەی دووەمی کۆچی ماگنیدا کوردان لەوێ فرە زۆربوون و رایگەیاندووە کە ئەبو موسلیمی خۆراسانی لە نێو ئەو کوردانە بە دژی ئەمەویان راپەڕیووە، باوکی ئەو موسلیم

کوردی ناودار بە خوراسانی بە قسەی هەمزە ئیسفەهانی بەر لە ئیسلام ناوی (ویندادهورموز) و کوڕەکەیشی ناوی (بیهزادان) بوو، بەڵام ئیبراهیم کوڕی محەمەد لە عەبباسییەکان ناوەکەی بۆ کردە (ئەورەحمان) و لەو سەردەمانەدا نیشتەجێی ئیسفەهان بوو، بەڵام لە دێی (فاتیق)ی نیزیکی کەرەج لەدایك بووە، چونکا ماڵەباوانی ئەبو موسلیم خەڵکی ئەو دەوەرەن (حەوتە نامەی سیروان ژ٣٥٣، مانگی رەزبەری ١٣٨٤ دوکتۆر عەلی ئەکبەر نەقی پور) هەروەها موقەدەس و نووسەری مێژووی سیستان، بە ئەبو سلیمی کورد، ناویان بردووەو رەشید یاسەمی کوردی کرماشانی بۆ کورد بوونی ئەبو موسلیم عەنی قسەی کوڕی خەلەکانی کوردو شیعری ئەبو دولامەی غولامەی مەنسوور خەلیفەی دووەمی عەبباسی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە (ابا مجرمٍ ما غیرالله نعمةً-علی عبدهِ حتی یغیرها العبد-افی دولة المنصور حاولت غدرة-ألا ان اهل الغدر آباؤك الكُرد.) رەشید یاسەمی، کورد، پەڕەی ١٧٨ و ١٧٩ نەقڵ لە ئیبنی خەلەکان ج١، تاران پەڕەی ٣,٧، دوکتۆر غولام حسێن یوسفی ئەبو موسلیمی بە کورد ناوبردووە، بڕواننە ئەبوموسلیم، سەرداری خۆراسانی تاران ١٣٤٥. بە نەقڵ لە کتێبی کرمانشاهان و کوردستان ج١ پەڕەی ١١٦، مەسعود گولزاری ژمارەی ١٤٧ زنجیرە بلاّفۆکی ئەنجوومەنی ئاساری میللی. بەڵام بەداخەوە ئەبو موسلیم چۆن باوەڕی بە خۆی نەبووە، بە درۆ شەجەرەنامەیەك بۆ خۆی سازدەدا، دیارە ئەم جۆرە درۆسازدانانە لەو سەردەمانەدا زۆر باو بووە. ئەبوو موسلیم بەدرۆ رەگەزی ماڵباتی خۆی ئەلکێنێ بە عەبباس، لە نەوەکانی سەلیت بن عەبدوللاّ، پێوەند دەدا، دیارە هەر ئەو خۆ لکاندنە بە عەبباسییەکان، گەورەترین هەڵەی ژیانی (بیهزادان: ئەبو موسلیم) دێتە ژمار، کە رەگەزی رەسەنی ئیمپەراتۆری ناوداری ماد و ساسانی خۆی، لە خۆیدار نیوە و خۆی بە عەرەبی پیاوانی پێوەند، داوە، تیشەی لە رەگ و ریشە خوێی داوەو خۆی سووك و چروك لە راست زاڵمان و ماڕزانی عەرەب نیشان داوەو نەدەبوو کارێ وابکا، بەتایبەت کە عەرەب چەندین سەدەباجیان بە ماڵەباوانی (ماد و سامانی) ئەو داوەو لە وانەوە فێرکراون و بارهێنراون، بەڵی



بیهزادان بەوە کە رەگەزی خۆیی لکاند بە عەبباسییەوە، زەربەیێ توند و گەورەی لە خۆیدا، چونکا عەبباسییەکان کە تازە دەسەڵاتیان لە سوێنگەی بیهزادانەوە گیرهاتبوو. لەو زۆر دەترسان و ئەو خۆ لکاندنەی ئەویان بە کۆسپ و جۆرێ رقەبەرایەتی لەگەڵ خۆیان دەزانی، جا هەر بۆیی دژ بەو پیلایان دادەڕشت. بەتایبەت ئەو هەمووە، مەوالییە ئێرانیانەی کە بە تاوانی راپەڕین بە دژی ئەوان، کوژران و ماڵ و سامانیان عەرەب بە تالاّن بردیان، ئەو خەڵکەی کە لە بەرا لە دەوری ئەبو موسلیم: (بیهزادان) کۆ ببوونەوە، لێی کشانەوە، ئەگەر کوێر کوێرانە، فریوی ئایینی نوێی، نەخواردبا، ئەو کاتەی کە دوایین خەلیفەی ئەمەوی لە ١٣٢ی مانگی لە نیزێك چەمی زێی بە دەسی ئەبو موسلیم تێکشا، (مەروان) خەلیفە لە ترسا، رای کرد، زیاتر لە سەد هەزار چەکداری خەلیفە بە هۆی ئەبو موسلیم و یارانی ئەو کوژران، هەر ئەو کاتە و هەر لەو شوێنە کە لە نێو جەرگەی کوردستان بوو، ئاسان دەیتوانی ئالاّی سەربەخۆیی و ئازادی هەڵداو کورد و ئێرانییەکان رزگار بکا، چونکا ئەبو موسلیم کۆتایی بە دەسەڵاتداری ئەمەوی هێنابوو و لەو پەڕی دەسەڵاتداریدا بوو، هەر خۆی ئەمیرو فەرمانڕەوا بوو، بەڵام بەداخەوە خۆی بە کەم زانی و لەو پەڕی بێ فیکری و بێ هزریدا کەسایەتی رەگەز و نەتەوەی خۆی نابووە ژێر پێی و هەموو شانازی و سەرکەوتنەکانی خوێی پێشکەش بە عەرەبێ کرد، گەلێ لە مەروانی ئەمەوی خوێن رێژترو ماڕزتر بوو، (بیهزادان: ئەبو موسلیم) کە پڕ هێز و ناسراو بوو بە زەبری شمشێرەکەی هەموو شارە موسوڵمان نشینەکانی، لەبن دەست زوڵم و زۆری ئەمەوییەکان دەرهێنا و رزگاری کردن، بەدەستی خۆی و شمشێرەکەی، کردە قوربانی و مەنسوور خەلیفەی دووەمی عەبباسی ئەوی لەت و پەت کرد و کوشتی، ئەبو موسلیم بەر لە کوژرانی، وەك هەمیشە خۆی بە ئالاّ هەڵگر و بەرەوانی کردن لە دەسەڵاتداری و خیلافەتی عەبباسییەکان، دەزانی کە خۆیشی بووە قوربانی ئەوان، ئیبراهیم سەرۆکی ماڵباتی عەبباسی، فرەرقی لە ئەبو موسلیم بوو، چون کورد بوو لە نێو خەڵکیشدا خۆشەویست بووەو زۆریش لێی دەترسا، جا لەبەر ئەوانە، فەرمانەدەیی

گشتی سوپاکەیدا بەدەست (قەحتەبە بن حەبیب) کە عەرەب بوو و ئەوی بە گژ ئەبو موسلیم داکرد، بەڵام ئەبو موسلیم شێرانە، وەش تەسی پێکردو رەپێی نا، هەروەك مێژوو نووسیوویەتی: ئەبو موسلیم لە (١٣٢) مانگی لەشکری مەروانی ئەمەوی لە کەناری چەمی زێی لە شەڕێکدا، وەهاتێکی شکاند کە ئیتر خۆی پێی رانەگیردرا. هەم سەفناح خەلیفەی ئەوەڵ و هەم مەنسوور خەلیفەی دووەمی عەبباسی بە دڵ ئەبو موسلیمیان خۆش نەدەویست و زۆریش لێی دەترسان، جا ئەوە بوو، دوریان خستەوەو کردیانە والی خۆراسان، لەو کاتەی وا سەففاح وەزیری لە کاران و کارزای خۆی (ئەبو سەلەمە خیلال) کوردی هەمەدانی بەدەست ئەو بە کوشتدا، سەد حەیف و هەزاران مەخابن ئەبو موسلیم لە خەوی غەفڵەت رانەپەڕی و وریا نەبۆوە. تەنانەت کوشتنی (ابن مقفع) ئەو موتەرجیمە گەورە کە ئەو هەمووە کتێبەی لە زمانی پەهلەوی و ساسانییەوە: (زمانی کوردی رۆژباو)، بردە سەر زمانی عەرەبی و ئەو هەمووە خزمەتەی بە زمانی عەرەبی کرد، هۆی بێداری ئەبو موسلیمی بەدی نەهێنا، لە ساڵی ١٣٨ی مانگی ئەبو موسلیم لێ برا بچێتە حەج و زەیارەتی کابە و هەروەها مەنسوور خەلیفەی دووەمی عەبباسی لەو ساڵەدا خۆی میر حاج بوو، ئەبو موسلیم کە دەیزانی خەلیفە رقی لەوە نەیدەویست بچێتە بەغا و لەگەڵ مەنسوور بچێتە حەج، هەرچەند بەغا سەر رێگا بوو، بۆ ئەو سەفەرە، بەڵام لەکاتی گەڕانەوە لە حەج بە قسەی هەندێ کەس، خەبەری بە مەنسووردا کە دەیەوێ لە بەغا چاوی بە خەلیفە، بکەوێ و هەندێك لە بابەت کاروباری وڵاتە موسوڵمان نشینەکان، پێکەوە بئاخوێن. خەلیقەکە لە وەها دەرفەتێك دەگەڕا کە ئەبو موسلیم لە نێزیکەوە بخاتە داو، بە فێڵ و ریبیا، دەستووریدا گشت فەرماندەو ئەمیران و خەڵکی زۆر بچن بە پیر ئەبو موسلیمەوەو زۆر بەقەدر و حورمەتەوە، پێشوازی لێی بکەن، تەنانەت خەلیفە خۆیشی لە نێزیك پلەکانی داروخەلافە، پێشوازی لە ئەبو موسلیم کرد و زۆری رێز بۆ داناو بردییە لای خۆی تا شەو درەنگانێ پێکەوە رایان بوارد. بۆ شەوی دوایی، دووبارە خەلیفە مەنسوور ئەبو موسلیم بانگ دەکاتە لای خۆی و لە بەرا دەستووری



دابوو چەند زەلامی قەوی و بەخۆوە لە دیوەکانی دیکە شمشێر بەدەست ئامادە بن تا لەکاتی قسەکردنی مەنسوور لەگەڵ ئەبو موسلیم، هەر کاتێ مەنسوور دەست وەك چەپڵە، لێکدا، پیاوەکانی هێرش بێننە سەر ئەبو موسلیم، هەروایش کراو پیاوی قەوی و بەهێز و مەچەك ئەستوور هێرشیان بردە سەر ئەبو موسلیمی غافڵی بێ چەك، کوشتیان و لە لبادیان ناو خەفەیان کردو تەرمەکەیان فرێدایە نێو ئاوی دەجلە، ئەوە بوو چارەنووسی ئەمیرێکی کورد، کە ئەگەر و ریا بوایێ و خۆشباوەڕ نەبوایێ، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی خۆیی ببێتە هەمە کارەی وڵات، لانی کەم کوردستان و ئێران بگرێتە بن فەرمانی خۆیی، جا بە نێو خیلافەت بێ یا هەر ناوێ تر. بەڵام دیار نییە ئەو گەورە کوردانە، بۆ چ باوەریان بە خۆیان نەبووەو نەیان ویستووە، خۆیان پاشاو ئەمیر و خەلیفە بن، هەر یارمەتی نەیارانی خۆیاندا و خۆیان کردۆتە پێ پلیکان بۆ سەرکەوتنی، خوێر و توێری خەڵکی تر-تاریخی سیستان کە ٩٦٥ ساڵ بەر لەمڕۆ نووسراوە، دەڵێ لەبەر فرەبوونی کۆمەڵی کوردان لە سیستاندا، یاقۆت لەیسی سەففاری ئەمیرێکی بەناوی ئەولرەحیم خاریجی بۆ رێك و پێککردنی کاروباری کوردان دانا، ئەم کوردانە هی وڵاتی فارس بوون و یاقوبیان بە دژی خەلیفەی عەبباسی یارمەتی داوە. جا هەر لێرەوەیە کە خەڵکی ئێران ئەخشی کورد، لە راگرتن و پاراستنی ئێراندا بە گرینگ دەزانن و سەیید محەمەد خاتەمی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران بە ناچاری وتوویەتی: (..ئێران و ئیسلام مەدیون و مەرهونی کوردە، جا ئەگەر کورد نەبوایێ دیار نەبوو ئێرانی ئەمڕۆ چدەبوو-کەس ناتوانێ بڵێ: لە کورد ئێرانی ترم...) بەڵام بەداخەوە لەم ماوەی ٢٦ ساڵەدا لە ئێراندا بە چاوی موستەعمەرەی نیشتەجێ تەماشای کوردیان کردووەو کوردیش، یەکی: نەگرتووە، تافیکرێ بۆ ئازادی خۆی بکاتەوە، دەبێ بزانین نیشتمانی کورد، بە پێی هەویە و ناسنامەی مێژوویی، فەرهەنگی ماد، هەموو بە تێکڕا سەر زەوی ئێران هی کورد و ماڵ و نیشتمانی کورد بووە، بۆ نموونە ئیبنی بەلخی لە فارس نامەدا کە ٩٢٠ ساڵ بەر لەمڕۆ نووسراوە، وتوویەتی: (هێز و شەوکەتی لەشکری فارس بە کوردانەوە خۆی نواندووە، ئەگەر

شەوکەتێ هەبووە، ئەوە شەوکەتی کورد، بووە. یاقوت حەمەوی لە موعجە مولبولداندا نووسیوویەتی لەبەر دەعەدا، دەروازەیەك هەیە بە ناوی دەروازەی کوردان کە لەوێدا ئەوەندە کوردی زانا دانا و قورئان زان و فەرموودەزان و عالم فرەیە، کە من (یاقوت) ناتوانم ناوی هەموویان زیکر بکەم، ناچار فیهرست وارناوی موبارەکی هەندێکیان دەبەم. بەڵام بەداخەوە، د.موعین لە فەرهەنگەکەی خۆیدا تەنیا دەڵێ بەردەعە شارێکە لە شارەکانی ئاران و وێرانەیە. تاریخی بەلعەمی نووسیوویەتی: ((خاجە عەبدوڵڵا ئەنساری فەرموویەتی: من کوردێ بووم پیاوانی.)) بەڵام لە چاپە تازەکاندا حەزف کراوە. لە جوزوەیەکدا کە وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی ئێران بۆ رەد لەسەر ئەوە کە ئازربایجانی شۆرەوی ناوی ئاران بووەو ئازربایجانی ئێرانیش تورك نین و ئازەرین و جیان لە ئازربایجانی باکۆی بن دەسی شۆرەوی (سابیق)، بە شیعرەکانی هومامی تەورێزی بەڵگەی هێناوەتەوە، دیارە ئەو شیعرانەی هومام کوردی گۆرانییە و سەیریش ئەوەیە، یەکدانەش لەو شیعرانە لە دیوانی هومامی تەورێزیدا چاپ نەکراوە، دیارە ئەمەش جۆرێ خەیانەتی فەرهەنگییە و دەس لە بیروڕاو شیعری (هومام) وەردانە. شیعری هومام تەورێزی:

**(وەهار، و وڵ و دیم یار خۆش بی      ئەوی یاران مەوڵ بی، مەوە هاران)**

هەمامی تەورێزی لە ئاخری سەدەی ٧ و سەرەتای سەدەی ٨ی مانگی ژیاوەو دەڵێن بە زمانی پەهلەوی ئازەری کوردەواری شیعری بە چاپ لێکراوی لێ بەجێماوە. پەڕەی ١١٦ کتێبی زانایانی کورد، محەمەدی صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی ١٣٧٩ی هەتاوی تاران (واژەی دیم لە دیمە شۆرەی کوریدا، ماوەتەوە، یانی دەم و چاو، رو. وڵ: گوڵ هەروا بڕواننە زنجیرەو تارێ لە بابەت بابە تاهیر و شەرحی سرودەکانی ئەو، خەوتەنامەی سیروان ژمارە ٢٤٦ تا ٢٥٢ساڵی هەشتەم چاپی ١٣٨٤ بە قەڵەمی (شەپۆڵ)- بڕواننە ناوەندی، موتالەعاتی تەحقیقاتی میللی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی ئێران لە بابەت ئازربایجان بێ تاریخ، گۆڤاری ویرا ژمارەی ١ و ٢ ساڵی ئەوەڵ ١٣٨١، گاهنامەی فەرهەنگی، ئیجتماعی، ئەدەبی.



پەرەی ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ بە قەڵەمی (شەپۆل). یاقوتی حەمەوی لە شاری بەیزای فارس و گوندەکانی ئەو دەوەرە کە بە تێکڕا کوردن ناوی بردووە.

مادەکان لە (٨٠٠) ساڵ بەر لە زایین. لەوپەڕی هێزدا بوون. لسترنج Lestrange لە کتێبی جوغرافیای تاریخی سەر زەوسەکانی خلافەتی شەرقی (... لە رۆژگارەکانی دواییدا یانی کاتێ کە کوردەکان شۆرت و هێزو قودرەتیان پەیدا کرد بوو، بەشی ئەیالەتی جیبال بە کوردستان، ناوی زڕابوو. لە کتێبی نەهزەتولقولوب کە موستەوفی قەزوێنی لە ٧٤٠ی مانگی داییناوە، لەم کتێبەی نیوەی سەدەی هەشتەمی مانگیدا موستەفی قەزوێنی بۆ یەکەمجار لە تاریخی ئێراندا، ناوی کوردستانی لەو کتێبە جوغرافیایەدا بە ئاشکرا نووسیووە. ئەو سەر زەوییەکانی ئێرانی سەردەمی (هەلاکوییان: مەغولان) یا بە قسە و نووسراوەی ئەو: (ئێران زەوی) بە داگری: (بیلادی عێراقی عەرەب، عێراقی عەجەم، ئازربایجان، ئاران: (ئەڕان)، موغان، شیروان، رۆم، ئەرمەن، ((دیاربەکر: ئامێد و رەبیعە))، خوزستان، فارس، کرمان، نیمروز و قەهستان وزاویستان، مازندەران، قومس و تەبەرستات، جیلانات و کوردستان) زانیوە. موستەوفی یەکەم جوغرافیا، زانێکە، کە لەلای خۆراوای ئەیالەتی جیبال: (عێراقی عەجەمی) لە ئێرانشار، هەرێمێکی بەرتەسکی بەناوی کوردستان، جیاکردۆتەوەو لە دابەشکردنی جوغرافیای ((ئێران زەوی زیادی کردووەو هەروا نووسیوویەتی کوردستان ١٦ ویلایەتە بەم جۆرە: ((وەهار یا بەهار: قەڵایەکە، کە چەندین پارچە گوندە، کە ئێستا لە ٨ میلی هەمەداندایە، کە لە بەراسلیمان ئیوانی کورد، (نەسلیمانی پەرچەمی تورکمان) حاکمی ئەوێ بووە. (کە ئۆلجایتو سوڵتان بن ئەغون خانی مەغۆل، ناردییە سەر چەمچەماڵ و وەهاری لەو کوردە ئەستاند)، ماهی دەشت (مادیدەشت): ویلایەتێکە، هەر ئەم ماهیدەشتەی کە ئێستا، یەکێ لە دییەکانی بەشی ناوەندی کرماشان-ە، دەشتاییەکە، لە نێوان دوکوێستانی لە وەڕگەی کە ڵهوروسنجابی. کە نگور، نێوبراوەو خوشرەو پەروێز لەوێ قەڵای سازداوە، کە ئەمڕۆ (کەنگاوەر) لە ٩٠ کیلۆمیتری شاری هەمەداندایە و یەکێ لە بەشەکانی

کرماشانە.-وستام: ئاواییەکە، گەورەو لە بەرامبەر ((شەودێز))ی هەر ئەم تاق بوستان-ە یا تاق وستان، جێی حەجارییەکانی گرینگی ساسانی، سوڵتاناوا: ((چەمچەماڵ، شارۆڵکەیێ کە لە داوێنەی کێوی بێستون... ئولجایتو سوڵتان بن ئەرغون خانی مەغۆل سازی داوە. قەڵایێ قاییم بووەو ئێستا، یەکێ لە دێیەکانی بەشی سەحنەی کرماشانە. شارەزوور (نیوەی رێگای نێوان مەداین و ئاگردانی گزنەك: شێز-ی ئازربایجان، قەلایەك بووە کە قوباد-ی کوڕی فیرۆز-ی ساسانی سازی داوە، هەرسین قەڵایەك بووە کە ئێستا بەشێکە لە شاری کرماشان و لە نێوان کرماشان و خۆڕماوا دایە، شەودێز کە خوسرەو پەوێزسای داوە. کرماشان کە بارام بن شاپوری ساسانی سازی داوەو قوباد بن فیرۆزی ساسانی تازەی کردۆتەوە، کە ئێستا دێیە کە، لەوە دەچی لە هێرش مەغولاندا، وایران کرابێ و بە وێنەی گوندێ مابێتەوە، دەربەندی زەنگی کە شارێکی بچووکە، دەربەندی خاتوون شارێکە مام ناوەندی، لسترنج دەڵێ: ئەم دوو دەربەندە لە نێوان شارەزوور و حەلوان لە نێوان کوێستانێ کە بەسەر دهشتاییی: (جەلگە)کانی (موزۆ یۆتامیا): نێو دوروان، دەڕوانی، هەڵکەوتوون، دینەوەر شارێ بچووکە و ئێستا بەشێکە لە سەحنەی کرماشان کە بە (ماە کوفە) لە کتێبە تاریخ و جوغرافییەکاندا، ناوبراوە، دزبیل شارێ نیمچە گەورەیە، ئالانی شارۆڵکەیەکی موعتەبەرە، ئەلیستەر، شارێکە لەوێدا ئاگردانی (ئەروخش) هەبووەو لە مەڵبەندێکدایە لە نێوان خورماواو نەهاوەند، هەڵکەوتووە، خۆشان دونگوندن، حەلوان و کرند، وێرانەن و خۆشان ئاوەدانە. هەموو دەزانین لە ساڵانی ٦٤٨ی مانگیدا ئێران و ئاسیای ناڤین لەبن دەس موغولاندا بوو ئێران و کوردستانیان کردبووە هەزار لەت، هەر لەتێکیان یاکەوتبووە بن دەس تەمیرانی هەزارە، یا وەبن دەس مین باشیان کەوتبوو، کەمێکیش کەتبووە بەر بوزباشی و ئونباشییەکانی مەغۆل (تاریخی ئێران بتروسفسکی). کتێبی نەهزەتولقولوب ئالەوەها هەل و مەرجێکا نووسراوە و دیارە بە تەواوی نەیتوانیوە سەرچاوەکانی بەدەس بێنێ، فەزوێنی لەجیاکردەنەوەی ویلایەتی کوردستان لەسەر زەوی جیبال بێجگە لە سەرچاوەی دەوڵەتی، بە روونکردنەوەیەك:



(کە کوردستان و ئەو شازدە ویلایەتە... حەق و حوقوقی دیوانی لە زەمانی (سلێمان شا ئەبو قەریب) دووسەد تەمەنی ئەو زەمانە بووە...) بەوە ویستوویەتی پێشینەی ئاوەها دابەشکردنێك، لە ئێران زەوی زەمانی سەلجوقیان نیشان بدا... لسترنج نووسیوویەتی: سوڵتان سەنجەر بەشی خۆراوا یانی ئەوەی سەر بە کرماشان بووە، جیایی کردۆتەوەو بە کوردستان ناوی ناوە، تا سلێمان شای برازای خۆی بکاتە حاکمی. (بڕواننە نووسراوەی کوڕی ئەسیر: عیزەدین عەلی محەمەد وەفات ٦٢٦ی مانگی کە لە بنەماڵەی کوردی موسڵ بووە.-کوردانی گۆران پەڕەی ٢٨ هەر ئەوێ). ئوستانی کوردستان: ئەردەڵانی پێشین و باستانی-ئەرد: ناوە، ناوی تێکلاوە، ئەو گۆ ئەستێرەیە، کە مرۆڤی لەسەر پەیدا بووە.

ئەرد: هەرد، عەرد، زەوین، لان: لای ئێمەن، لان و کونای شێر و کەروێشك. ڵان: پاشگرێ کە جێگە دەگەیێتی، بەردەڵان، کەندەڵان، خێزەڵان، سەوزەڵان، ناوی ئەمارتێکی کوردە لە کوردستانی رۆژهەڵات، کە پێتەختیان شاری (سنە) بووە. ئوستانی کوردستان و هاوتای ئەردەڵان، تەختی تەخت بۆ بابە ئەردەڵان، کە لەوای کاول، پەیکوڵ، بەڵێ: ئەردەڵان واژەیەکی تێکلاوە لە ئەردوڵان، ئەرد بە واتای مدفەڕك و پیرۆزە، پاداش لە دنیای مادی و ئەنبوژەنیدا، ماڵ، دراو، شکۆ، خۆشی دینداران بەدەس یەکێ لە خوایانی زەردەشتە، لان وەك لانی شێر، کورد، دەڵێ: شێرلەلان بێتە دەر چ نێر، چ مێ، لان جێگا، خان ولان. ئەرد: ئەم پێشگرە لە ناوی پاشاکانی ساسانی و ئەشکانی گیراوە، وەك: ئەردەشێری بابەکان، ئەردەوان، ئالان یا ئاران یانی کوردانی ئەردەڵان ئەشکرێ بڵێین: لە کۆندا ئەرتەلان یا ئەرتەران بووە، کە بە واتای راستی و دروستییە، لە ئاییینی زەردەشتیدا یەکێ لە خودایانە، کە جەزای کاری چاك و سزای کاری بەدو بەدفەڕان لە قیامەت بەوەو بە واتای ئەرز و سەر زەوی مدفەڕك و پیرۆزە. دیارە (د.ت، ر، ل) بە یەکتر بەدەل دەبن و دەگۆڕدرێن بە یەکتر، ئەردەڵان مەڵبەندێ لە کوردستان لە خوراوای ئێران (بڕواننە ئەعلامی ئەلمونجید. شەپۆل) (یەدوڵڵا رەوشەن ئەردەڵان شەجەرە نامەی ئەردەلانی لە زەمانی ساسانیانەوە

تا ئەمڕۆ نووسیووە (پەڕەی ٢٩ کوردانی گۆران... کۆبە). شاری سنەی کوردستان لە نێزیکی هەمەدانە و هەمەدان پێتەختی ئیمپەڕاتۆری ماد بووەو کوردیش لە رەگەز و رەگژی، ماد-ە، کانوونی جوغرافیای ماد رەی: (ڕێی) و سنووری خۆرهەڵاتی ماد، تا بەلخ بووە، دیارە زەمانی مادو پارس زۆر لێك نێزیك بووە، شیعر و هۆنەی دەورەی ساسانی دوازدە هەجاییە و وەزنی شیعری کوردی و لوریش دوازدە هەجایین و یادگاری ئەشعاری دەورانی ساسانین، بە تایبەت ئەشعاری مانەوین (پەڕەی ٣٠ کوردانی گۆران). جا هەر لەبەر ئەمەیە کە مەلیکو شوعەرای وەهار، کورد، لەسەبکنا سیدا دەڵێ: (ماد-ەکان کە یەکەم کەسانێ بوون کە خەتیان لە ئێراندا بەدیهێناوەو هەخامەنشیان بەردە نووسراوەکانی خۆیان، بە خەتی ماد-ی دەنووسی و لەڕاستیدا پارسەکان خەتی میخی خۆیان لە ماد-ەکان وەرگرتووە، ج١-سەبکناسی چاپی ١٣٥٦ تاران پەڕەی ٦٥ و گۆڤاری ئێرانمیهر ژمارەی ١٢ و ١٣ خاکەلێوەو گوڵان ١٣٨٤ی هەتاوی پەڕەی ٣٣ تا ٣٨ بە قەڵەمی (شەپۆل): محەمەد صالح ئیبراهیمی. فەرهاد لە رەگەزی کەڵهوڕە و بارامی گۆڕ لە رەگەزی کوردی گۆرانە و هەورامانییەکانیش لە رەگەزی رۆستەمی داستانن، شاخەیێ لە کوردانی لار لە رەگەزی کورگین پاڵەوانن، و ساسانیان لە رەگەزی کوردی بەرزنگین و لە تاریخی تەبەریدا قسە لە شەڕی سوپای ئیسلام بە دژی کوردان دەکا، لە خوزستان و خاکی پارسدا، فیردەوسی توسیش لە بابەت کوردەوە لە رۆژگاری زوحاکدا دەڵێ:

**چونان بودکی هەر شەب دومەردی جەوان     چ کیهتەر ئەز توخمەی پەهلەوان**
**خۆرشگەر ببوردی بە ئەیوانی شا     وەزو ساختەن راهی دەرمانی شاه**
**بکوشتی و مەعزەش بیرون ئاخنی     مەران ئەژدەها را خۆرش ساختی**
**ئەزان دوبەکی رابپەرداختەند...**
**بیرون کەرد مەغزەی سەریی گوسفەند     بەرامیخت با مەعزی ئان ئەرجومەند**



یانی کوڕی کوردیان سەردەبڕی و مێشکەکەیان بەو مارو کرمانەی سەرشانی زوحاك هەڵدەسوی لە دواییدا ئارمانەك و کرمانەك بە دزییەوە، یەکێ لەو کوردانەیان ئازاد دەکرد و پییان دەوتن بڕۆن و خۆتان رزگار بکەن و لە پشان فیردەوستی دەڵێ: (کونون کورد ئەزان توخمە داردنیشان)، بەڵام لەوە دەچێ فیردەوسی ویستبێتی مەزلۆمی نەتەوەی کورد، بەدەس مارِزان و زاڵمانەوە بەو شێوە بەیان بکا و ئەمەش خۆی نیشانەی ئەو پەڕی خود سانسوری بووە لە ترسی زاڵمان. دیارە کوردیش شانازی بە کاوەی کورد دەکا کە مێشکی زوحاکی پرژاند و فەرەیدونی کوردی لە جێی بە پادشایی دانا، دەبێ بڵێین: کورد یانی گوتی یا کوتی یانی ماد کەوایی مێژینەی کورد، زۆر کۆنە و بەر لە کاوە و زوحاکیش لەم نیشتمانەی ئێستایدا نیشتەجێی بووە. دوای هاتنی ئیسلام نێوی کورد زیاتر لە کتێبدا، وەبەرچاو دەکەوێ لە خوراساندا تایفەیێ بەناوی ئالی کورت کە هەمان زاراوەی پەهلەوی کورد-ە. حوکومەتیان کردووە، لە ئێراندا بە هەڵە بە ئالی کورت ناوی دەبرێ، دەنا کورد-ە. یا لە هەرێمی لۆگەر، لە نێزیك کابولی ئەفغانسان لە زەمانی سامانیاندا (١١٠٠ ساڵ) بەر لەمڕۆ، کاتێ ئەبولحەسەن عەلی بن محەمەد غەزالی لۆگەری ئەو شاعیرە دەکەوێتە بیری نیشتمان، ویستوویەتی لە بوخاراوە بگەڕێتەوە لۆگەر جێی ناو باپیرانی جا بە شیعر فەرموویەتی:

**بوخارا خوشتەر ئەز لۆگەر خوداوەندا هەمی دانی**
**وەلێکن کورد نەشکیبەد ئەزدوغی بیابانی**

ئێستا لە سەرتاسەری ئێران کورد هەیە و ئەشێ بێژین هەموو کوردبووین و بابە تاهیر عوریانیش سەر قافڵە سالاری ئەدەبیاتی کوردییە. (پەڕەی ٣٢ کوردانی گۆران). شاری کوردا، چوار محاڵی بەختیاری، دێی کورد لە ئیسفەهان و پردی کوردی

لە نێزیك تاران لە هەشتپەڕ، دێی کوردان، لە تاڵەقان، گوندێ گەورە بەناوی گۆران هەیە کە سێ تایەفەی ئاهنگەری کورد، حەدادی و کاویانی کورد، لەوێ دەژین و خۆیان لە رەگەزی کاوەی ئاسنگەر دەژمێرن، (کوردانی گۆران پەڕەی ٣٢) ئەوین، یا ئەوین دەرەکا، شیوەڵێکە پڕ لە داری میوە لای شەمیران، لای تاران، وە نەك، کە ناوی مەیدانێکە لە باکووری تاران، کەلاك، خواروو و سەروو لە نێوان تاران و کەرج دایە، پارکی لالەکە لە بەراناوی مەیدانی جەلالی بووە، یادگاری هۆزی کوردی جەلالی، هەرێمی زەعفەرانیەی شمیران کە یادگاری هۆزی گەورەی زەعفرانلوی کورد-ە، هەزار: هەوراز-ە و پلور، یا پلورە لای تونێلی رێگای گیلان و کەمێ لەو لاترەوە ئاو ئاسك هەیە کە هەموو کوردین و فارس واتایان نازانێ، کوردانی گاوانی دەماوەند، کە جابانی کوردی و ئەبو بەسیر مەیمون بن جاوانی کوردی صەحابەی محەمەد رەسولوڵڵا بوون و فەرموودەیان لەو ئەقڵ کردووە (کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی (شەپۆل) و زریزەی رێزین چاپی ١٩٩٩ز- هەولێر ئاراس (شەپۆل)، کەریمخانی زەند-ی کورد، کورد کە لە ئێران، خورسان، قوچان، هەزار مەسجیدی سنوور، لای ئەفغانستان، مەشهەد، سەبزوار، نەیشابور، قوم، کەجور، نور، عەمارلو، رودبار، منجیل، قەزوێن و... تاران و لە حەومە، کورد، هەن. کورد، لە تورکیە، ئێران، سووریە، عێراق، لوبنان، ئوردۆن، میصر، ئەوروپا دەژین، لە ئێران کورد داوای لای ئیسفەهان، حەمام و ئەنباراوی یادگاری گەنج عەلیخانی زیك، کورد کە لەکاتی خۆیدا حاکمی کرمان و هەرێمی، خۆرهەڵاتی ئێران، بووەو کەفی ئەنبارا وەکەی لە کرماندا بەسورب داپۆشاوە تا ئاوەکە باش رابگرێ و دانە دەڵێ. ئێستا حەمام و ئەنیاراوی ئەو، بۆتە شوێنەواری مێژوویی کوردانی ئەییوبی کە سوڵتان صەڵاحەدین (٥٦٧-٥٨٩ مانگی)، کوردستان سەر زەوییەکە، لە ئاسیای خۆراوا دایە، کوردستان یەکێ لە ئوستانەکانی ئێران، کوردستان لە بەشی حەومەی بیهەهان دایە، کورد عەلی سیاسەت زان و زانا، سەرۆکی مەجمەعی عیلمی دیمەشق، وەزیری فێرکردن و بارهێنان و ئەندامی مەجمەعی عەرەبی یادشایی میصر، نووسەری خوتەتی شام، تاریخی



ئەحمەد بن تولون و فەلاسیفەی ئیسلام (١٨٧٦-١٩٥٣ز)، کورد کوی، یەکێ لە بەشەکانی گورگان: (گوڵستان) کوردون ویلایەتێکە لە بەشی باکووری کوردستان دایەن کورد مەهین لە ٦ کیلۆمیتری باکووری سەرابی تەورێزدایە، کوردی یانی زمانی، نەتەوەی کورد، کوردیان یەکێ لە بەشکانی شارستانی جەهرومە، کوردیان کە لە ٦٦ کیلۆمیتری خۆراوای حەسەن کیفی نەو شاری مازندەرانە، حەسەن کیفیش دێیەکی کوردانە، شولی هۆزێکی گەورەی کوردان ئێستا هەندێکیان لە حەهروم و ئەو ناوەدان. کوردۆ لە کوردانی ئاوارەی قورتەبەیە، و کوردو لە کوردانی ئاوارەی ئیسپانیایە و پلەی ژەنرالیشی هەبوو خانم کورد و جین، کە لە ٧١٩ی مانگی حاکمی فارس بووەو شیرازیشی زۆر ئاوەدان کردۆتەوە. لای سەر رێگای بیهبەهان بۆ شیراز دووچەم هەیە کە دوو گوندی لە سەرە بەناوی کوردستانی سەرێ و کوردستانی خوارێ و چەمە ئاوەکەیش هەر بەناوی کوردستان ناودارە (تاریخ، جوغرافیای رەزامارا و فەرهەنگی موعین) ئەبو حەنیفیەی دینەوەری کتێبێکی بەناوی تاریخی شەجەرەی کورد، نوسیووە (گەنجینەی نوسخەکانی خەتی (ماتان داران) ژمارەی سەبت ٦٢٢، وەرقەی ٢١ب، ٥١) رۆستەم خانی دونبولی تاریخ نووسی کورد لە (ئیشارا تولمەزاهب)-ی خوێدا، نووسیوویەتی: کە ئەو کتێبە ئا. د. پاپازیان چەن ساڵ بەر لەمە لەماتا ناداران دیوویەتی و ئەو خەبەرەی راست کردۆتەوە کە ئەبو حەنیفەی دینەوەری تاریخی شەجەرەی کوردی نووسیووە. بڕواننە پەڕەی ٩٤ کوردانی گۆران و مەسەلەی کورد لە تورکیە..گ. ب ئاکۆپف (هاکوپیان...) چاپی ئەوەڵ ١٣٧٦ی هەتاوی (شەپۆل) ١٣٨٤/٨/١٧ و رێکەوتی ٨ نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ز تاران و حەوتامەی کەیهانی هەوایی تاران ٢٤ گوڵانی ١٣٧٦ سیرۆسی ئێزەدی. (شەپۆل). شاری رەقە لە جزیرەی کوردستانی بن دەس سووریە دایە و شارێ گرینگ و خۆش ئاووهەوا و باسەفایە و کەوتۆتە بەستێنی خۆراوای ئاوی فورات و هارونە رەشید-ی عەبباسی دەیکردە هاوینە هەواری خۆی و هاوینان لەوێ رایدەبوارد. ئەبو عەبدوڵڵا تەبانی (٢٣٦ تا ٣١٧ی مانگی و رێکەوتی، (٥٨٠ تا ٩٢٩ی زاینی) کە لە ئوروپادا

به (ئەلبیتنوس All batiynues) ناوداره پەکێ له پڕزانایان و دانەرانی زانستی ریازی و هەیئەته و یەکێ له کوردەکانی خەڵکی شاری (رەقه)یە، ئەو زاته عیلمی موحاسەبەی موسەلەساتی لەوەی که له سەردەمی (هپار خوی و بتلمیوس) هەبوو، فرەتر له پێشەوه بوو و موسەلەساتی لەباتی مورەبەعات بۆ زانین و حەللی مەساییل بەکاری بردووەو (جەیبی زاویه)ی له باتی قەوسی (هپار خوی)ی یۆنانی بەکاری بردووه، هەر ئەو زاته کورده، پڕ زانایه له حیسابی موسەلەسات نیسبەتەکانی نێزیك به وێنەیێ که لەم سەردەمەدا بەکاردەبرێ مورەتەبی کردووه (١و٢).

1- F. T. Curtey: the invention of printing in chin a introduction. p.85.

2- Barnes History. p.113

تەبانی له عیلمی هەیئەتدا فرەتر له (فەرغانی) ناودارترەو چل و یەك ساڵ لەکاری تەنزیمی ره سەدەکانێ، که به وردی و شەمول ناودار بوون، کات و ساتی رابواردووه له ئاکاما، ره سەدەکانی خۆی به گەیشتنه نەتیژەکه به وێنەی عەجبات. له نەتیژەی رۆژگاری ئەمرِی ئێمەدا نێزیکه، بۆ وێنه زەوالی ئیعتیدالی له ساڵدا (٥٤/٥) دەرەجه و مەیلی ئیستیوایی فەلەکی به (٢٣/٥٥) پله دیاری کردووه، بڕوانته Sarton. i 602 و عەسری ئیمان ج٢ تەمەدونی ئیسلامی له مەجموعەی تاریخی تەمەدونی ویل دۆرانت تەرجمەی ئەبولقاسم پایەنده). که هەیئەت ناسان له وردبوونەوه لەکاری رەسەدی ئەجرامی ئاسمانیدا و سەبت و زەبتی ئەوەو هەروەهایش تەحقیقی هەیئەتی بتلمیوس و موتالاکردنی کولفەکانی گۆی رۆژ له چاخی مەئمونی عەبباسیدا به سەڵمێنراوی کورەوییەتی زەوی که ئەرد به وێنەی گۆیە، پلەی جوغرافیای به هۆی رەسەدکردنی گۆی رۆژ له شاری سنجارەوه (که یەکێ له شارەکانی کوردستانه) به کەڵك وەرگرتن له بیروڕای (تەبانی) ئەندازەیان گرت. (بڕوانته تاریخی عولوم پیرۆسۆ تەرجەمەی سارمی به نەقڵ له کتێبی وەحدەتی قەومی کورد و ماد، مەنشه، نیژاد و تاریخی تەمەدون له کوردستاندا به تەحقیقی حەبیبوڵڵا تابانی چاپی ئەوەڵ ١٣٨٠ی



هەتاوی تاران بلاڤۆکی گوستەره. پەڕەی ٢٩٧ تا ٢٩٨ یا زاتێکی وەك ئینی وازیح ئەحمەد بن یاقوت جوغرافیازان که له (٢٤٨) وەفاتی کردووەو خەڵکی شاری (خەلات) کوردستانی بن دەس تورکی تورکییەیه که نووسراوەکانی له زانینی جوغرافیادا زۆر گرینگ و له بەرچاوان، یەکێ له نووسراوەکانی ئەو زانایه کتێبی (ئەخباری ئومەی سالیمه، ناوی شاران، تاریخی کەبیرو مەشاکیلەی خەڵك له رۆژگاریاندا)،

Arnold and cucl laume: Devauxll. 395.

به نەقڵ له تاریخی تەمەدونی وێلدۆرانت تەمەدونی ئیسلامی (پەڕەی ٢٩٨ حەبیبوڵلا تابنی هەر ئەوێ) یا زانای ناودار (بوشکەست: Boshkast) که له کلکەی سەدەی سەکەمی مانگیدا ژیاوەو چۆته شاری مەیدنەی مونەوەرەو بۆته ئوستادی کورسی عیلمی نەحوو زۆر زاناو ناودار بووه. له بزاوی ئەبو جەعفەری خاریجی شەهید کراوه (بڕواننه فەرهەنگ و جوغرافیای عەمید تاریخی کۆمەڵایەتی ئێران مورتەزا راوەندی ج٣ پەڕی ٢٢٠ تاریخی ئەدەبیاتی ئەدوار براون تەرجەمەی عەلی پاشا ساڵح، (وەحدەتی قەومی کورد و ماد هەر ئەوێ)، له کاتی هاتنی ئیسلام له (بەردە و بەندە و عەبد) له کوردستانی ناوەندی باکووری خۆرهەلاتی و خۆرهەلاتی کوردەواریدا، خەبەر و هەواڵێ نەبووەو مەلا عەبدولقادر بن وەلید بن محەمەد جووتیار (جوتێر یا Juoter کوردییه و به واتای وەرزێره.) ئەم زانا کورده له نووسراوەکانی خوێدا له ساڵی ٢٧٦ی مانگی و ١١٢١ی زاینی رایگەیاندووه که گوندنشیانی کوردستان بەشێ له یەکەمین ئاوایی نشینان بوون که له رۆژگاری بەردەگی و رەعییەت بوونیاندا، له خاوەن زەوی و زار، زەوی و ئەردیان ئیجاره کردووەو بوونەته، دەستکرد و به وێنەی رەعییەت و بەستراوه له خاوەن موڵك، ئەو زاته نووسیوویەتی: (ئەلحەمدولیلا وەلمنینه کار خودیکا و خوویخاد خوزاد مستی ئاغای کورتاو ئیسلام داگرت ئینشاڵڵا...) (وەحدەتی کوردو ماد هەر ئەوێ)، گورگین که به ئازاو دلاوەرو زیرەکی ناودار بووه، زیاتر له چوار هەزار ساڵ زارۆك و نەوەو نەتیژەی ئەو له (لار)دا حوکومەتی سەبەخۆیان هەبووەو هیچ جۆره گۆریانێکی بەسەردا نەهاتووەو خوتبه به

نێویان خوێندراوەو سکەیان بە نێو لیدراوە یا ئوعجوبەی دەوران و نادرەی زەمان سەر حەلقەی ئاشقان، جەفاکێش و سەر خێلی وەفاکێشانی میحنەت ئەندەیش و پڵینگی کوێستانی مەشەقەت، فەرهاد کە لە رۆژگاری خوسرەو پەروێز خۆی نیشان داوە لە خێڵی کەڵهور-ە. (کەڵاهور کە پەنجەی لە پەنجەی وەراندا هەمموونا خونی وەك خەزەڵوەر هەڵوەراند). بڕواننە شەرەفنامە بە کوردی، هەژار و شەرەفنامەی فارسی بە سەرەتای محەمەد عەبباسی چاپی ١٣٤٣ پەڕەی ٣١ و ٢٨ تاریخ زانان نووسیوویانە: کەڵهوڕ لە رەگەی گۆدەزی گیو-ە، کە گیو لە زەمانی کیانیدا حوکومەتی بابیلی لە دەسابووە، کوڕی گیو کە بەناوی رەهام یا (مام رەهام) بە فەرمانی بەهەمەنی کیانی شام و ئۆرشەلیم و میسری بردۆتە، بن دەسی خۆیی و بەختونەسر نازناوی ئەم مام رهامی کورد بووە (پەڕەی ٢٨ و ٢٩ی تاریخی ئەردەڵان بە لێکۆڵینەوەی موحەقیق و موتەرجیم و شاعیری کورد (هەژار) چاپی ١٣٨١، تازەنیگا، تاران، یا زیائەدین حیسامەدین چەلەبی کە مەولەوی رۆمی لە سەرەتای ج٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ی مەسنەویدا زۆری تاریف کردووەو بە دەستگیر و پیرێ زانای زانیووەو چەلەبی واژەیەکی کوردییە و بە واتای خواو پاکە. یا شێخ ئبراهیم کرماشانی (وەفات ٣٣٧ی مانگی) کە فەریدەدین عەتتار لە تەزکەرەی ئەولییای خۆیدا لە شەرحی خاڵی ئەو زاتەدا فەرموویەتی (ئەو سوڵتانەی تەسەوف و بورهانی بێ تەکەللوف، ئەو ئیمامەی زمانە، ئەو هومامە یەکدانەیە، ئەو خەلیلەی مەلەکوتە، رۆحانی شێخ ئیبراهیم شەیبانی رەحمەتی خوای لەسەر بێ، رەحمەتێ زۆر و زەوەند، پیری بەر حەق و شێخی موتلەق بوو). صەفەوی یانیش کە لە (١٥٠٢-١٧٣٦) لە ئێراندا حوکومەتیان کردووە، کورد و کوردزادەبوون بڕواننە: شێخ صەفی و تەبارەش ئەحمەد کیسرەوی چاپی ٢٥٣٥: ١٣٥٥ی هەناوی، صەفوە توصەفا.)، ئیحسان نوری پاشا لە تاریخی ریشەی تیژادی کورد، تیهمورس-ی دیوبەند، لە بەشی چیرۆکی (فەرەیدون)ی کورد، لە شانامەی فیردەوسیدا، بەناوی تیهمورس کورد، یادی کردووە، لەو شوێنەی کە دایکی فەرەیدون لە رەگەزی ئەو قسە دەکا و دەڵێ:



**تۆ بشناس مرز ایران زمین    یکی مرد بد نام او ابتین**
**زتخم کیان بود و بیداد بود    خردمند و گرد و بی ازار بود**
**زتهمورس کرد بودش نژاد    پدر بر پدر برهمیداشت یاد.**

م. ئەورەنگ دەڵێ: قسەکانی لێکۆڵە روو وردبین ئیحسان نوری پاشاکە تیهمورس دیوبەند، سێوەمین پادشای پێشدادیانی لە سرودەی فیردەوسیدا بە (کورد) زانیوە، راستەیانی نابێ بە (گورد) بزاندرێ و بە پاڵەوان دابندرێ، چونکا تیهمورس شازادە بووەو بەپێی داب و دەستووری پاشایی، دوای باوکی چۆتە سەر تەخت، جاکەوابێ پاڵەوان نەبووە کە لە رێگای پاڵەوانییەوە، بە پلەی پاشایی گەیشتبێ یا لەو رێگاوە ناودار بووبێ.

بەگیتی در از پهلوانان کرد و پی زال زرکش نباید شمرد.

بڕواننە شانامەی فردوسی و کوردشناسی م. ئەورەنگ پەرەی ٢٧ و ٢٨ چاپی ١٣٤٦ تاران.

لێکۆڵەران و مێژووزانان لەسەر ئەم باوەڕەن بنچینەی (پێشدادیان و کیان) کە نموداری پاشایان و دلاوەرانی ئێرانی کەوناران، فیردەوسی لە شانامەدا لە نووسراوەکانی پەهلەوییەوە، وەری گرتوون یانی نێو نیشان و بە سەرهاتی پاشایان و مەزن خانەدانی (پێشدادیان و کیانیان) لە کتێبی دینی و عیلمی ئاوێستا نووسراوە و فیردەوسی ئەوانەی بە ئەمانەتەوە نەقڵ کردووە. لە دوو سورەی (فورقان و ق) لە قورئاندا لە مروگەلی کەناری چەمی (رس: ئەرەس) بەناوی (اصحاب الرس) ناوی بردووە، رەس یا ئەرەس چەمێکە لە ئازربایجاندایە و باش دەزانین کە بێجگە لە زەردەشت پێغەمبەرێ دیکە، پێشینەی لەو مەڵبەندەدا نەبووە و نییە، لە پەڕەی ٢٩٦ی کتێبی خولاسەی کورد و کوردستان، بە قەڵەمی لێکۆڵەری ناودار ئەمین زەکی (دائیتا)ی بە چەمی (رس: ئەرەس) داناوەو لە دایرەتولمەعاریفی دوکتور فەرید وەجدی لە بەشی واژەی مەجوس و هەروا لە دایرەتولمەعاریفی بستانی و لە کتێبی میلەل و نیحەلی ئەبولفەتح محەمەد بن عبدولکەریم شارستانی، ئیبن خودادبیە، بلازەری،

ئیبنی فەفیه، مەسعودی، هەمزە ئیسفەهانی، یاقوت، ئەبولفیدای ئەییوبی کورد، هەموو زەردەشتیان یە ئازربایجانی زانیوەو قوتبەدین سرازی (٧١٠ی مانگی) لە کۆبەی پەڕەی ١٥٧ کتێبی حیکمەتول ئیشراقی شێخ شیهابەدین سوهرەوردی شێخی ئیشراق (لە کوردانی گەروس)، چاپی ١٩٥٢ز و ١٣٣١ کە لە زەمانی زەردەشت لە بابەت فەڕ-ی ئێزدی و دوو جیهانی ئیخشیجی و مینەوی قسەی کردووەو زەردەشت بە فرەزانا و دانا، ناو دەبا و بە خەڵکی ئازربایجانی دەزانێ و کوردیش دەڵێن: ئاوێستا بە زمانی کەونارای کوردییە و زەردەشتیش، چۆتە سەردەشت و سەدەشت، هەر زەردەشتە و (ز) بۆتە (س) و لە نێزیکی سەردەشت (ئاوێ) هەیە، بە کوردی پێی دەڵێن: هەیەتی کە لە کێوەکانی گەورەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و هەر لەو ناوەدا گوندێ بەناوی (هورموزا وا) و لەو دیویش، بەرەو سلێمانی (هورمون) هەیە، بەیادی ئاهۆرموزدا و شەڕی ئەو لەگەڵ ئەهریمەن. بڕواننە کورد و کوردستانی ئەمین زەکی، سەرمایەی هیدایەتی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی، تاریخی ریشەی ئیژادی کورد، ئیحسان نوری پاشا و گۆڤاری (هەتاو) یا عیشقی میرزا محەمەد رەزای کوڕی حاجی ئەبولقاسمی کوردستانی، شاعیری نیشتمان ویست و ئیسلاح ویست و نەترس و بێباك (لە دایکبوونی لە ١٢٧٢ و شەهید بوونیشی لە تاران لە ١٣٠٣ی هەتاوی بووە.

# ڕەگەزی کورد

هەندێ لایان وایە دوای بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی ریچ سرنجدان بە کورد و مێژووی نەتەوەی کورد، زیاتر پەرەی ساند و گەڕیدەکان، کەوتنە تێکۆشان و لێکۆڵینەوەیێ زیاتر بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد. بەڵام ئەوەی راستی بێ، کتێبی شەرەفنامە، نووسراوی ئەمیر شەرەفخان بدلیسی کە لە ١٥٩٦ دا نووسراوە. دیارە مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە نووسینی ئەم کتێبە گرینگ و پڕ بایەخە، ناساندنی کورد و مێژووی نەتەوەی کورد بووە، بە نووسینی ئەم کتێبە ئەمیر شەرەفخان، توانیوویەتی سەرکەوتووانە مێژووی کورد لە کۆنەوە بنووسێ، بەڵام لە دیاریکردنی بنج و بناوانی کورد سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەس نەهێناوە، لەسەر چەن بیروبۆچوونی نالێك لە تەك یەکتریندا، قسەی کردووەو تیشکی خستۆتە، سەر سێیان لەوانە:

١- یەکێك لەوانە، ئەفسانەی (زوحاك) ئاژیدەهاکی خوێن رێژو بێ بەزەیی و دژی مرۆ، کە گۆیا دوو مار لە سەرشانی رواوە، کە دەبوو مێشکی مردوێ دەرخوارد، بدرێ، هەر هەر رۆژ دەبوو دوو مرۆ سەر بڕدرێ و مێشکەکەیان لەو دوو مارە هەڵسوون. تا دوو مرۆی، مرۆ دۆست بەناوی ئەرمانەك و کرمانەك، بە هاوبیری یەکتر، مێشکی مەرێکیان لەگەڵ مێشکی مرۆڤێکدا لێك دەدا و یەکێ لەو مرۆیانە، کە دەبوو سەر بڕدرێ ئازادیان دەکرد و چەند دانە پەزو پۆلەیان پێی دەدا و پێیان دەوت: برۆ لەو چیاو چڕانە خۆت بشارەوەو بەشیرو رسقی ئەم ئاژەڵانە خۆت بەخێو



بکەو روو لە شار یا ئاوایی مەکە، نەبادا ئاژیدەهاك، پێتان بزانێ و سەرتان ببڕێ، ئەمانەیان بە کورد زانیووە. ئەم چریکە و چیرۆکە، لە شانامەی فیردەوسیدا بە شیعر بەیان کراوەو رایشی گەیاندووە کە لە ئاخیریدا کاوەی کورد، کە لە بەراهەشت کوریان سەربڕیبوو و مێشکەکەیان دەرخوارد مارەکانی سەرشانی زوحاك دابوو، کە هاتبوون تا دوا کوڕە بچکۆڵەکەی ببەن، تووڕە بوو نەڕاندی و پێش بەرۆکە چەرمەکەی بەرۆکی داکەندو هەروەك ئاڵایەك ئاڵای کردی بە سەرنووکی دارێکەوەو کردی بە ئاڵای راپەڕینی کوردان، بە دژی ئاژیدەهاکی خوێن رێژ و مارڕ، لە ئاکاما کاوەی ئاسنگەی کورد، سەرکەوت و بە چەکوشی ئاسنگەرییەکەی مێشکی زوحاکی پژاند و بەها و کاری ئاپۆڕەی خەڵك دەستی فەرەیدونی کوردی گرت و نایەبان تەختی پاشایی رۆژ باو. هیچ دووریش نییە کە فیردەوسی بە گێرانەوەی ئەم ئەفسانە پڕ لە دەردو ژانە، ویستێتی مەزڵومی نەتەوەی کوردی ئەو سەدەمەی بەدەس زاڵمان و مارزانی زەمان، لەبن پەردەی ئەم ئەفسانەدا: نیشان دابێ (شەپۆل). دەبێ بڵێین: بێ بەڵگەیەکی عیلمی و زانستی هەموو کتێب و نووسراوە کوردییەکان ئەم ئەفسانەیان هێناوەو نووسیویانە کە ئەم رووداوە گرینگە مێژووەی کورد لە (١٢٣٤/٣/٢١) پێش کۆچی مانگی واتا تەقریبەن ٢٠٠٥ ساڵ بەر لە زایین، رووی داوە. هەروەها ئەم رۆژە هێماو و واتایێ دیکەی مێژوویی بۆ هەیە کە لەو رۆژەدا (نەینەوا) کەوتۆتە بن دەست ئیمپەراتۆری (ماد) و ئاشووریان لە شەڕا دۆڕاندویانەو کورد خۆی بە زارۆك و نەوەو نەتیجەی ماد و میدیا دەزانێ و لەو رۆژەدا بەناوی (نەورۆز) جێژن دەگرن و پێی دەڵێن: سەرەتای ساڵی کوردی و بەهاری کوردی و بەر لە ساڵ تازە بوونەوە، ئاگر لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکانی کوردستان هەڵدەن. ئەم جێژنە نیشانەی پێوەندی کورد و گەلانی هێند و ئەوروپایە چونکا، گەلانی گەرمانی، کولونی و سلاڤیش لە رۆژی ٣/٢١ دا کە رۆژ و شەو بە رانیە، دەین، بەناوی سەرەتای بەهار دەیکەنە جێژن و شادی.

٢- دووەمین بیروڕای ئەمیر شەرەفخان لە شەرەفنامەدا، لەسەر رەگەزوبنە چەکەی نەتەوەی کورد، ئەوەیە کە نووسیویەتی: کورد، دوو رەگەزەیە و لە تێکەڵاوی دێو لەگەڵ بەلقسیا پەیدا بووە.

٣- لە جنوکەیە، دیارە ئەمە، قسەیەکی سازدراوەو ئەمیر شەرەفخانیش خۆی نەیشاردۆتەوە کە بنەچەکەی کوردی بۆ دیاری نەکراوە و رایگەیاندووە، تەنیا خوا دەزانێ کە بنەچەکەی کورد، لە کوێوە هاتووە، رۆژهەڵاتناسی نەمساوی کە شەرەفنامەی وەرگێڕاوە، لای وایە ئەو قسانە بیدعەت و ساختەگین، بڕواننە پەڕەی ٥٤ تا ٥٩ کتێبی کورد، گەلێ لە خشتە براوی غەدر لێکراو، لە زارۆکانی سوڵتان سەلاحەدین ئەییوبی کورد.

نووسراوی د. گوێنتەر، دێشنەر Dr. Gunther descnber ك عەبدولسەلام بەرواری لە ئەڵمانییەوە کردوویەتە عەرەبی و د. حەمە کریم عارف لە عەرەبییەوە، هێناویەتە سەر زمانی کوردی چاپی دووەم ١٩٩٩ز- لە ساڵی ٢٣٥٠ بەر لە زایین بەردەنووسێکی بزماری لە ١٨٨٤ز دۆزراوەتەوە کە (نارامسین) پاشای ئەکەد زاڵ بوونی خۆیی بەسەر گەلانی چیا تۆمارکردووەو دوای ماوەیەکی کەم کوردەکان لە نێزیك دەربەندی دیالەدا سوپای (تارامسین)یان شکاندووەو خۆیان نیشانداوەتەوە (تیکلات-بیساری یەکەم لە ساڵی ١١٠٠ بەر لە زایین زاڵبوونی خۆی بەسەر (نەتەوەی گوتی) بەربلاڤدا تۆمارکردووە، لەو گەڕان و پشکنینانەدا کە لە (خرسباد) باکووری نەینەوا ئەنجا دراون، لە کۆشکی (سەرگونی دووەم) لە ساڵی ٧٢٢ بەر لە زایین، یەکەمین بەردەنووس دۆزراوەتەوە کە ئاماژە بە جلك و بەرگ و ئاداب و رسومی گوتییەکانی کردووە، کە هەمان کوردی ئەم رۆژگارەن، جا ئەوەیە (ئایگشتید) لە رووی ئەو بەڵگەنامانەوە، رایگەیاندووە کە کورد، نەوەی ئەو گوتی و کاردۆخانەن و مینوریسکی پشتیوانی (ئایگشتید)ی کردووەو نووسیووبەتی: هیچ بەڵگەیەك بۆ نادروستی ئەو قسەو بەڵگەنامانە نییە، بەتایبەت کەس ناتوانی لە



(مۆزۆپۆتامیا): (بەینە نەهرەین: رافیدەین) دا لە نەتەوەی کورد، کەوناراتر و قەدیمیتر بزانێ.

**دکتۆر محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)**

**٢٢/١/٢٠٠٦ ز. تاران**

# لێکۆڵینەوەی لەسەر بابە تاهیری لوڕ

## ژیانی بابە تاهیر ناودار بە عوریان

خواناس و هەستیاری لورسانی سەدەی ٥ی مانگی و ١١ی زایینی کە سرودگەلێ- کە زۆربەیان- چارینەن لە قاپورکی دۆهۆنینەدان، کە بە زاراوەی تایبەت بە گۆران و لەك و لورن، هەروا واژە و بێژەگەلی کورت و تەژی لە واتای خواناسانە و عارفانەشی لێ جێماوە.

لە بابەت لە دایکبوون و ساڵی وەفاتی بابە تاهیر، جۆری ژیان یا خوێندن و بەدەست هێنانی زانین و عیلم و مەعریفەت و مەسلەکی عاریفانەی ئەو زاتە، لە سەرچاوە کۆنەکان، ئاگادارییەکی وردو رووناك بەدەست نایێ، تا ئەو شوێنەی کە (ئیدوارد هێرۆن ئالێن) بابە تاهیر-ی بە (کەسایەتێکی مەرموز) ناو بردووەو دەنووسێ: لە بابەت ئەو هیچ نازانین (پەڕەی ٣ و ١٢) و لێکۆڵەرێ دیکە (بڕوانە: ئێرانیکا ١١١/٢٩٦) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەموو ئەوانەی لە بابەت بابە تاهیرەوە، دەیزانین ئەمەیە کە شاعیرێ سۆفی خوو بووە، ئەوەی کە زیاتر هۆی نەناسینی بابە تاهیرە، یەکەم سۆفی بوونی ئەوەو خوی گۆشەگیر بوون و لە ئاکاما ژیان بە گوم نێوی و ئەو چریکە و ئەفسانانەن کە بە وێنەی کەشف و کەرامەت و دۆدی و بۆدی لەلایەن ئۆگردارانییەوە، ئەدرێتە پاڵ بابە تاهیرەوە.



ساڵ و رۆژی لە دایکبوونی بابە تاهیر: لە هیچ سەرچاوەیەکی کۆنەوە، دیاری نەکراوەو قسەی لێ نەکراوە، هەندێ لە نووسەران بە گومانەوە چەند شتێکیان نووسیووە، میرزا مەهدیخان کەوکەب لەسەر بنەڕەتی چارینەیەکی موعمما وێنەکە دەکرێ لێ بکۆڵدرێتەوە دەڵێن هی بابە تاهیرە:

موئان بەحرەم کی دەر زەرف ئامە دەستەم/ موئان نوختەکی دەرحەف ئاماە دەستەم/ بە هەر ئەلفی، ئەلف قەددی بەرایو/ ئەلف قەددەم کی دەر ئەلف ئامە دەستەم/

ساڵی لە دایکبوونی ئەوی بە ژمارەی٣٢٦(ق) بە نێوی ساڵی لە دایکبوونی بابە تاهیری لوڕ: لێك داوەتەوە. (بڕوانە ١٢/٨٣٩، E١٢ ئێرانیکا هەر ئەو شوێنە). پڕ زانا قەزوێنی قسەکانی کەوکەبی بە (هەڵسەنگاندنێ فرە سەیر و بە عەجیب و غەیب)ی ناو بردووە (٢٨١/٥)-و دوکتۆر رەشید یاسمی کوردی کرماشانیش، ئەوەی بە (بەخۆ غافڵاندن و حیساب تراشی) (پەڕەی ٦٨-٧٠) داناوە. بەڵام یاسەمی بە پێی هەر ئەو چارینەی بابە تاهیر، هەروا بە ئاماژەکردن بە گرینگی ژمارەی هەزار، لەلای زۆربەی گەلانی دنیاوە بەتایبەت لەلای بڕواداران و پەیڕەوانی زەردەشت کە باوەڕیان بە هاتنی نوسخەی جامیعە و تابیغەیەك لە سەرەتای هەر هەزار ساڵەدا هەیە، جا هەر لەو رووەوە یاسەمیش لای وایە، مەبەستی بابە تاهیر لە واژەی ئەلف ساڵی ١٠٠٠ی زایینی بووەو لە ئاکامدا بابە تاهیر لە ساڵەکانی ٣٩٠ و ٣٩١ی مانگی و رێکەوتی ١٠٠٠ی زایینی لەدایك بووە.

ئەو قسە بە گومانانەی یاسەمیش لە رەخنەی توانج وێژانەی مینەوی (پەڕەی ٥٥) نەپارێزراوە. سەرەنجام، مەبەست (راڤەی...، ٣٢-٣٤) گومان وێژانەی کەوکەب و رەشید یاسەمی بەبێ کاکڵ و بە پووچەڵ دانراون، و برپاو بە رووناك کەرەوەی مێژووی ژیانی بابە تاهیر لە ناڤینی هەزارەی یەکەمی مانگی، یانی بە سەدەی ٥ی مانگی، دادەنێ و دیاری دەکا. (هەروا بڕوانە هەر ئەو سەرچاوە، بابە تاهیر...، ٦) هەرچەند هیچ کام لەو قسە و گومانانە، وەرناگیردرێن. بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەران بە سەرنجدان بە رۆژگاری وەفاتی بابە تاهیر (دوای ٤٧٧-٤٥٠ مانگی) (بڕوانە کلکەی

وتار) ئاخر و ئۆخری سەدەی ٤ی مانگی یان بەنێو مێژووی لە دایکبوونی بابە تاهیر قەبلۆ کردووە. (بڕوانە: سەفا، ٣٨٣/٢: مەبەست هەر ئەو شوێنە، ٥). وەفاتی بابە تاهیری لوڕ: هیدایەت بێ لەبەر چاوگرتنی سەرچاوەیەك، وەفاتی ئەو زاتە بە ٤١٠ی مانگی داناوە. (ریاز...، ١٦٧، مەجمەع...، ر١(٢) ر٨٤٥). یەکەمین سەرچاوەیەك کە لەوا بەنێو (تاهیر)-بێ ناوبردنی (بابە) و (عوریان)- ئاماژەگە لێ لە نامەکانی (عەینولقوزاتی هەمەدانیدا هەیە) (مقـ ٥٢٥ی مانگی) کە گۆیا عەینولقوزات چووەتە زیارەتی قەبری (تاهیر) (١ر٢٧) یان (فەتحە) — لە خواناسانی هاو خول و جین ڕێزدانانی عەینو لقوزات بووە. کە ٧٠ ساڵ کۆشاوە تا خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە بابە تاهیر پتەو رابگرێ (٢٥٨/١) و یا عەینولقوزات جار بە جار نامەیەکی لە شوێنی قەبری (تاهیر) نووسیووە. (٣٥١/١، ٤٣٣) ئەمە وا دەگەیێنێ کە بابە تاهیر لە هەمەدان ژیاوەو لەوێش وەفاتی کردووەو نێژراوە و لەلای مرۆڤگەلی زانان و بە ماریفەت قەدر و قیمەتێ تایبەتی هەبووەو خواناسێ هاوشانی پیرێ وەکو (بەرەکە) و (فەتحە یا فەتەی) بووە- دوو کەس لە مەزنەکانی ئەهلی تەریقەتی هەمەدان هاتۆنەتە ژمار. بەڵام کۆنترین سەرچاوەی مێژوویی کە لەودا دیدار و وتووێژی توغرول سەلجوقی (د ٤٥٥ی مانگی) و بابە تاهیر بەڵگەیێ دەداتە دەست، راگەیاندنی راوەندییە (پەڕەی ٩٨-٩٩). لە کتێبی راحە تولسودور (نووسراوی: ٥٩٩ی مانگییە) لەم چاوپێکەوتنە کە توغرول بارگەو بنەری خستبوو (هەر ئەو کتێبە، ٩٩) و بەتایبەت بە وردبوونەوە لە قسەکانی بابە تاهیر و بەڵگە هێناوەو ئایەتی قورئان (ان الله یَامُرُ بالعَدلِ وَ الاحسان...) وا دەردەکەوێ کە بابە تاهیر لە ئاخر و ئۆخری نیوەی سەدەی ٥ی مانگی ئەو نە ناودار و سەنگین و بە ماریفەت بوو کە سوڵتانی بە وزەی سەلجوقی گوێی بۆ پەندی ئەو رابگرێ و دەستی بابە تاهیر ماچ بکا و بە قسەی بکا و لولەی شکاوی ئافتاوەی بابە تاهیر وەك ئەنگوستیلە لە قامکی خۆی بکا، تا پەندی بابە تاهیر لەبیر نەباتەوەو رەفتاری پێ بکا. (هەر ئەو شوێنە) لەوە دەچێ وەفاتی بابە تاهیر دوای تێپەڕبوونی توغرول لە هەمەدان، یانی لە



ساڵەکانی ٤٤٧-٤٥٠ی مانگی (بڕوانە براون، ١١/٢٦٠) رووی دابێ، لەم رووەوە قسەی رەزاقولیخانی هیدایەت ( هەر ئەو شوێنە) لە بابەت ساڵی وەفاتی بابە تاهیر (٤١٠ی مناگی نابێ راست بێ و درۆیە، بەڵام هاوچاخ بوونی بابە تاهیر لەگەڵ دەیلەمیاندا، هەر وەك هیدایەت ئاماژەی بۆ کردووە (هەر ئەو شوێنە) لە ناڕاست ناچی و ئەبێ دروست بێ، زۆربەی لێکۆڵەرانی دوایین، بەپێی قسەی راوەندی وەفاتی بابە تاهیریان دوای ٤٤٧ یا ٤٥٠ی مانگی داناوە. (بڕوانە: E١٢ هەر ئەو شوێنە: سەفا، ٣٨٣/٢؛ مەبەست هەر ئەوێ.) لە ئاکامدا قسەی حوزوری بابە تاهیر لەسەر جەنازەی عوینولقوزات و قسەکردنی ئەو لە تەك کوژراوەکەی (ئەو حەدی، ٦٣٤) و هەروا چیرۆکی رۆیشتنی خاجە نەسیرەدین توسی (٤٢٨/٥ی مانگی) قبوڵ ناکرێ (ئەو حەدی هەر ئەوێ) بڕوانیش دیتن و قسەکردنی بابە تاهیر و کوڕی سینای بە هەند دیناوە (١١/٢٦١) نێوی باوکی بابە تاهیر نەزانراوە، بەڵام خێوی (زەریفە) بە فەرەیدون ناوی بردووە. (ئاغا بوزوگ، ٩(٢)/٦٤٢). نازناوی بابە تاهیر، واژەی (بابە) لە گشت سەرچاوە کۆنە و دواییینەکاندا چ کتێبە تاریخییەکان یا تەزکەرە نامەکان بە نێو (بەر یا پێش) نێو، بۆ ئەو زاتەیان بەکار بردووە، دیارە ئەوەش بۆ رێزلێنان بۆ ئەو بەکاریان بردووە، هەر وەك لە کوردیدا دەڵێن: بابە بۆ باپیرە یا بابە گەورە، باپیر، باپیرە یا بابە شێخ، باوەلێ، بابەسەیید، مام، خاڵ، مامە، خاڵە، کاك، کاکە، بۆ رێزدانان لە کەسانی خۆشەویست و رێزدار، بەکاردەبرێن، بابە یا بابەیش وایە، هەر چەند بۆ کاك دەڵێن: (شاکاك) بووە. هەر جۆر بووە یا دەبێ، بابە تاهیر لە سێ غەزەڵدا کە بە وەزنی چارینەن، تاهیر و لە غەزەڵێ ترا بابە تاهیر-ی کردۆتە، نازناوی خۆیی. (بڕوانە: مەبەست شەرح، ١٧٤-١٧٦) و لە هەمەدانیشدا بە بابە نێو دەبرێ (ئازاد، ١٧٣). بەڵام نازناوی (عوریان) لە هیچ یەك لە سەرچاوە کۆنەکاندا بەلانی کەم تا ناڤینی سەدەی (٩) نۆی مانگی لەتەك ناوی ئەوا نابینرێ. لە دەفتەرێکی خەتی نووسراوی ٨٤٨ مانگی مۆزەخانەی شاری قونیەیش لەو زاتە بەناوی (قدوة العارفین) بابە تاهیر (رەحمەتی لێ بێ) ناوبراوە ٠بڕوانە: مینەوی، ٥٥-٥٦) زۆر لەوە

دەچێ (عوریان) بەکاربردن بۆ ئەو زاتە لەبەر ئەوە بێ کە خۆی لە ئۆگرداربوون بە ژیانی دنیاوە، داڕنیوەو بە ڕووت و قووتی ژیاوەو پشتی لە دنیا کردە. بەم جۆرەش ئەو نازناوی (عوریانە) ئەو قسە دەخاتە مێشك کە بابە تاهیر بەسەری رووت و پێی خاوس و پێ پەتی بووبێ. (ئەو حەدی، ٦٣٣) و هەروا بە رووت و قووتی بەملاو لادا گەڕابێت (ئاڵێن ١٥) هەرچەند رۆحیەی دەروێشانە و خوی قەڵەندەرانە و لە ئاکامدا رەفتاری جار بەجاری جیا و بێ جێی بابە تاهیر، ئەو بیرو هزرانەی بەدی هێناوە کە بە رووتی و پێی خاوەس گەڕابێ (بڕوانە: زەرن کووب ٤٤) لە هەندێ سەرچاوەدا بابە تاهیریان بە شێتۆکە، دێوانە، دێوانەی فرەزانا، گێل و گەوج ناوبردووە (راوەندی ٩٩ حەمدولا ٧١، ئازەر؛ ٢٦٣؛ هیدایەت، ریاز، ١٦٨، ئەوحەدی، هەر ئەو شوێنە). ئەمەیش وادەگەیێنێ کە بابە تاهیر لە ژیرانی دێوانەکان بووە، هەبوونی بابە تاهیر لە هەمەداندا لە زۆربەی سەرچاوەکاندا دەبیندرێ، بێجگە لەو سەرچاوانە لە نێو بیر و هۆشی زۆربەی خەڵکی ئێران بە بابە تاهیری هەمەدانی ناو دەبرێ، بەڵام لوڕ یا لوڕی یا لوڕستانی وە یا ئەو کەسەی بابە تاهیر بە لوڕ و بە یەکێ لە هۆزی لوڕی دەزانێ لای ئەوانە بە لوڕ نێو دەبردرێ و بە لوڕ ناسراوە، بە شایەدی هەندێ سەرچاوەی باوەڕ پێکراو (بڕوانە: کتێبی ئاساری باستانی و تاریخی لورستان چاپی جۆزەردان، مانگی ١٣٥٠ی خوڕماوی، لوڕستان) دانراوی حەمید ئیزەد پەنا پەڕەی ١٤٢ و هەروا بڕوانە: ٨٤٠ر. E١٢ مینەوی، ٥٤، سەبا، ٤٩٥). ئەمە کە بابە تاهیر بە لوڕ دانراوە، چونکا بە زاراوەی لوڕی یا گۆرانی و لەکی شیعری داناوە، کە هەندێ کەس وەك وەحید دەستکردی دەستی لە زاراوەی شیعرەکانی بابە تاهیر وەرداوەو بەخێری خۆی بردوویەتە سەر زاری فارس، کە ئەوەش بە شەڕ دادەنرێ. نەك خێر، (بڕوانە سەفا ٣٨٤/٢؛ بڕاون؛ ١/٨٣، ئەدیب، (گوبینۆ، ٣١٨-٣١٩). لوڕ یا لێڕ LER لە فەرهەنگی نەفیسیدا جەڵدی ٤ لە پەڕەی ٢٩٥٨ دا هاتووە کە لوڕ Lor ئیسمی فارسییە و نێوە بۆ تایفەیەکی تەنومەن و قەوی و کەڵەگەت و بیابان نشین و نێوە بۆ خەڵکی قەهستان: پەهلەوی: قوهستان: کوهستان: جەبەل: جیبال. هەروا نێوە بۆ دوو



ویلایەت یەکێ لوڕی گەورەو ئەوی دیکەیان لوڕی بچووك، کە ئێستا بە لوڕستان ناودارە. بڕوا وایە کە بابە تاهیر (عوریان) لە نیژاد و ریشە و رەگاژۆی خەڵکی لوڕستانە، و ئێستا و لەم سەردەمەدا لە شاری خوڕەماوادا گەڕەکێ بە نێوی بابە تاهیر هەیە و ناودارە. لە کتێبی ئاساری باستانی و تاریخی لوڕستان چاپی جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی خۆرەماوای لوڕستان دانراوی حەمید ئیزەدپەنا لە پەڕەی ١٤٢دا نووسراوە کە بە گەڕەکێکدا بەناوی بابە تاهیر قەبرێك هەیە کە لە باشووری شاری خورماوا: ((شایور خواست: دز بەزە)) و لە رۆژئاوای قەلای فەلەکول ئەفلاك دایە. بڕوانە، لسترنج، تەرجومەی سەر زەوییەکانی خیلافەتی شەرقی لاپەڕەی ٢١٧). کە خەڵکی خوڕەماوا، باوەڕیان وایە کە ئەو قەبرە قەبری بابە تاهیرە و تایبەتییەکانی ئەو قەبرە بە رێکوپێکی نووسراوە. ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لە فەرهەنگی خۆیدا لەبن واژەی لوڕ (Lor)دا نووسیوویەتی: لوڕ ناوی تایفەیەکە لە کوردان، لێر (Ler) جەنگەڵ، دارستان، ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا لێر یا لێڕەوار، فرەو فراوان بەکاردەبردرێ. ئەو کەشف و کەرامەتانەی دەدرێنە پاڵ بابە تاهیر، زۆربەی ئەوانە باری ئەفسانەیان بەخۆ گرتووە، هەر ئەوەش پەردەی گومبوونی بەسەر کەسایەتی بابە تاهیردا کێشاوە، هەروەکو داستانی بە ماریفەت گەیشتنی بابە تاهیر، بە قسەی ئالێن (پەڕەی ١١-١٠) و ئەم قسە ((امسیت کردیا و اصبحت عربیا)) لە زمانی بابە تاهیر خۆیەوە (بۆ ئاگاداری لە هەندێ کەشف و کەراماتی بابەوە، بڕواننە: ئەوحەدی ٦٣٤، زنوزی، ٩٩/٢-١٠٠؛ هیدایەت، هەر ئەو شوێنە؛ ١/١٤١، E١٢، مەبەست هەر ٢٦ببـ) تا ئەو شوێنەی مێژوو دەڵێ: جار راست یا هەڵە بێ ئەم سێ زاتە: ١- بابە تاهیر عوریان، ٢-شێخ عەبدوڵڵا ناودار بە بابۆیی کورد، کە لە ٣٧٤ی مانگی وەفاتی کردووەو لە شیراز نێژراوە (نەفەحاتولئونس چاپی کەڵکەتە پەرەی ٣٦٢ بابۆیی، سەرەتای شەدو لئیزار کۆبەی عەللامە قەزوێنی بە نەقڵ لە بڵاوکی ئەنجوومەنی ئاساری نەتەوەیی پەڕەی ٤٨- ٣ ئەبو بەکر زینها رانی حوسەین بن عەلی بن یەزدانیاری کوردی، کە لە ٣٣٣ی مانگی لە ورمێ وەفاتی کردووەو گۆڕە

پیرۆزەکەی کەوتۆتە نێو حەوشەی (فێرگەی نەوید فەتح)، کە باوە گەورەی زیائولحەق حیسامەددین حەسەن چەلەبی کوردە، کە مەولانا جەلالەددین بەلخی (امست کردیا و اصبحت عەربیا) لە ئەبوبەکر زینها رانیەوە نەقلٚ دەکا کە دەڵیٚ:

سر امسیت کردیا بدان — راز اصبحت عەربیا بخوان — سر امسینا و اصبحنا ترا — می رساند جانب خدارا/ (دیباچەی دەفتەری ئەوەڵی مەسنەوی شەرحی کە بیری ئەنقەرەوەی لەسەر مەسنەوی تەرجەمەی دوکتور عیسمەت سەتار زادە پەڕەی ٧٠ تا ٩٦ و نەفەحاتی جامی و کتێبی بوزورگان و سوخەن سەرایانی ئازەربایجان چاپی ١٣٣٣ی هەتاوی. شەدولئیزار کۆبەی ٥١٢-٥١٤ بە نەقلٚ لە بڵاوکی ئەنجوومەنی ئاساری نەتەوەیی پەڕەی ٤٩ سەرچاوەی بەرو. بە قسەی (م. کلمان هوار خۆرهەڵاتناسی ناوداری فەرانسەوی ١٨٥٤-١٩٢٦) بابە تاهیر بە زمانی مادی یا لوڕی: (ئاوێستایی) شیعری وتووە (پەڕەی ٩١٣ بڵاوکی ئەنجوومەنی ئاساری نەتەوەیی سەرچاوەی بەرو، هەروا بڕواننە کتێبی زریزەی زێرین نووسراوی دوکتۆر محەمەد صالح ئیبراهیمی(شەپۆڵ) چاپی ئاراس چاپی یەکەم ١٩٩٩- ز- هەولێر. واژەی چەلەپی واژەیەکی کوردی کۆنەوەو بە واتای خوا، پاك، خاوێن هاتووە، کتێبی کورد و کوردستان واسیلی نیکتین چاپی ١٣٦٦ هەتاوی تاران تەرجەمەی محەمەد قازی - بابە تاهیر و ئەهلی حەق یلایارسان و ئایینی یاری) پەیڕەوانی ئایینی یارسان (ئەهلی حەق و ئایینی یاری) بابە تاهیر بە یەکیٚ لە مەزنەکانی ئایینی خۆیان و بە یەکیٚ لە یاران و هاوبیروڕا و هەروا بەجێیی ڕەمز و رازی شا خۆشین لورستانی دەزانن. (٤٠٦-٤٦٧ی مانگی) بە قسەی کتێبی سەرەنجام بابە تاهیر یەکیٚ لە گەورەکانی ئایینی یارییە و لە شاخۆشین فرە نێریك و رازداری بووە (بڕواننە E١٢ هەر ئەویٚ) ئولوهییەت دارای ٧ وێنە: نموودار و مەزهەرەو هەر یەکەیش لەوانەش ٤ مەلائیکەی لەگەڵدایە، بابە تاهیر بە یەکیٚ لە مەلائیکە و هاوڕێی شا خۆشین و بە (سێوم مەزهەری حەق) دەژمێردریٚ (بڕواننە مینۆرسکی، ٥٨٧). تایفەییٚ دیکە لە ئەهلی حەق یانی نوصیرییەکانیش



بابە تاهیر و شیعرەکانی کە بە زاراوەی لوڕین، فرە لایان پیرۆز و مدفەڕك و بە قەدەر (گبینۆ، هەر ئەویٚ).

گڵکۆی تازە رازاوەی بابە تاهیر، ئەم بینایە لە بان تەپۆڵکەیەکەوەیە لە باکووری خۆراوای شاری هەمەدان، رووبەڕووی دوندی چیای ئەلوەند ساز دراوە (بڕواننە: مەبەست هەر ئەویٚ ٨٢-٨٣) دوای عەینولقوزات حەمدوڵلا مۆستەوفی یەکەم کەسێکە لە زیمنی ژماردنی: قەبرە پیرۆزەکانی شاری هەمەدان، نیشانەی قەبری بابە تاهیر دەدا (هەر ئەویٚ گڵکۆی کۆنەی ئەو لە سەدەی ٦ی مانگی بە وێنەی بورجی خشتی ٨ گۆشەیی ساز درابوو، (مەبەست هەر ئەویٚ، ٦١). ئەم بورجە لە سەرەتای سەدەی ١٤ی هەتاوی لەوانە بوو، تێك پتە بیٚ؛ جا لەبەر ئەوە سەرەتا لەساڵی ١٣١٧ی هەتاوی کە وتنە بیری ئەوەی پینە و پەڕۆی بکەن، بەڵام بە ناتەواوی مایەوە، جاریٚ دیکە لە ساڵەکانی ١٣٢٩ و ١٣٣١ی هەتاوی پینەیان کردەوە، سەرەنجام لەلایەن ئەنجوومەنی ئاساری نەتەوەیی ئارامگەی ئێستاکەی بابە تاهیر لە ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٩ی هەتاوی بناغەی دانراو بەم شێوە سازدرا (بڕواننە هەر ئەویٚ، بابە تاهیر، ١٨، شەرح ٦٢،٦٩،٦٨،٦٤ صەفای ١٢-١٧) لە دەوروبەری گڵکۆی بابە تاهیر، قەبری زۆریٚ لە ناودارانی هەمەدان هەن. شیعری بابە تاهیر: زۆرتر بابە تاهیر بە شیعرەکانییەوە، لە نێو خەڵکدا ناوبانگی کردووەو کەوتۆتە سەر زمانی ئەم و ئەو، چ شیعر ناسان یا خەڵکی ڕەمەکی و ئاپوورەی مەردوم، لە سەدەکانی دوایین، ئەم جۆرە شیعرانەیان بەستران، تەرانە و دوو بەیتی ناو بردووە، بەڵام پێشینەکان بە فەهلەوی یا فەهلەویات ناویان بردوون و ئەمەیش خۆیی شاخەیێ لە زمانی کوردییە (بڕواننە شەمس قەیس، ١١٢-١١٣-١٦٢) بەپێی ئەو بەڵگانەی بە دەسەوەن ئێرانییەکان لانی کەم لە ناڤین و خوراوای ئێراندا لە کۆنەوە، خەڵك بەو جۆرە ساکار و سادانە شیعریان وتووەو ئۆگری بوون: خێوی موعجەم نووسیوویەتی: ((هەموو خەڵکی عێراقی عەجەم)) زۆر بەدڵ و داو ئەو جۆرە شیعرانەیان دەوت و خەڵکیش بە شادی و خۆشییەوە گۆێیان بۆ راگرتووەو لەبەریان کردوون (هەر ئەویٚ،

١٦٢، هەروا بڕواننە راوەندی ٢٤٤). لە هەندێ سەرچاوەی فارسیدا لەبەر جیاوازی دوبەیتی لە تەك چارینە (لەبەر وەزن و واتا) سەرنجی ئەوتۆ نەدریاوە. جا لەبەر ئەوەی چوار لەتین، دوو بەیتییەکانی بابە تاهیریان بە چارینە ناو بردووە، یا لە هەندێ شوێن بە هەر دوو واژەی زاراوە: (دوبەیتی و چارینە) ناو بریاون. (هیدایەت، ریاز ١٦٧، مەبەست هەر ئەوێ ٨٦، ٩٨، ٩١) لە نێو خۆرهەلاّت ناسان، ئالێن سەرنجی داوەتە ئەم نوکتە و بە سەرنجدان بە وەزنی تایبەتی دوو بەیتی، یانی (هەزەجی موسەدەسی مەحزوف) دەنووسێ: ئێرانییەکان هەمیشە سروودی چوار لەتی بابە تاهیریان بە چارینە ناو بردووە (پەڕەی ٧) بەلاّم خۆرهەلاّت ناسەکانیتر بێ ئەوەی ئاماژە بە بێژەی ((دوو بەیتی)) بکەن، سروودەکانی بابە تاهیریان بە چوار لەت ناو نیاوە (بۆ وێنە بڕواننە ١/٨٣٩، E١٢ ، ریپکا٢١٦).

زاراوەی هۆنەکانی بابە تاهێر: بە روونای نەزانراوە کە بۆچی هەندێ لە دوو بەیتی شاعیرانیتر چ شاعیری ناسراو یا گۆم نێو خزاونەتە نێو نوسخە خەتی و چاپییەکانی بابە تاهیر (شەمیسا، ٢٧٠، ٢٧٤، ١/٨٤٥، EIL) و لە لایی دیکەوە لەبەر ئۆگۆداربوونی فارسی زمانان بە دوو بەیتی و هۆنەکانی پەهەلەوی و دەس بە دەس گەڕانی ئەو تەرانانە لە نێو خەلّکدا، لە زار و زاراوەی سروودەکانی بابە تاهیردا ئالّ و گۆڕ و دەست تێوەردانێ ئەنجام دراوەو بەداخەوە واژە کوردی و لوڕییەکانیان کردۆتە زاراوەی فارسی (یەك لەوانە وەحید دەستگردییە) (سەفا ٢/٣٨٤) تەنانەت هەندێ کەس عەروزی فەهەلەوی هەندێ لە سروودەکانی بابە تاهیریان بردۆتە سەر عەروزی رەسمی دوو بەیتی یا (بەحری هەزەجی موسەدەسی مەحزوف (مەقسور) مفاعیلن، فعولن (مفاعیل) و تەتبیقیان کردوون (بڕواننە شەمیسا ١١٣) کۆنەترین سەرچاوەیەك، کە لەوا یەکێ لەو دوو بەیتییانەی کە بە هی بابە تاهیر (بێ ئاماژەکردن بە نێو شاعیرەکەی) دەزاندرێ و هاتووە، کتێبی ئەلموعجەم-ە (شەمس قەیس ١١٣) هەر ئەو دوو بەیتە دوای ئەوەی ئالّ و گۆڕیی کە لە وەزن و زمانی ئەودا بەدی هاتووە لە نوسخەی دیوانی بابە تاهیر (پەڕەی٥٦، شمـ٢١٠) وەحید دەستگردیدا



چاپ کراوەو ئەمەیش نموونەیەکی دیار و ئاشکرایە، بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئالّ و گۆڕێ بەسەر شیعرەکانی بابە تاهیردا هێنراوەو دەسیان لێ دراوە. هەندێ لە نووسەرانی کتێبە تەزکەرەو لێکۆڵەرانی سەردەم و هاوچاخ، لایان وابووە بابە تاهیر بە زمانی (راژی) شیعری وتووەو زمانی بابە تاهیر زمانی خەلّکی رەی بووە (ئەوحەدی ٦٣٤). ((راجی)) (ئازەر٢٦٣) و ((رازی)) هیدایەت هەر ئەوێ. ئیتە ٣١. دیارە ئەو سێ واژەیە (راژی، راجی و رازی) دەگەڕێتەوە سەر زاراوەی کۆنی خەلّکی رەی (رێی، رێگا) هەندێکیش شیعرەکانی بابە تاهیر بە لۆری دەزانن (ئەدیب١: سەفا، هەر ئەوێ گبینۆ ٣١٩ ریپکا) زاراوەی شیعرەکانی بابە تاهیری بە (مەحەلی) و سروودەکانیشی بە مەقولەی وێژەو وێژەوانی عامیانە زانیوە، و لایشی وایە کە شاعیرانی دەورەکانی دواین (بۆ وێنە عوبەیدی زاکانی و...) زاراوەی مەحەلیان لە شیعرە، تانە و توانج و گەپ و گاڵتە و تەشەرەکانی خۆیاندا بەکار بردووە. (پەڕەی ٩)، بەلاّم ئابراهامیان (بڕواننە ئیرانیکا ١١/٢٩٦) لای وابووە نێزیکایەتی لە نێوان زاراوەی سروودەکانی بابە تاهیر و (جوولەکەی) هەمەدانیدا هەیە، ناتل خانلەری (پەڕەی ٣٨-٣٩) لە زیمنی ژماردنی شوێنگە لێ لە جیابوون، لە زەمیر و وێنەی تەسریفی ئەفعال لە نێو زاراوەی جوولەکەی هەمەدان و سروودەکانی بابە تاهیر، بیروڕای ئابراهامیانی رەد کردۆتەوە، براون زیمنی ئیشارە بە بیروباوەڕی چەن کەس لە خۆرهەلاّتناسان (٢٧-١/٢٦). ئەم قسەی کلمان هوار، نەقلّ دەکا کە هەندێ لە زاراوەکانی خەلّکی رۆژاوای ئێران (کوردەکان) لەگەلّ زمانی ئاوێستایی یەك دەگرنەوە، کە هوار ئەوانەی بە (مادی نوێ) یا (پەهلەوی موسوڵمان پەهلەوی دەورەی ئیسلامی) ناوبردوون و لەبەردەمی قسەکانیدا، زاراوەی سروودەکانی بابە تاهیریش بە زاراوەیی لەوانە زانیوە. (هەروا بڕواننە هووار، ٥٠٣) لە بابەت تەلەفوز و ئاواناسی سروودەکانی بابە تاهیرەوە کار و تێکۆشانێ کریاوە: هووار هەندێ لە نیشانەکانی زمانناسی و ئاهەنگی واژەکانی مەحەلی شیعرەکانی بابە تاهیری داوەتە بەر سەرنج (بڕواننە پەڕەی ٥١٥-٥٠٧) و ئەدیب توسی (پەڕەی ٢-١٦) و میهرداد بەهار (پەڕەی ٧-١٢)، هەندێ لە

شیعرەکانی بابە تاهیری تەجزیە و تەحلیل و توێژییەوەتەوەو ئاوا نووسیشی کردووە، و واتای واژە و هۆنە محەلییەکانی ئەوانی روونکردۆتەوە. نوسخەکان: کۆنترین دەسخەتی ناسراو لە سروودەکانی بابە تاهیر دەسخەتێکە لە قونیەدایە لە مەجموعەی شـ٢٥٤٦، کە داگری ٢٥ هۆنە (دوو قەتعە و ٨ دوو بەیتی) کە لە ٨٤٨ی مانگی نووسراونەتەوەو سەرو ژێری و بۆریان بۆ دانراوە (بڕواننە: مینۆی ٥٥-٥٨) ؛ ٨ دوو بەیتی بابە تاهیریش لە عەرەفاتولعاشقین داهاتووە (بڕواننە: ئەو حەدی ٦٣٤) لە هەندێ لەو تەزکەرانەی وا لە سەدەی ١٢ و ١٣ی مانگیدا دانراون و هەروا هەندێ لە هۆنەکانی بابە تاهیر نەقڵ کراوە، بۆ وێنە (بڕواننە: ئازەر ٢٦٣-٢٦٤، هیدایەت هەر ئەوێ ١٦٧-١٦٩ مەجمەع، ١-(٢) ٨٤٥-٨٤٦). دەسخەتێ فرە لە سروودەکانی بابە تاهیر لەگەڵ کۆکراوەی ترا یا بە وێنەی سەربەخۆ لە پەرلانە جیاجیاکاندا هەیە (بڕواننە: مونزەوی خەتی ٤/٢٨٢٨-٢٨٢٨، خەتی موشتەرەك، ١٥/٧، ٩/٣، ٢٠-٢٠٠٤). لە نوسخە چاپکراوەکانی هۆنە و چارینەکانی بابە تاهیر، یەکەمین چاپکراوەی هی هووار-ە کە لە ١٨٨٥ی زایینی لە ٥٩ چارینەدا لەگەڵ تەرجەمەی فەرانسەوییەکانیدا لە چاپ دراون. بە ئیشارەکردن بە جیاوازی نوسخە جیاجیاکاندا لەژێر هەر چارینەیەکدا (بڕواننە: هووار ff٥١٣). هەر ئەوە، لە ١٩٠٨ی زایینی، ٢٨ چارینەی دیکەی لەگەڵ غەزەلێکی بابە تاهیریشدا بڵاوکردۆتەوە (مەبەست راڤە، ٩٧-٩٨). ئەوسا ئالێن، لەسەر ٥٩ چارینەی چاپی هووار و نوسخەی کۆنتر کە کۆکراوەکانی ئالێن خۆی بووە (بڕواننە: پەڕەی لە ١٩٢٠ی زایینی، تەرجەمە بە وێنەی مەتن و دەق) کە چارینەی بابە تاهیری لەگەڵ تەرجەمەی مەنزومی خانم (کرتیس برنتن بە ئینگلیسی، لە لەندەن بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوە چەن کەس لە خۆرهەڵاتناسان و دیلمانجان، سروودەکانی بابە تاهیریان بە زمانی ئەڵمانی (لشچینسکی)، ئەرمەنی (ئابراهامیان، بارۆن ئارام گارۆنە)، ئۆردو (حوزور ئەحمەد سەلیم) و... تەرجەمەیان کردوون. (بڕواننە: ئەزکایی ٧٣-٧٤، مەبەست هەر ئەوێ ٩٧-٩٨، ٩١٥-٩١٦). واتاکانی هۆنە و شیعرەکانی بابە تاهیر: چارینەکانی بابە



تاهیر، لەبەر ئەوەی ئێسك سووك، رەوان، سادە، بێ گرێ و گۆڵن و لەسەر زار خۆشن و گوێ دەلاوێننەوە، خۆیان لە نێو بیر و مێشکی کورد و ئێرانیاندا جێگیر کردووەو هێلانەی دڵ و دەروون، خەڵك بەجێ نایەڵێن و ئۆگرداران جارجار بە (شمشاڵ و تار) یابێ سازو مۆسیقی کە ئاوازی دڵ و دەروون دەیان خوێننەوەو بە گۆرانی دەیانڵێن: تەنانەت ئاخوندیش لە رەوزە خوێندا، لۆرە لۆری پێیدەکەن و خەڵکی پێ دەلاوێننەوە. هەندێ لەو چارینانەی بابە تاهیر رەنگی پەند و مەسەلی بەخۆگرتووەو بوونەتە مەسەل (پەند و ئەمسال) پڕ و تەژین لە قسەکردن لەگەڵ خۆرسك، گوڵ، گیا، چیا، بیاوان، خۆکرد و سروشت، هەروا تەژین لە هەست، ئەوین، جوانی، عاتیفەی لەتیف و زەریفی مرۆڤایەتی و خودایی، واتای عەشق، دەروێشانە، عارفانە و ناسەورەی قەلەندەی، مەلا مەتی، خەفەتی غەریبی، دەردی دڵتەنگی، خەمی بێ سەرو سامانی و حەسرەتی و یسال، شکایەت لە ناپایەداری و بێ وەفایی، دڵداران بە ئەویندارا ن و وەفاکردن بە عەهد و پەیمان، دیاندانان بە تاوان و عوزرخوازی، لە پەروەرندە و خالیقی دڵاواو دڵ لاوین. گلە و گازندە و شین و گریان لە دەس دەوری و هیجران، لە یاران و غەمخۆران، هەڵبەز و دابەزی جەزنەی ئەوینی ئەفلاتوونی و... لە وێنەکانی واتای شیعری بابە تاهیرن (بۆ وێنە بڕواننە: هەر ئەوێ ١٠٣-١٠٦، ١٠٨-١١٢، ١١٨-١٢٢، جـ) جیاکردنەوەی عەشقی لاهوتی لە عەشقی ناسوتی لە سروودەکانی بابە تاهیردا فرە سەختە، لە قسەیەکدا بابە تاهیر هەستیار و شاعیرێکە، خاوەن دەرد و رەنج و راگر و پارێزەری، ئابڕوی فەقر و قەناعەت: هەژاری و رەزا بە مەوجود هەر ئەو خو و ئاکارە، بابە تاهیری لە نێو هەندێ شاعیر و هەستیاری دیکەدا بەتایبەت لنێو شاعیرانێ کە پیاە و پلەی شیعریان تا پایەی هۆکار بۆ بەدەس هێنانی پارە و پلە و پایەی دنیایی، خوار کردۆتەوەو دایان نەواندووە، بەڵام شیعر و هۆنەی بابە تاهیر لەو ناوەدا سەربەرز و بڵێند بە زەق و زیندوویی بێ ملکەچی ماوەو فرە سەربەرزانە راوەستاوەو بە گەشی و نەژاکاوی هەر ماوە و لەبەر چاوە. واژە کورت و پڕواتاکانی بابە تاهیر: بێجگە لە چارینەکانی بابە تاهیر، (ریسالە): سی پارەیەکی عیرفانی و

ناسەوەریشی هەیە، کە داگری ئیشارە و زەمر و زارە و بە واژەی کورت و پڕواتا ناودارن و بە زمانی عەرەبیشن، بە جیاوازییەك کە هەیە لە ٢٣ باب و ٣٦٨: (بابە تاهیر ٨٢-١١٢) و ٥٠ باب و ٤٢١ ((واژە)) (بڕواننە: مەبەست هەر ئەوێ ٢٦٠، ٧٤٠) دانراون و هەن، ئەم سی پارە تەژیە لە واژەی کورتی پڕواتا، لە دێر زەمانەوە، کەوتۆتە بەر دڵ و سەرنجدانی بیر و هزری دەروون پاکان (سۆفی و ساویلکە).

هیدایەت (مەجمەع ١(٢)/٨٤٥). شەرح و راڤەیێ دیکە، بە نێوی فتوحاتی رەببانی لە مەزجی ئیشاراتی هەمەدانی، هەیە. کە محەمەدین ئیبراهیم خەتیب وەزیری، لەسەر داواکردنی شێخ ئەبولبەق ئەحمەدی لە نێوان مانگی شابان ١٨٩ تا ٨٩٠ی مناگی دایناوە (بڕواننە: مەبەست هەر ئەوێ ٧٤١-٩٠٨) شەرحی نێو براو بە شێوەی مەزجی (تێکڵاو لەگەڵ دەق و مەتن)ە- واژەکانی بابە تاهیر، لەگەڵ دەق و قسەی عارفان و سۆفیاندا تێکەڵ بوون، بە جۆرێ وا ئەو خوێندەوارانەی کە بە واژەکانی بابە تاهیر ناسیا و نەبن ناتوانن ئەوانە لێك جیا بکەنەوە. بێجگە لەوانە دوو شەرحی دیکە لەسەر واتای واژە کورتە پڕواتاکانی بابە تاهیر بە هۆی مەلا محەمەد گەنابادی ناودار بە سوڵتان عەلیشاه (١٢٥١، ١٣٢٧ی مانگی) دانراوە؛ یەکەم شەرحێ بە زمانی فارسی بە نێوی تەوزیح (١٣٢٦ی مانگی) کە لە ١٣٣٣ی مانگی چاپ کراوە، ئەوی دیکەیان بە زمانی عەرەبییە و بە نێوی ئیزاح (چ ١٣٤٧ مانگی)، بەڵام ژماردنی نوسخە خەتییەکانی شەرحی واژەکانی بابە تاهیر، کە دەیدەنە پاڵ عەینولقوزات کە لە پەرلانە جیاجیاکاندا هەن زۆر نین (بڕواننە: هەر ئەوێ ٢٤٩-٢٥٢). بە سەرنجدان و خوێندنەوەی واژە کورتەکانی بابە تاهیر و وردبوونەوە لە شەرح و راڤەکانی، وا دەردەکەوێ کە بابە تاهیر عامی و خوێندەوار نەبووە، بەڵکو زاتێ پڕ زانا بووە کە لە بابەت واتاگەلێ وەك عیلم و زانین، ماریفەت، ئەقڵ، ئەفس، دنیا، ئاخیرەت، ئیشارە، وەژد، سەماع، دیتن، موراقەبە، خۆپارێزی لە حەرام و تەرام، پشت بەستن تەنیا بە خوا، رەزا بە مەوجود، سەکر، محەبەت، فەقر، فەنا و ... یانی بە جوزئیترین و وردترینی، ئوصولی فیقە و شەریعەت تا گرێ پوچکەترین وردەکاری



فەلسەفە و عیرفان و ناسەوەری و سۆفیگەری، زانینێ تەواوی هەبووە، خواناسێ تەواو، وەپێڕێ، دەسگیرێ تەواو کا رەوەی رۆژگاری خۆیی بووە، دیارە حەق بە (بیرتیلس) بووە کە وتوویەتی: کەسانێ پڕ زانای وەك بابە تاهیر دوای فێربوونی زۆری لە زانینەکان و سەرکەوتن لە زانستەکاندا، خۆیان دەخزاندە نێو جەرگەی سۆفیان و خواناسان و دەبوونە عارف و ناسەوەر (پەڕەی ٣٤٠-٣٤٢) سەرچاوە: ئازەر بێگدلی، لوتفعەلی، ئاتەشکەدە بە کۆششی جەعفەر شەهیدی، تاران ١٣٣٧ی هەتاوی، ئازاد هەمەدانی، عەلی محەمەد (مەشاهیری هەمەدان) دیوان بە کۆششی محەمەد ئازاد تاران ١٣٥٦ی هەتاوی، ئاقا بوزورك زەریحە، ئەتە، هەرمان، تاریخی و ئەدەبیاتی فارسی، تەرجمەی رەزازادە، تاران، ١٣٥٦ی هەتاوی، ئەدیب توسی، محەمەد ئەمین ((فەهلەویات لوری)) نەشریەی دانیشکەدەی ئەدەبیات، تەورێز ١٣٣٧ی هەتاوی، ئەزکایی پەروێز ((دیوانی بابە تاهیر)) هونەر و مەردوم، تاران ١٣٥٤ی هەتاوی، شمـ ١٥٢، ئەو حەدی، بلیانی محەمەد، عەرەفاتولقاشقین نوسخەی خەتی کتێبخانەی میللی مەلیك، شمـ ٥٣٢٢، بابە تاهیر دیوان بە کۆششی وەحید دەستگردی تاران ١٣٤٧ی هەتاوی. بیرتیلیس، ی، ئی. تاریخی ئەدەبیاتی فارسی لە دەورانی فیردەوسی تا دوایین عەهدی سەلجوقی، تەرجەمەی سیروسی ئیزدی، تاران ١٣٧٥ی هەتاوی، بەهار، میهرداد ((شیعرێ چەند بە گویشی هەمەدانی)) پەژوهیش نامەی فەرهەنگستان، زمانی ئێران تاران ١٣٥٧ی هەتاوی، حەمدوڵڵا موستەوفی، نەزهەتولقولوب، بە کۆششی گ، لسترنج لیدەن)) ١٩١٣ی زایینی دانیشپەژوە محەمەد تەقی ((سەرئەنجام ئەهلی حەق و بابە تاهیر هەمەدانی)) راهنومای کتێب، کتێب، تاران ١٣٥٤ی هەتاوی س١٨ شـ٤-٦؛ راوەندی محەمەد راحەتولسدور بە کۆششی محەمەد ئیقباڵ، تاران ١٣٣٣ی هەتاوی رەشید یاسەمی غولامرەزا ((بابە تاهیر عوریان، ئەرمەغان تاران ١٣٠٨ی هەتاوی س١٠ شمـ١، زەزین کوب عەبدولحوسین، کلکەی (جستجۆ) لە تەسەوف، ئێران، تاران، ١٣٦٢ی هەتاوی، زنوزی محەمەد حوسێن، ریاز جەننە، بە کۆششی عەلی رەفیعی، تاران، ١٣٧٨ی هەتاوی،

شەمس قەیس رازی ئەلموعجەم بە کۆششی سیروس شەمیسا، تاران، ١٣٧٣ی هەتاوی، شەمیسا سیروس سەیری روباعی لە شیعری فارسیدا، تاران، ١٣٦٣ی هەتاوی، سەبا محەمەد موزەفەر حوسێن تەزکەرەی رۆژی رۆشن بە کۆششی محەمەد حوسێن روکن زادەی ئادەمییەت، تاران، ١٣٦٣ی هەتاوی، سەفا، زەبیحوڵڵا، تاریخی ئەدەبیان لە ئێران، تاران ١٣٣٦ی هەتاوی، سەفا ئیبراهیم ((ئارامگەی بابە تاهیر)). ئەرمەغان، تاران، ١٣٣٨ی هەتاوی س٢٨ شمـ١- عەینولقوزاتی هەمەدانی، نامەکان، بە کۆششی عەلی نەقی مونزەوی و عەفیف عەسیران، تاران، ١٣٦٢ی هەتاوی، قەزوینی محەمەد، یادداشتەکانی بە کۆششی ئیرەجی هەوشار، تاران، ١٣٤٦ی هەتاوی، گبینو، ز، ئە،... سەفەرنامە، تەرجەمەی عەبدورەزا هۆشەنگ مەهدەوی ١٣٦٧ی هەتاوی، مەقسود جەواد بابە تاهیر عوریان، هەمەدانی، تاران، ١٣٥٥ی هەتاوی، هەر ئەوە شەرحی ئەحواڵ و ئاسار و چارینەکانی بابە تاهیری عوریان، تاران، ١٣٥٤ی هەتاوی مونزەوی خەتی، هەر ئەوە، خەتی موشتەرەك، مینورسکی، و... ((شەرحی حاڵی بابە تاهیر، عارف، شاعیری ئێرانی)) تەرجەمەی نوسرەتوڵڵا کاسمی، ئەرمەغان، تاران، ١٣٠٧ی هەتاوی، سن١، شمـ١، مینەوی موجتە با لە (خەزاینی تورکیە) گۆڤاری زانکۆی ویژاوەری، تاران، ١٣٣٥ی هەتاوی، س١ شمـ٩، هەجویری، عەلی، کەشفولمەحجوب، بە کۆششی ژوکوفسکی، تاران، ١٣٧١ی هەتاوی، هیدایەت، رەزاقولی ریازولعاریفین، تاران، ١٣١٦ی هەتاوی، هەر ئەوە مەجمەعولفوسەحا، بە کۆششی مەزاهیر موسەفا، تاران، ١٣٩٩ی هەتاوی.

Allen, E. H., introd, and tr. Baba Tahir hamadani urgan, Tehran, 1963, Browne, E. G., A literary History of persia, cambridge, 1951, EI[2], huart C. ((Les Quatrains de Baba Tahir Uryan)), JA, 1885, vol. VI, Iranica, Rypka, J., Iranische Literaturgeschichte, Leipzig.



هورموز رەحیمیان ١٩٥٩، دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج. ١...، چاپی ١٣٨٠ی هەتاوی، تاران. بابە تاهیر، چاپی تاران، ١٣٨٠.

نوکتە شێوەی قەربەکەی بابە تاهیر قەدیمی و کۆنە و دەرگای چوونە ژوورەوەی لەلای باشوورییەوە، دەکرێتەوە خانووە ئەسڵییەکە هەشت گۆشەیە، کە چوارگۆشەی ئەسڵییەکەی ٤/٥ میترەو گۆشە فەرعییەکانی هەر یەکە ١/٧٠ میترە لە گۆشەکانیدا چوار تاق ساز دراوەو تاقی ئەسڵی لەسەر ئەوانەوە ساز دراوە، بەرزایی گومەزەکە تا تەختی عەرز ٦ میترە (وێنەی ژمارەی ٤٧) کتێبی ئاساری باستانی و تاریخی لوڕستان، چاپی جۆزەردانی ١٣٥٠، پەڕەی ١٤٢، (حەمید ئێزدپەنا) لە نێوەڕاستی گومەزەکەدایە کە مەودای ئەوە (١٧٧x١٠٠x٥٢) سانتی میترە و لەم دوایانەدا یانەی ئەوقاف سەحنی حەرەم و رووی قەبرەکەی موزائیك کردووەو بەسەر قەبرەکەیشدا زەریعی دارینی بە مەودای (١٩٨x١٢٨x١٢٧) داناوە. لەلای سەرێ ((لای رۆژئاوا)) وەتاغێك بە درێژی ٥ میتر و پانایی ٢/٥ میتر کە خەڵکی بە (قەلەندەرخانە) ناوی دەبەن بە باوەڕی خەڵکی خورەماوا ئەمە قەبری بابە تاهیر، عارفی ناودارە، کە شیعرەکانی خۆیی بە زاراوەی لۆری-کوردی داناوە. هەر بۆیی بابە تاهیر خۆیشی فەرموویەتی: (زان سپیدە بازەم لورستانی (پەڕەی ٤٨، سرودەکانی بابە تاهیر، پیراستەی م. ئەو رەنگ.) یەکێ لە ریش سپییەکانی ئەو گەڕەکە رایگەیاندووە کە شەجەرەو نەسبنامەی (نێژراو) بە نێوی بابە تاهیر لەگەڵ چەند هۆنە لەسەر تەختە دارێ نووسرابوو کە کابرایێ خوڵ و دیوانە چەن ساڵ بەر لەمرۆ، لە نێوی برد (پەڕەی ١٤٢ و ١٤٣ کتێبی ئاسار، باستانی و تاریخی لۆرستان چاپی ١٣٥٠ی هەتاوی، جەڵدی نەخوست دانراوی حەمید ئێزدپەنا) ئایەتەوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لە فەرهەنگی خۆیدا لەژێر (ل،ر) نووسیویەتی: لۆر نێوی تایەفەیەکە لە کوردان، حەمید ئێزد پەنا لە فەرهەنگی لەکیدا نووسیویەتی: لوڕ پیاو یا ژن کە زێدی لوڕستان بێ، چاپی ١٣٣٦ی هەتاوی لیڕ بە واتای دارستان، جەنگەڵ ئەمرۆ لە زمانی کوردیدا (لیڕ یا لیڕەوار) فرە بەکاردەبرێ. موستەوفی لە (زبده التواریخ)دا

نووسیویەتی: بەو هۆزە دەڵێن (ل ، ر) کە لە مانرود گوندێ هەیە کە بە (کورد) نێوی دەبەن و لەو نێوەشدا (بەندێ) هەیە، کە بە زاراوەی لوڕی بە (کۆل) ناوی دەبەن و لەو بەندەشدا شوێنی هەیە کە بە (لوڕ یا لێڕ) ناوی دەبەن، چونکا دارسانە و داری زۆرە و پڕ و چڕە لە درەخت. لیڕ بە کەسرەی (رێ) یا لێر لە دواییدا بە بوری لام (لامی بۆردار) خوێندراوەتەوە. لە بەرا نێوی پەهلە، برا، کە مێژوو دەڵێ: نێوە بۆ پێنج شار (ئیسفەهان، رەی (رێی)، هەمەدان، ماهنەهاوەند، ئازەربایجان، مەسیزان یا ماسبدان: حوسێن ئاوا، رد، دێ باڵا، دێواڵان: ئیلام، ماە بەسەرە، سیمرە، ماەکوفە و قرمیسین: ((کرماجان)) کرماشان، کە داگری پێشگۆ و پشتکێفە دیارە زۆربەی واژەی زاراوەی لوڕی قەدیمی و کۆنە، بە پەهلە نێو براوە، یاقوتی حەمەوی لە قەولی حەمزە ئیسفەهانییەوە، لە کتێبی (التنبیە علی التصحیف) دەنووسێ: زمانی پەهلەیی یا پەهلەوی، واژەی پەهلە یا فەهلە داگری کرماشان، ئیلام، تیسفون و مەدائینە. پەهلە یا فەهلە زاراوەی زمانی ئێرانی کەونارا پێنج جۆر بووە (پەهلەیی یا پەهلەوی) دەری، دەرباری: "کوردی" پاریس، حوزی، سرایانی، یاقوق حەمەوی ەوە ٦٢٦ی هەتاوی موعجەمولبودان چاپی میسر جەڵدی ٦ پەڕەی ٤٠٧-ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لە جەڵدی یەکەمی مێژووی خۆیدا چاپی یەکەم، تاران، ١٣٣٢ی هەتاوی، پەڕەی ٤٥ نووسیویەتی: (نێزیکترین زاراوەی کوردی بە پەهلەیی یا پەهلەوی، یەکەم زاراوەی لوڕییە، چۆن لۆرەکان لە ناوەندی پەهلەویی قەدیم فرە نێزیك بوون و کەمتر تێکەڵاوی بێگانە بوون، تەنانەت لە کلدەو ئاشووریش ئەونە شوێنیان، وەرنەگرتووەو زاراوەیان نەگۆڕ دراوە، دوای لوڕی کەڵهورییە، کە لە زمانی پەهلەیی نێزیکترە، ئەوسا زاراوەی گۆران و هەورامانییە، دوای ئەوان گێلەکی و دوای ئەو زاراوەی کرمانجییە، بەڵام گۆرانی و کرمانجی کە لە کلد و ئاشوور نێزیك بوون، هەندێ واژەی ئەمانیان وەرگرتووە، کە واژەی کلد و ئاشووری وەك خۆیی بەسەر زاری گۆران و کرمانجدا ماوەتەوە. لوڕستان هەرێمێکە لە رۆژاوای ئێران لە دوو شیوەڵی درێژ و دوو رشتە کێف و کێوی گەورە ساز بووە کە لە نێوان رشتە کێفی ئەڵوەند و کرماشان



و فەلاتی بەختیاری و دەشتی خوزستان و عێراقی عەرەبدایە، لە شێوەڵی خۆراوایدا چەمی سیمرە ((کەرخە)) لە نێوان گەورە کێف: ((کەبیرە کوە)) و پێشکێف لە شێوەڵی رۆژاوای چەمێ کە ئاو درێژێ لە نێوان پێشکێف و پشتکێف لە باکوورەوە، ئەو ئاوە بەرەو باشوور دەخۆشێ. دارستانی ویشك و لە گۆڕاندان. لەم هەرێمەدا لە ناوەندی هۆزە لوڕەکان، عەشایری ناوداری لوڕ، بریتین: لە ((حەسەنوەند، سەگوەند، بیراوەند، پاپی و... کە لە وەڕگە و دارستانی پەرەدار و چڕو پڕی ئەوێ بۆ مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری دەناڵێنێ و کەتیرە و دانەوێڵە و شیرەمەنی زاف فرەیە، شوێنەواری مێژوویی زۆر گرینگ لە ژیار و شارستانی ماد، کاسی، عیلامی و ساسانی لە لورستاندا دەبیندرێن بۆ وێنە قەڵای فەلەك ئەفلاك کە بە شاپور خواستیش ناسراوە.
شیعری فۆلکولۆری:

بەهەشت دۆزەخە ئەر لە تۆ دوور بیم/ با هەر بار وەڵام بی، بیل و دەرەك بیم/ تەرە نەنی هەی تەرە نەنی/ من چە هۆشم تۆ چەژنی/ هۆشم: دەڵێم. نوکتە:/ خۆزیا بۆ باش خوێندنەوەی (و) کە دەنگی بەینی (و) و (ی) هەیە لەسەر کاغەز و کامپیۆتێر، ئەنجام بدرایێ. یا ئەم فۆلکۆلۆرەی زاراوەی کەڵهوڕ: کەڵور: /کرماشان حەیف چالە زەمینە/ قەڵاشان خوەشە سەروین لاردیری/ یا لەو باڵاخانە خوەم وە خوارەو/ خوەم خەم وە باوەش ئەو سەروەن لارەو/ باڵاخانە: باڵەخانە، سەروەن لار، شەدە لار. قەڵای شان نێوە بۆ دێهستانی سەر بە سەرپێڵ زەهاو کە زۆربەی دانیشتووەکانی کەڵوڕن. لە کتێبی راحەتولسدوری راوەندی کە لە ٥٩٩ی مانگی نووسینەکەی تەواو بووەو لە ١٩٢١ی زایینی لە لیدەنی هۆلەند چاپ کراوە، دەنووسێ: بیستم کاتێ سوڵتان توغرول بەگ چۆتە شاری هەمەدان لە خواناسان سێ پیر: ((بابە تاهیر، بابە جەعفەر و شێخ حەمشاد)) لەوێ لە کێو خدر خەریکی عیبادەت بوون، توغرول لەگەڵ ئەبو نەسر کندی وەزیریدا دەچێتە زیارەتیان و دەستی بابە تاهیر ماچ دەکا بابە تاهیر پێی دەڵێ: ئەی تورك لەگەڵ خەڵکی خوا چ دەکەی توغرولّ دەڵێ: هەرچی تۆ دەستوور بدەی بابەیش دەستی توغرولّ دەگرێ و پێی دەڵی: وا بکە کە خوا فەرموویەتی (ان الله

یأمر بالعدل و الاحسان-نەحل ئایەتی ٩٢) توغرول دەگری و دەڵێ: بەو جۆرەی تۆ بفەرمووی وا دەکەم، بابە سەری لوولەی ئافتاوەیی شکیاو کە ساڵەها بووە دەسنوێژی پێی گرتووە لە قامکیدا دەبێ، دەری دێنێ و لە تپڵی توغروڵی دەکا و پێی دەڵێ: مەملەکەتی عالەمم ئاوا کردە دەست تۆ، دادگەر بە توغروڵ لە جەنگدا هەمیشە لە قامکیدا بووە، دڵی پاك و ئەقیدەی پەیدا کردبوو، لە پەڕەی (٢٢٣) دایرەتولمەعاریفی ئیسلامیەدا کە لە زمانی ئینگلیسی، ئەڵمانی و فەڕانسەوی کراوەتە عەرەبی، چونی توغروڵ بۆ هەمەدان بە قسەی راحەتولسدور لە ساڵی ٤٤٧ی مانگیدا بووگە. و قسەکانی پرۆفیسۆر مینۆرسکی رۆژهەلاناسی روسی لە ژمارەی (١٠) ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی گۆڤاری ئەرمەغان هەر بەو جۆرەیە. پەڕەی ٢٥ دوکتۆر رەشید یاسەمی کرماشانی لە ژمارەی (١) ساڵی ١٣٠٨ی ئەرمەغاندا، چەن جار لەسەر ساڵی ٤٤٧ی مانگی دووپاتەی کردووە، بەڵام وەحید دەستگردی لەپێش وتاری دیوانی بابە تاهیر چاپی ٣ ساڵی ١٣٣١ ئەو سەفەرەی بە نیزیکی ساڵی ٤٤٧ یا ٤٥٠ زانیوە، لە نووسراوەکانی وابەستە بە ئایینی یارسان (یاری) کە بە ناوی (کەلام) نێو دەبردرێ لە یەك دەسەی ئەوانەدا کە وابەستە بە دەورەکانی بەر لە سوڵتان سەهاك یا سوڵتان ئیسحاق بنچینەدانەری ئایینی یارسانە کە لە رۆژگاری شا خۆشین لورستانی تا زەمانی پەیدابوونی ئەو ئایینەیە کەلامی سەرئەنجام، سام ئەدین نەیریزی و دیوانی خەتی حەزرەتی سەی فەرزی و دیوانی خەتی بابە تاووس دەسەی دووەم، کەلام گەلێکە بەناوی سەرئەنجام نێو دەبڕدرێن، بەلای پەیڕەوانی ئەو دینەوە فرە بەرز و بەڕێزن.

سوڵتان سەهاك لە سەدەی ٨ی مانگیدا ژیاوە، شاخۆشین لە پێشەوایانی نێو بە دەرەوەی ئەو رێباز و تەریقەتەیش لە چاخی بابە تاهیردا ژیاوەو دیدەنیشی لێ کردووەو لە سروودەکانی ئایینی یارسان زەمانی پەیدابوونی شاخۆشین بە ساڵی ٤٠٦ی مانگی دەزانێ. بەپێی و دانی کتێبی راحەتولسدوری راوەندی و سروودەکانی ئایینی یارسان (یا ئەهلی حەق و یاری) ئەشێ بێژین بابە تاهیر لە ساڵەکانی نێزیك بە ٣٩٠ی مانگی لە دایکبووبێ و لە ساڵەکان ٤٤٧ یا ٤٥٠ وەفاتی کردبێ. لە



دەفتەری سەرئەنجام کە بەدەس غولام حسێن ئازاد عەلی نوێنەری ئاغای سەیید مەنسوور موشەعشەع رێبەری خانەدانی ئاتەش بەگی و ئەو سەرەنجامەی وا بەدەس سەیید کازم نێك نێژاد رێبەری خانەدانی یادگارییەکانە و هەروا مەجموعە رەسائیل و ئەشعاری ئەهلی حەق کە بە کۆششی نیونۆف روسی چاپ کراون، مەبەست گەلێ لە بابەتا بابە تاهیر و فاتمە لوڕەی ئەویندارى دێرینەی بابە تاهیر قسە کریاوەو پەیدابوونی شاخۆشینی بە ساڵی ٤٦٦ی مانگی ناو بردووەو هەروا لە نێو ئەو دەفتەرانەدا نووسراوە کە سوڵتان سەهاك لە ٢٤٤ی مانگی دوای شاخۆشین لەدایك بووە (بڕوانە سەرگورد م. ئەو رەنگ کتێبی سروودەکانی بابە تاهیر- چاپی ١٣٥٠ی مانگی-تاران، نوسخەیەك کە لە ساڵی ٨٤٨ی مانگی) دەسنووس لە کتێبخانەی مۆزەی قونیە لەسەر گڵکۆی مەولانا جەلال الدین بەلخی روومی دایە، ئۆستاد مینۆی میکرۆفیلمی ئەوەی بۆ زانکۆی تاران هێناوەو لە ژمارەی ٢ ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گۆڤاری زانستگەی وێژاوەریشدا چاپی کردووە، کە لەگەڵ زاراوەی کوردی زاراوەی گۆرانی و بادینانی و پەهلەویدا یەك دەگرنەوەو فرە لێك نێزیکن. (بڕوانە پەڕەی ١١ سروودەکانی بابە تاهیر پراستەی: م. ئەو رەنگ چاپی ١٣٥٠ تاران. راحەتولسدوری راوەندی کۆنترین کتێبێکە کە ناوی بابە تاهیری بردووەو دەڵێ نووسراوەکانی بابە تاهیر دوو بەشە عەرەبی و پەهلەوی، بەشی عەرەبی واژە کورتەکانی بابەیە، یەکەم بە شەرحی عەینولقوزاتە بە عەرەبی، دووهەم شەرح بە عەرەبی، هی خانی بەگ عەزیزیە کە لە ساڵی ٨٩٠ دا بە تکای ئەبولوەفا ئەحمەدی نووسراوەو بە نێوی: ((الفتوحات الربانیە فی مزج الاشارات الهمدانیە) کە لە شەرحی واژە کورتەکانی بابە تاهیردا لە پەڕەی ١٦ ساڵی ٨٩٠ دا نووسراوە، سێوەم نوسخە خەتییە کە بە ژمارەی ١٠٩٣ لە کتێبخانەی نیشتمانی پاریسدا هەیە و میکرۆفیلمەکەی لە ساڵی ١٣٥٠ بۆ م. ئەو رەنگ لە تاران هاتووە. وەحید دەستگردی بەپێی سەرەتای ژمارەی ١٠ ساڵی ١٣٠٧ گۆڤاری ئەرمەغان نوسخە خەتییەك کە لای سەردار موئەید مەراغەیی بووە، بەدەستکارییەوە ئەوەی چاپ کردووە. بڕواننە سروودەکانی بابە تاهیر پیراستەی م.

ئەورەنگ پەڕەی ٢٦ هەروەك لە نووسراوەکانی وا بەستە بە ئایینی یارسان (یاری) یا ئەهلی حەق دەردەکەوێ بابە تاهیر ئەویندارى کیژێ دەبێ بەناوی فاتمە لوڕە لە خانەدانی کوردانی لوڕ، جا چونکە بە حەڵاڵی ناگەنە یەکتر هەردووکیان لە هاولف وەرگرتن وازدێنن و سەبارەت بە یەکتر بە پاکی و پاکداوێنی ڕێگای خواناسی و خۆناسی و ناسەوەری دەگرنە بەر و بەخودا دەگەن. پەڕەی ٢٩ سروودەکانی بابە تاهیر م. ئەورەنگ. شیعری بابە تاهیر بەشێوە زاری رازی (رەبی-راژی)یە.

دڵم ئەژ عیشقی روویەت گێچ و وێجە/ گەهی سوچێ دەر ئەتاش گەهی برێجە/
دڵی عاشق میسالی چووبی تەر بێ/ سەری سوچێ، سەری خونابەرێجە/

دیوانی کەلام (حەزرەت شێخ ئەمیر) بە ئیهتیمامی نەمر (حسێن روحتابی)

چریکە و چیرۆکی شاخۆشین لە کتێبی شانامەی حەقیقەت سروودەی شادرەوان حاج نیعمەتوڵڵا جەیحون ئابادی موکری: (فاتمە لوڕە و بابە تاهیر لە زەمانی گەنجی و عازەبیدا ئەویندارى یەك بوون، بەڵام بە یەك نەبڕاون و چێژیان لە هی یەکتر نەکردووەو هیچیشیان هاولفێ تریان نەگرتووە بەیار و هەروا بە چاکی و پاك داوێنی ماون. ئێستا هەردووکیان پیر و لە ئەویندارى دوور کەوتوونەتەوەو خەریکی خوا دۆزی و عیبادەتن و فاتمە لوڕە لە خانەدانی بیرە شاهی یا باراشاهییە و لە خاکی گۆران لە ئوستانی کرماشان نیشتەجێ بووە). هەروەك لە سەرئەنجام و شانامەی حەقیقەت شیعر و هۆنەری ئەهلی حەق و سی پارەی ئەواندا هاتووە: میرزا ئامانا لە مەزنەکانی لۆرستان، شەش کوڕ و کیژێکی دەبێ، کچە ناوی جەلالە دەبێ. رۆژێ جەلالە روو دەکاتە تیشکی رۆژ و لەناکاو تیشکێ لە تیرێژی رۆژ دەپەڕێنە گەرووی و قوتی دەدا، هەرچی دەکۆخێ و دەپشمێ بۆیی نایەتە دەرێ و بۆ دایکی دەگێڕێتەوەو دایکی گوێ نادانێ. چەندێ بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕێ، کچە تێگەیی کە لفە و دوانەیە. باوکی لەوە گەیی، وەبەد گومان بوو، بە کوڕەکانی راگەیاند جەلالە بەرن و بە نهێنی بیکوژن با نەبێتە هۆی بەدنێوی. کوڕانی میرزا ئامانا، جەلالەی خوشکی بێ تاوانی خۆیان بردو لە ئاوایی دوورکەوتنەوەو لە ڕێی برا چکۆلەکە یان دڵی سوتاو وتی: با دەستمان بە



خوێنی خوشکمان سوور نەکەین باشە، لەجێی دوور بەرەڵای بکەین، درندە بێن و بیخۆن. دەڵێن: چوار برا ئەو پێشنیارەیان قەبوڵ کرد، بەڵام یەکێ لە براکان وتی: من لەسەر بەڵێنی باوکم دەبیەم و دەیکوژم، براکانی دیکە دایانە دەست ئەو و گشتیان بەرەو ماڵ گەڕانەوە، ئەم کوڕە جەلالەی خوشکی بردە شوێنێ دوور، چاو و دەستی بەست و شیری داهێنا. بیکوژێ، بەڵام دەستی لە هەوا ویشك و رەق و وەستا، ویستی بە دەستی چەپی بیکوژێ، دەناکاو دەنگێ هاتە گۆیی: ها کوڕە! نەیکەی جەلالە بێ تاوانە، زارۆیێ کە لە مندالدانییە، لە نوری خوایە و دوای لەدایکبوون، لە نێو خەڵکدا بە پیاو چاك و چاکە و چاکی ناودار دەبێ کوڕە بە شەرمەوە عوزر لە جەلالەی خوشکی دەخوازێ و هەردوو بەرەو ماڵ دێنەوەو مەبەستەکەی گێڕایەوە، پاش ماوەیەك جەلالە کوڕێکی بوو ناویان نا (موبارەکشا) لە دواییدا کە نیشانەی مەزنی لێ دیاری بە شاخۆشین ناویان دەبرد، لەو رۆژانەدا چاك مەردێ بەنێوی (کاکە ریدا) هاتە لای جەلالە و مزگێنی داوڕۆژێ رووناکی بۆ مناڵەکەی پێدا. شاخۆشین پەروەردە کراو وردە وردە فڕ و کەماڵی دەردەکەوت و سەرەنجام نوری ئیزەدی لە نێو چاوانیدا دەرکەوت و دەستیکرد بە گەڕان بە شار و دێدا و پەیڕەوانی زۆری گیر هێننا و لە پڕا کەوتە ئەو بیرە کە بچێ بۆ زیارەتی بابە تاهیر و کاتێ گەیشتە خزمەت بابە تاهیر ئەو دوو گەوهەرە چاك و پاك و زانا و خواناسانە، دەسیانکرد لە راز و نیا و وتووێژ کردن، لەگەڵ یەکدا. مەنجەڵی بچووکی بوو کە چارەگێ برنجی دەبرد فاتمە لوڕەی بەرە شاهی کە دڵی لە دنیا داڕنیبوو لەوێ لە خزمەت بابە تاهیردا بوو. بە قسەی بابە تاهیر لەو مەنجەڵەدا خواردنی سازکرد و خواردیان. شاخۆشین ویستی یارمەتی ماڵی بە بابە تاهیر بکا نەیویست و پێوت: تۆ بۆ من لە گەنج و ماڵ و دارایی باشتر و بە قیمەتتری. لە دڵی بابە تاهیریدا بوو کە فاتمە لوڕە گەرەکە لەگەڵ شاخۆشیندا بڕوا جا ئەوە بوو لە شاخۆشین داوای کرد کە بە فاتمە لوڕە بفەرمێ تا بێتە مارەبڕی، بابە تاهیر و فاتمە لوڕەش هەرچەندە ئەوینی زاهیری لە دڵیانا نەمابوو بە چاوێ باتن بابە تاهیری خۆش دەویست، لەبەر دەستووری شاخۆشین خۆی لێ مارە کرد

و بوونە حەڵاڵی یەکتر، لەملاشەوە شاخۆشین لەلایان رۆیی و مریدێ زۆری پەیدا کرد، بەڵام لە ئاخریدا کەوتە نێو چەمی گاماساو لە نزیکی هەرسین، کرماشان و لە چاو خەڵك گووم بوو. بڕواننە دائرەتولمەعاریف ئیسلامیە لە کتێبی گوبینو Gobneau بەناوی (سێ ساڵ لە ئاسیا). لە تەرجەمەی پرۆفیسۆر مینورسکی لە ژمارەی ١٠ ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی مەجەلەی ئەرمەغان و کتێبی سەرئەنجام یارسان کە بە زاراوەی کوردی گۆرانی یا هەورامانییە، بڕواننە سروودەکانی بابە تاهیر پیراستەی م. ئەورەنگ. گوبینو دەنووسێ: فاتمە لوڕە دەیویست ببێتە پەیڕەوی شاخۆشین و لەگەڵ ئەوا بڕوا، سەری کردە سەر چۆکی و دوای ماوەیەك سەری بەرز کردەوە، شاخۆشین مزگێنی بە بابە تاهیردا کە پێوەندی بابە تاهیر لەگەڵ فاتمە لوڕە هەر وەك پەیوەندی لەیلێ و مەجنون لە قیامەتدا جێبەجێی دەبێ. بەڵام مینورسکی لەو وتارەدا نووسیووەتی: فاتمە لوڕە سەری کردە سەر چۆکی شاخۆشین و کوتوپڕ مرد و گیانی دەر چوو، جا ئەوە بۆ شاخۆشین یابەی دڵخۆشی داوە، کە لە قیامەتدا وەك لەیلێ و مەجنون پێك دەبڕین. جگە لە فاتمە لوڕە لە فاتمەیێتر کە خوشکی بابە تاهیر بوو، قسە کراوەو هەردوو فاتمە لە نێو ئارامگەی بابە تاهیر نێژراون. کە فاتمەی خوشکی بابە تاهیر بەنێوی (بی بی فاتمە یا فاتمە لەیلی) یاد کریاوە. ئازاد هەمەدانی دەڵێ: ((قەبری خاڵی بابە تاهیریش لەوێیە و حاجی میرزا عەلی نەقی کەوسەری کە لە دەروێشانە، لەوێ نێژراوە. پیر قوباد دێوانە کە لە ٧٢ پیری دەورەی سوڵتان سەهاك دامەزرێنەری ئایینی یارسان لە سەدەی ٨ی مانگیدا لە ژیاندا بوو، لە (پەیمان دین) کە بە مەزنی و پلەو پایەی هەندێ لە گەورەکانی دین شایەدی دەدا لە هاتنی بارەگای شاخۆشین بۆ ماڵی بابە تاهیر قسەدەکاو دەڵی: ئاو یانەی تاهیر ئاویانەی تاهیر/ بارگەی شام عالی قەندەر کە لە پیران و مەزنەکانی دەورەی سوڵتان سەهاك بووە لەرێی مەعنەوی و یەکبوونی رۆحەوە، خۆیی بە نوێنگەی نموداری بابە تاهیر دەزانێ و دەڵێ: شام بی وەمێهمان شام بێ وەمێهمان/ عالی نان عالی شام بی ومێهمان.



چەنی نۆسەد باش قەڵەندەران یانی چاکی قەڵەندەران یا باشترینی قەڵەندەرەکان. بابە تاهیر بیم مێردی هەمەدان. بە کورتی عالی نان عالی، یانی عالی پایە بەرزبووم، بابە تاهیر بیم مێردی هەمەدانی، یانی من عالی قەڵەندەرم من هەمان بابە تاهیری هەمەدانیم و نۆسەد ساڵ لەگەڵ شاخۆشین بووم. یانی هەردووکمان دارای فەڕی ئێزە دین و رۆحمان یەکە و لە گەوهەرێکین هەر وەك بە فەرموودەی مەولەوی رۆمی، موتتەحیدی گیانی مێران خوایە. شاخۆشین بە نێوی نۆسەد ناو ناوی دەبن، چونکا یاران و پیرانی خۆیی بە دەستە دەستەی نۆسەد (٩٠٠) بەش کردووە.

پیر دانیال داڵاهۆیی کە لە ٧٢ پیری دەورەی شا سۆڵتان سەهاك بووە لە (پەیمان دین) دا لە بارەی فاتمە لوڕەوە دەڵێ: لە رێگای پاکی دڵ و دەروونەوە فاتمە لوڕە نموداری خاتوو رەمزیاری دایکی سوڵتان سەهاکە و دەڵێ: ((فاتمە لوڕە رەمز بارەش وانە)) یانی فاتمە لوڕە بە نموداری وێنەی رەمزبار دانریاوە. رەمزبار وەك پاژ (لەقەب) ئایینی یارسانان بۆ ئەو بەکاربراوە، یانی لەبەر پاکی و پاك داوێنی فاتمە لوڕە لە راست خاتوو رەمزبار دانراوە و یارسان ئەو بە وێنەی ئەوپەڕییەی دەورەی سوڵتان سەهاك دادەنێن یانی دەڵێن: فاتمە لوڕە هەر وەك رەمزبار بوو و هەردووکیان لە یەك گەوهەری پام کەڵکیان وەرگرتووە، کە فەڕی ئێزد لە دوو قاپورك یا یەك رۆح لە دوو لەشا بێ. ناوی پەهلەیی یا پەهلەوی سادە، واژەی ئاوێستایی و کوردی لوڕی خۆڕەماوایی و مەلایری و تویسرکانی بەرفرە لە نێو سروودەکانی بابە تاهیردا جێی خۆیان کردۆتەوە، هەروەکو لە غەزە لە حەوت شیعری یەکەمی بابە تاهیردا هاتوون: کە میکرۆفیلی دەسخەتی ٢٥٤٦ کتێبخانەی مۆزەی قونیەی تورکیە کە لە ساڵەکانی ٨٤٧ و ٨٤٨ نووسراوەتەوە. دەبێ ئەوەیش بزانین کە شەمس قەیس رازی لە کتێبی (ئەلموعجەم فی مەعاییری ئەشعاری عجەم) کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا نووسراوە، یادی شیعر و سروودێ دەکا کە بە فەهلەویات ناویان دەبا و دەڵێ: خۆشترین وەزن وەزەنگەلی فەهلەویاتن کە ئاواز و لەحنەکانی بە ئەورامان (هەورامان) نێو دەبرێن. کتێبی بورهان قانیع یا بەهەڵەدا چووە و نەیزانیوە جۆرە

وتاریەکی بۆ ئەورامان داناوە. یا ویستویەتی بە دڵی خۆی بیباتە سەر زاری پارسی، بەڵام دیارە ئاواز و لەحنی ئەورامان تایبەتی خەڵکی هەورامانی کوردستانە، (لە ساڵەکانی ٣٤٨) لە زانکۆ کە زانینخواز بووم هەمیشە لەگەڵ ئۆستاد رەزی لەسەر ئەو سرودە پەهلەوی و کوردیانە کە قەیسی رازی باسی کردوون، شەڕە قسەمان بوو (شەپۆل) جا چونکە هۆزی لەکیش شاخەیەکە لە هۆزی لوڕ هەر لەبەر ئەوە لۆرستانی و کوردەکان فرەتر بە شێوەن وەزن و ئاهەنگ و ئاواز شیعر و سروودی خۆیان بەیان دەکەن، هەروەك جەنگنامەی نادر سروودەی شاعیری بە توانا و پڕ هەست سەرهەنگ ئەڵماس خان فەرماندەری نادر شای هەوشاری کوردی قەراخلو و هەروا کتێبی (شیرین و خوسرەو) سروودەی خانای قبادی و چەن کتێب (سی پارەی دیکە، هەروەك سروودەکانی دینی یارسان و یاری کە بەو شێوە دانراون و هەمووشیان لە تەك زاراوەی پەهلەویدا فرە لێك نێزیکن. هەروا دەبێ بزانین لە راستیدا فرەترینی واژەی شیعرەکانی بابە تاهیر لە رەگاژووی واژەی پەهلەوین، کە لە زاراوەی خەڵکی نیشتمانی سپاهان، رە: ((رێی)) و دینەوەری کوردەوارین، چونکا واژەی پەهلەوی بە واتای پاڵەوانی و شاری و زمانی خەڵکی شارە و لە کوردیشدا پاڵە هەیە. دەکرێ بڵێین: پەهلەوان یا پاڵەوان بە واتای شارەوان پاسەبان و پارێزەری شارە، چونکا لە رابردوودا، پارێزەری شاریان دەدا بەدەس مرۆڤی پڕ هێز و قەوی و نەترس و بوێر. لەوەش دەچێ کە زمانی پەهلەوی کۆن، زمانێ بووبێ شاری کە پێتەختی وڵات بووەو نامە و کتێب و سی پارەیشی پێی نووسراوەو خەڵکی دێیش پەیڕەویان لێکردووە. لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا (هـ) دەبێتە (ا) هەروەك (پهلوان: پاڵەوان-شهر: شار، قهرمان: قارەمان و...) هەروەك واژەی دەری یانی زمانی درگاوانانی شاو پاشاکان. کە نامە و کتێبیشی پێی دەنووسرا. بە کورتی و بە کوردی سروودەکانی بابە تاهیر لەسەر وەزنی (مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیل) و تەژین لە واژەی رەسەنی پەهلەوی کوردی و لوڕی خۆرەمانی، ئاوێستایی، تویسرکانی، مەلاییری بروجردی (دەیرم، دیریم، دەیروم، نەناڵم ئەناڵیم، نەناله) و ئەمەش خۆی دەبێتە شاکار. هێز و دەسەڵاتی بابە تاهیر نیشان دەدا کە ئەو



هەمووە زاراوەی زانیووەو سەیریش ئەوەیە، زیاتر لە هەزار ساڵە کە ئەو شیعرانەی وتووە، کەچی ئێستا لای ئێمەش شیرین و دڵنشین و دڵگیر ماوەو ئۆگرداریمان بۆ لای فرە تەواوە چ کارێ لەوە بە سوودترە کە ئەودەم بە زار و زمانی کوردی بۆ ئێمە دواوەو ئەو سرووده دڵگیرانەی بۆ نەتەوەی کورد بەجێماوەو بۆتە گەنجینەی زمانی شیرینی کوردی و لوڕی. ئێوە جوان لەم دوو شیعرە کە لە ٨٤٨ نووسراوەتەوەو لە کتێبخانەی مۆزەی قونیەدایە، وردبنەوە کە بابە فەرموویەتی:

**یاکم خود دید کە هان پەیدا نەبوود یار    مەن ئەژان روو بە دامانی تەزەد دەست**

**دەگەردوونەت پەڕ و پایی نەبوود یار    یاکم دوڕ دی هەنی دەربیە نەبوود یار**

واتای واژە سەختەکان یا: جا (کوردیە) کیم= کە من، کورتکراوەی (کەم) کیم جێی کە من دوڕم دی، واژەی (دی) کوردی و لوڕییە و لە ریشەی (دیین) لە کوردیدا دییە لە لوڕیدا، واژەی (دی) لە ئاوێستادا بە واتای دیێن و بینینە.خور یا خۆر: رۆژ، تیشکی خۆر و رۆژە، کەهان: کەیهان: جیهان، دنیا-یامیر نەورۆزی لورستانی کە فەرموویەتی: ((ئیمرۆسی چەشیات شیت بیمە لیوە/ کەس نەدارەم دی مەکان سیم بگریوە/ واتای واژە سەختەکان ئیمرۆسی: ئەمڕۆکە- چەشیات چاوانت. لیوە یانی بۆ ئەو چاوانت یا بۆ لێوەکانت، سیم بگریووە، بۆم بگری-(ئیمرۆ خاڵ وەلوی کرد کەواوم/ نمەنە هۆش د. سەرم ماڵ خراوم (وە سەر- لوی: لێوی، نمەنە: نەما (د، د) پیتی: ((لوڕی، بادینانی و زازایە)) (ئەر بیاتی ئەر نەیایی کار، وات نارەم/ خوەت دانی دی، نمەنە، ئو رۆژگارم/ کاروات نارەم یانی کارم پێت نییە، خۆت دەزانی. دیوانی میر نەورۆز لورستایی بە تێکۆشانی ئاغای ئیسفەندیار غەزەنفەری ئومەرایی خۆڕەماوایی چاپی ١٣٤٧ بە نەقڵ لە سروودەکانی بابە تاهیر م. ئەوڕەنگ پەڕەی ١٠٥ تا ١٠٤.

ئەمەیش شیعرێ جوان لە دیوانی عارفی رەبانی مەلا ئەحمەد جزیری کە لە سەدەی ١١ی مانگی ژیاوە کە فەرموویەتی: (٠شۆخ و شەنگێ زۆهرە رەنگێ/ دل ژمن بر دل ژمن)) یا خاناخانی قوبادی زانا و هۆنەری ناودار کە پێشتر لە ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر بە زاراوەی گۆرانی، هەورامانی، لەکی و لوڕی دیوانی شیرین و خوسرەوی

داناوە و بە شیعر فەرمووەتی:/بەنام ئەو کەس (شیرین) ئەرمەن/ پەیداکەرد فەرهەاد پەیش بی، وەکو کەن/ هەر سوب تا ئیوار نە پای (بێستون)/ تەققەی قوڵنگەش یاوا بە گەردوون/ تەراش چەدین جەور چەند جەفا بەردەش/ (تعالی) چە سونع پەروەردەگاریش/ جەفاکار شیرین شیرین کرداریش/ ئەم شیعرە کوردیانە زۆر لە شیعرە فارسییەکانی نیزامی گەنجەوی کورد شاعیرانەتر، دڵگیرتر، ئەویندارانەتر و بە سۆزتترن. کتێبی زانایانی کورد نووسراوەی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆڵ)، بە زمانی کوردی، چاپی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی، تاران، پەڕەی ٩٨. دوانی خانا، چاپی کوڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٥ی زایینی، پەڕەی١. دیارە ئەگەر بە وردی بڕوانینە سروودەکانی بابە تاهیر جوان دەردەکەوێ واژە رەنگینەکانی بابە لە تەك ئەو واژانەی وا میر نەورۆزی لوڕستانی، مەلا جزیری و خانای قوبادی و... لە شیعری خۆیاندا بەکاریان هێناوە لە یەك ریشە و رەکاژووی یەکەن، یا تۆ بڕوانە ئەم دوو شیعرە پڕواتایە کە بە زاراوەی تویسرکانییە/ مو مەوجەم)کی وە حوکمی دەیرا، میروم/ ژ خوەم غافڵ و ئی لا ئولا میروم/ ئەر ئی ئومەو رەف، دەسسی من و توست/ شیە بی مەیل خوەم ئە ئیجا میروم) واژە سەختەکان (دەیرا، زەریا، ئیلائولا، ئەم لاو لا-شیە: هۆی چییە). ئومە لە ریشەی نامە، ئامان، کە هەورامانی و لە کییە (بەپێی لێکۆڵینەوەیێ کە زووکوسکی Zukowski لە بابەت بابە تاهیرەوە کردوویەتی، دەروێشە عارفەکانی ئێرانی بابە تاهیر بە ئەوتاد و ئەولیای خوا دەزانن و لاشیان وایە خێوی کتێب و دیوان و نووسراوەیێ، فرەیە لە عیرفان و ناسەوەری و حیکمەتدا. (ئیتە Ethe و بلوشە Bloehet)یش نووسویانە کە دوو نوسخەی خەتی تەفسیری واژە کورتە عیرفانییەکانی بابە تاهیر، یەکێ لە ئۆکسفۆرد Oxford و یەکێ تر لە کتێبخانەی نیشتمانی پاریسدا هەیە. زانای ناودار عەلائەدین سەجادی هەم لە (مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی ١٩٥٢ز، بەغدا) و هەم لە (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە، لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی ١٩٦٨ز) نووسیویەتی: ((بابە تاهیر کوردە و لە خانەدانی لوڕەو بەزاراوەی کوردی لە زاراوەی لوڕیشی تێدایە ئەو سروودانەی داناوە



باسی فاتمە لۆڕەی ئەویندارێشی کردووە و هەروا لە ئەدەبی کوردی و...))یشدا فەرموویەتی: بابە تاهیر لوڕەو لوڕیش شاخەیەکە لە کورد و هۆنەکانیشی بە زاراوەی جیاجیای کوردی لوڕی دەزانێ و فەرموویەتی: ئەوانەی هۆنەکانی بابە تاهیریان نووسیوەتەوە چوون بە زاراوەی کوردی و لوڕی ناسیاو نەبوون، بردوویانەتە سەر شێوە زاری فارسی و رەنگی فارسیان لێداوە، دیارە ئەمەیش راست و دروستە و هۆنەکانی بابە دەسکاری کریاون. (بڕواننە ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، نووسراوەی (شەپۆل)، چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی، تاران) یا ئەم هۆنانە:

**موسەلسەل زولف بەر روو ریتە دیری/ گول و سونبول بە هەم ئامێتە دێری/**
**پەرێشان چوون کەری ئان تاری زولفان/ بە هەر تاری دلی ئاوێتە دێری/**
**بی تە سەر دەر گریبانە شەو رۆج (رۆژ)/ سرشك ئەژ دیدە بارانەم شەو رۆج (ج=ژ)/**
**موسەلسەل گیسوان پورتاب مەککە/**
**خومارین نەرگسان پوڕ خواب مەککە/ برینی تۆ کە میهر ئەژما بوڕینی/ بوڕینە رۆژگار ئەشتاب مەککە/**
**بەسەحرا بنگەرەم سەحراتە وینەم/ بە دەیە بنگەرەم دەریە تەورینەم/**
**بە هەرجا بنگەرەم کێف و دەرو دەشت/ نیشانی ئەژ قەددی رەعنای تەوینەم/**
**یەکی بەرزیگەری دیدەم دەرین دەشت/ بە هونی دیدەگاتەش لالە می کیشت/**
**هەمی کیشت و هەمی گوفت ئەی دەریغا/ کی بایەد کیشتەن و واهیشتەن دەرین دەشت/**
**ئەگەر ئایی بە جونەم وانە واژەم/ وەگەر نائی ژ هیجرانەت گوداژەم/**
**هەران داخێ کی داری بەر، دلەم نێ/ بمیرەم یا بسوژەم یا بسازەم/**
**جوڕە بازێ بودەم رەفتەم بە نەچچیر/ سییە دەستێ بزەد بەر بالی من تیر/**
**برۆ غافڵ مەچەر ژ کو هساران/ هەران غافڵ چەرە غافڵ خورە تیر/**

چەرە، چەرانن، لە ریشەی (چەر)ە- لە ئاوێستادا بە واتای چەرینە- لارستانی: چریدە، لوڕی چەریدە، لە پەڕەی ١٩٦ کتێبی (ئەلئەکراد لە بادیناندا نووسراوی زانای هێژا ئەنوەر مایی بە زمانی عەرەبی، چاپی ١٩٦٠ز، موسڵ، سروودەکانی بابە تاهیر، بە کوردی بادینانی دەزانێ و دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە دایرەتولمەعاریفی ئیسلامیدا نووسیوویەتی: بابە تاهیر، بە کوردی شیعری وتووەو بۆ ئەهلی حەق (یارسان)ی ناردووە تا لە کاری دینیدا رەفتاری پێی بکەن و ئایینی یارسان بۆ خواناسی لەم سروودانەوە سەرچاوەی گرتووە. شیعر:

**گەر ئەژ زەر ئەونەهی دیوانە ئەژ گل/ کی پەرچینەش کری وا نووشەو ول/**
**گەر ئەو بشنش نەهی ئان دار شمشاد/ گەر ئەو رونش کەری ئاواج بولبول/**
**ئەرەنجامان بشی، پا بهەرزی/ پای تەگور وی ماوای تەگل/**

مانای شیعرەکان: ١- ئەگەر لەزێڕ ئاوبدەی خانوو یا کۆشکی سازکراو لە گڵ و پەرژینەکەی بە وەنەوشە و گوڵ بچنی، ئەگەر بە ئەندازەی بڵیندی خانووەکە، داری شمشاد بەچقێنی کە بولبول بە دەوریدا ئاواز بخوێنێ و چەهچەهە بکا، سەرەنجام لەپێی دەکەوێ و دەسوێ و دەپوێ، پێت و چێیت لە گۆڕەو لە نێو گڵ، جا کەوایە مرۆ دەبێ لە ژیانی دنیادا چاك بێ و چاکە بکا چاکە. (دیوان: دیواخان، خانوو، کۆشکی میری، دیوان و کتێبی شیعر، ول، گوڵ بەتایبەت گوڵی سوور (ول هەر بەو واتایە-ول: شکۆفە، بەتایبەت خونچە و شکۆفەی ترێ، ول: یار، دڵبەر (ولا: ئەی یار، ولان: گوڵان) شمشاد: دارێکی راست قەد و باڵا، شمشاڵ: ئاوا ج: (ئاواز=ج) وی: ئەبێ هەروەك واژەی بیم: بووم لە (بییە) بە واتای بوون، بی لە لوڕیدا یانی بوو، لە ئاوێستادا (بووتەن) لە پەهلەویدا بوون.

**٢- زاریجەم دی وەدای موریج ئەد خوەرد/ موریجانی دوو دەستی وەخوا دەرد/**
**ناگەهان با مەدەند بازی وەدارێ/ زارەجەش کوشت و موران زاریج ئەد خوەرد/**
**داڵی جە ئەلوەند کوهان کەرد پەرواز/ بازەش بە کوشت و خونەش پاك وا خوەرد/**
**بەد نەچچیرەوان دەردین وەد ئایین/ بەو کەدەش تیر و داڵ ئەژکار بەدد رەد/**



**بشە نەچچیرەوان دەستەت و چا دەست/ چەمەننەت بەد کەرە ئەژکار بەدد رەد/**
**نەنامی نششە ئەئینی کە مەن کەرد/ بە من هەران کەرەند، مەر وەد، کی من کەرد/**

٢- کەوێکم دی (جا خاسە کەویا زرە کەو: مێرولەیەکی خوارد، مێرولەکان دوو دەسیان بۆ لای خوا بەرز کردەوە لەناکاو بازێ لە دارێ هاتە خوارێ، کەوەکەی کوشت و مێرولەکان چوونە نێو لاشەی کەوەکە وخواردیان/ خەرتەل و لاشخۆری لە ئەلوەند کێف هەڵفڕی و بازەکەی کوشت و خوێنەکەشی خواردەوەو هەڵیقوراند/ لە دواییدا نەچیرەوانێ کە لە (دین ئایین) خراپ بوو، هات و تیرێکی خستوو و داڵەکەی لەکار خست و تیا بەرد/ بڕوا و نابود بێ نەچیرەوان دەست، دەست بە بڕین چێ و بکەوێ دەست، چونکا خراپەت لەگەڵ مندا کرد. شیعر:

**خورەم ئان کیژ کو وەد کارە نەبی/ خۆشدل ئان کیژ کو وەد نەتوای کەرد/**

یانی خۆشا بە حاڵی ئەو کەسەی کە بەدکار نەبێ، دڵ خۆش بێ، ئەو کەسەی کە نەتوانێ خراپەی بکا و خراپ بێ/ یا خوا ناودار نەبی، ئەوەی بە منەت کرد، لەگەڵ مندا هەر ئەوە دەکەن، لە راست ئەو خراپەی کە من کردم واژە سەختەکان: زاریج=زەرەج، زەرەچ یەعنی کەو چ خاسە یا زرەکەو، بە هەورامانی: ژەرەژ. ئەو خوارد=خواردی-مورج یا مورجانی مێرولە، مێرولەکان-واخوارد: خواردی- وا: با-لورییە، لێرەدا زیادە و لەبەر وەزنی شیعر هاتووە.

**٣- یا کیم دووڕ دی هەنی دەریە نەبود یار/ یا کیم خوەردید کە هان پەیدا نەبوود یار/**

٣- واژە سەختەکان یا-جا (کوردییە) کم: کە من کورتکراوەی (کەم) کم جێگایەك کە من دوڕم دی، دی واژەیەکی کوردی و لوڕییە و لە ریشە (دیین) لە کوردیدا. (دییە) لە لوڕیدا، واژەی دی لە ئاوێستادا بە واتای دیتن و بینینە. خور یا خۆر رۆژ، تیشکی خۆر و رۆژ، کەهان، کەیهان جیهان، دنیا. بابە تاهیر لەم دوو شیعرەدا ئافریدگار و پەروەرەندەی جیهانیان بە (یار) نێو دەبا و خوا بە یار و یاوەر دەزانێ. دووڕ یانی گەنجی نهێنی کە خوا کەنزی مەخفییە و دنیا و مافیهای ئافڕاند تا بناسرێ، بابە تاهیر لەم دوو شیعرەدا دەڵێ: ئەی خوای دڵاواو دڵۆڤان جێگایەك کە

دوورِ، دوری سپی لە زەریایی خودایی تۆدا هەبوو، منیش لە یەکەم رۆژەوە لەوێ بووم و ئەوێم دی، هێمان دەریا و شتانی دیکە نەبوون لە دنیای پاکی خوداییدا کە من رۆژی خودایی تۆم دی، هێمان، جیهان و جیهانیان بەدی نەهاتبوون. من هەر لەو رۆژەدا کە دەستم لە داوێنی بەخشش و کەرەمی تۆ وەراند بە خودایی تۆ شایەدیمدا، هێمان لە گەردوونی گەردان نێو و نیشانێ نەبوو و جیهانی ئافەرینیشیش پەرِ و باڵێکی نەبوو، ئەگەر پرسیار بکرێ بابە تاهیر چۆن لە ناسیاوی خۆی بە جیهان گەنجی پەنهان یا دوری سپی قسەی کردووەو پەیمانی بەندەیی خۆیی لەو کات و ساتەدا دێنێتە یاد، وەلاّم ئەمەیە کە گەوهەری مرۆ لە خواوەیە و لە جیهانی رۆحدا لەگەڵ خوا پەیوەندی هەبووەو لەوێشدا توانیوویەتی بێتە وجود. مەولانا جەلالەدین بەلْخی لەو پێوەندییە قسەی کردووە کە دەڵێ: صورت از بی صورتی امد بیرون/ باز شد کانا الیە راجعون/ و لە دیوانی شەمسیشدا لەو پێوەندییە قسەی کردووە کە دەڵێ: ماز بالائیم و بالا میرویم/ ماز درائیم و دریا میرویم/ هم از اینجا و از انجا نیستیم/ ماز بیجائی و بیجا میرویم/ بەڵێ بابە تاهیر لە رۆژی بەرێوە لە تەك خوادا ناسیاو بووەو هەر لەوێوە پەیمانی بەندەیی لەگەڵ خوا بەستووە. جا هەر بۆیێ مەولانا جەلالەدینیش لە بڵندی پایەی ئەو پیرە خواناسە، گەورانە، لە دنیای بەر لە ئافەرینش دەدوێ: انچە تو در اینە بینی عیان/ پیر اندر خشت بیند پێش از ان/ پیرایشانند کاین عالم نبود/ جان ایشان بود در دریای جود/ پیش از ان تن عمرها بگزاشتند/ پیشتر از کشت برداشتند/ پەیمانی رۆژی بەرێ بەناوی (رۆژی ئەلەست) و پەیمانی ئەلەست ناو براوە، (هەروەك حافیز شیرازی فەرموویەتی: مقام عیش میسر نمی شود بی رنج/ بلی بحکم بلا بستەاند عهد الست/-لە جێگایەکی دیکەدا فورموویە: برو، لی زاهد و بر دردکشان خردەمگیر/ کەنداد جز این تحفە بە ما روز الست.

٤- (یاکی ئەژ میهری تەم دەم می زەد ئەی یار/ خوێش و بێگانەگان سەنگەم زەد ئەی یار/ جورمەم ئینەکی ئەژ تەدوست داروم/ نەخونەم کەرد و نەم راهی می



زەد ئەی یار). یار ئەگەر بە واتای خودای دابنێین، شاعیر گازندە و گلەیی لەوەیە کە لە رێگای خواناسی و عیرفانەوە، بیری بەرز ببووەوەو لەگەڵ بیری ناعارفان و خەڵکی رەمەکی، یەکی نەدەگرتەوە، خەڵك ئازاریان دەدا جا دەڵێ: خۆ من نەخوێنی کەسێکم رژاندبوو نە رێی گریم کردبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی تۆم خۆش دەوێ، ئازارم دەدەن، یا مەبەست لە یار دڵبەرەکەی بێ، دیارە ئازاردانی خەڵك لەبەر ئەوە بووە کە زۆر سوور بووە لەسەر دڵداری دڵبەرەکەی، دیارە هەر دوو واتا دەگونجێ.

٥- (مەن ئان پیرەم کە خوانندەم قەلەندەر/ نەخانەم بی نەمانەم بی نەلەنگەر/ رۆ هەمە رۆ، وەرایەم گیردی گێتی/ شەو دەرایە و ئەو سەنگی نەهەم سەر) ئەم دوو شیعرە کە لەم نوسخەی خەتی مۆزەی قونیەدایە، کە خەتەکانی لەبەر چاوتانە لە ٣٢ نوسخەی دیکەدا نووسراوە. بابە تاهیر خۆیی لە قەلەندەر: ((مرۆڤی پاك و خواپەرەست کە خۆی لە دنیا دارِنیووەو خووی داوەتە خواناسی و عیبادەت کردن)) ناساندووە، کە لە دنیا بێبەشە. (ئەو بە واتای سەر، روو، بالاّ، لە ریشەی ئاوێستایی ئەئی وی) هەر بەو مانایە.(ئەو: ئەڤ) فەرهەنگی ئاوێستا. یانی (سەرم دەنێمە سەر بەرد). (وەرایەم: بێم: بێمە ژووری.)

٦- یا ئەزین بەند دەر ئیز ناوە کەتتیم/ خۆ نەم ئەو خورد و دەر خوناوە کەتتیم/ یا دەرین شومە گێتی ئوم نەیایە/ ئەژ خوبی بارە، دەر، وەرلاوە کەتتیم/ واژە سەختەکان: ئەزناوە شوێنێکە لەلای هەمەدان. ئەژ: پەهلەوی و بادینانی و کوردییە. کەتتیم: کەوتن ئەکەوم. لە کەوتن، کەفتەن، کەتنە. شوومە: شووم، بەدفەر، وەر، بەولاوە، وەر: پێش، وە: وەرە-کوردی، لورِی و پەهلەوییە. بابە تاهیر لە دەردی دووری دڵبراوەکەی فرە لە رەنجدایە، ئارەزوویەتی لە خوێناو خواردنەوە، رزگاری ببێ و بکەوێتە (ئەزناوە) تا لە یارەکەی نێزیك ببێتەوە یا لە خەودا بمرێ و بێدار نەبێتەوە.

٧- (پەنج روزی هەنی خورِەم کە هان بی/ زەمین خەندان بەرەمان ئاسمان بی/ پەنج روئی هەنی هازید و سامان/ نەجینان نام و نەژ نان نیشان بی). بابە تاهیر لەم دوو شیعرەدا دەیوێ بڵێ: ژانی مرۆ بەهار و تاوسان و پاییز و زمسانی هەیە، چەند

ڕۆژێ بەخۆشی و شادی دەژی و دنیا خۆی بۆ دەرازێنێتەوەو بە دەمییەوە پێدەکەونێ، لە پڕا ئەو خۆشی و شادییە لە کیس دەچێ و نێو نیشانێك نامێنێ کەوابێ تۆشەیێ بۆ خۆت ئازوخە بکە.

٨- (ئەلیف کەژ کاف نونەش سەر بە بەرد کەرد/ هەمەش هامان کەهان ئەو لاجوەرد کەرد/ ئانکیش ئەد ئافری گەردوونی گەردان/ ئاتەش ئەدساتو و مەن ئەنداجە ئەر کەرد.) (کاف و نون دیاردییە بۆ (کن) لە عەرەبیدا کە بە واتای (ببە) یە. سەر بە بەرکردن یا سەر دەرهێنانی ئەلف لەنێو کاف و نوندا دەبێتە (کان) یانی: بوو یا ئەنجام گرتن؛ سەرەنجام (کن) دەبێتە (کان) ئیشارە بە ئایەتی: ((انما الامر اراد شیئاً ان یقول لة کن فیکون)) بابە تاهیر دەڵێ: کاتێ ئەلف لە کاف و نون سەری دەرهێناو دنیاو مافیها هاتنە دی و خوا هەموو جیهان و جیهانیانی بە ڕەنگی (ئاو: شین) ئابی سازدا و بەدی هێنا، ئەوسا خوا گەردوونی گەردانیشی بەدی هێنا و منیشی کردە ئەندازەگیر و لەبەر تیشکی نوری ئیلاهی بە ڕاز و ڕەمزی دینی و داوەری کردن ناسیاو بووم.

٩- (بشەم بە ئەلوەند دامان مە و نیشانۆم/ دامەن ئەژ هەر دوو گێتی ها وەشانەم/ نیشانەم تولەو و مویەم بە زاری/ بی کی بولبول هەنی وا ویل نیشانەم.) (بشەم: بڕۆم، مەو: داری ترێ، تولە مێو یانی خەڵفی دارە ترێ (ها) لوڕییە بە واتای هەیە، لێرەدا بە واتای: ئاوا، ئاوەها، دنیا لە خۆم دوور دەخەمەوە. ها وەشانەم.) وەشان: بڵاوبوونەوە-ڕاتڵەکان- وەشاندن: بڵاوکردنەوە (تۆم وەشاندن) وەشانن: وەشاندن. وول یا ویل یانی گوڵ. وەڵ: شکۆفە و خونچە. ویل: یار، دڵبەر. ویلا: ئەی یار. وولان: گوڵان.

١٠- (ئەزئان سپیدە بازەم هەممەدانی/ بە تەنهائی کەرەم نەچیرەوانی/ هەمە بە مەن وەدێرەند چرغ و شاهین/ بە نامی مەن کەرەند نەچیرەوانی.) ئەسپیدەباز: بازی سپی. دەیر: پەرستگەی ڕەهبانان. دەیری: کوردی، پەهلەوی و لوڕیە، بە واتای هەبوون، داشتەن. شاهین باڵدارێکی ڕاوەکەرە، زووانەی تەڕازوو، داری درێژی تەرازوو



کە تا تەرازووی لێ قایم کراون. چرغ: سەقر، باڵندەیێ پڕ هێز و بڵند، ڕەنگ خۆڵەمێش، کە لکەی ڕەش و سپی هەیە و باڵ و پەڕی کلکی درێژن. سروودەکانی بابە تاهیر م. ئەو ڕەنگ.

| | |
|---|---|
| **زاریجەم دی وەدای موریج ئەد خوەرد** | **موریجانی دوو دەستی وەخوا دەرد** |
| **ناگەهان با مەدەند بازی وەدارێ** | **زارەجەش کوشت و موران زاریج ئەدخوەرد** |
| **دالّی جە ئەلوەند کوهان کەرد پەرواز** | **بازەش بە کوشت و خونەش پاك وا خوەرد** |
| **بمەد نەچچیرەوان دەردین وەد ئایین** | **بەو کە دەش تیر و داڵ ئەژکار بەدد ڕەد** |
| **بشە نەچچیرەوان دەستەت و چا دەست** | **چەمەننەت بەد کەرە ئەژکار بەدد ڕەد** |
| **نەنامی نششە ئەئینی کە مەن کەرد** | **بەمن هەران کەرەند، مەر وەد، کی من کەرد** |
| **یا کیم دوڕ دی هەنی دەریە نەبوود یار** | **یا کیم خوەردید کەهان پەیدا نەبوود یار** |
| **من ئەژان ڕوو بە دامانی تەزەد، دەست** | **دەگەردوونیت پەڕو پائی نەبوود یار** |

## وردبوونەوەیەك

ئول و ئایینی یارسان یەکێ لە دینە کۆن و کەوناراکانی کوردستانە، یارسان بەنێوی ئەهلی حەق، ئەهلی سیڕ، ئەهلی تایفە، تایفەسان، و... ناودەبردرێ. مەسەلەکی یارسان کۆمایەکە، لە بیروڕا ئەقیدێ تایبەت، کە لە بن شوێن وەرگرتن لە بیروباوەڕی زەردەشتی مەسیحی، مانەوی و... یە، مینۆرسکی لەم بابەتەوە بیروڕای وایە: ئۆل و ڕێبازی ئەهلی حەق لەسەر بناغەی ئەقیدەی غولات دامەزراوەو لەتەك بیروڕای تەناسوخ و سۆفیگەری تێکەڵ بووەو بە وێنەی ئۆلێ تایبەت سەری هەڵداوە. لەم ئایینەدا سێ ئەسڵ لەبەرچاو گیردراوە: (بیرو هزری چاك، وتاری چاك و کار و کردەوەی چاك) کە ئۆگر بوون و بەڕێوەبردنی ئەم سێ دەستوورە لەسەر پەیڕەوانی یارسان واجب و پێویستە و ئەم ئەسڵەش لە ((کەلام))ی ((سەرئەنجام))دا کە کتێبی

مدفەڕکی ئەوانە و بە زمانی کوردی زاراوەی گۆرانی و هەورامانییە ئاوەهای ڕاگەیاندووە: یاری چوارچێوەی باوەڕی وەجا ڕپاکی و ڕاستی شیتی وەردا.

لە زاراوەی یارسان مەبەست لە واژەی ((یاری)) باوەڕدار بوون بە مەسەلەکی ئەهلی حەق بە ئەرکان و بنچینەی دینداری و بەشداری کردن لە زیکردی جەلی لە نێو کۆڕی ئەهلی حەق دایە. لە تایبەتمەندییەکانی ئوسولی ئەهلی حەق، مەرج و ئیقرار و باوەڕە بە وجودگەلێ پیرۆز و بەودم، وەك: حەوت تەن، حەوت وان، چل تەن و...یە. شتێ کە ئەمڕۆکە لە گۆشە و کەناری کوردستان، لە نێو موسوڵمانانی شافیعی مەزهەبیشدا ماوەتەوە کە هەندێ شوێن وەك مزگەوتی عەبدوڵڵا بن عومەر، کە لە بەرا ئاتەشگای زەردەشتیان بووەو هەندێ لە شوێنە پیرۆزەکان بە ((حەوتەوانە)) نێو دەبردرێن.

یارسان کتێبی پیرۆزیان هەیە بە نێوی: ((کەلامی سەرئەنجامی))، ((کەلامی خەزانە)) ناودارە و هەروەك سروودەکانی ((ئاوێستا)) بە نەزم و هۆنەیە و بە زاراوەی کۆنی کوردی گۆرانی و هەورامانییە کە بۆتە زمانی سروودی ئۆل و نیاز بۆ ئەوان، دەق و نەزم و نەسری دیینی گرینگترینی ئەوان دەفتر و کەلامگەلی ئەهلی حەقە کە بە شێوەی مەسنەوی دەسیلابی، سریچکا، بینە. کە ئەو ئاسەوار و شوێنەوارە پیرۆزترین کتێبی دینی کوردانی ئەهلی حەقە و واتاکانیشی بریتین لە راز و ڕەمز و ئیشارەی دیینی و شەهادەتی ((دون بە دون))ی پیرانی ئەوانە و زۆربەی واتای ئەو دەفتەر و کەلامانەش، بە وێنەی ڕەمز و رازە تەژین لە گرێ پووچکە.

کەلامی سەرئەنجام کۆمایەکە لە کەلامی دەورەی شاخۆشین، بابەناعوت و سوڵتان سەهاك کە کۆنترینی ئەوانە هی سەدەی حەوتەمی مانگین و کەلامی خەزانەش کۆمایەکە لە کەلامگەلی حەوت تەن کە بە کەلامی ((پەردیوەر)) و کەلامی (بیابس)یش نێو دەبردرێن و داگری کەلامگەلی دەورەی وسوڵتان سەهاك، هاوچاخی تیمور شەلەیە. یەکێ لە نیشانەی تایبەتی ئەم دینە سمێڵ هێشتنەوەیە کە نابێ بەر سمێڵیان بگرن یا بی تاشن و ئەبێ موی سمێڵیان لێوی سەرەوەیان داپۆشێ. ئەوانە سمێڵ بە ناسێنەری مەسەلەکی حەقیقەت و بە نیشانەی ناسین و بە زاراوەی تازەی نێوخۆ



((پاگون دینی)) دەزانن و باوەڕیان وایە کە شای خۆشەویست: عەلیش سمێڵی نەقرتاندووەو سمێڵ کورت کردنەوە بە تاوانێ گەورە دەزانن.

هۆی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان لە کوردەواری و لە ئێراندا دوای پەیدابوونی دینی ئیسلام سەرەڕای بیدعەتی دینی، مەبەستێ دیکەیش لە ئاوا دابووەو ئەوەیش بوژانەوەی ئایینی کۆنی کوردی بووە، لە کوردستان و لە ئێراندا و هەروا بۆ پاراستنی داب و دەستووری باوباپیران، بەو ڕێبازەدا ڕۆیشتوون و لە هەمان کاتا بۆ بەرخودان و بەرگیری کردن لە هێرشی نامۆ و نگریسە دەست درێژە عەرەبەکانیش بووە.

ناوەندەکانی ئەهلی حەق: ناوەندی سەرەکی ئەهلی حەق تا سەدەی حەوتەمی مانگی لە لورستان و لە مەڵبەندی هەوراماندا بووە. جا لە دوای ئەوە قەڵای پاڵنگان ناوەندی هەورامان کەوتە دەست میرانی ئەردەڵان و هۆزی گۆران و کەڵهوڕیان لەو شوێنانە راونا، کرماشان بووە ناوەند بۆ ئەهلی حەق کە لەم کات و ساتانەدا و لەم سەردەمەدا گشت هۆزی گۆرانی قەڵخانی سنجاوی و بەشێ لە هۆزی گەورەی کەڵهوڕ و زەنگەنە و خێڵی عوسمانوەند، جەلالوەند و لەکستان و هەندێ لە خەڵکی شارەکانی قەسری شیرین و سەرپێل زەهاو، کرند و سەحنە و... لە ئەهلی حەق. لە لورستانیشدا خەڵکی دلْفان و پشتکێف و هەروا لە تەورێز و مەراغە، قەزوێن، هەشت گرد، تاران، رودهێن، کلاردەشت و... هۆزی کوردی ئاوارە کە ئەهلی حەقەن، لەو شوێنانە زۆرن. هەروا لە شاری سلێمانی، کەرکووك، موسڵ، خانەقین و... و بەشێ لە کوردەکانی بن دەست تورکییە. هەروا ئەهلی حەق لە هندوستانیشدا هەیە ئەهلی حەق بە یارسان، یاری، کاکەی، ئێزەدی و... ناودەبردرێن. بە باوەڕی یارسان مەسەلەکی ئەوان لە روانگەی ئایینی باتنی و دواپین قۆناخ گەیشتنە بە خوا. لایان وایە بۆ گەیشتن بە خوا مرۆ دەبێ چەن قۆناخ ببڕی، یەکەمین قۆناخ: شەریعەتە، یانی ئەنجامدانی داب و دەستووری شەریعەت. قۆناخی دووەم: تەریقەتە. یانی داب و دەستووری ناسەواری و عیرفان و دەروێشی و سۆفیگەری ببڕێ بەڕێوە. سێیەم قۆناخ: حەقیقەتە. یانی گەیشتن بە خوا، دەبێ بڵێین: ((یەکێ لە بیروڕای ئەهلی حەق، باوەڕ بە تاناسوخ یا حولولی

رۆحه یانی: چوونی رۆح دوای مردن له لەشێکەوە بۆ لەشێ دیکە، کە ئەهلی حەق حولولی رۆح یا حولولی زات به (دونادون) ناو دەبەن.

سوڵتان سەهاک، بە پەیدابوونی سوڵتان ئیسحاق لاپەڕێی تازەو نوێ لە مێژووی ئەهلی حەق هەڵدرایەوەو بە زیادبوونی پەیڕەوانی ((حەقیقەت)) سوڵتان یەك فێرگەری بۆ دانان تا هەموو بە هاودەنگی لەبن یەك بیروباوەڕدا کۆببنەوەو یەك بگرن و بەو شێوە لە پرش و بلاوی رزگاری دەکردن. ئەسپاردەی خانەدانەکانی حەقیقەت ئەوەیە کە داب و دەستووری ((سەر سپاردن)) هەڵبژاردنی پیر و دەلیل و هەروا لەسەریانە کۆڕی کۆبوونەوە (جەم خانە) و سازدانی ئاداب و رسوومی (رۆژووی سێ رۆژە) و ئایینی قوربانی و خزمەتکردن (نەزر و نیاز) و دەستوور و رێی و رەسمێ کە لە رێبازی سوڵتان ئیسحاق لە سەییدەکانی بەرزنجەی هەورامانەوە ئەنجام بدرێ کە لەسەر بناغەی ئوسولی حەق و حەقیقەت بە (یاران) راگەیندراوە کە دوای ئەو لە رێگای گەورە گەورەکانی ئەهلی حەق و ئایینی یارسان، هەر بەو قالب و قاعیدە و زانکۆنەوە تا ئەمرۆ هەروا بەردەوام ماوەو دووانە براوە. شوێنە پیرۆزەکان: گرنگترین و پیرۆزترین، شوێنی ئایینی ئەهلی حەق کە هەموو ساڵێك زیارەتکاران لە دوور و نێزیکەوە بۆ ئەوێ دەچن: (زیارەتگەی سوڵتان سەهاك) لە پاوە (بابە یادگار). (داود کەوسوار) لە گوندی (بان زەردە)یە. هیوادارین کارناسان و رۆژنامەوانی یارسان رۆژێ لە رۆژان بە دڵنیاییەوە، بتوانن رازاوەتر و جوانتر ئایینی یارسانی کوردی بوێرانە و ئازادانە بە رێکوپێکی بە خەڵکی بناسێنن تا ئەو دینە کۆنە کوردییە لەوە زیاتر لەبەر چاوی خەڵك دیار بێ و لەچاویدا.

سەرچاوە: توحفە ناسری بە سەرەتای دوکتۆر تەبیبی کرماشانی ئەمیر کەبیر ١٣٦٦، راپەڕینی عەلەویانی زاگرۆس ج ١ و٢ محەمەد عەلی سوڵتانی بلاوکێ سەها ١٣٧٦. بە نەقڵ لە حەوتەنامەی ئاسۆ ژمارەی ٩٢ یەکشەممە ١٣٨٤/٤/١٢، پەڕەی (١) محەمەد باقر پیری و کتێبی ئایینی یاری کۆکردنەوەو نووسراوی مەجید ئەلقاصی، چاپی پوشپەڕی ١٣٥٨ی هەتاوی و دەفتەری رموزی یارستان: گەنجینەی



سوڵتان سەهاك: ((ئەهلی حەق)) کۆکردنەوەی سەیید قاسم ئەفزەلی شائیبراهیمی، چاپی ١٣٥٠/٩/٩ی هەتاوی، تاران.

# عەباس خان سەردار رەشید ئەردەڵان

## ١٢٩٤-١٣٠٤ی هەتاوی

لەساڵەکانی جەنگی سەکەمی نێوگەلانی، کەسانێ وەك مەحموودخان دزڵی و مەحموودخانی کانی سانی و جەعفەر سوڵتانی لهونی و سەردار رەشید، بۆ ئازادی کورد و کوردستان راپەڕین، بەڵام هێزی سەردار رەشید لە هەموویان لە بانتر بوو.

سەردار رەشید لە بنەماڵەی شازادەکانی ئەردەڵان و خۆشکەزای شەرەفولملك ئەردەڵانە[1] شازادەکانی ئەردەڵان تا نێوەڕاستی پاشایەتی ناصرەدین شا حاکمی کوردستان بوون، لە سەرەتای جەنگی نێوگەلانی (١٩١٤-١٩١٨ز) کە قازاغی ئێران

---

(1) ئەردەڵان، واژەیەکی تێکەڵاوە لە ئەرد+ڵان، ئەرد بە واتای مدفەرك و پیرۆزە، پاداش، لە دنیای مادیدا، ماڵ، دراو، شکۆ، خۆشی دینداران، بە دەستیەکێ لە خوایانی زەردەشتە. لان، وەك لانی شێر، کورد دەڵێ: شێر لە لان بێتە دەر، چ نێر، چ مێ، لان: جێگا، خان ولان، ڵان: بەردەڵا: کەندەڵان، خیزەڵان، ئەرد: ئەم پێشگرە لە ناوی پاشاکانی ساسانی و ئەشکانی گێراوە، وەك: ئەردەوان، ئەشکرێ بڵێین لە کۆندا ئەرتەلان یا ئەتەران بووە کە بە واتای راستی، دروستی، لە ئاییینی زەردەشتیدا یەکێ لە خودایانە، کە جەزایکاری چاك و سزای کاری بەد لە قیامەت بەوە ئەرزو سەر زەوی مودفەرك و پیرۆزە. دیارە —د-ت-ر-ل- بە یەکتر بەدەل ئەبن و دەگۆڕدرێن. ئەردەڵان مەڵبەندێ لە کوردستان لە خۆراوای ئێران لاپەرەی ٢ ئەعلامی ئەلمونجید-نووسراوی (شەپۆل): محەممەد صالح ئیبراهیمی محەممەدی.



بۆ تێك شکاندنی هۆزی کوردەواری و لە ناوبردنی سەردارانی کورد و کوژانەوەی راپەڕینی سالاردەو لەکە لە هەرێمی کوردەواری بوو، هەروا بە بۆنەی نیشتەجێکردنی هۆزی مەندمی و گەڵباخی لە سەرەتای جەنگی نێوگەلانی (١٩١٤-١٩١٨ز) قازاخ و جندرمەی خزاندبووە نێو کوردستانی جنوبە: (سنە و کرماشان و مەریوان و هەورامان و ئەو ناوە ناوە). دیارە سەردار رەشید کە هۆزی رەوانسەر و ئەو ناوەو خزم و کەسی خۆی لەگەڵ بوو دەستی دابوو راپەڕین. لەو سەردەمەدا حوکومەتی ئێران بە هۆی ئیسماعیل خان ئەمیر فەزلی ناوێك کە فەرماندەی قازاخ بوو، بە سەردار رەشیدی وت: ئەگەر دانەنیشی شار بە دەر ئەکرێی[1]. لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانی جەنگی هێنابووە نێو ئاخی کوردستان و هەرێمی کوردەواری ببووە مۆڵگەی شەڕی روس و ئینگلیس و تورکی وەسمانی و نەزمی ناوچەی کوردەواری ئێران لە دەست حوکومەت دەرچووبوو، حوسێن رەئوف بەگ سەر فەرماندەی هێزی عوسمانی بەناوی جیهاد، هۆزە کوردەکانی بەدژی روس هەڵدەخراند و بەنامەیەك کە بە هۆی محەمەد بەگی جوانڕۆیی سەردار رەشیدی بۆ (یەکیەتی ئیسلامی) بۆ جیهاد بانگ کرد[2] سەرەنجام لە مانگی موحەرەمی ١٣٣٤ی مناگی، کە لە نێوان روس و عوسمانی و کوردە، لایەنگرەکانی عوسمانی جەنگ روویدا، هێزێك لە هۆزەکانی رەوانسەر، جوانڕۆ، گسکی و رەمشتی بەسەر فەرماندەیی سەردار رەشید و سەنجەرخان وەزیری[3]

---

(1) رۆزنامەی رەعد ١٣، ج٢، ساڵی ١٣٣٣/ ٨ سەوری ١٢٩٤ز.

(2) رۆژنامەی رەعد، ٣٠، ج٢، ساڵی ١٣٣٣/٢٥ و سەوری ١٢٩٤.

(3) کۆسەی هەجیج: سوڵتان عوبەیدیلا، دەچێتە خەوی سەنجەرخان وەزیری و مزگێنی پێ دەدا کە تۆ دەبیتە غازییە گەورە، جا هەر سوینگەی ئەوە رووداکاتە خواو دادگەری، تەنانەت سەردارەکانی کورد وادار بە دادگەری دەکا. سەرنجەرخان لە ١٠٢٢ی مانگی لەگەڵ هەڵۆخان ئەدەڵان لە ئیسفەهانەوە دێتە، حەسەن ئاوای کوردستان: (سنە) و زمان و فەرهەنگی کوردی فێر دەبێ کە بە داخەوە بە دنەدانی شەریف دەوڵە حاکمی ئەودەمەی کوردستان و تەماع و بەرنانی ئاسەف ئەعزەم، خەلیل خان برا گەورەی سەنجەرخان و سەدوڵڵاخان و ئەحمەدخانی برای سەنجەرخان بانگ هێشتن

لەژێر فەرمانی شونمان کونسولی ئەڵمان لە کرماشان و هێزی عوسمانی بە فەرمانی محێدین بەگی لە سەرەتای محەرەم لە کامیاران هێرشیان بردە سەر روس و تێکیان شکاند، بەتایبەت سەنجەرخان وەك پڵینگ لە کامیاران خۆی لەشکری روسادا و لە دەشتی دگایران (دیاران) و دولای چەمی (گریاشان) روسی تارومار کردو ترپەکانی روسی لە بەرزاییەکانی (قار-و صلەواتاوا) بە غەنیمەت گیرکەوت و لە سەرەتاوە سەردار رەشید و پیاوەکانی لە ١٠ی موحەرەمەی ١٣٣٤ چوونە شاری سنەو هێزی رووس بەرەو گەرووس و زەنجان رایان کرد[1] ئەوسا لەشکری هەورامان و مەریوانی و گەلباغی و مەندمی و تیلە کۆیی بەرە بەرە هاتنە سنە، کاتی ١٥٠٠ تفەنگچی سەنجابی بە سەرکردەیی عەلی ئەکبەر خان سەردار موقتەدیر، ویستیان بێنە سنە، سەردار کە دژی سەنجابی بوو، نەی هێشت بێنە سنە[2] دەڵێن هەر ئەم دژایەتییە بووە هۆی ئەوە، رووس هێزی عوسمانی و ئەڵمانی و... لەبیە سوور و کەنگاوەر، بشکێنێ و بێ دەردەسەر بێتەوە سنە. بە قسەی دیوانی بەگی سەردار رەشید و سەردار موقتەدیر باوەکو خەرجیان لە ئەڵمانییەکان وەرگرتبوو، دوای یەك دوو حەوتو لەشکری خۆیان لە شار بردبووە دەرێ و چبوونەوە ماڵی خۆیان[3] هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە لەشکری (مامانوفی) رووس بێ بەرگری بێنە سنەو لەشکری هۆزەکان بڵاوەی

دەکاو لە رۆژی هەینی ١٣٣٩ی مانگی، کاتێ ئەم سی برایە لە حەوشە لە دەم عەوز خەریکی دەستنوێژگرتن دەبن، خەلیل خان و نوکەرەکانی لە سەربانەوە گوللە بارانیان دەکەن و شەهیدیان دەکەن، تاریخی مەردۆخ، ج٢، پەڕەی ٣٧ و ٣٦، تاریخ: مەشاهیری کورد نووسراوی بابا مەردۆخ، ج٣، پەڕەی ٥٩٦ (شەپۆڵ).

(1) رۆژنامەی ئیرشاد، ٣ی سەفەری ١٣٣٤/ ١٨ فوس ٩٤ تا ١٢ و تاریخی مەردۆخ، ج٢ چاپی دووەم کتێب فرۆشی غەریقی، سنە ١٣٣٤ی مناگی/ ٣ی عەقرەبی ١٢٩٤.

(2) تاریخی مەردوخ، ج٢، پەڕەی ٣٢٦.

(3) رەزا عەلی دیوان بەگی سەفەوی موهاجەرەت لە یەکەمین جەنگی جیهانی، چاپخانەی بانگی ملی ئێران ١٣٥١، پەڕەی٢٩.



کەن، رووس دەکۆشا خۆی بگەیێنێتە هێزی ئینگلیس کە لە (بين النهرين-نێو دووروان) بوو، بەڵام ئینگلیس لە (کوت و العمارە) تێشکاو ئەمە بووە هۆی ئەوە هێزی عوسمانی لە ج٢ ساڵی ١٣٣٤ی مانگی، پێشڕەوی بکاو حوکومەتی (نظام السلطنة) لە کرماشان دامەزرێ.

لە سەرەتای رەمەزانی ئەو ساڵە سەردار رەشید خان بە لەشکری خۆی و عوسمانی دێەوە سنە[1] (نظام السلطنة) سەردار رەشیدی کردە حاکمی سنە و کوردستان، بەڵام لە ئاخری موحەرەمی ١٣٣٥ (نظام السلطنة) سەردار رەشید خانی لابرد و موشیر سوڵتانی لەجێ دانا، لەو ناوەدا حاج (عزالممالك) ئەردەڵان کە لە پیاوە گەورەکان و بە دەسەڵاتی حوکەمتی کاتی بوو، لەگەڵ ئەوەی پێی خۆش بوو، حاجی سەردار موکەرەم ئەردەڵانی مامی ببێتە حاکم دەنووسێ بە سەرنجدان بە باری رامیاری کوردستان و پێشڕەوێك کە بۆ (سەردار رەشیدخان) بەدی هاتووە، باش وایە حوکومەتی کوردستان بدرێتەوە دەست سەردار رەشیدخان و سەردار موکەرەم ببێتە سەرکردەی قشون[2] حاجی (عزالممالك) دەڵێ: کاتێ لەگەڵ سەردار رەشید چووینە سنە حەشیمەتێ زۆر لە خەڵك و زانایان و ناوداران و بازرگانان، هاتنە پێشوازمان، زۆر بە قەدر و رێزەوە چووینە شارو لە ماڵی حاجی سەردار (موکەرەم) ئەردەڵانی مامم دابەزین و سەردار رەشید دەستی مامی ماچ کردو چووە (دار الحكومةُ اجدادی) خۆمان و حوکومەتی سەردار رەشید بە خەڵك راگەیندرا[3] لەو پلەدا سەردار رەشیدخان بە دەستووری عەلی ئیحسان پاشا سەرکردەی هێزی عوسمانی، هێرشی بردە سەر روس لە بیجاردا و

(1) تاریخی مەردوخ، ج٢، پەڕەی ٣٣٠ تا ٣٣١.

(2) یەکەمین راپەڕین، پاکی ملی لە جەنگی جیهانی یەکەم بە بیرەوەری حوسێن سەمیعی (ادیب السلطنة) و بیرەوەری ئەمانەڵلا ئەردەڵان (حاج عزالممالك) تاران کتێب فرۆشی ابن سینا، ١٣٢٢.پەڕەی ٩٣(شەپۆل).

(3) سەرچاوەی بەرو.

سەرکەوتێ زۆری بەدەست هێنا[١] جا لەبەر ئەوەی چارنووسی هەرێمی کوردەواری لەو کاتەدا بەسترابوو بە جەنگی (بين النهرين) بە پێشڕەوی ئینگلیس و خۆکێشانەوەی عوسمانی. لە ج١ ساڵی **١٣٣٥** کرماشان کەوتەوە دەس (بارانوف) و سنەش کەوتەوە دەس رووس، رووس زۆر زیاتر لە بیری پاراستنی خەتی پێوەندی خۆی بوو لە نێوان قەزوێن و کرماشاندا و دەستی لە کاروباری ناوخۆی هۆزە کوردەکان نەدەدا، هۆزە کوردەکانیش بەتایبەت گەڵباخی و مەندمی و شێخ سمایلی[٢] لە بیری ئەوەدا بوون، دەستی زاڵم و مارِز لەسەر خۆیان لابەن، سەردار رەشیدیش خەریکی قەوی کردنی خۆی بوو، جا ئەوە بوو راپەڕینی **١٩١٧**ی زایینی رووسییە روویدا، رووس ناچار بەرەبەرە پەڕەو، وڵاتی خۆی گەڕاوەو جا بۆ ئەوەی کوردەکان پەلاماری هێزی رووس نەدەن، سەردار رەشید خانیان کردە حاکمی سنەی کوردستان[٣] بە ڕواڵەت حوکومەتی ئێرانیش لەو سەردەمەدا حوکومەتی سەردار رەشید خانی بەڕەسمی ناسیبوو، چوون هەندێ لە رۆژنامە نیوە رەسمییەکانی ئێران سەردار رەشید خانیان بەنێوی حاکمی کوردستان دنەدەدا تا بە نێو بۆ ئارمکردنەوەی وڵات بچێ بە گژ سەردارانی هەورامان و سەرانی گەڵباخی و مەندمی[٤]، جا بە دەرچوونی هێزی رووس لە کوردستانی بەشی ئێران، ئینگلیس بۆ بەرگری لە پێشڕەوی عوسمانی، خۆی خزاندە، ئەو ناوە ناوەو بێ درەنگ دەستیکرد بە کوشت و کوشتاری هوزی سەنجابی و هۆزەکانی تری کورد لە دەوروبەری قەسری شیرین و کرماشان، لەلایەکی دیکەوە بە گزی و فزی هۆزی کەلورو قەڵخانی و گۆرانیدا بە گژ هۆزی سەنجابیدا و بە فرۆکەی جەنگی ئینگلیس هۆزی

---

(1) تاریخی مەردوخ، پەڕەی ٣٣٢، ج٢.

(2) دایکی شەپۆڵ نووسەری ئەم دیرانە: ((زبێدە خانم)) لە هۆزی شێخ سمایلییە.

(3) تاریخی مەردۆخ، ج٢، پەڕەی، ٣٣٢.

(4) رۆژنامەی ئێران، ١٥ حەمەلی ١٢٩٦/١١ج١، ١٣٣٥.



سەنجابی بۆمباران دەکرد[١] بە دنەدانی ئێران سەرداری رەشید خانیش هەلی کۆتاییی سەر ئیلی سەنجابی[٢] لە شەوالی **١٣٣٦**ی مانگی کە دەوڵەتی (وثوق الدولة) لە ئێران سازدرا ئینگلیس کەوتە یارمەتیدانی دەوڵەتی ئێران و لە ئاکامدا بە وێنەی رەسمی لە حوکومەتی سەردار رەشید لە کوردستان پشتیوانی دەکرد، تا لەناکاو شەریف دەوڵەتەکانی لە جێی سەردار رەشید دانرا، لە ١٤ی حوتی **١٢٩٧** غولامرەزاخان میر پەنج بە چەند واحید ئازاخ لە کوردستان دا بوو، سەردار رەشید خان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە، هاتە سنە، شەریف دەوڵە ئەیویست لە دژایەتی سەردار رەشیدخان لەگەڵ گەڵباخی و مەندمی کەڵك وەربگرێ، بەڵام دەستی لە هەمانەوە دەرچوو، بەڵام شەریف دەوڵە بووە کوڵە فیتنە گەڵباخی و مەندمی پێکەوە بە شەڕدا، تا خۆی حوکومەت بکا، سەردار رەشید لەهەل و دەرتانی رۆیشتنی شەریف دەوڵە بۆ سەقز ئەمیر ئەسعەد باباخانی و سەردار ئەکرەم وەڵەدبەگی کە بەدنەی شەریف دەوڵە بە دژی گەڵباخی و مەندمی جولابوونەوە، گرتنی و ئەوانی بردە رەوانسەرو[٣] ئەمیر عەشایر باباخانی کە گۆیا بە دەستی برای خۆی ئەمیر ئەسعەد، دەکوژرێ سەردار رەشید خان لە داغا ئەمیر ئەسعەد زیندوانی ئەکا، سەردار رەشید بی زانیبا هەر کەس لە رێگای خزمەتکردنی بە نەتەوەی کورد لای داوە، ئازاری دەدا، بۆ وێنە

---

(1) رۆژنامەی ئێران، ٢٩ سەورو هەوەڵی جەوزاری، ١٢٩٧.

(2) رۆژنامەی ئێران، ١٠ی جەوزای، ١٢٩٧.

(3) شەریف دەولە، بۆ سەرۆك وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، حوکومەتی کوردستان ژمارەی ٢٦٠٣٥٥٧، ج٢، ١٣٣٨، ١١٢٠٠١ کە سەردار رەشید خان لە نامەیەك کە لە ٢٠ی موحەرەمی ١٣٣٩ بۆ سەرۆك وەزیرانی نووسیووە، دەڵێ: شەریف دەولە ٢٠٠,٠٠٠ تومان خەساراتی جەنگی لە هۆزی مەنگورو ٥٠,٠٠٠ تومان لە مەحموود خانی مەریوانی و مەحموود خانی هەورامانی و ٥٠,٠٠٠ لە هۆزی شێخ سمایلی و ٢٠٠٠,٠٠٠ مالی خودی سەردار رەشید خانی پێگەییوەو خواردوویەتی.

(فەخر سەڵتەنە) ژنی سولەیمان خان شەرەفولولکی ئەردەڵانی گرت تا یارمەتی بە شەریف دەولە نەکا، دەوڵەت لەو سەردەمەدا نەی دەتوانی پەلاماری سەردار رەشید بدا و خۆی لێ گێل دەکرد و سەردار رەشید خانیش زیاتر خەریکی خۆ تەیار کردن بوو، بەتایبەت کوردەکانی لای ورمێ و مەهاباد و ئەو ناوە بەرابەری سمکۆی مەزن، راپەڕیبوون، هەروا هەستانە سەرپێی هۆزی هەورامانی هۆی ترس و نیگەرانی شەریف دەولە و حوکومەتی (وثوق دولة)ی پێك هێنابوو، ئەوە بوو کەوتنە گزی و فزی و بە فێڵ و تەڵەکەی ئینگلیس تا لە ١٩ی ج١ ساڵی ١٣٣٨/ ٢٠ دەلوی ١٢٩٨ سەردار رەشید خانیان بەناوی ئەوی حوکومەتی کوردستانی پێ دەدەنەوەو شەمشێری مورەسەعی بە خەڵات دەدەنێ، ناردیانە شاری سنە، جا دوای ئەوەی شەمشێرەکەیان پێدا لە ١٣ حوت و ١١ ج٢، لەکاتی نەهار خواردندا (ماژور ئەکبەر) میرزاو هوروژمی جندرمە، سەردار رەشید خانیان بە دەستووری (وثوق دولة) گرت[1] و بەرەو تاران بەڕێیان کرد[2] و لە تاران لە باغی شا، مولگەی فەوجی ١٢ی جندرمە زیندانی کرا[3].

لەم لاشەوە شەریف دەولە خەڵکی لە سەردار رەشید دنە دەدا تا بە دژی ئەو شکایەتی لێ بکەن: قەوام توجار و حاجی خان سالار سەعید و خەڵکی گەروس و ئەقبال سەلتنە و فەتح نیزام کولیاتی شکایەتیان لە دەست سەردار رەشید ناردە لای (وثوق دولة) جا شەریف دەولە دوای بەندکردنی سەردار رەشیدخانی دەستیکرد بە کوشت و کوشتاری سەردارە کوردەکانی کوردەواری و زۆربەی سەردارانی گەڵباغی و مەندمی و شێخ سمایلی شەهید کردو مەحموود خانی دزڵی و مەحموود خانی کانی ساسانی دەگرێ و دەیداتە دەست ئینگلیسەکان تا دوریان خەنەوە[4].

(1) تاریخی مەردۆخ، پەڕەی ٣٦٧ و ٣٧٠، ج٢١.

(2) رۆژنامەی رەهنوما، ١٩ی حوتی ١٢٩٨، سازمانی ئەسنادی ملی، ١١٢٠٠١.

(3) رۆژنامەی رەهنوما، ١٩ی حەمەلی ١٢٩٩.

(4) میجر سیسیل ئیبدموندر، کردها، ترکها، عربها، تەرجمەی دوکتور ئیبراهیم یونسی چاپی تاران، روزبهان ١٣٦٧، پەڕەی ١٣٧.



ئەم کوشت و کوشتارەی شەرف دەوڵە و شاوەردەیخانی سەردارانی کورد نە تەنیا کۆمەگی بە شەریف دەولە نەکرد، بەڵکو بووە هۆی بڵێسە سەندنی گڕی ئاگری راپەڕینی هەورامانییەکان و سەرهەڵدانەوەی گەڵباخی و سەردار هۆزەکانی دیکە[1] حاجی (عزالممالك) ئەردەڵان لە تاران نامەیەك لە (وثوق دولة) دەنووسێ: کە سەردار رەشید ئازار نەدەن، و سوق دەولە، لە وەڵامدا دەنووسێ: جێی داخە کە ئەم شەڕ فرۆشە لە بنەماڵەی نەجیب و خزمەتکاری ئەردەڵانە، پێم خۆش نییە لە خۆتانی بزانن و بە ئەردەڵانی دابنێن[2]. بە تێك ڕمانی کابینەی و سوق دەولە و هاتنە سەرکاری موشیر دەولە، دووبارە بۆ ئەوەی سەردار رەشید ئازاد نەکرێ خەڵکیان دنە دەدا بە دژی سەردار رەشید نامە بنووسن[3] چوون رۆژنامەی رەهنوما نووسیبووی: سەردار رەشید کە یەکێ لە سەردارانی ناوداری کوردستانە و ماوەیەکە لە باغی شا بەندکراوە، نێزیکە ئازاد بکرێ کە[4] گۆیا سەردار رەشید چبووە دیداری ئەحمەد شا قاجار[5] لەم لاشەوە (حەمیدە خانم ژنی سەردار رەشید لە رەوانسەر کە زیاتر لە ٢٠ ژاندارم و ١٠ خاوەن دەرەجە لەسەر ماڵ و حاڵە ئەو ئەیان خواردو ئەتلانەوەو و زۆر وێژیان دەکرد، ناچار دەستی دایە چەك و ئەو ماڕزانەی لە رەوانسەر دەرکرد. تا دوای کودەتای ١٢٩٩ و گیرانی کۆری زۆر لە پیاوە رامیارییەکانی تاران، سەردار رەشید خان هەروا لە زیندانی تاران ما، بەڵام ئینگلیسەکان بۆ خزمەتکردنی بە حوکومەتی تاران و داکوژانی بڵێسەی راپەڕین لە کوردستان، (ئیسمارت) دە بیری خۆرهەڵاتی

(1) تاریخی مەردۆخ، ٣٧١.

(2) سەرۆك وەزیران بە (عزّالممالك) نومرەی (١٤٧/٥ جوزای، ١٢٩٩ ن، ١١٢٠٠١ ئەستاد ملی.

(3) شکایەتی میفتاح دەولە ٢٧ی شەواڵی ١٣٣٩ن، ١١٢٠٠١.

(4) رۆژنامەی رەهنوما، ٦ی سونبولەی ١٢٩٩.

(5) رۆژنامە رەهنوما، ٢٧ سونبولەی ١٢٩٩ و تەلگرافخانە، ئێران، کوردستان بە تاران نومرەی ٢٦٦١ سونبولەی ١٢٩٩ ن ١١٢٠٠١.

سەفارەتی ئینگلیس بە سەید زیا تەباتەبایی حاڵی کرد، کە سەردار رەشید ئازاد بکرێ بە قانزاجی ئێرانە[1] ئەگەر، سەردار ئازاد بکرێ کوردستان ئارام دەبێتەوەو موزەفەر والی زادە ئەدەلانیش بۆ ئازادبوونی سەردار رەشید زۆر کۆشا، سەرەنجام سەید زیا تەبا تەبایی دەستووری ئازادبوونی سەردار رەشید خانێدا، قەرار بوو، سەردار لە سەرەتاوە لە کرماشانەوە بچێتە شاری سنە و چاوی بە شەریف دەولە، بکەوێ، بەڵام لە تارانەوە راست چووە شاری رەوانسەر و بەپێی نووسراوەی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ (قدس سره) سەردار رەشید خان کاتێ گەیشتەوە رەوانسەر (دەست دەکا بە نامە نووسین و دیاری ناردن بۆ سەردارانی کورد و خراپە وتن بە رەزاخان وەزیری جەنگ، لەم لاشەوە، قاو داخرابوو، سەید زیا بۆیێ سەردار رەشید خانی ئازاد کردووە تا لە کوردستان ببێتە هۆی دەردەسەر بۆ رەزاخان، سەید زیا، تێکۆشێ بەڵکو سەردار بچێتە شاری سنە، بەڵام سەردار بە قسەی نەکرد و لە شەوێ ١ سەردار رەشید خان دەستووریدا ٢٢ کەس لە جندرمە، کە لە رەوانسەردا بوون، چەکیان لێ دابرنن، وتی: من ناتوانم دوژمنی خۆم بە چەکداری لە ماڵە خۆمدا رابگرم، ئیتر جندرمەی ئەو ناوە لە ترس ئەوەی، وە ئەو ٢٢ کەسە بێ چەك نەکرێن رایان کردە دواوە، تا سەرەنجام سەد زیا، لابراو قەوام سەڵتەنەی لە جێگا دانرا، سەردار رەشید خان دەیویست لەگەڵ قەوام پێك بێی، بەڵام لە باتیان لە شەهیروی ٣٠٠ بە دوا سەردار هۆزەکانی ناوچەی هەورامان و وەڵدەبەگی و باباخانی و سەردار ناصر سەنجابی و سەعید سەڵتەنەی جوانرۆیی و رەشید سەڵتەنە قوبادی و دەوڵەت ئاوایی و قەڵخانی یان لە سەردار رەشید خان تیژ دەکرد، تا بەڵکو بەرگری لە نفوزی سەردار بکەن و قەوام زیاتر ئەکۆشا لە کوردستان و کرماشان و بانە و سەقز بەهۆی ئاژاوەنانەوەو دژایەتی سازدان لە نێوان هۆزە کوردەکاندا بەتایبەت لە نێو کەڵهوڕ و

(1) سەفارەتی ئینگلیس بە سەرۆك وەزیران ١٩ ج١/١٣٣٣٩/٧ مارسی ١٩٢١ی-ن١٢٠٠١ ئەسنادی ملی ئێران.



سەنجابی و هۆزەکانی جوانرۆ، نفوزی سەردار رەشید خان کەم بکاتەوەو بۆ فریودانیش جار جار قەوام بە نامە دڵ خۆشی سەرداری دەدایەوە[1] ئەویش بۆ ئەوەی بە سازان کارێك پێك بێ لە وەڵامدا ئەی نووسی: ((... ئێمە پشت لەسەر پشت پاڵەوان بوینوو و نیگەبانی تاج و تەختی کیان بووین[2] نیشاندانی دۆستی سەردار بۆ ئەوە بووە تا دەرەتاندا هەڵی دەستبخا لەگەڵ کوردەکانی گەرمێن، ئنگلیس وادار بە یارمەتی دانی کورد بکا بۆ ئازادی تەنانەت پیاوی سەید تاهای نەهری کە زۆر تێکۆشەر بووە لەگەڵ سەردار رەشید خان هاتۆتە لای سەردار رەشیدخان بۆ تەگبیر و راکردن[3] قەوامیش بۆیی دڵخۆشی ئەداوە، چوون لەگەڵ سمکۆی مەزنیش دەرگیر بوو ئەترسا سەردار رەشیدخان لەگەڵ سمکۆی مەزن یەکبگرن و کوردستانیان لەدەست دەربچێ[4] لە نێوەڕاستی ئوردبەهیشت (گوڵان)ی ١٣٠١ هەواڵ درا کە سەردار موقتەدری سەنجابی کە لە تاران زیندانی بوو ئازاد کراو بەرەو کوردستان گەڕاوە[5] بە فەرموودەی ئایەتوڵڵا مەردۆخ سەردار سپە (رەزاخان) بۆیی بە عەلی ئەکبر سەردار موقتەدیری سەنجابی ئیجازەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان پێ داوە تا بە زیندوویی یا مردوویی سەردار رەشید خانی بۆ بگرێ و بۆیی بێنێ[6]. بەڵام سەردار موقتەدریی سەنجابی نە تەنیا بە دژی سەردار رەشید نەبزووتەوە، بەڵکو لەگەڵ سەردار رەشیدخان یەکی گرت.

(1) نامەی سەرۆك وەزیران بۆ سەردار رەشید خان، نومرەی ٤٤٩٠٧، ئەسەد ١٣٠١ن ١١٢٠٠١ ئەسنادی ملی.

(2) یانەی تەلگراف ١٥ی ئەسەدی ١٣٠١ ن ١١٢٠٠١ ئەسنادی ملی.

(3) رۆژنامەی ئێران ٣٠ی سەوری ١٣٠١.

(4) ئیبراهیم خواجە نوری بازیگەرانی عەسری تەلایی جوزوەی، ١٢ خوردادی ١٣٢٤، پەڕەی ١٢٢.

(5) رۆژنامەی ئێران ١١ی سەور ١٣٠١.

(6) مێژووی مەردۆخ، ج٢ پەڕەی ٣٨٣.

لە مانگی گوڵانی ١٣٠٢ هێزەکانی دەوڵەت بە پشتیوانی چریکی هۆزی لای کرماشان لەبن فەرمانی ئەمیری لەشکر، ئەمیر ئەحمەدی لە چەند قۆڵەوە، لە هەنگی مەنصور و بەشێ لە سوارەکانی ئەرمەنی سەرکردەیی (گریکو) لەگەڵ هێزی چریکی کەلورِ بە سەرکردەیی عەباس خان قوبادی و لە رەخی کرماشانەوە، سەرهەنگ ئەحمەدخان مەنصور، فەرماندەی هێزی کوردستان بە تۆپ و موسەلسەل و ئاتشبار و هێزی سوار و چریکی ناوچەیی زۆر تەیار بەرەو لای جوانڕوو رەوانسەر، نیشتگەی سەردار رەشیدخان بۆی کشان[1] کاتێ سەردار رەشید دیتێ هەندێ لە سەردارانی کورد و رەشیای کورد بۆ قوربانی، پێش لەشکری دەوڵەت دراون، دوای چەند تەقە بۆ ئەوە کورد، لەوە زیاتر کورد نەکوژێ، کاتی ٚچاوی بە هێزی سەردار ئەکرەم وەڵدبەگی و هێزی سەردار موعتەزید هەورامی و هێزی سالار مەنصوری گۆران و ئەمیر موقتەدیری باباخانی کەوت وای بە چاك زانی، بەرەو لای شێخ مەحموود، مەلیکی کوردستان بڕوا[2]. گویا سەردار رەشید لە مەبەستی ئینگلیس حاڵی دەبێ و ناچار دێتەوە ئێران و دەوڵەت بە فێڵ دەیگرێ و لە ٢٨ی عەقرەبی ١٣٠٢ دەی هێننە تاران و رەزاخان دەستوور دەدا لە ژێر چاودێری سەرهەنگ محەمەدخان قەلعەبەگی لە شار خانوویەك بۆ سەردار رەشیدخان بگرن و لەوێ دانیشێ[3]. بەڵام سەردار رەشیدخان لە یەکەمین دەرفەتدا خۆی دەرباز کرد، لەوددەمەی ئاژاوەی کۆماری روویدا و لە فەروەردین (خاکەلیوەی ١٣٠٣) رەزاخان تۆرا و چووە رودیهەن لای تاران، سەردار رەشیدخان کاتێ دیتی شێخ خەزعەل بە دەستی رەزاخان شکا، زانی کە ئینگلیس

(1) یانەی تەلگراف، ژمارەی ١١/٣١/٤١٨٤ی سەوری ١٣٠٢ ن ١١٢٠٠١. و حەبیبوڵڵا نەوبەخت لە کتێبی شاهەنشای پەهلەویدا دیاری بۆ بزوتنی فەوجی زەفەر لە کوردستان کردووە.

(2) تاریخی مەردۆخ، ج٢ پەڕەی ٣٨٨ و تەلگراف لە کوردستانەوە بۆ تاران ٣ی سونبولەی ١٣٠٢ ن ١١٢٠٠١ ئەسنادی ملی.

(3) رۆژنامەی ستارەی ئێران هەوەڵی قەوسی ١٣٠٢ و بیرەوەری سولەیمان بیهبودی پەڕەی ٤١٨.



پشتیوانی رەزاخانە و ناچار بۆ ئەوەی بە فیرۆ خەڵك نەکوژرێ رووی کردە عێراق دەڵێن: کاتێ رەزاخان بە بۆنەی زیارەتی عەتەبات چووە عێراق بە سوێندی بەدرۆ سەردار رەشیدخانی فریودا و لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ تاران و لەباتی ئازادبوون زیندانی کرا[1]. کاتێ سەردار رەشیدا لە زینداندا بوو، لە ئازەری ١٣٠٥ ویستیان بە تەسویبی مەجلیس مانگانە سەد تمەنی بۆ ببڕنەوە، گۆیا هەندێ لە نوێنەران در وەستان، بەڵام میرزا عەبدولعەزیز موفتی نوێنەری سەقز و بانە و سەید حەسەن مودەریس دیفاعیان لە سەردار رەشیدخان کرد و تەنانەت مودەریس وتی: دەبێ دەوڵەت سەردار رەشید بنێریتەوە جوانڕۆ[2] سەردار رەشید کە زیاتر لە دە ساڵ لە کوردستاندا هەمەکارە هەر خۆی بوو، رەزاخان بە فێڵ گرتی و ١٤ ساڵ لە زیندانی رەزاخاندا بوو، کە دوای شەهریوەر (خەرمانان)ی ساڵی ١٣٢٠ لە زیندان ئازادکرا، بەڵام دەس بەسەر لە تاران راگیردرا چونکا، لێی دەترسان، بە تایبەت سەر لەشکر ئەمیر ئەحمەدی زۆری لێ دەترسا. سەردار رەشید کە زیاتر لە ١٥٠ پارچە ئاوایی لە شادیاوا، رەوانسەر، جوانڕۆ و پاوەدا هەیبوو، پاکیان لێ داگیرکردوو لێیان سەند و خواردیان.

(1) سەردار رەشید لە دواییدا خۆی لەو بارەوە نووسیوویەتی: ((...رەزا شا لەبەر ئەوەی لە هێز و ئازایی و نەبەزی و دلێری و نفوز و هەڵمەتی من دەترسا بە هۆی سوێندی بەدرۆ بەشایەدی سەید: ئەبولحەسەنی ئیسفەهانی و عولەمای نەجەف منی فریودا نامەی سەردار رەشید بە سەرۆك وەزیر ٢٣/٢/٣٠ ن١١٢٠٠١ گۆیا قەرار بووە تەنیا بۆ رێزدانان لە حوکومەتی ئەو بەوادەی حەوتویەك بێمە تاران بە خەڵات و شمشێر و بەڕیزێ تەواووە بچمەوە کوردستان بۆ سەرجێی باوانم، ٢٦/٢٠/٢٨ ن ١١٢٠٠١ ئەسنادی ملی، نووسینی نامەیێ ئاوا لە زەمانی دەسەڵاتی رەزا شادا خۆی باشترین بەڵگەیە لەسەر ئازایی و قارەمانی و نەترسی و نیشتمان ویستی سەردار رەشید خان ئەردەڵان (شەپۆل).

(2) وتووێژی مەجلیس، دەورەی شەشەمی تەقنینییە، جەلەسەی ٢٢ی فەروەردین (خاکە لیوە)ی ١٣٠٦، ص٢٩٨-٢٩٩.

سەردار ڕەشیدخان لەکاتی سەرۆك وەزیری دوکتۆر محەمەد موسەدیق، نامەیەك بۆ موسەدیق دەنووسێ تا ئازادی بکەن نامەی سەردار شوێنی زۆر لەسەر دوکتۆر موسەدیق دادەنێ و بۆ وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی ناوخۆ دەنووسێ و دەڵێ: بەو جۆرەی لە پەروەندەی سەردار ڕەشیدخان دەردەکەوێ ئەم پیاوە، سی ساڵ بەر لەمە، کەوتۆتە بەر رق و قینی دەوڵەتی ئەو کات ۲۰ ساڵ زیندان بووەو لە ۱۳۲۰ ئازاد کراوەو ۱۰ ساڵیشە لە تاران دەست بەسەرە، بەڕاستی جێگای داغ و کەسەرە کە پیاوێ وا، ئێرانی بە هۆی بەدگومانییەوە، کە سی ساڵ بەر لەمە روی داوەو ئێستا، باری ئەو سەردەمە گۆڕاوە، بێ دادییە لە تاران هێمان دەست بەسەر بێ و نەتوانێ بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی[1]، بەڵام وەزارەتی جەنگ ئیجازەی گەڕانەوەی سەردار ڕەشیدخانی بۆ کوردستان نەدا[2] وەك دەڵێن ئیتر قەت نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

تێکچوونی یەکیەتی هۆزەوارییە گەورەکان لە کوردەواریدا، وێنەی هۆزی بڵباس، هەکاری، موکری و تیاچوونی فەرمانڕەوایی شازادەکانی بابان و ئەردەڵان لە سەدەی نۆزدەی زاینیدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی سادات و پیرانی تەریقەت وێنەی شێخ عوبەیدیلا، مەلیك غازی شاهی شەمزین و سەدی عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی شەهیدی ڕێگای کورد و کوردستان، شێخ سەعیدی پیران، شەهیدی کورد و کوردستان شێخ محموود مەلیك و سمکۆی مەزن و سەید تەهای شەمزینی و سەردار ڕەشدخانی ئەردەڵان و مەحموودخانی دزڵی، مەحموودخانی کانی سانانی، جەعفەر سوڵتانی هۆنیی، سەنجابی، حیزبی دێموکراتی کوردستان و... بەڵام سەردار ڕەشیدخان کە دە ساڵ لە کوردستاندا تەنیا شۆرە سواری ئازادیخواز، بۆ کورد کوردستان هەر

(1) نامەی سەرۆك وەزیران بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بۆ وەزارەتی جەنگ بێ نومرە ۱۳۳۰/٤/۳۱ ن۱۱۲۰۰۱.

(2) وەڵامی وەزارەتی جەنگ بە سەرۆك وەزیران ژمارەی ۳٦۸۷/۱۱۰۱۱ بەرواری ۳۰/٥/٦ ن۱۱۲۰۰۱.



خۆی بوو، لە ناوچەی هەورامان و کرماشان و کوردستان و ڕەوانسەر و جوانڕۆدا، بەڵام سەردار ڕەشیدیش وەك سەردارانی دیکەی کورد نەیتوانی لە هەڵومەرجی رامیاری ناوچە و شانۆی سیاسی جیهان کە لە سۆینگەی جەنگی یەکەمی (۱۹۱٤-۱۹۱۸) نێو گەلانی بەدیٔ هاتبوو کەڵك وەربگرێ، سەردار ڕەشید نەیتوانیبوو لە نێو دڵ و دەروونی سەردارانی کورد و خەڵکی ناوچە، جێگا بۆ خۆی بە دروستی چا بکا، خزم و کەسی باشی کەم بوو، ئەوانەش زۆرجار دژایەتیان لەگەڵ سەردار دەکرد، هۆزەکانی تر کە پەیڕەوییان لە سەردار دەکرد، دوو دڵ بوون، موتەحید دوێنێ، دژو دوژمنی ئەمڕۆ بوون، لە ڕاستیدا، تەنیا خۆی بوو کە لەگەڵ گۆڕانی باری رامیاری ڕۆژ دەسووڕاو زۆر بە لەز لە گۆڕانی رامیاری کەڵکی وەردەگرت، لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا، سەردار ڕەشید بێ چکۆڵەترین کەند و کۆسپێك، بەپێی ڕۆژ جار جارە لەگەڵ عوسمانی یا رووسیە، یا لەگەڵ ئینگلس پێك دەهات، لەو ڕێگایانەوە خۆی تەیار و تەقوییەت دەکرد هەروا لە تەك دەوڵەتی ئێرانیش دەبزووتەوە، هەموو دەزانین دەوڵەتی بەریتانیا لە نێوان ساڵەکانی (۱۹۱۷-۱۹۲۲ی زایینی) سیاسەتێکی کارای لە کوردەواریدا هەبوو، ئەوەش لە تەرح و گەڵاڵەی مەسئەلەی کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد، سەرچاوەی دەگرت کە لە ماددەی ٦۲ و ٦٤ پەیماننامەی سێور گۆچ و فرچگی گرتبوو لەو بابەتەوە هەندێ لە کوردە ناودارەکان بەهیوای ئازادی کورد و کوردستان ڕاپەڕین. دیارە تۆمێ کە ئەو سەردارانە چەندیان، تازە بە هۆی باهۆی سەرانی گەورەی کوردو پارتی و حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو، تازە خەریکە چرۆ و بەر و میوە بدا بە پشتیوانی هێزی نەتەوەی نەجیب و ستەم لێکراوی کورد و کوردستان و پشتیوانی زانایان و ڕابەران و ئەحزاب و بە پشتیوانی خواو گەلانی مرۆڤ دۆستی جیهان، بەتایبەت بە پشتیوانی خواو کاك مەسعود بارزانی پێشەوای گەورەو گران مەندو ماقوڵ و پڕ هێز و خاوەن بیرو هێزو بەروا تەگبیر، جێنشینی شێخان و پێشەوایانی بارزان، جێنشینی شێخ عوبەیدیلا، مەلیك غازی شاهی شەمزین و سەید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی شەهیدی ڕێگای کوردو کوردستان، جێنیشی شێخ

سەعیدی پیران و ئەمیر پاشا بەدرخان لە بنەماڵەی ئازیزان، جێنشینی مەلیك مەحموود پاشای کوردستان، جێنشینی هەڵوی ئارارات ژەنڕال ئیحسان نوری پاشا و جێنشینی سەردار رەشیدخانی ئەردەڵان هەڵۆخان، و خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان و شازادەکانی بابان و سۆران و ئەردەڵان، جێنشینی کەریم خانی زەند و صەلاحەددین ئەیوبی و ئەمیرانی جزیر و بۆتان، جێنشینی بەدر و حەسەن وەیهەکانی لورستان، ئەتابەکانی کوردو کوردستان، جێنشینی پێشەوا قازی محەمەد و جێنشینی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد خودانی بارزان و جێنشینی کاك ئیدریسی جوانەمەرگ سازدەری، یەکگرتنی پارتی و ئەحزابی کوردو کوردستان و جێنشینی پێشەوای گەورەو گران و هەمیشە زیندووی کورد کوردستان ژەنڕال پێشەوا مستەفا بارزانی کە ئەو زاتە بوو دژ و دوژمنانی تاسان و کوردو کوردستانی بە جیهان و جیهانیان ناساند، خوا دەست بە عومرو ماڵ و جاە و جەلالی کاك مەسعود پێشەواو رابەری کورد و کوردستان بگرێ و لە شەهیدانی کورد و کوردستانیش خۆش بێ[1].

(1) سەچاوە ئەم وتارە لە نووسراوەی (کاوە بەیات) کە لە کۆواری گەنجینەی ئەسناد فەسڵنامەی تەحقیقاتی تاریخی ساڵی دوو، دەفتەری ١ و ٢، بەهار و هاوینی ١٣٧١، بلاوی سازمان: (مەکۆ)ی ئەسنادی ملّی ئێران پەڕەی ٢٠ تا ٣٤ و هەروا لە رووی تاریخی کوردو کوردستان نووسراوی زانای بلیمەت ئایەتوڵلا شێخ محەممەد مەردۆخ کوردستانی و هەندێ یادداشتی رۆژانانە، وەرگێڕاوەو کراوەتە، ئەم قسەو باسە. هیوادارم بە کەڵك بێ (شەپۆڵ).



## سمکۆی مەزن

(؟-١٣٠٩ی هەتاوی، شنۆ) رابەری کوردەکانی شۆڕشگێڕ، سمایيلاغای شکاك: سەردار نوسرەت، کوڕی محەمەد ئاغا، کوڕی عەلیخان، کوڕی صادقخان، کوڕی جەعفەرخان، کوڕی یەحیا بەگ، کوڕی بداق سوڵتان حاکمی بەڕێز و خۆشەویست و هەمیشە زیندووی (سابلاغ) مەهابادی موکری، جا دوای کوژرانی جەعفەر ئاغای برا گەورەی سمکۆ بە رەشە کوژی بە دەستووری (نیزامو سەڵتەنە مافی) والی ئازربایجان لە تەورێز- سمکۆ لە ١٣٢٣ی مانگی گەیشتە پلەی سەرۆك و رابەری هۆزی شکاك کە لە دوو تایەفەی ئەسڵی (عەبدۆیی و کاردار) پێك دێ کە لە هەرێمی چهریق، صۆمای، برادۆست و سنجی لە هەرێمی دەریاچەی ورمێ (لە نێوان ورمێ و سەڵماسدا) نیشتەجێن (ئیحتیسابییان ١١٩ و ١٢٠ مەردۆخ رۆحانی ٤٩٧-٤٩٩).

سمکۆی مەزن لە سەرەتادا لە ساڵەکانی هاوچاخ لەگەڵ بزاوی مەشروتە و ئاژاوەی دەست درێژی تورکی عوسمانی بۆ سەر سنوور لە ١٣٢٥ی مانگی، سمکۆی مەزن پڕ هێز بو فرە ناوی دەرکردبوو (کیسرەوی، ٤٦٦) بەتایبەت لەو سەردەمەی وا رووسەکان ئازربایجنیان داگیرکردبوو، زۆر بە وزەو هەیت و هوتیان فرەبوو، سمۆکی مەزن بە نێوی فەرماندەی کوردەکانی ئەو دەورە، لە سەڵماس بە پشتیوانی ئەو رووسانەی لەو ناوچە بوون، سمکۆیش وزەو هێزێ بەرفرەی پەیدا کردبوو (سازمانی ئەسناد: مەکۆی بەڵگەنامەکان... ٤٠٦/١٨٠١) بەو شێوە کە لە پشتیوانی رووسەکان بۆ بەهێزبوونی خۆی کەڵکی وەردەگرت، تا ڕاپەڕینی ١٩١٧ز. کە وەزەو هێزی رووسەکان شکاو ئەو رەژیمە گۆڕا، سمکۆ خاوەن دەسەڵاتی فرە پڕ هێزبوو (کتێبی سەوز، ١٢، ١٤١، ١٤٢، موعتەمە دولوەزارە، ١٨٢) دوای کشانەوەی رووس لە ئێران، هێزی مەسیحییە کۆچەرەکان و کوردەکانی رۆژاوای ورمێ کە لە ژێر فەرمانڕەوایی سمکۆی مەزن دابوون، دەسیان کرد بە پەرەدان بە فەرمانڕەوایی خۆیان، لە سەرەتاوە لە نێوان ئەو دوو بزاوە، یانی وزەخوزای مەسیحی بە کۆچبارەکان

لەلایەك و پەرەسەندنی وزەو هێزی کوردەکان لە لایێ دیکەوە، کە مەترسی و نیگەرانییەکی بە ڕواڵەت لە (ناوچەکە) بەدیهێنابوو، دژایەتییەك نەدەبیندرا، ئەو تەشکیلاتەی کە لە (موتتەفیقین) بەجێی مابوو، کۆچەرە مەسیحییەکان بەتایبەت تایەفەی جولۆ (جیلۆی ئاشۆرییان بە چەك چۆڵ و تەقەمەنی خۆیان تەتیار کردبوو، تا بتوانن هێزێکی بەرگیری و پاراستنی خەتی دیفاعی لە راست هێزی تورکی عوسمانیدا، بەهێز و بە قووەت بکەن ئەو هێزەشیان دابووە دەست سمکۆ تا لەگەڵ سمکۆ و هێزی بن دەست ئەو، بتوانن، هەروا پێوەندی پێشینی خۆیان راگرن، تا ئەو کات و ساتەی کە لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە جومادی دووەمی ١٣٣٦لە نێوان (بنیامین مارشیمۆن) پێشەوای دیینی ئاشۆرییەکان و (سمکۆ) لە کۆنە شاری سەڵماس، کارەسات روویدا، مارشیمۆن و هاورێکانی، لەناکاو کەوتنە بەر هێرشی کوردەکان (تەوفیق، ١٤-٣٦، موعتەمەد و لوەزارە ١/١٠، ٤١) دوا بەدوای ئەم رووداوە کە مارشیمۆن کوژرا، سمکۆ و هێزی پێشمەرگەی ئەو بەرەو شاری خۆ بە پاشەکشە رۆیشتن، سەڵماس و شاری ورمێ و زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوە بە ئاگری قین و تۆڵە ئەستاندنی ئەو ئاشووری و فەلانە سوتێندران و کاولکران. (تەوفیق، ٣٤-٤١، موعتەمەد دولوەزارە، ٤١-٥٦) باوەکو هەندێ لە سەرچاوەکانی ئاشۆری، رایانگەیاندووە کە ویلایەتی عەهد لە تەورێز، هۆکارو بزوێنەری کوشتنی مارشیمۆن بووەو دەستی ئەوی تیا بووە (نەعیم، naavem بەشی سێوەم، ورد werda ٥٢-٥٦، مارشیمۆن mar shimun، ٢١)، بەڵام لە بەڵگەنامەکانی ئێرانیدا بەڵگەیێ وا کە ئەوە بسەڵمێنێ یا ئەوەی کە سمکۆ لەو سەردەمانەدا هاوکاری لەگەڵ حوکومەتی ئێران کردبێ، نابیندرێ، لە راستیدا لەو هەڵومەرجەدا کە نوێنەری موتتەفیقین ئەونەیان وزە نەمابوو تا بتوانن هێزێکی ناوچەیی ساز بدەن تا جێگای رووسەکان پڕ بکاتەوەو لەم لایشەوە هێزی سەربازی عوسمانی خەریك بوو، وردە وردە بەرەو ئازربایجان بکشێ، ئا لە ئاوەها ئاڵ و گۆڕیانێکدا کە لەو ناوچەدا بە دیهاتبوو، گۆڕیانی جم و جوڵ و بزاوی سمکۆیش، دەشێ لە چوارچێوەی ئاوەها گۆڕیانێکدا، بنرخێندرێ.



بە هاتنە پێشەوەی هێزی عوسمانی و دامەزرانی ئەوان لە ورمێ لە کلکەی شەواڵی ١٣٣٦ کە بووە هۆی راکردنی هێزی مەسیحییەکان و پاشەکشەی باقی ئەو مەسیحیانە، بەرەو هەمەدان و کرماشان، سمکۆیش بۆ چهریق گەڕایەوە (تەوفیق، ٥٧-٦٥، موعتەمە دولوەزارە، ١٨٤-٢١٢) بە تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە مانگی سەفەری ١٣٣٧ کە سوپای عوسمانی لە خاکی ئێران دەرچوو، لەملاشەوە دەسەڵات بە دەسان لە ئێراندا وزەی ئەوەیان نەبوو کە بتوانن نەزمێك لەو هەرێمەدا دابین بکەن، لە ئاکامدا وزەو هێزی سمکۆ زیاتر گوڵی کردو خۆی قەویتر نیشان دەدا، لەوە بەدوا بە پێچەوانەی ئەوە کە حوکومەتی ئێران لە داب و دەستووری ئاشتی کەڵکی وەردەگرت و جار بەجار رێگای و تووێژ و ئاشتی دەگرتە پێش و جاری وایش هەبوو کە دەرەتانی وەگیر دەکەوت، شەڕی بە سمکۆ دەفرۆشت و پە سوپای قازاخەوە پەلاماری ئەوی دەدا هەروەکو لە جومادی دووەمی ١٣٣٨ هێرشی کردە سەر سمکۆ، بەڵام لە راست هێزی پێشمەرگەی سمکۆ خۆی پێ ڕانەگیرا، لە جموجۆل کەوت و پیس تێشکا و هێزی سمکۆ ئەونەی تر گوڵی کردوو بووە هێزێکی بێ هاوتای ئەو هەرێم و ئیقلیمە، سمکۆ لەو بوارەدا بێجگە لە هۆزی شکاك، زۆرینەی کوردەکانی ئەو ناوەو هۆزەکانی کورد، لە دەوری ئەو ئاڵابوون و ئەو دەرفەتەیان قۆزتبووەوەو حەزیان پێی دەهات.

لە مانگی رەبیعی دووەمدا لە (١٣٣٩) سمکۆ بە کەڵك وەرگرتن لە دژو دژایەتی سیاسی (رامیاری) لە نێو دەسە و پۆڵ پۆلەکانی نێو شاری، بەپێی یەکێ لەوانە کە هاواری بۆ سمکۆ برد کە بێتە نێو شارو هەوساری ورمێ بگرێتە دەست و ئەویش شاری ورمێی گرتە دەست، بە سەرەنجدان بەوە کە مەسیحییەکان لە رابوردوودا لە کاتی دەسەڵاتدا، کوشت و کوشتار و تاڵان و برۆیی بەرفرەیان لە شارو ئاوایەکاندا لەو نێوەدا خشتبووە سەر گازەرەی پشت و داریان بەسەر بەردەوە بەجێنەهێشتبوو، سمکۆ لەوپەڕی وزەو هێزەوە خوێی لەویدا دی، جا دوای ماوەیەك بە پەلە و بە لەز بەرەو باشوور، ئاژوتی و لە ناڤینی مانگی رەزبەری ١٣٠٠، سابلاغ: (مەهاباد)ی گرت و لە بەرەکانی دیکەی سوپای حوکومەتیدا هێرشی ئەوانی بەرپەرچ دەدایەوە، بۆ وێنە

لە ئاوایی قزڵجە لە (رێبەندانی ١٣٠٠) و لە میاندواودا لە (جۆزەردانی ١٣٠١) کە زەرەر و کۆسپی فەرە قورس لە سوپای حوکومەت درا (جیهانبانی ١٢٢-١٤٩)، بەڵام کاتێ بە سەرپەرشتی رەزاخان سەرداری سۆپا، سۆپایێ یەکدەی و یەك دەنگسازدرا و ئەو سوپا نۆیە لەدەست شۆرشگێرانی گێلان، و چالێکیاندا و هەندێ حەسانەوە، خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر سمکۆ و یارانی ئەو سازدا و لەولاشەوە لە تەك مستەفا گەماڵی تورك بۆ لە نێو بردنی بزاوتی سمکۆ، سازاو تاقمێکی بە سەرپەرشتی (مومتاز ولدەر لە) ناردە تورکیە، هاوکات لەگەڵ سازانی تاران و ئانکارا (ئیعتیماد موقەدەم، ٩٣-٩٦) بوژاندنەوەی سپا و دامەزراندنی واحید گەلی هێزی شەرکەر، بۆ شەرگە بە دژی سمکۆ، کە سوپای ئێران ئەو سەردەمە کوتبووە بن فەرمانرەوایی (ئەمانوڵڵا میرزا جیهانبانی سەرتیپ) و لە ناقینی مانگی گەلاوێژی ١٣٠١ هێرش بە دژی سمکۆ دەستی پێکرد. لە کاتێکدا بەشێ فرە لە هێزە دەوڵەتی لە شەرەفخانە مۆڵی خواردبوو سوپایەکی بەرەو شاری (خۆ) رەوانەکرا و هەروا لە میاندواو لە باشوور، هێزی شەرکەر دامەزرێندرابوون، هێرشی ئەسڵی بە دژی سمکۆ لە ١٢ مانگی پوشپەر لەلای تەسوجەوە دەستیپێکرا، هەرچەند کوردەکان مێرانە و شێرانە، بەرگیری و بەرەوانیان دەکرد، بەڵام هێزی شەرکەری حوکومەتی چوون تەیارتر بوون، بەرە بەرە چوونە پێشەوەو لە ١٨ی مانگی پوشپەر کە (دیلمەقان)یان داگیرکرد، بەرەوانی کردنی سمکۆیان لەورە خست و تێشکان، و لە ٢١ پوشپەردا چهریقیشیان داگیرکرد و پێگەی بنەرەتی سمکۆ کەوتە بەر تالان و برۆی سوپای رەزاخان (جیهانبانی، ١٨٥-٢٦٢). لە حالێکدا دوای دەیان ساڵ شەرو کوشت و کوشتار لە ورمێ و سەلماس و ئەو ناوە، کەم کەم ئەو ناوچە و دەوەرە، کەوتەوە دەست حوکومەتی ئێران، سمکۆ کە تا هەزار پێشمەرگەیەکی بە دەورەوە مابوو لە بەرزاییەکانی خاکی کوردستانی دابەشکراوی نێوان ئێران و تورکیەدا لەگەڵ سوپای تورك و ئێران خەریکی جەنگ و بەرەنگاری بوون و سەرەنجام بەدەست تورکانی داگیرکەری تورکیا لە مانگی رەزبەری ١٣٠١ تێشکان و سمکۆ چوو بۆ لای مەلیك مەحموود حەفید بۆ شاری سلێمانی لە



عێراق (مەکۆی بەڵگەنامە.. ٣٤ و ٢١ و ١٨٠٩/١٨، جیهانبانی ٢٦٣-٣٦٥) کە لەو نافینەدا ئینگلیسەکان پاڵەو پەستۆیان داو نەیانهێشت کە شێخ مەحموودی نەمر یارمەتی بداو مەلیك مەحموودیش بەدەست دەوڵەتی بەریتانیاوە گیری خواردبوونەی توانی بە هانای سمکۆوە بچێ، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەیالەتی موسڵ بەگزی و فزی لێکندرا بە عێراقەوەو دەوڵەتێکی دەستکرد و دەست نیشانی عەرەبی وەك عێراق خوێناوی، بەلکاندنی چەن ئوستانی کوردنشین وەك (موسڵ، سلێمانی، کەرکووك، هەولێر و دهۆك و...) لەبەر خواردنی نەوتی کوردان، ئەو عێراقەی سازداو بە زۆرە ملێ نیشتمانی کوردی پێوەلکاند. جا دوای ئەم گزیکارانە و خۆ دامەزراندنی ئینگلیس لە بەغا (کۆنە نیشتمانی نەتەوەی کورد). جا تورکی عوسمانی و سوپای ئینگلیس و رەزاخانی ئالاشتی پۆخلەوی لە هەرسێ لاوە هێرشیان دەکردە سەر سمکۆ، ئەویش لە چیا و چرپر لە دارو دەوەنی نیشتمانی کوردان، لەم چیا بۆ ئەو چیا شەرگەی ساز دەدا و کێوە بەرزو تەرزەکانی کوردستان، زۆر بە دڵسۆزانەوە پەنایان دەدا و جێگایان بۆ پشودان و مانەوە بۆ سمکۆ دەرازاندەوە (مەك داوال Mc Kdowall... ١١٥-١١٨). جا سمکۆ دوای تەقالایەکی فراوان بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ ئینگلیسییەکاندا بکەوێتە و تووێژکردن بەڵکو رێگایەك بۆ ئازادی کورد و کوردستان بدۆزێتەوە لە پایز و زمسانی ١٣٠١ کە ئینگلیسییەکان ئامادە نەبوون لەگەڵ سمکۆدا بئاخوێن، لە تاوسانی ١٣٠٢ی هەتاویدا لە نێو چیاکانی نیشتمانی کوردستان خۆی نیشاندا و تورکی عوسمانیش لە هەوەڵەوە لە بیری ئەوەدا بوو تا بەڵکو دڵی سمکۆ بەجێبێنی و فریوی بدا (راگەیاندنی راپۆرتی Iranpolitical diaries... ٣١٢/٦، ٤٤٦، ٥٥٨ و ١٩٨/٧) دەنگوباس و راپۆرتەکان لە ١٣٠٣ی هەتاویدا، لەوە دەدوان کە سمکۆ لە نێو چیاکانی دابەشکراوی کوردستانی نێوان حوکومەتی ئێران و تورکی عوسمانی دایە و لەوە دەچوو لەگەڵ تورکییە لە تووێژدایە (هەر ئەوە ١٥/٧، ٦٥، ٩٥٨-٩٩٥) دیارە دوا بەدوای ئەوە بوو کە خاوەن دەسەڵاتانی نیزامی ئێران وایان بە باش زانی کە لەگەڵ سمکۆ ئاشتی بکەن و لەگەڵ

ئەودا بسازێن و لە ئاکامدا، سمکۆ و یارانی گەڕانەوە بەشی کوردنشینی ئێران، لە ناوەڕاستی مانگی گوڵانی ١٣٠٤، دوای ئەوەی لە کۆنە شاری لای سەڵماس چاوی بە عەبدوڵڵا خانی تیهماسبی کەوت، سمکۆ لەگەڵ دوو سەد کەس لە ئەندامانی بنەماڵە و یارانی خۆی لە سۆمای برادۆست جێگیربوو (ئێران ١٦ی گوڵانی ١٣٠٤، ٣). دوای ماوەیەکی کەم لە کلکەی مانگی جۆزەردانی ئەو ساڵە، بە رێنوێنی و دنەدانی عەبدوڵڵا تیهماسبی رەزاخان بە خۆی و چەند کەس لە سپیاهیان بە شێت جیبە سڕەوە بەرەو ئازربایجان بۆ دیدار و دڵخۆشی دانەوەی سمکۆ، خۆیان گەیاندە چهریق ناوەندی هێز و نشیمەنی سمکۆ (مەکی، ٣/٤٣٥-٤٣٧). بەو حاڵەشەوە، دەورەی ئارامبوونەوەی سمکۆ زۆری نەخایاند، چونکا لە پاییزی ١٣٠٥ی هەتاویدا دژی و شەڕە دندوکە، لە نێوان ئێران و تورکی عوسمانیدا بۆ دیاریکردنی سنوور پەیدا ببوور ئاخۆ کێهەیان فرەتری لە خاك و نیشتمانی دابەشکراوی کورد دەستکەوێ؟ هەر دوولا یەکتریان بە پشتیوانی کردن لە بزاوی کوردەکان، تاوانبار دەکردو لەم ناڤەدا سمکۆ دووبارە کەوتە جموجۆڵ و لە سەرەتای مانگی رەزبەر لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا هێرشیان بردە سەر سەڵماس، بەڵام لە بەرا ئێران پێگەی ئەوێیان تەژی کردبوو لە سوپاو شەڕفرۆشانی حوکومەتی، لە ئاکامدا سمکۆ نەیتوانی ئەو پێگە نیزامییە بگرێ و پاشاری نەکردو گەڕا دواوەو لەم لاشەوە، ئێران حوکومەتی تورکییەی تاوانبار دەکرد کە بە ئانقەست لای بۆ هێرشی سمکۆ بۆ سەر سەڵماس شلکردووەو یارمەتیشی داوە.

سەرچاوە: ١- ئیحتیسابیان، ئەحمەد جوغرافیای ئێران، تایبەت بە فێرانکۆکانی نیزام تاران. ج٢ ئیتلاعات ژمارە ٦ گەلاوێژ ١٣٠٩. ٢- ئیعتماد موقەدەم، میهدی یادێ لە رابوردوو، تەجریش ١٣٥٤، ئێران (رۆژنامە ژمارە ١٦ گوڵان ١٣٠٤). ٣- ژمارە١ گەلارێزان ١٣٠٥ هەتاوی، ٣، بە بات کاوە شۆڕشی کوردەکانی تورکیە و شوێندانانی ئەوە لەسەر پێوەندیگەلی دەرەوەی ئێران ١٣١٠-١٣٠٧ تاران نەشری تاریخی ئێران ١٣٧٤ هەتاوی) تەوفیق. رەحمەتوڵڵا تاریخچەی ئورمیە (ورمێ، یادداشتی لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاژاوەکانی دوای ئەوە، تاران،



شیرازە، ١٣٨٢، جیهانبانی ئەمانەڵڵا میرزا لە دەورانی دەرخشانی رەزا شا کەبیر، تاران ١٣٤٦، سازمانی ئەسنادی میللی ئێران ئارشیو، ناوەندی ئەسنادی وەزارەتی ناوخۆ، ئارشیو، سەجادی عەلائەدین مێژووی راپەڕینی کورد، تەرجەمەی ئەحمەد محەمەد سنە، بلاڤوکی کوردستان ١٣٧٩ی هەتاوی، کتێبی سەوز (بێ لایەنی ئێران) بە کۆششی رەزا قولی نیزام مافی: (کورد) تاران نەشری تاریخی ئێران ج٢، ١٣٦٣، کیسرەوی ئەحمەد تاریخی مەشروتەی ئێران، تاران ئەمیر کەبیر، ج١٥، ١٣٦٩، کۆچەرا راپەڕینی نەتەوایەتی کورد، تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی، تاران نیگاە، ١٣٧٣، مەرۆدخ روحانی بابە تاریخی مەشاهیری کورد، بەشی دووەم ج٣ (ئەمیران و خانەدانەکان) تاران سروش ١٣٧١، موعتەمەدولوەزارە، رەحمەتوڵڵا ئورمیە (ورمێ) لە جەنگی جیهان سوزدا بە کۆششی کاوە بەیات تاران شیرازە، ١٣٧٩، مەکی حسێن تاریخی بیست ساڵەی ئێران، ج٣ تاران ئەمیر کەبیر ١٣٥٧ی هەتاوی.

Iran political diaries 1881-1965, General editor R. M. Burrell, Vols 6-8, Archive edition, 1997, Marshimun, Surma D’Abait-assyrian, church customs and the Murdes of Mar Shimun, 1920, Assyrian international News Agency Book Online; Mc Dowall, David, Amodern History of the Kurds, London, I. B. tauris, 1966, Naayem, Rev. Joseph, shall this nation Die 2, 1920, Assyrian News Agency Books Online; werda, Rev. Joel, E. the filivkering light of Asia or the Assyrian international News Agency Books Online.

فەرهەنگی ناماوەرانی سەردەمی ئێران ج٢ ئەلف ئەلف، سین چاپی یەکەم ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی تاران، کاوە بەبات.

١- هۆزی شکاك لە ساڵی ١٩١٨ز، زیاتر لە (٢٠٠٠) بنەماڵە بوون، دوای مردنی باوکی سمکۆ جەعفەر ئاغای برا گەورەی بووە سەرۆك هۆز.

٢- تەزار نیکلای دووەم جەعفەر ئاغا و عەبدولرەزاق بەدرخان و سەیید تاهای شەمزینانی بانگ کردبووە (رووسیە) جا لە ترسی رووس بۆ دڵخۆشی دانەوەو بۆ فریودان دوای بزاوی ساڵی ١٩٠٦ز، جەعفەر ئاغای شکاك بانگ کرایە تەوریز و لە ١٩٠٧ز، بە فێڵ شەهیدیان کرد، لەوە بەدوا سمکۆ سەبارەت بە حوکومەتی ئێران رقی لە دڵ گرت، لە پشتیوانی دەگەڕا کە یارمەتی بدا چ رووس یا ئینگلیس، جا ئەوە بوو لە (وان) چاوی بە کاتێن دیکسن Dickson وابەستەی نیزامی بەریتانیا کەوت. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەریتانیا دەیویست ئەرمەنی و ئاشۆری و کوردەکان بە رابەری سمکۆ بە دژی عوسمانی یەکخا، تا تیاچوونی بەرەی رووسیە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام سمکۆ گزی و فزی موتتەفیقینی دادواوە.

٣- لە ٢٥ی فەوریەی ١٩١٨ مارشیمونی کوشت.

٤- لە ١٩١٨ کە هێزی عوسمانی کشا دواوەو پەیمانی تەرکی جەنگی مۆرکرد، سمکۆ گوڵی کردو بووە سەرۆك و رابەری کورد، جا لەو نێوە کەم کەم پەرەی بە دەسەڵاتی خۆیدا بەتایبەت کە حوکومەتی قاجار تیاچوو، سمکۆ زیاتر گوڵی کرد، تا کودەتای رەزاخان لە ١٩٢١ز، کە دوای شەر حوکومەتی ئێران لەوپەڕی هەژاری و دەست تەنگیدا بوو، سمکۆ رۆژ بۆ رۆژ پەرەی بە دەسەڵاتی خۆی دەدا.

٥- حوکومەت هەر لە سەرەتاوە دەیویست بە هەر فێڵێك بگونجێ سمکۆی مەزن لە نێو ببا، بۆ بەستەیەکیان لە تەقەمەنی بۆ نارد، هەرچەند بۆم تەقی و یەکێ لە براکانی سمکۆی کوشت بەڵام سمکۆ نەکوژرا.

٦- سمکۆ لە ١٩١٩ شاری ورمێی گرت و پیاوەکانی ماڵی خەڵکیان تاڵان کرد، کە نەدەبوو خەڵك تاڵان بکاو خەڵك لەخۆ برەنجێنێ (شەپۆل).

٧- لە ١٩٢١ و نیوەی ئەوەڵێ ١٩٢١ سمکۆ هەندێ ئارام بوو، بەڵام دوایی زانی کە لەشکرێکی کۆمەگی لە تارانەوە بەرەو تەوریز بەرێکراوە، سمکۆ بۆ ئەوە



هێزی خۆی نیشان بدا سابڵاغ (مەهاباد)ی موکری لە پاییزی ١٩٢١ گرت، سەیید تاها شەمزینی مێردی گوڵزار خانمی کچی جەعفەر ئاغای برا گەورەی سمکۆ و راوێژکاری سمکۆ لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٣١ بە چەند سەد سوارێکەوە هێرشی کردە سەر سابڵاغ و بۆرۆژی دوایی سمکۆ بە ٢٠٠٠ سوار هاتە یارمەتیدانی سەیید تاها شەمزینی، ژاندارمەکانی ئێران کە ٥٥٠ کەس دەبوون تاروماریان کردن و خەڵکیشیان تاڵان کرد. (دوکتور رایت... ٣٨١)، لەو بابەتەوە خەڵکی مەهاباد، لە سمکۆ قەڵس بوون، هەرچەند سمکۆ وتی: من لەو تاڵانە توڕەم و هیوادارم تۆڵەی بکەمەوە، گەورە پیاوانی مەهاباد سمکۆ بە باوکی ناسیونالیستی کورد دەزانن، بەڵام لێشی توڕەن (کۆچەرا، ٦٢)، لە شەڕی شەرەفخانەدا سمکۆ بە کوشتنی سام خان ئەمیر ئەرشەد قەرەداغی، تۆڵەی جەعفەر ئاغای برای خۆی لە زەرغام کردەوە (تاریخی ئەحمەد کیسرەوی، ١٩٥).

٨- لە نەوامبری ١٩٢١ و لە دیسامبەری ١٩٢١ سمکۆ دوو تێشکانی بەسەر لەشکری ئێران هێنا کە ناچار شاری (خۆ)یان بەجێهێشت، دوای ئەو دوو سەرکەوتنە سمکۆ، هەموو سەرۆکی هۆزی ئەو ناوە. فەرمانی سمکۆیان قەبوڵ کرد، بۆ وێنە عومەر خانی مامی سمکۆ، بەتایبەت کە لەگەڵ سەیید تاها یەکبوون لە رۆژئاوای دەریاچەی ورمێوە (بانە) و تا (بیرە کەپرە) لە مەڵبەندی زێباری کەوتە بن دەست سمکۆ. بە پەرەگرتنی دەسەڵات، سمکۆ بە وێنەی سەربەخۆکاری دەکرد و سەربەخۆ بوو، هەرچەند (حەسەن، ئەرفەع و ئوزدەمیرك تورك) سمکۆیان بە تاڵانچی، رێگر، زاڵم، پەست و نادروست ناویان دەبرد، بەڵام سمکۆ مرۆیی عەجیب و لەڕاستیدا کەسایەتییەك بوو عەجیب و بوغرەنج و ناسیونالیستێکی بەڕاستی بوو، مرۆیی بوو پاك، جوامێر، بە جلك و لیباسە کوردییە جوان و پاك و قەڵافە بە شکۆ و سامناکەکەی، خوێی کە هەر لە ئەوروپایی دەچوو، فرە شوێنی لەسەر ئینگلیسییەکان دانابوو (کۆچەرا هەر ئەوێ)، سمکۆ هەمیشە لێو بە بزەو شەرمین بوو و لە چەریق لە قەڵاو باڵەخانەی خۆی، نیشتەجێ بوو کە باوکی ئەوەی لە نیزیك

قەڵایەك لەسەر سەخرەیەك (گاشە بەردێکی ساقی مەڕمەڕی) لە نێو ڕاستی چەمێکدا سازدابوو لەڕاستیدا جێگای هەڵۆی کوردان بوو دەتگوت بەشێوە خانووبەرەی ئەم ڕۆژگارە سازدراوە، ئەو نە جوان و ڕێك و پێك و رازاوەو گشت پێداویستی ژیانی لێ سازدرابوو و تەنانەت پیانۆیشی تیابووەو خەتی تەلەیفونیشی هەبووە کە چهریق لەگەڵ (سابڵاغ و Dilman دەیلەمان) و ناوەندەکانی دیکە پێوەندی هەبوو (کۆچەرا، ٦٤). سمکۆ دوای جەنگی ئەزدیکان لە نوامیری ١٩٢١ بە دەرەجەداریێ کە یەخسیری بووە دەستوور دەدا جۆری کارکردن بە موسەلسەل نیشان بداو ئەویش موسەلسەلەکەی ئێران کە کەوتبووە دەست سمکۆ و خراپ ببوو چاکی دەکاتەوەو خەشابێکی دەخاتە سەرو دەیەوێ سمکۆ بکوژێ، سمکۆ بە پەلە خۆ دەدا بە سەر ئەودا و پێی دەڵێ زانیم چلۆن کاردەکا، سمکۆ لە بوێری ئەو دەرەجەدارە یەخسیرە خۆشی دێ، لە باتی ئەوەی بیکوژێ لەگەڵ چەند ئەسیری دیکەدا ئازادی دەکا و بەهەر مامیشیان یەکی یەك سلاّ دەدا و تا خەتی ئێرانییەکانیش رەوانەیان دەکا، ئەمە مێرانی، جوامێری و پیاوەتی و مرۆڤانی سمکۆی مەزن دەسەڵمێنن (کۆچەرا، ٦٥) سمکۆ لێ روون بوو کە دوای رمیانی رەژیمی شاهەنشاهی لە ئێراندا کوردستان یا سەربەخۆ یا خودموختار دەبێ، جا لە ١٩٢٢دا نامەیەکی پڕ لە توانج و تەشەر بۆ (زەفەر و دەولە) فەرماندەی فەوجی ئازربایجان دەنووسێ دەڵێ: بزانە چۆن نەتەوەیەکی بچووك مافی رەوای خۆی لە ئەلمان سەند لێم سوورە نەتەوەی گەورەو گرانی کوردیش ماف و حەقی خۆی لە حوکومەتی ئێران دەستێنێ. (کۆچەرا، هەر ئەو شوێنە).

٩- سمکۆ زۆر تێکۆشا تا ئینگلیس وادار بە پشتیوانی کردن لە کورد بکا و بە هۆی بابەکر ئاغای کورد لە ئۆکتۆبەری ١٩٢١ چاوی بە کاکیس کەوت، بە کاکیسی وت ئەگەر یارمەتیم بدەن کوردستانی بن دەست تورکی عوسمانی و ئێران ئازاد دەکەم، بەڵام ئینگلیس یارمەتی سمکۆی نەدا و هەروا رووس و فەڕانسەش پشتیوانیان لە سمکۆ نەکرد (کۆچەرا هەر ئەو شوێنە، ٦٦-٦٧).



١٠- سەرهەنگ عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر)ی تورکی عوسمانی دیتی سمکۆ گوڵی کردووەو گشت کوردستانی گرتۆتە بن دەست، تێگەیی کە سمکۆ مرۆڤێکی کارزان و عەجبە و شیاوی ئەوەی هەیە لەلایەن ئەوانەوە، پشتیوانی لێ بکرێ، بەڵام حوکومەتی ئێران ترسی لێنیشت و بە فێڵ لەگەڵ تورکی عوسمانی بە دژی سمکۆ لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ پەیمانێکی گرێدا و ئەوە یەکەمین پەیمانێ بوو کە بە دژی نەتەوەی کورد گرێدرا. (یادداشت لە بارەی شەریف پاشا، کۆچەرا، هەر ئەوێ، ٦٨).

١١- سمکۆ لە بەهاری ١٩٢٢ پیاوێ دەنێرێتە باکۆ تا بەڵکو یارمەتی بدا کە وەڵام نەرێ بوو (کۆچەرا، ٦٨)، بە دەستووری ژەنەڕاڵ شەبانی لە ئاوریلی ١٩٢٢ پێنج سەد کەس لە شۆڕشیانی گیلانی بە فەرماندەیی خاڵ قوربانی کورد (کە دوای لە نێو چوونی حوکومەتی گیلان (میرزا کوچکخان) بە پلەی سەرگوردی لە ژاندرمری ئێران کاری دەکرد) ناردی تا بەگژ سمکۆ دابچی، بەڵام خاڵۆ قوربانی کوژرا و ئەو کارەش بۆ (شەیبانی) نەیگرت و رەزاخان بەدەست سمکۆوە گیری خواردبوو، هەرچەند سمکۆیش نەیتوانی لەو هەلومەرجە کەڵك وەربگرێ، چوون هەم کەرەسەی پێویستی بۆ جەنگ نەبوو هەم لە نێو هۆزەوارییەکەیدا کێشەو رقەبەرایەتی هەبوو.

١٢- لە ژوئێنی ١٩٢٢ سمکۆ لە شەمزینان چاوی بە حەیدەر بەگ والی پێشینی موسڵ دەکەوێ و دەبێتە هۆی ترس و نیگەرانی ئینگلیسییەکان لە عێراق و لە ژوئیەی ١٩٢٢ بەسەرکردەیی جیهانبانی ٨٠٠٠ سەرباز لە هێزی ئێران بۆ شەڕکردن بەرەو لای سمکۆ و سەلماس کەوتنە ڕێ. لە ٢٥ ژوئیەی ١٩٢٢ لە (شەکەریازی) یەکەم سەڕ و ئاخر شەڕ قەوما و پیادەکانی کورد چوارجار هێرشیان بردە سەر سوپای ئێران و خۆیان خزاندە نێویان و بە شیر و خنجێر کوشتارێکی زۆریان بەسەر سوپای ئێراندا هێنا، بەڵام سپای ئێران سەرەنجام خۆی گەیاندە شاری ورمێ کە چوار ساڵ بوو بەدەست کوردەوە لەوێشەوە بۆ چهریق کشا.

١٣- لە ئوتی ١٩٢٢ سوپای ئێران لە شاری تاش ئاوقەی سکۆ بوو سمکۆ ناچار پەنای بردە بە چیای شاری تاش و تورکی عوسمانی پێشمەرگەکانی سمکۆی لە چەك دارێنی و بە ڕواڵەت پەنای بە سمکۆدا.

١٤- لە ئۆکتوبەری ١٩٢٢ سمکۆ بەرەو عێراق ڕۆیی و گەشیتە هەولێر و هەموو شتێکی لەکیس چووبوو، تۆپ، موسەلسەل، کەرەستەی جەنگ، خانمەکەی شەهد کرابوو کوڕی شەش ساڵەی کە گلێنەی چاوی بوو، یەخسیر کرابوو، بەڵام بە قسەی ئینگلیسییەکان کە چاویان بە سمکۆ دەکەوێ، دڵی لە ئێرانیان زۆر دڕدۆنك نابێ، بەڵام لە تورکی عوسمانی تووڕە بووە، کە پشتیان لە سمکۆ کردووەو دەیەوێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە بۆیێ چووبووە عێراق بەڵکو ئینگلیس یارمەتی سمکۆ بدا و لە دێرە (Dero) چاوی لە (سی. جی. ئەدمونذ) دەکەوێ کە هیچی دەست ناکەوێ.

١٥- سمکۆ کە لە ئینگلیس هیوا بڕ دەبێ، سەد تاها شەمزینان بەجێدێڵێ و دەچێتە سلێمانی و لەوێ لە ٨ ژانویەی ١٩٢٣ وەك سەرۆکی حوکومەتی پێشوازی لێ دەکرێ و ڕێژەی نێزامی و هەیت و هوتی بۆ ساز دەکرێ. سمکۆ یەك مانگ و چەند ڕۆژ لە سلێمانی دەبێ ئەو یارمەتییەی ئەو دەیەوێ بە حوکومەتی شێخ مەحموود ساز نابێ و لەو کاتەی کە نێوانی ئینگلیس و مەلیك مەحموود خەریکە ئاڵۆز دەبێ، سمکۆ دنەدەرێ کە لە سلێمانی بڕوا. سمکۆ لە سلێمانی دەڕواو ساڵێك خۆ دەرناخاو لە ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ ژەنراڵ تیهماسبی قسە دەکا و دەچێ لە چهریق دادەنیشێ و ئێران سەرناخاتە سەری و لە ١٩٢٥ لەگەڵ ڕەزاخان (شا) قسە دەکا و بەڵێن دەدا، ئەگەر سەرنەخەنە سەری و درۆی لەگەڵ نەکەن، وەفاداربێ، بەڵام درۆیان لەگەڵ کرد و ئەویش دوای ساڵێ بە چەند سەد کەسەوە لە کوردەکانی هەرکی دەشتی سەڵماس دەگرێ و سەڵماسیش دەور دەدا، بەڵام لە دەست لەشکری ئێران دەشکێ و بەرەو کوردستانی بن دەستی تورکیە دەڕواو لەوێ تورك دەیگرن و لە چەك دادەڕنن و بەندی دەکەن و دوای ئازادبوون لە ١٩٢٦ بەرەو عێراق (کوردستان) دەڕواو لە ١٩٢٧ دەگەڕێتەوە کوردستانی تورکیە و لە ١٩٢٨ دەچێتەوە عێراق (کوردستان) و



هەڵوەدابووەو، بەڵام ئێران دڵخۆشی داوەتەوە، سمکۆیش هاتۆتەوە شاری شنۆ تا بە خەیاڵ وتوویژ بکا، بەڵام بە ڕەشەکوژی کوشتیان (١٩٣٠) (کۆچەرا، ٥٩، ٧٢ ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد چاپی یەکەم ١٣٧٣ی هەتاوی تاران بڵاڤوکێ نیگاه تەرجەمەی فارسی ئیبراهیم یونسی)، لە سیپارەی سێ مێری عەجیب (لۆرس، چۆن هاتە ئێران؟ و سمکۆ چۆن ڕاپەڕین و بزاوی سازدا؟ و سەیید فەرهاد چۆن لە زیندان ڕایکرد؟ چاپی عەتایی تاران ١٣٦٣ی هەتاوی. سمکۆ بەنێوی مێری عەجیب ناوبڕیاوەو سەبارەت بە بوێری، جوامێری و زیرەکی و لە کارزانی ئەو قسە کریاوە کە لە ڕۆژنامەی مەردی ئەمڕۆدا لە (٢١ی گوڵان و سێی ڕەشەممەی ١٣٢٥ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە (نصرت الله شیفتە). ئەوانە تا ماوەیەك بوونە هۆی پشێوەو ئاڵۆزبوونی زیاتر لە نێوان حوکومەتی ئێران و تورکیەدا، ئێران (سەرەتای مانگی گەلاڕێزانی ١٣٠٥، ٣ بەیات ٦٦). لەوە بەدوا بە پەرەسەندی پێوەندی سیاسی نێوان حوکومەتی ئێران و تورکیە و عێراق بەتایبەت کە زیاتر سووربوون لەسەر شەڕ فرۆشتن بە کوردە ناسیۆنالیستەکان، کە هەرسێ حوکومەت وێکڕا بە تەواوی هێزەوە ویستیان لە ڕاپەڕین و بزاوی کوردە ڕاپەڕیوەکان بەرابەری سمکۆی مەزن بەرگیری بکەن، جا ئەوە بۆ هەرسێ حوکومەت وێکڕا بە دژی بزاوی سمکۆ لە هەر لاوە هێرشیان کردە سەر سمکۆ و ئەویش بە جەنگی پارتیزانی بەرەو ڕەواندز ڕۆیی و سەرلەنوێ حوکومەتی ئێران بۆ فریودانی سمکۆ دەرگای وتوویژی خستەوە سەر گازەرەی پشت، کە دەیەوێ ئاشتی لەگەڵ سمکۆدا بکا، بەڵام ئاشتی سەری نەگرت و سمکۆ بۆ ماوەیەك چووە لای شێخ ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان (ڕاپۆرتە سیاسییەکان ٥١٨/٧، ٩٨/٨، ٣١٢) لە کلکەی مانگی پوشپەری ١٣٠٩ سمکۆ لەگەڵ دارو دەستەکەی دیسان هاتە شاری شنۆ بۆ ئەوەی کە بە خەیاڵ وتوویژ بکا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی لەشکری، بەڵام لە ٢٧ی پوشپەردا بە کزی و فزی شەهیدیان کرد (ئیتلاعات ٢) لەو شوێنەوە کە بەشی فرە گرینگ لە دەورانی ڕاپەڕین و بزاوی سمکۆی مەزن، لەگەڵ سەرەتای وردبوونەوەی نەتەوایەتی لە نێو کورددا هاوکات بووە لەگەڵ نووسینی مێژووی ناسیۆنالیستی

کوردو کوردیش جێگایێ تایبەتیان بۆ سمکۆی داناوە (سەجادی، ٢٣٩-٢٥٩، کۆچەرا، ٥٩-٧٢) کارو کردەوەو جیهان تێڕوانی بە لەبەرچاوگرتنی کارەکانی سمکۆ لەڕاستیدا دەبێ بڵێین راپەڕینی سمکۆی مەزن لە بنەڕەتا هەویەی هۆزەواری و سوننەتی هەبووە، چونکا بێ بەزەیی بووەو لە تەك سەرۆك هۆزەواری ترا. باش نەساراوە تا بتوانێ کوردەکان موتتەحید بکا و لە رێگای ئاشتی و یەکیەتییەوە بۆ ئازادی کورد و کوردستان تێبکۆشن، هەرچەند خەڵکی کوردیش لە و سەردەمەدا وریاببوونەوەو دەوڵەتە زلّ هێزەکانیش پشتی کوردیان نەگرت (شەپۆل).

زۆربەی حاکمانی ئێران لایان وابوو کە لەباتی خیلافەتی تورکی عوسمانی ئەگەر حوکومەتی تورکی وەك مستەفا کەمال دامەزرێ زیاتی دەبێتە هۆی ئاشتی و ئارامی نێوان دوو حوکومەت جا ئەو بیروڕایە بووە هۆی گرێدانی قەراری (ویدادیە و تەئمینیە) لە مانگی گوڵان ١٣٠٥٤، بەڵام حوکومەتی تورکیە دوای ئەوەش کوردەکانی بە دژی حوکومەتی ئێران تین و تاو دەدا و لە ئاکامدا ناسیۆنالیسمی کوردی ئەوەنەی دیکە لەسەر کورد بوونی خۆیان سووربوون و سووتر دەبوون، لەو کەین و بەینەدا حوکومەتی ئێران بای دایەوەو رایگەیاند: کورد و ئێرانی رەگەز و فەرهەنگیان یەکە و جیانین، بەم جۆرە، دەیویست سەرنجی کورد بۆ لای ئێران رابکێش و لە پشتەوە، وەك هەمیشە بە خەنجیر دایان پلۆسی. نوکتە لەم لاشەوە کەسانێ وەك دکتور مەحموود ئەفشار، فەرزو زانیان کە قەراردادی (ویدادیە و تەئمینیە) فرە کەم و کوڕی تیایە، باش وایە ئێمە دڵی کوردەکانی ئێرانی کە لە رەگەزی ئاریا و ئێرانین فرەتر بەدەست بێنن، ئەو کات هیچ زەرەرو زیانێ نابێ ئەگەر رۆژێ کوردستانی بن دەست تورکی عوسمانی (سەربەخۆ بن و ئازاد) و لە نێوان ئێمە و حوکومەتی تورك یەك دەوڵەتی کوردی ئێرانی رەگەز، ساز بدرێ، ئەو ساتا ئەندازەیەك ئێمە لە مەترسی زەرد، ئاسۆ دەخاتر بکا. (گۆڤاری ئایەندە ژمارەی یەکەم، پوشپەڕی ١٣٠٤ پەڕەی ٦٢ و بەیات هەر ئەوە، ٦٨). هەروا کەسانێ دیکەی وەك نەسروڵڵا خان بیهنام و میرزا نەسروڵڵا خان ئیعتیلائولمولك (خەلعەتبەری) کە حاکمی کوردستان بوو



هەروا میرزا عەبدولحسێن خان تەیموور تاش وەزیری دەرباری پەهلەوی، لایان وابووە (ئەگەر بۆ فریونە بووبێ) نابێ دڵی کورد لە ئێران بشکێ چوون رۆژێك دێ کورد، وزەو هێزو رێزو گرینگی خۆیی پەیدا بکا، جا لەبەر ئەوە باش وایە دەوڵەتی بچووکی کوردی ئێرانی رەگەز ساز بدرێ، لە نێوان ئێمە و حوکومەتی تورکی عوسمانیدا. لەم لاشەوە (فروغی) دەیووت: (تۆی لەقی سەربەخۆیی کوردستان ئینگلیسەکان لە نێو زارو دەمی کورددا، توروکاندویانە). ئێمە دەبێ لەگەڵ تورکیە بسازێن، جا ئەوە بوو لە نێوان دوکتۆر مەحموود ئەفشار و ئیمتیلائولمولك و تەیموور تاش و فروعی و هەندێ لە ئەندامانی کۆمەتیەی دیاری کردنی سنوور جیاوازی بیروڕا پەیدا ببوو، فروغی بە پێی باوەڕی پووچی خۆی فریوی حوکومەتی تورکی عوسمانی خواردبوو دەیوویست (تەحدیدی حودود و تەئمینی حودود) پێکەوە مۆر بکرێن و تەنانەت تەئمینی حودود پێش بخرێ و دەست بە کورد کوشتن بکرێ و بەڕێوە ببڕێن، کە هەروایش مۆرکراو حوکومەتی ئێران و تورکی عوسمانی چ لەم دیوو چ لەو دیو دەسیان کرد بە کوشتاری کورد و کوردیان لەو ناوەدا کۆچ داو هەڵات هەڵاتیان نێو کوردو قەتڵ و بڕو تاڵانیان کردن و داریان بەسەر بەردییەوە بۆ نەهێشتن و بەو کارە (فروغی) ئێرانیدا دەس تورکی عوسمانی. بەڵێ محەمەد عەلی فروغی نیشتمان فرۆش لە پیشا (تەئمینی حودودی) بەڕێوەبرد و کوردە قڕانی لەم دیو بۆ بەدەست هێنانی دڵی تورکی عوسمانی دەست پێکرد، جا لە پاشان (تەحدیدی حودودی) لەگەڵ تورك مرۆکرد، پەڕەی ١٧٥ شۆڕشی کوردەکان... بەیات. هەر ئەوێ، بەڵام لەم لاشەوە، دوکتور ئەفشار و ئیتیلائولمولك و تەیموورتاش لایان وابوو دەبێ (تەحدیدی حودود) لە (تەئمینی حودود) جیا بکرێتەوەو ئێران دڵی کورد رابگرێ، نەك بیکاتە دوژمنی خۆی، (بڕواننە: دوکتور مەحموود، ئەفشار یەزدی، گەنجینەی مەقالات، ج١، مەقالاتی سیاسی یا ((سیاسەتنامەی نوێ تاران مەجموعە بڵافوکی ئەدەبی و تاریخی مەوقوفاتی دوکتور مەحموود ئەفشاریەزدی، ١٣٦٨، لەم لاشەوە تورکی عوسمانی پڕوپاگەندەی بڵاودەکردەوە کە بەریتانیان دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە

کوردستان دامەزرێنی، بووە هۆ (شوورەی) کە لە ١٩٢٣ز، لە ناوچەیەکی کوردنشین بە ناوەندی (لاچین)، کە زیاتر لە پەنجاو چەند دێی و شارۆلکە و بەشەکانی گولبجار، کوباتلی، زەنگیلەر، نەخجەوان و لاچین، کە خەڵکی ئەو ناوانە، بە تەواوی کوردبوون. لە ئازربایجان دەوڵەتێکی کوردی دانابوو و (بەجۆری ببووە ناوەندی بوژانەوەو بەردەوامی ژیانی زمان و فەرهەنگی کوردی)، ئەو دەوڵەتە خودموختاری کورد، ببێتە قوربانی هەیتو هوتی تورکی عوسمانی و قاجار و بەریتانیا و لە ئاکاما شوورەوی ئەو دەوڵەتە کوردییەی لە ١٩٤١ز تێکدا، چوون شوورەویش لەڕاستیدا نەیدەویست نەتەوەی کورد، دەوڵەتی سەربەخۆیی بۆ خۆی هەبێ، کوردەکانیشی کۆچدا بۆ ئەوپەڕی شۆرەوی و لە نیشتمانی ماڵە باوانیان دوور و ئاوارەیان کردن، لە ١٩٧٩ کوردی شۆرەوی زیاتر لە ١٢٠٠٠٠ هەزار کەس بوون. ا. باغچەبان ١٩٣٢ باکۆ پەڕەی ٨ و کوردەکان، کەندال، عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی پەڕەی ٢٦٧ چاپی روزبیهان و مەردومانی جیهان، عەبدولحسین سەعیدیان، پەڕەی ٩٠٣ چاپی ٥، ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی هەندێکیان لەو کوردانە بۆ سیبری کۆچدان بەم نێوە کە کورد، ئازاو بوێر و کۆڵنەدەرە، با لەگەڵ کچانی رووسیە بزەوجن و منالی رەشید و جەنگاوەرو ئازایان هەبێ (جا نازانم جۆك بوو یان حەقیقەت لە سەرەتای ٦٠تەکانەوە رۆژنامەی جمهوری ئیسلامی ئێران نووسیبووی: (گۆرباچۆف) لە باوکەوە لە کوردە ئاوارەکانە، کە بەهێد و هێمنی دەوڵەتی شۆرەوی تێیکدا). لەم لاشەوە رەزاخان و حەمە رەزای پەهلەوی کە لە قسەکانی دوکتۆر مەحموود ئەفشار و ئیعتیلائولمولك و... حاڵی نەبوون یا نەیاندەویست حاڵی بن زیاتر لە تورکی عوسمانی و عەرەبی وك صەدام و صەدامیان دژی و دوژمنیان لەگەڵ کورد کرد و ئەو جۆرە رەژیمە زاڵمانەش بە زوڵمی خۆیان تلانەوەو گۆریان گومبوو تیاچوون. بە تیاچوونی بومدیەن لە ئەلجەزایر کە خەیانەتی بە کورد کرد، تووشی نەخۆشییەکی وا کەسکون بوو کە نەجاسەتی خۆی دەخوارد و حەمە رەزای پەهلەویش کە بە تف و لەعنەت لە ئێران دەرکراو صەدامیش، ماوەیەك



وەك سەگی زنجیری زنجیر کرابوو لە ئاخریشدا وەك رێوی لە کونا دەریان کێشا و ئێستا بەندکراوە. دیارە دەشێ باوەڕمان هەبێ و باش بزانین کە بە تیاچوونی ئەو سێ زاڵمە مارزانە، دەروازەی ئازادی بۆ کورد و کوردستان کراوەتەوە. ئەم پەندە کوردییە چەند بەجێیە کە دەڵێ: لەکاتی تەنگانە و نیازدا دۆست و دوژمنی خۆت باش دەناسی. (شەپۆل). راپەڕینی سمکۆی مەزن لە ساڵی ١٩٢٠ز، دەستی پێکردووەو تا ساڵی ١٩٣٠ز، بەردەوام بووە.

ئەگەر تا پشت بێنی دەبینی چەندەکی دوژمنانت بەرەو گۆڕ، دەبردرێ (پەندی عەرەبی)(شەپۆل). کاتێ لە ١٩١٤ زایینی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی گڕی گرت، لەشکری رووسی تەزاری لە بەرا باکووری ئێرانی داگیرکردبوو ئازربایجانیشی داگیر کرد و ئەرمەنییەکانی چەکدار کردبوو لەم لایشەوە بە نهێنی چەك و چۆڵی بە کوردان دەدا، بۆ ئەوەی کورد و ئەرمەنی پێکەوە بەشەڕ بدا و رووسیە کەڵکی خۆیی لێ وەربگرێ، جا کاتێ رووسەکان لە قەوقازەوە بەرەو لای هەرێمی کوردنشین هات، لەپێش لەشکری رووسەوە تاقمێ چەکداری ئەرمەنی هێرشیان بردە سەر ماڵ و نیشتمانی کورد و دەسیان کرد بە کوشت و کوشتار و تالآنکردنی ماڵی کوردان، جا ئەوەیە کە (حەسەن ئەرفەع) نووسیوویەتی و دەڵێ: لە ساڵەکانی ١٩١٥-١٩١٨ی زایینی زیاتر لە شەش سەد هەزار کورد، لە کوردستانی بن دەستی تورکیە کوژران: (کوردەکان نووسراوی حەسەن ئەرفەع بلاڤوکی زانکۆ ئاکسفۆرد ١٩٦٦ زایینی) سمکۆی مەزن لە مانگی سەفەری ساڵی ١٣٢٤ی مانگی لەلایەن دەوڵەتی قاجارەوە بەناوی سەرداری سەرحەدد (سنوور) داری، شمشێری مورەسەع و نازناوی (سەرداری نوەسرت)ی پێی دراوەو هەروا بۆ سمکۆ و بۆ سەد کەس لە سوارەکانی ئەو بەناوی سەرداری سەرحەدد، پوڵ و دراوی مانگانە دیاری کراوە (موعتەمەدولوەزارە، پەڕەی ٣٨٩ هەرئەوێ)، ئەوانە ویستوویانە، بە زەبری شمشێر، کورد لەنێوبەرن و بەردەستیان بکەن، کوردیان بە چەتە و رێگرو یاغی ناوبردووەو یەك لایەنە تێفکربوون و لە ناسیۆنالیزمی کورد، هیچ بیریان لێ نەکردۆتەوە، تا بزانن سمکۆ، بۆ لەگەڵ سەیید

تاما شەمزینان، سەرەك هۆزی جەلالی، قەرەنی ئاغای مامەش، گەوەرك، هەركی، هەمزە ئاغای مامەش، زەزرا، هۆرزی هەرتووشی، فەیزوڵلا بەگی بەگزادان و باقی سەرۆكەكانی هۆزەواری كوردەواری، خەریكی كۆبوونەوەو یەكبوون و یەكیەتی سازدانە لەنێو كورددا، بەداخەوە نەیارانی كورد، تەنیا بەچاوی جیاوازی خوازی بۆ نەتەوەی كورد، دەڕوانن. جا ئەوە یەلە وڵاتانەی كورد بن دەسن، دەسەڵاتداران بەچاوی موستەعمەرەی نیشتەجێ تەماشای نەتەوەی كوردیان كردووەو بۆی دەڕوانن.

مستەفا كەمال كە لە ١٩٢٠ی وزەی شەڕی نەمابوو، لەگەڵ كورد پەیمانی مۆركرد، كە پەیمانی سێور لە بابەت نەتەوەی كوردەوە ببا بەڕێوە، بەڵام تا مەترسی یۆنانی لە سەر نەما و لەگەڵ فەڕانسەدا لە ١٩٢١، مواقەتنامەی مۆركرد، لە نوامبەری ١٩٢١ تا فەوریەی ١٩٢٢ زایینی دەستیكرد بە قڕكردن و ئاوارەو تاڵانكردنی كورد (ئورهان باسۆك) نووسەری تورك بە تاوانی ئەوەی كە وتوویەتی: حوكومەتی توركیە، زیاتر لە (٣٠٠٠) كوردی بێ تاوانی كوشتووەو تا (٤٠٠٠) گوندی كوردی وێران و كوردەكانی لەو گوندانە ئاوارەو ماڵ وێران كردووە، ئەو نووسەرە توركەی بەند و لە زیندان كردووە. (ڕۆژنامەی ئێران ساڵی ١١، ژمارە ٣٢٧٧، دووشەممە ١٠ی ئوكتوبەری ٢٠٠٥زایینی) پەڕەی ٥ (بیركردنەوەو تێفكرین كلیلی دەرگای ئازادی و حیكمەتە، جا ئەگەر ئێمەی كورد، بیركردنەوەو تێفكرین بە شێوەیەكی میتۆدا دار بە كلیلی دەرگای ئازادی و حیكمەت بزانین). بە دڵ و بە پەلە پشتی یەكتر دەگرین و دەبینە یەك جا ئەوسا ئاسان بە مەرام دەگەین و سەردەكەوین و ئازاد و سەربەخۆ دەبین و دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆیی خۆمان دەبێ (شەپۆڵ).

شەریف پاشای كورد، لە كات و ساتی سەرپەرشتی كردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی عوسمانی لە كۆنگرەی ورسای، خۆی كێشایەوەو ئەو بەرپرسییەی لە ملی خۆی داڕنی و بەناوی نوێنەری كوردستانی بن دەست توركی عوسمانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران لە بابەت سەربەخۆیی كوردستانی بن دەستی توركی عوسمانی دەستیكرد بە وتووێژكردن و رایشی گەیاند كە كوردستانی سەربەخۆ، لە بن قەیمومەت و



سەرپەرشتی ئێراندا بێ. شەریف پاشا لە بارەی ویستی كورد لە (٢٢ی مارسی ساڵی ١٩١٩ی زایینی و ١ی مارس ساڵی ١٩٢٠ زایینی) بەناوی نەتەوەی كورد، لەگەڵ نەخشەی كوردستانی یەكپارچە، دای بە كۆنفەرانسی ئاشتی، حەوتەنامەی كەیهانی هەوایی مانگی گوڵانی ١٣٧٦ی هەتاوی و كتێبی كوردانی گۆران و مەسئەلەی كورد، لە توركیە. گ. ب. ئاكوپڤ (هاكوپیان) وەرگێڕانی سیروس ئێزەدی بڵافوكی هیرمەند ١٣٧٦، تاران. لە ماددەی ٦٢ و ٦٣ی پەیمانی سێوێر كە لە ١٠ی ئوتی ١٩٢٠ زایینی مۆركرابوو، كوردستانی سەربەخۆ لەوێ لەو مادانەدا گونجابوو، كە هەر كاتێ كورد بخوازێ سەربەخۆیی كوردستان رابگەیندرێ دەبێ مەكۆی نێوگەلانیش دیانی پێدا بنێ، بەڵام بەداخەوە دژایەتی كورد، لەنێو خۆدا، ئەو دەرفەتە زێرینەی لە كیسدا و مامە ئینگلیسیش كە زاری بە نەوتی كەركووك چەورببوو و توركیش رازیكرا كە موسڵ بدرێ بە ئینگلیس و بلكێ بە عێراقی خوێناوییەوە، ئینگلیس وازی لە كورد هێناو ئەمەریكا و فەڕانسەش بەدوای پڕكردنی گیرفانی خۆیانەوە بوون.

Siymand Othman, op.cit, p53-54

كاوە بەیات شۆڕشی كوردانی... هەر ئەوێ و كوردانی گۆران هەر ئەو شوێنە

## سەرنجێ:

لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاویدا، ڕەزاخانی پەهلەوی بە قسەی سەرلەشکر عەبدوڵڵاخان تەهماسبی فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجان لەو کاتەدا لە ڕێگای تەورێزەوە دەچێتە دیدەنی سمکۆ، بەڵکو لە ڕێگای ئاشتییەوە دوایی بە جەنگ بێت. لەم لاشەوە سمکۆ بۆ دیتنی ڕەزاخان کە لەودەمەدا وەزیری جەنگی ئێران بووە بە خۆیی و ١٢٠٠ سوار دێتە سەر ڕێگا، لای گوندی میانجق. ئەڵێن: بێجگە لەو ١٢٠٠ سوارە، چوار هەزار سواری تری سمکۆ لەو ناوەدا دەوری ئەوانی دابوو، سمکۆ سوارەکانی خۆی کاتە سێ پۆل: پۆلێکیان بە ڕانگ و جوغەو پشتێن و بەرگی سپییەوە، سواری ئەسپی سورکومەیت بن و ڕانگ و چۆغە گرژاڵی لەبەرکەن، سمکۆ خۆیی و ڕابەرانی هێزەکانیش ڕانگ و چۆغەی شێروانی و ڕەنگاو ڕەنگی تایبەتی مەزنی و هۆزەواری و لەسەرەوەش پەستەك لەبەرکەن و سواری ئەپگەلی شێ ئەبن و چاوەنواڕی هاتنی وەزیری جەنگ ئەبن. کاتێ ڕەزاخان ئەگاتە ناو سوارەو مرۆڤەکانی سمکۆ و ئەو هەمووە سوارە تەیارە بەو گشتە چەکەمەنی و جامەدانگەلی ڕەنگاو ڕەنگ و لیباسی چاك و پشتێنی گرێ خواردوو خەنجەر لە بەرۆکەدا ئەبینێ کە هەموو دەسکەکەیان پان و سەدەفدار و دەمانچە بە قەدەوەو فیشەکدان بە شانەوەو تفەنگ بە دەستەوە، وا بە نەزم و نیزام ڕاوەستاون. لە ترسان تف لە زاریدا ویشك ئەبێ و لێوی خۆی ئەگەزێ و لای وائەبێ سەر لەشکەر تەهماسبی ئەوی بە دیاری بۆ سمکۆ هێناوە، چونکە ٦٢ کەس بەجیبە شڕە لە تەك ڕەزاخانا هاتبوونە لای سمکۆ. هەر جۆر ئەبێ ڕەزاخان دیان ئەگرێ بە جەرگیدا و لە جێبەکەی دائەبەزێ و سمکۆیش لە ئەسپ دائەبەزێ و دەست و موشتاخ ئەکەن و ئەچنە کۆنە شار، کە لە پێشا بە مێزو سەندەڵی چەند هۆدەیەکیان تەیار کردبوو، ئەچنە ژوورێ و لە تەك سمکۆدا ئەکەونە ئاخەفتن و وتووێژ. دەوران دەوری ئەو کۆنە شارەش پڕ ببوو لە سوارەی سمکۆی مەزن و ئابلۆقەی دابوو، ئەم سوارانە بەو ناوەو لەوێ ڕاگیرابوون کە لەوان پارێزگاری ئەکەن.



بەڵام ترس و لەرز نیشتبووە سەر دڵی ڕەزاخان و هاوڕێیەکانی و ئەترسان لە پڕ بڕژێن بە سەریانا و قڕیان تێخەن.

هەر جۆر ئەبیێ شێو ئەخۆن، هەرچەند وەك ژەهری ماریان خوارد بێ وابوون، ڕەزاخان بە بۆنەی ئەوە سەری دێشێو ئەچێتە ناو هۆدەیەکی تر و بە ڕەزا ڕەفیع قانیع قائم مەقامولملوك ئەڵێ: وەختە لە ترسان زیڕە بکەم، چۆن بە دەستی خۆمان خۆمان خستە داو، ئەویش دڵخۆشی ئەداتەوەو بزروك ئیبراهیمی ناوێك ڕادەسپێرن کە بە زمانی چەورو نەرم، سمکۆ بغافڵێنن و لەگەڵێدا تەختە نەرد بکەن کە سمکۆ زۆری پێخۆشبووەو تا ئەش توانن پێی بدۆڕێنن.

ئیبراهیمیش ناچار تا بەرەبەری کەڕە بەیانی حەو لە چاوی دەستێنێ و تەختە بە سمکۆ ئەدۆڕێن کە زۆر ماندوو ئەبن، هەر لە تەنیشت یەك لە هۆدەی تەختە نەردەکە درێژ ئەبن و یەك یەك خەویان لێ دەکەوێ، ڕەزاخان کە لە ترسان ناتوانێ چاوی لێکنێ، کاتێ ئەزانێ وا سمکۆ لە خەودایە، بێ خوداحافیزی لە سمکۆ بە پیاوەکان دەڵێ: کوڕینە من لە چاوی سمکۆ زراوم نەماوە، هەستن خێرا بن تا نوستووە، خۆمان دەربازکەین، سوار ئەبن و بەرەو ورمێ ئەکەونە ڕێ و هەی پەیتا پەیتا لە ترسان ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەن تا بزانن سوارەی سمکۆ بە دوویانەوە نین. سمکۆ کاتێ لەخەو ڕادەچنێ، ئەڕوانی نێچیر لەسەر ڕاو ڕایکردووەو زۆر پێش دەخواتەوەو خوزیاو بریا دەڵێ، بەڵام نێچیر لە بەرەکە دەرچووبوو.

پاشماوەیەك جەنگ حوکومەت ئەزانێ، با شاری سمکۆ ناکا، ئەکەوێتە گەڕ کردن، سەرهەنگ سادق خان ناوێك کە لەگەڵ سمکۆدا ناسیاو بووە، ڕائەسپێرن خۆی سازکات کە تیمسار موقەدەم فەرماندەی لەشکری ٣ی تەورێز بۆ ئاشتی کردن دێتە شنۆ، بۆ دیتنی سمکۆ، ئەویش لە تەك خوسەروخانی کوڕیدا و خورشید ئاغا و کەریم خانی خێلانی و چەن کەسی ترا ئێوارەیەك ڕوو دەکەنە سەربازخانەی شنۆ، کاتێ ئەچنە ئەوێ، پاشماوەیەك چاوەڕوانی، خەبەر ئەدەن تیمسار لە ڕێگ گیری کردووە، سمکۆ و هاوڕێیەکانی ناچار بەرەو ماڵ ئەگەڕێنەوە، سەرهەنگ سادق خانی نەورۆزی

بە دووربینێکی چاك کە لە سمکۆ بە ئەمانەت وەریگرتبوو، لەگەڵ چەن کەسی تر لە باڵەخانەیەکا بوون، کە پەنجەرەکەی روو بە جادەبووە، ئەنوارێتە سمکۆ، کاتێ باش گەیشتبووە بەرتیر، لەو باڵەخانەوە بە نامەردی وەبەر رەگباری ئەدەن، تیرێك لە سمکۆ ئەکەوێ، دێ خۆی بخاتە ناو کۆڵان و پەسیوێکەوە، بەڵام دوای چەن شەقاوێك ئەڕوانی وا خوسرەو خانی کوڕی ئەنگێوراوە، ناچار ئەگەڕێتەوە سەری، دووبارە گوللەیەکی تر لەسەری ئەدرێ و سمکۆ ئەکەوێ و شەهید ئەکرێ و هەروا خورشید ئاغاش ئەکوژرێ و کەریم خانیش بریندار ئەبێ، تەقە ئەکەوێتە ناو سوارەکانی سمکۆ، لەولاشەوە سوارەی سەرگورد هاشمی ناوێك کە لە پێشان خۆیان حەشار دابوو، لە تاریك و لێڵەی ئێوارەی ئەو رۆژە تووشەدا سەرملەی کێوی شنۆ لە سوارەی سمکۆ ئەگرێ و ناچار سوارەی سمکۆ شار بەجێئە هێڵێ و ئەو ئێوارەی وا سمکۆ و ئەوان شەهید بوون، رۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی و ١٩٣١ی زایینی و ٢٥٤٣ی کوردی بووە. هۆزی شکاك لەم دوو تیرە، پێك هاتووە: ١- کاردار. ٢-عەبدویی.

((ئەلف- کارداری ئەمانەن: ١-پس ئاغا. ٢-دەلانە (دەلی). ٣-مامەدی. ٤-دری. ٥-هەنارە. ٦-فەنەك (فەنەکی). ٧-خەلوفی. ٨-بۆتانی. ٩-نیسانی. ١٠-پاچکی (پاچیك). ١١-گەورکی (گوریکی). ١٢-خدری. ١٣-موقوری (موکری) لە ماوەی رابوردوودا سەرۆکی کاردارەکان عەمەرخان شەریفی بوو، بەر لە عەمەر خانیش سەرتیپی موحوممەد ئەمین، لە پس ئاغایانی کاردار سەرۆك ئەمانە بوون:

ب-عەبدوئیبیەکان ئەمانەن: ١-پس ئاغا. ٢-عەطمانی (ئەدمانی). ٣-ئیوەری. ٤- نەعمەتی ٥- کەچەڵی.٦- مامەدی عیبدویی. ٧- شەکری. ٨- چەرکویی. ٩-کزن. ١٠- مەندولەکی عەبدویی. سەرۆکی ئەمانەش لە رابوردوودا، سمکۆی نەمر بوو کە لە کاتی خۆیدا دوو تیرەی کاردار و عەبدویی موتەحید کرابوون، ئێستاش کوڕی مەزنی سمکۆ بە ناوی تاهیرخان سەرۆکایەتی تیرەیی عەبدویی دەکا.



٢- مەمەکان یا تیرەی بچکۆڵەی مەمکی یان لە ناوچەکانی کۆتوڵ (واتا: قوتور) و ناوچەیی ئەلەندا ئەبەنە سەرو ناچنە لێواری چۆمی ئەرەس. ئەم دوو ناوچەیانە لە رۆژئاوایی شاری خۆیدان. (تەوفیق، ٣٤-٤١، موعتەمە دولوەزارە، ٤١-٥٦).

(راپۆرتە سیاسییەکان ٥١٨/٧، ٩٨/٨، ٣١٢) لە کلکەی مانگی پوشپەری ١٣٠٩ (نەعیم، naavem بەشی سێوەم، ورد werda ٥٢-٥٦، مارشیمۆن mar shimun، ٢١ هەتاوی، تەوفیق. رەحمەتوڵڵا تاریخچەی ئورمیە (ورمێ) لە جەنگی جیهان سوزدا بە کۆشش کاوە بەیات تاران شیرازە، ١٣٧٩ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی ئەندێشە چاپی دووەم ١٣٧٩/١١/١٥ و ٢٠٠٢/٢/٣ی زایینی، محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) نوکتە لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی پڕ زانا ئوستاد ئەحمەد تورجانی زادە هاتبووە تاران، بە خزمەتیان گەیشتم، بەسەرهات و قسەی خۆیشی بۆ دەگێڕامەوە، فەرمووی: سمکۆ لە کاکم پڕ زانا مەلا محەمەد تورجانی زادە (قزلجی) ویستبوو لە شاری ورمێ کارو نووسینی رۆژنامەیەك بەناوی (کورد) بگرێتە ئەستۆ، منش هاوکاریم دەکرد، جا کاتێ رۆژنامەکە لە بن چاپ هاتە دەرِی، فەرمووی: ئەحمەد، خۆت دەبێ ئەو رۆژنامە بۆ سمکۆ ببەی، ماشێن هات منیش رۆژنامەم برد بۆ چهریق ئەو رۆژە زۆربەی سەرۆك هۆزەکان لەوێ لە خزمەت سکۆ دابوون، کە چوومە ژورێ دانیشتم و پیاوەکانی سمکۆ رۆژنامەکەیان هێنا، سمکۆ دەستووریدا لە بەردەمی هەریەك لە میوانەکان رۆژنامەیەك دابنێن، لە پاشان سمکۆ، رووی کردە میوانەکان و بە زاراوەی کوردی شیرینی شکاکی فەرمووی: ئاغاینە، من خەرج و مەخاریجی ئەم رۆژنامەم دابینکردووە، بەڵام رۆژنامەیەك کە دوای رووخانی رەژێمی شای زوڵم و مارِز، بە زمانی کوردی چاپ بکرێ دەبێ بە لیرە بیکڕن جا یەکی لیرەیەك لەسەر رۆژنامەکە دابنێن و ئەوسا دەستووری بە یەکێ لە پیاوەکان خۆیدا، لیرەکان کۆبکەنەوەو بیهێنن بۆ جەنابی مەلا ئەحمەد تا خەرجی بکەن، جا کاتێ لیرەکانیان لە نێو سینییەکدا بۆ هێنام جەنابی سەدر عولەمای سابلاغ (مەهاباد)ی لە نێوان من و سمکۆ دانیشتبوو بوو، فەرمووی: خەرمان بەرەکەت منیش لیرەیەکم پێدا،

وازی نەهێنا، دوو لیرەی دیکەم دایێ، لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینی، کە چبوومە دیداری کوڕەکانم لە سوئید ڕۆژی ١٩٩٦/٧/١٧ کاک کەریم حیسامی بانگهێشتنی کردین و لەوێ کە لە هەربار و بابەتێ قسە دەکرا، منیش ئەو بیرەوەرییەی ئوستاد ئەحمەد تورجانی زادەی ڕەحمەتیم بۆ گێڕایەوە، سەیر بوو، فرە زۆری پێخۆش بوو و دیتم لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا لە بەرگی پانزدە، لە چاپی داوە، چاپی ٢٠٠١ی زایینی، ستۆکهۆڵم، سوئید، پەڕەی ١٨٨ تا ١٨٩ (شەپۆل).

ڕۆژنامەی کُرد: کورد، ١٢ی مانگی ساڵی ١٣٤٠ ئەو فوتوکۆپییە، کە من (شەپۆل) هەمبوو، لە ناسنامەکەیدا ئاوا نووسراوە: ساڵی یەکەم (وَاعتَصِمُوا بِحَبلِ اللهِ جَمیعاً وَ لا تَفَرَّقوا) دوو دەست لە یەك هەڵپێکراون، ورمێ ئیدارەی ورمێ چاپخانەی ورمێ، مودیرمحەمەد تورجانی، مەقالاتێك منفعەتی کوردانی تێدا بێ، وەردەگیرێ ١٢ی مانگی شەوالی ١٣٤٠ی لەسەر نووسراوە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، خەبەری، سەرمەقالی تەرجەمە دەکرێ بە فارسی، دەینووسێ کوردێك بۆ هەموو کوردان. ئەمە عەینی ناسنامەی ئەو ڕۆژنامە بوو، بەڵام بەداخەوە، ژمارەکەی یا نەخوێندراوەتەوە یا نەیاننووسی بوو، نووسرابوو قیمەت بۆ داخلە ساڵێك ٥٠ شایی، بۆ دەرەوە (٦٠ شایی) شەش مانگ ٢٧ شایی بۆ دەرەوە (٣٥ شایی)، قیمەتی یەك نوسخە دە شایی، قیمەتی ئیعلانات هەر دێرەی دوو شایی. پەڕەی ١ پەڕی ناسنامەی ڕۆژنامەی کورد.



# ئیحسان نوری پاشا

ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا خەڵکی بتلیسە و لە ١٩٢٥ی زایینی لە چیاکانی بۆتان لە (بیت الشهاب) و لە دواییدا لەگەڵ جەنگ ئاوەرەکانی، پەنایان بردە بەر کێوەکانی ئارارات. لە ١٩٢٧ بەناوی نوێنەری شۆڕشگێڕانی ئاگرەداغ (ئارارات) لە کۆنگرەی (خۆیبوون) بەشداری کرد جا چوون لەلایەن کۆنگرەوە، ڕاسپێردرا ((ناوەندی خۆڕاگری)) سازبدا. جا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٨ ئیحسان نوری پاشا بە فەرماندەیی چەن هەزار مەردی جەنگی کارکوشتە و مونزەبیت و موجەهەز ئاڵای کوردستانی هەڵدا و ئیدارات و یانەی دامەزراند و ئیبراهیم پاشا حسکی خەڵکی تللو، ناودار بە (حسکی تللو) بووە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی[1] بەم جۆرە کۆماری کوردی ئارارات بەدی هات[2].

تورکیە ناچار سورەیابەگی والی بایەزیدی بۆ وتوویژ ناردە لای شۆڕشگێڕان، ئەویش بە نامە، پێوەندی لەگەڵ حسکی تللو و نەعمان ئەفەندی، پەیدا ئەکا، بەڵام بێ ئاکام بوو، ناچار لە سپتامبەری ١٩٢٨ کۆڕێ لە گەورە پیاوانی تورك بۆ وتوویژ لەگەڵ ئیحسان نوری پاشا چوونە بایەزید و لە ١٥ی سپتامبەری ١٩٢٨ لە شێخلی کوپڕ و لە ٣ کیلۆمیتری بایەزید لە داوێنەی ئاگرێ چاویان بە ئیحسان نوری پاشا و گەورە پیاوانی کورد کەوت، بەڵام پێك نەهاتن.

(1) Hoski-tello دەستخەتی دوکتۆر یونسی لاپەڕەی ٧١.

(2) ئارارات بە دوو دوندی خۆی بانی ئاراراتی چکۆڵە و گەورە و بڕگەکانی بە خۆرسکی ٩٦٠ کیلۆمیتر پان و بەرینایی هەیە و ئەم دوو دوندەی ئاگرێ کە بە خەتی ڕاست ١٢ کیلۆمیتر لە یەکتر جیادەبنەوەو بە تەرتیب ٣٣٩٦ و ٥١٥٧میتر لە بان زەرباوەن و لە ملەی سەردار بوو لاك بە بەرزی ٢٤٤٥ میتر، یەك دەگرنەوە.

لە ٢١ی ژوئیەی ١٩٣٠ شێخ ئەحمەد بارزانی تا ٢٠٠ مەردی جەنگی دەنێرێتە ئورامار بۆ یارمەتیدان بە کوردان و لە ٨ی ئوتیشدا دووەمین جەنگ ئاوەرانی خۆی دەنێرێتە یارمەتی کوردانی تورکیە، بەڵام بەداخەوە کوردی تورکیە لە ١٩٣٠ تێدەکشکێ و ئیحسان نوری پاشا بە خەیانەتی ئیساساکۆ فریوی رەزاخان دەخواو لە تاران دەست بەسەر دەکرێ و لەنیوەی ئاوریلی ١٩٧٦ی زایینی لە تاران وەفاتی کرد و لە بەهەشتی زازا نێژرا (رضوان الله علیه) و جەنابی دوکتور هاشم شیرازی لەسەر گڵکۆی ئیحسان نوری پاشا بڕە شیعرێکی بە گریان خوێندەوەو خەڵکەکەیشی کردە گریان.

نوکتە: حاجۆ، یەکێ لە رابەرانی کوردی سووریە، بە یارمەتی (خۆیبوون) لە ٥ی ئوتی ١٩٣٠ی زایینی گوندێ لە نێزیکی نەسیبەبین دەگرێ و دەست دەکا بە یارمەتیدانی سەربەخۆی کوردان و هەر لەو رۆژانەدا لە ٧ی ئوت لە جولەمێرگ و لە دیاربەکریش خەڵك لە حوکومەت رادەپەڕین. بەڵام کاتێ کۆماری کورد دەشکێ و ئیحسان نوری پاشا فەرماندەی کوللی قووا لە تاران دەست بەسەر ئەکرێ، ئیتر ئەوانیش هیچیان بۆ ناچێتە سەرێ.

ئیحسان نوری پاشا دوای تێشکان بوو بە پەنابەری ئێران ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە دەنووسن کە ئیحسان نوری پاشا لە کاتی تەنگانەدا لە ١٩٣٠ خر دەرباز دەکا (کۆچەرا، ١٢٨)، بەڵام ئەوەی راست بێ شکانی بزاو بوو، بە گەلە کۆمەکی رەژێمی پەهلەوی و سوپای دڕندەی تورکی تورکیە و ناچار ئیحسان نوری بۆ ماوەیەك لە تاران لەبن چاوەدێریدا بوو پرس و جۆی لێدەکرا و لەگەڵ چەند کوردی دیکە لە راپەڕین و بزاوی ئارارات کە لە شارەکانی تری ئێران لەبن چاوەدێری دابوون بۆ ساوەو یەزد، دوورخرانەوە (پەژمان، ١٦٠ راپۆرت). ئیحسان نوری پاشا دوای رووداوی ١٣٢٠ لە سەرەتای ١٣٣١ لەگەڵ یوسف عەلی موهاجیر، خانم بەسرە حەسنانی، تەیموور جەلالی، شەمسەدین جەلالی، ئیلخان جەلالی و محەمەد دەروێش، چوونە وەزارەتی نێوخۆی ئێران و وتیان: یا لێمان گەڕێن ئازادبین بڕۆین کار بکەین یا ئەو بڕە



پارەی کە پێمان دەدەن زیادی بکەن چونکا ئەوە زۆر کەمە و بەشی ژیانمان ناکا. (بەڵگەنامەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣). لە سەرەتای پوشپەری ئەو ساڵەدا ئیحسان نوری بەناوی گەڕێنەری بزاوی پێشووی هێزی میلیبونی کوردستانی تورکیە، لە سەرەك وەزیری ویست: ((...یا کارێ شیاوی خۆم بدەنێ یا ئازادم بکەن کارێ بۆ خۆم پەیدا بکەم تا بتوانم بژیم...)) یا ئەوەی کە دەوڵەت لای وایە دەبێ لەبن چاوەدێری دابم ((هەندێ دراوم بۆ زیاد بکا و هەروا رایگەیاند بوو، کە لە فێرگەی بەرز لە ئەستومبۆڵ لە تورکیە دەرسی خوێندووەو هونری تۆپۆغیرافیشی خوێندووەو ئامادەم لە کاری نەخشە بەرداریدا کار بکەم، بەڵام بێ وەڵام مایەوە (نامەی ١٣٢١/٤/١ ئیحسان نوری کە بە ژمارەی ٦٦٦٥/١٣٢١/٤/٤ لە یانەی سەرەك وەزیریدا زەبتە، بەڵگەنامەی میللی(ن) ١٠٣٠٠٣)، لەو کاتەدا لە سوپای رۆژئاوای ولاتەوە خەبەر هاتبوو کە تاقمێ لە کوردەکان بە سەرپەرشتی کوڕی سمکۆ و سەیید شەریف کوڕی سەید تاهای شەمزینیان، چەند نوێنەریان ناردۆتە تاران تا ئیحسان نوری لەگەڵ خۆیان بەر نەوە بۆ کوردستان و هەروەها لەنێوان حاجی سەیید عەبدوڵڵا گەیلانی زادە (سلطا العرفا) ئامۆزای سەیید تەها و سەیفولقوزات و (پێشەوا قازی محەمەد) و ئیحسان نوریدا چاوی پێکەوتنێ روویداوە. بەڵام شارەوانی دوای لێکۆلینەوەیەك رایگەیاندووە خەیاڵی نییە لە تاران بڕواتە دەرێ (بەڵگەنامەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣)، وەزارەتی جەنگیش بە شارەوانی راگەیاندبوو کە بەپێی لێکۆڵینەوەیەك بۆمان روون بۆتەوە، نە ئیحسان نوری ویستوویەتی بڕواو نە ئەو کەسانەی وا چاویان پێی کەوتووە. خەیاڵی ئەوەیا هەبووە ئەو بەرن...)) بەڵگەنامەی میللی (ە) ١٠٣٠٠٣، جا بە پێی کۆبوونەوەی شەشەمی پوشپەڕی ١٣٢١ کۆڕی وەزیرانی ئێران بۆ قسەکردن لەسەر ئازادکردنی حەوت کەس لە کوردانی تورکیە، یانی ئیحسان نوری و هاوڕێکانی مووافەقەت کرا، لە هەمان کاتدا وەزارەتی جەنگ رایسپارد، تا کارێکی شیاویان دەست دەکەوێ ئەو دراوەی بۆیان بڕاوەتەوە بۆ وێنە هی ئیحسان نوری کە کراوەتە ١٥٠٠ قڕان بدرێ. وەزارەتی جەنگ ژمارەی ٢٨٦٢ بەرواری ١٣٢١/٦/٥).

لە بارودۆخی گۆڕانی ژیانی دوایی ئەحسان نوری، ئاگاداریێکی ئەو تر وردو رووناك لە دەسانییە، دەزانێ کە لە ساڵەکانی ٢٥-١٣٢٣ لەگەڵ رۆژنامەی کوهستان هاوکاری بووەو زنجیرە وتاریێکی مێژوویی بەناوی (ریشەی نیژادی کورد و رووداوەکانی بزاوی ئاراراتی دەنووسی و بۆ ماوەیەکیش بۆ کرمان دوورخرایەوە، دەبێ بزانین دوای ماوەیەك ئەو زنجیرە وتارە مێژووییە لە بابەت ریشەی نیژادی کورد، بە وێنەی کتێبێ لە چاپ درایەوە، ئەنجوومەنی ئێران ناسی کوردی (مادی)، چاپخانەی سپهر ١٣٣٣، ١٤٥، ئارچی رۆز وێڵتیش هەر لەو دەورەدا (خاکەلێوەی ١٣٢٥) کە لە تاران چاوی بە ئیحسان نوری کەوتبوو، یادی کردووە، ئارچیبالد رۆز وێڵیت کتێبی (شەوقی فێربوون) تەرجەمەی سەهبا سەعیدی تاران بلاڤوکی ئیتیلاعات ٣٧١، ٢٢-٣٢١. ئەوسا لە ساڵەکانی کلکەی دەیەمی ١٣٣٠ بە سەرنجدان بە کودەتای عەبدولکەریم قاسم و بەسەرهات و گۆڕان لە عێراقدا، سیاسەتێ نوێ لە راست کوردەکانی ناوچە لەبەچاوگیرا و ئیجازە بە ئیحسان نوری درا تا بێتەوە تاران، لەم کەین و بەینەدا هەم لە یاری ژیان و هەم لە بارودۆخی ئازادبوونیدا بە بەراوردکردن لەگەڵ پێشوودا لە ئاسوودەبی و ژیانێ فرە باشتردا دەژیا و تەنانەت ئیجازەی پێدرا لە کۆنگرە نێو نەتەوەییەکاندا بەشداری بکاو یەك دوو جاریش سەفەری بۆ دەرەوە ئێران کرد. (پەژمان راپۆرت ١٥٣-١٦٨). پەڕەی ١٧٩ تا ١٨٢ کتێبی ((شۆڕشی کوردەکانی تورکیە و شوێنداناني ئەوە لە سەر پێوەندی دەرەوەی ئێران ١٣١٠-١٣٠٧ی هەتاوی نووسراوی کاوە بەیات چاپی یەکەم ١٣٧٤ تاران نەشری تاریخی ئێران)). ئەشێ بزانین بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا فەرماندەی بزاوی کورد، لە ئاراراتدا قرە پڕ بایەخن کە بێ ناوبردنی نووسەر لەنێوان (جۆزەردان تا سەرماوەرزی ١٣٢٤، بڵاوکراوەتەوە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی فەڕانسەوی بووە، جگە لەوەی کە لە رۆژنامەی کوهستاندا بڵاوکراوەتەوە، چەند بەشێکی تریش هەن کە بەشێ لەوانە نەقڵی قەول گەلێکن لە بیرەوەرییەکی ئەفسەری تورك لە رووداوەی ئارارات، لەوەیش دەچێ ئەمانە دوای ئەو زنجیرە وتارانە بوبێ کە لە رۆژنامەی کوهستاندا بڵاوکراو



نەتەوەو چەند بەشێکی دیکەیش لەوانە، مەبەستگەلێکن کە لەوە دەچێ ئیحسان نوری پاشا، بە باشی نەزانیووە کە لە رۆژنامەی کوهستاندا بڵاوبکرێنەوە.

چەند کەس لە ئەفسەرانی جەمعیەتی ئازادی کورد کە لە ١٩٢٣ی زایینی و ١٣٠٢ لە کوردستانی تورکیە دامەزرابوو، کەسانێ وەك خالید بەگ لە سەرۆکەکانی خێڵی جەبران کە لە فێرگەی نیزامی حەمیدیە دەرسی تەواو کردبوو، یوسف زیا بەگ لە میرانی بدلیس و نوێنەری (مەجلیس): ((نیشتگەی)) کە بیری تورکیەی، تێدابوو و شێخ سەعیدیش پشتیوانی لێ دەکردن.

Van Bruine ssen.,op.cit pp279-81; Robert Olson, the Emergence of Kurdish Natignalism, 1880-1925, University of Texas press, 1991, pp.41-46.

بەر لە وادەیی کە بۆ راپەڕین و بزاو لەبەر چاوگیرابوو، ئیحسان نوری پاشا و زیا بەگ برای یوسف زیا بەگ فەرماندەی پادەگانی (بەیت شەباب) لە کوردستانی باکووری نێزێك بە کوردستانی باشووری کە بە ناوچەدا، دەگەڕان لە ئوتی ١٩٢٤ی زایینی و گەلاوێژی ١٣٠٣ گوێیان لە یەکێ لە پەیامەکانی نهێن و رەمزی یوسف زیا دەبێ کە بە هەڵەوەری دەگرن لەگەڵ گشت ئەو کەسانەی لەبن فەرماندا بوون دەست دەکەن لە راپەڕین و بزاو، لە چیاکانی ناوچە سەنگەر دەگرن، حوکومەتی تورکی عوسمانی زۆر بە ئاسانی ئەو راپەڕینە بێ وادەی پادەگانی بەیت شەباب لە نێو دەبەن و هەروا وشیاریش دبنەوەو دەست دەکەن بە گرتنی هەندێ لە سەرۆکەکانی گرینگی (جەمعییەتی ئازادی کورد) بۆ وێنە یوسف زیا و خالید بەگ دەگرن :ran Brumssepn, pp.281-284 Olson.cit, pp92. کە دوای تێشکانی مام شەبەکەی نیزامی جەمعییەتی ئازادی کورد، شێخ سەعید پیران رابەری ئەو راپەڕین و بزاوەی گرتە ئەستۆ. ئەمجارەش با وەکو قەرار بوو راپەڕینە سەرتاسەرەکەی کورد لە مارسی ١٩٢٥ و بەهاری ١٣٠٤ دەستی پێ بکرێ لەبەر چەند دەرگیری ناوچەیی، یا بڵێین تورك پێش دەستیکرد، راپەڕین و بزاوی کوردەکان کەوتە سەرەتای فەوریە و ناڤینی بەفرانباری ١٣٠٣ و هێرشی کوردان

بۆ سەر دیاربەکر: (ئامێد) دەستی پێی کرد، هەرچەند لە هەندێ ناوەندی کوردنشین، وەك موش و بدلیس هەندێ عەشیرەتی پڕوزەو بەهێزی وەك حەیدەرانلو نەهاتن بە هاواری بزاوی کوردەوە، بەڵام زۆرینەی هۆزەکانی کوردەواری یارمەتی راپەڕین و بزاوی کوردیاندا. بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی تورکی عوسمانی، دەوڵەتی بەریتانیا یارمەتی بزاوی کوردی نەدا. هەرچەند (وارتۆ) چباقجور، قلب، پیران، پالۆ، سامسون، ئەرغەنی و چرموك) بە دەست بزاوی شێخ سەعیدەوە بوو، بەڵام چوون بەریتانیان یارمەتی نەداو مستەفا کەماڵیش بە دانانی حوکومەتی نیزامی لە کوردستانی باکووریدا لە کلکەی فەوریە و سەرەتای رەشەمە، توانی لق و باسکە دژەکانی (خۆیبوون)، بکوتێ بەسەر یەکا، کە کوردەکانیش هیواداری پشتیوانی ئەوان بوون تورکیە لەشکرێ بەرفرەی بۆ لە نێوبردنی بزاوی کورد و شێخ سەعید ناردو ئەو بزاوەش تیاچوونەما. باشە بزانین کۆمیتەی بەرێوەبردنی (خۆیبوون) لەسەر قسەی کەسانێ وەك جەلادەت و کامران بەدرخان (نەوەی بەدرخان پاشای بۆتان کە لە سەرەتای سەدەی ١٩ بە دژی تورکی عوسمانی راپەڕی و حوکومەتی دەکرد). مەمدوح سەلیم بەگ، شاهین بەگ و چەند کەسی دیکە لە کارزانان و رووناکبیران و بزۆزی سیاسی کورد، جەنابی ئیحسان نوری پاشایان بە تێکڕای دەنگ، کردیانە فەرماندەی گشتی لەشکری نەتەوەیی کوردستان و برۆحسکی تللویش یان کردە رابەری کیشوەری ئارارات.

Arshak Safrastian, Kurds and Kurdistan, London, the harvill press ltd. 1998, p.84.

و تەیموور ئاغا سەرۆکی ژاندارمری، مەلا حسێن ئەفەندی گەرێنەری ناوچەی کوردخان، ئیبراهیم ئاغا گەرێنەی ناوچەی بوتی، حەسەن ئەفەندی هەڵسوڕینەری ناوەندی ئورتی، موسا برکلی ئاغا، گەرێنەری ناوچەی کوڕێ و عومەر ئاغایش گەرێنەری ناوچەی کۆخانیان، کەوتە ئەستۆ و هەریەکە لەوان بۆوونە بەرپرسی کارو ناوچەی پێی سپێردراو و بە جەنگی چریکی شەڕیان لەگەڵ تورکی عوسمانی دەکرد و



چەند فەرماندەی وەك دمیر پاشا (تەمەر شەکی)، مەمۆ بەگ، نارد بەگ (کوڕانی کوڕ حسێن پاشای حەیدەرانلو، فەرزەندە بەگ حەسنانلو، خالید بەگی جەلالی، سەیید رەسول و کەسانێ دیکە لە ناوچەیێ کە لە ئاراراتدا دەستی پێی کرابوو لە چیاکانی تەندەروك، ئالاداغ، گەردنەی میلیش، ئەرجیش، زیلان ئاواغا، بارگیری و دیاردینی دەگرتەوە، خەریکی جەنگی چریکی بوون لە تەك تورکی عوسمانیدا.

رووداوەکانی چیای ئارارات، کوهستان ژمارە ٢٤/٥/٢٢/٢٥، Zinnarciloplopcit, pp.23 حوکومەتی ئێران لەبەر دڵخۆشکردنی تورکی عوسمانی زۆری بۆ کوردی نێو ئێران و نێو تورکیە هێناو لای بۆ نیزامیانی تورك شلکرد تا لە خۆرهەڵاتی ئاراراتەوە لە کوردستانی رۆژهەڵاتی بەشی ئێرانەوە، لا لە بزاوی کوردی ئارارات بگرن و لە حەوتەی دووەمی خەرمانان و سەرەتای سپتامبەردا بە حوکومەتی تورك و رەژێمی ئێران بە بزاوەکە هەرس بێنن و بەهۆی ئیساساکۆ نێوێکی کورد، ئیحسان نوری پاشا بکێشنە نێو ئێران، چوون رەژێمی رەزاخان لە بزاوی کورد، دەترسا و دوای تێشکانی بزاوی ئارارات تورکی عوسمانی لەولاو پیاوی زاراخان (یاوەر فەتحوڵڵاخان) لە ئێرانەوە لە ماکۆوە (مادکێو) لە کورد و هۆزە کوردەکان بە جووت کوشتاریان دەکرد. دیارە هەمووش بە گزی و فزی دەکوژران و بەو جۆرە لە ناڤینی خەرمانانی ساڵی ١٣٠٩ بزاوی ئارارات نسکۆی بردو بێجگە لە هۆزی گەورەی جەلالی کورد و زۆربەی بزاوکارانی ئارارات، وك فەرزەندە، ئەیبوب ئاغا، ئیبراهیم ئاغا (برۆ حەسکی تللو) بە هەموو تایەفە و مەڕو ماڵاتەوە، هێنرانە ئێران و بە رێکرانە (قەراچەداغ، ئەردەوێڵ، مشکین، خەڵخاڵ و دەوروبەری (خۆ)، دیارە هەندێکیشیان لەو کوردانە، تالان و ماڵ وێرانیان کردن و بەدەست ناپیاوەکانی رەزاخان، کوردە قران ببووە باو. ٠بیرەوەری سەرلەشکر ئەمین ژمارەی ١٠ی رێبەندانی ١٣٥٣ پەڕەی ٨٦) بەیات هەر ئەو کتێبە (شەپۆل).

## بەناوی خوای بەخشەرو دڵ لاوێن و دڵاوا

چاکترینی مرۆ ئەو کەسەیە، کە فرەترین کەڵکی بۆ خەڵکی دیکە هەبێ- رەسوڵی خوا (د.خ).

بەرێزان، گەرێنەران، بەرپرسان، بوژێنەران، راگرانی زمان و هونەر و هۆنە و ئەدەب و وێژاوەری نەتەوەی دابەشکراوی کورد، وێران، ماندونەناسان، هێژایان، دڵسۆزان و کارگێرانی حەوتەنامەی (سیروان)ی پڕو تەژی لە مەبەستی جوان و رەنگین و سەنگین، درود و رەحمەتی خواتان لەسەر بێ و بە قەدر و عێزەتەوە پایەدار و مایەدارو بەرقەدار بن.

داواکردنی حەق و مافی فرە یا کەم مەرج نییە، شەرت ئەوەیە کە حوکومەت داخازی و مافی خەڵك و ئەسڵی قانوونی ئەساسی بەتایبەت ئەوانەی پێوەندیدارن بە حەقی خەڵك، وەك ئەسڵی ١٥، ١٩، ١٢ و... پەیامی ١٣٥٨/٨/٢٦-ئیمام خومەینی، بەرێوە ببا، دیارە خاوەن ماف دەست لە حەق و مافی رەوای خۆی هەڵناگرێ. ماف و حەق نادرێ، دەبێ وەربگیردرێ و بستێنەرێ. دیارە ئێمە دەبێ لە وەرگرتنی مافی رەواو بەر حەقی نەتەوەیی خۆمان سووربین و نابێ، بێ دەنگ بین. لە سۆنگەی پاراستنی زمانەوەیە کە کورد لە نێو کورەو سۆبەی گڕداری داگیرکەران نەتاواوەتەوەو زەق و زیندوو خۆیی راگرتووە.

لە حەوتەنامەی هێژاو پڕ قیمەتی (رۆژهەڵات) کە وەك رۆژ لە ئاسمانی کوردەواری ئێراندا، نورو پرشینگ دەهاوێژێ. لە ژمارەی ٢٧ی دووشەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٤ چاوم بەم نووسراوە (جرأت بیان حقیقت) کەوت کە رایگەیاندبوو روانینێك بە وتاری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و چەند نوکتەیەك نووسراوی خالد تەوەککولی، ئەحمەد قازی). کە جەنابی کاك ئەحمەد قازی وتبووی: ((اصلاح طلبان کُرد سقف مطالبات مردم کردستان را تنزل دادەاند)). هەروا رایگەیاندبوو کە ٨ ساڵ پێش لە جەنابی ناتیق نوورییان ویستبوو (ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساس و چەند ئەسڵی دیکە، لە



بەرنامەی خۆیدا بگونجێنێ و ئەویش لە یەکێ لە رۆژنامەکاندا بە ویستەکانی ئێمە بە ئاشکرا ئیشارەی کردبوو)، ئەوە وێرام ئەو قسە وا ٨ ساڵ پێش لە ناتیق نووریم ویستبوو بیڵێم.

پێویستە بخەمە بیر کە خاوەنی گۆڤاری گرشەی کوردستان محەمەد صالح ئیبراهیمی بۆ یەکەم جار دوای رابەرانی (حیزبی دیموکراتی ئێران)، خاوەنی ئەو گۆڤارە لە ژمارەی یەکەمینی ئەو گۆڤارەدا کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ی زایینی و رەشەمەی ١٣٥٩ بە زمانی کوردی لە تاران لە چاپ دەدرا و لە کوردستان بلاودەکرایەوە. داوای بەرێوەبردنی ئەسڵی ١٢و ١٥و ١٩و... قانوونی ئەساسی و پەیامەکەی ئیمام خومەینی کردبوو: ((...اسلام برزگ تمام تبعیضها را محکوم نمودە و برای هیچ گروهی ویژگی خاصی قرارا ندادە و تقواو تعهد بە اسلام تنها کرامت انسانهاست، و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق ادارەی امور داخلی و محلی و رفع هرگونە تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیایی متعلق بە تمام قشرهای ملت است منجملە برادران کُرد...)) رۆژنامەی کەیهان ١٣٥٨/٨/٢٧ هەتاوی و صەحیفەی نور چاپی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و گۆڤاری گرشەی کوردستان ژمارەی یەکەم ساڵی یەکەم پەڕەی ١ و ٢٧ و ٢٩ ژمارەی ٧ و ژمارەکانی دیکە ئەو گۆڤارەو کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دووەم ١٣٧٩/١١/١٥ی هەتاوی پەڕەی ١١٦ نووسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) تەنانەت تەواوی دەقی ئەو پەیامەم لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گرشەی کوردستاندا بە زمانی کوردی لە رەشەمەی ١٣٥٩ی هەتاویدا بلاوکردۆتەوەو هەروا لە ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆڤارەدا، بەرێوەبردنی پەیامی ئیمامی و ئەسڵەراگیراوەکانی قانوونی ئەساسیم داواکردووە کە پێوەندیان بە کورد و نەتەوە جیاجیاکانەوە هەیە، هەروا لە کۆنگۆەی زبان و فەرهەنگس و ئەدەبی کوردی کە لە ساڵی ١٣٦٥ لە شاری مەهاباد سازدرا، لە رۆژی یەکەم لەو کۆنگرەدا قسەم کردو ١٨ مادەم داواکرد:

١- یجرام پەیام و حوکمی ١٣٥٨/٨/٢٦، یمام خومەینی.

٢- بەڕێوەبردنی ئەسڵی ١٥و ١٩و ١٢و... قانوونی ئەساسی.

٣- بۆ ئەوەی منالآنی مەعسومی کورد سەریان لێ نەشێوێ و سەرکوێر نەبن لە باغچەی منالآن و لە سەرەتای خوێندنەوە بە زمانی کوردی و لە پاشان بە زمانی فارسی و کوردی بخوێنن.

٤- کەڵك وەرگرتن لە زمانی کوردی لە چاپەمەنیدا پەرەی پێبدرێ.

٥- لە یەکێ لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا کە مەقاماتی کۆماری بە موناسبی بزانن بنیاتێکی چاپ و بلاّوێك بە زمانی کوردی بۆ ڕاگەیاندن و بلاّوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی بەپێی مەزهەبی تەسەنون کە مەزهەبی خەڵکی کوردەو لە ئەسڵی ١٢ی قانوونی ئەساسیدا هاتووە کە (مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلامی کە حەنەفی، شافعی، مالکی و حەنبەلی)یە، ڕێزێ تەواویان بۆ هەیە، دامەزرێ.

٦- بۆ وتنەوەی دەرسی وێژە وێژەوانی زمانی کوردی لە فێرگە و خوێندگە و فرانکۆ و زانکۆکاندا لە کەناری زمانی فارسییەوە هەنگاوی پێویست دابنرێ.

٧- لە ڕادیۆ و تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی کە یەکێکە لە کەرەسە و هۆی ڕاگەیاندنی گشتی، (کە لە ئەسڵی ١٤ی قانوونی ئەساسیشدا هاتووە) بەرنامە بە زمانی کوردی دامەزرێ و پەرەی پیی بدرێ، تا خەڵکی کوردەواری لە خێرو بێری کۆماری ئیسلامی بەشدار و دڵخۆش بن (وَ مَنْ یَعْمل مِثقلَ ذَرَّةٍ خَیْراً یَرَهُ) ئایەتی قورئانە.

٨- دانانی چاپخانەیەك لە شاری مەهاباد بۆ چاپ و بلاّوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی.

٩- دامەزراندنی فێرگە، خوێندنگە، فرانکۆ، زانینگە و زانکۆ بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یانەکانی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها لە وەزارەتی فەرهەنگ و زانینە بەرزەکاندا.

١٠- دامەزراندنی کار بەدەست و فێرکار و مامۆستا بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە فێرگە و زانکۆکاندا. هەروا دامەزراندنی خوێندکارانی کورد لە یانەکان و وەزارەتخانەکان و زانکۆکاندا.



١١- دامەزراندنی ناوەندی چاپ و بلاّوێك بە زمانی کوردی لە تاران یا ناوەندی ئوستان یا یەکێ لە شارەکانی کوردنشین.

١٢- پەرەدان بە فێرگەی خوێندن بۆ فەقێ و مەلایان لە کوردستان.

١٣- سازدانی مزگەوت بۆ ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە تاران.

١٤- دانانی کورسی تەدریسی فیقهی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە زانستگەی ئیلاهیات لە سنە، کرماشان، تەبریز، ورمێ، مەهاباد، ئیلام و سقز و بۆکان.

١٥- دانانی بودجەی تایبەت بۆ جوبرانی مەحرومی شارەکانی کوردنشین و قەرەدان بە ئاوەدانی، خوێندن، بیهداشت، دەرمان، نەخۆشخانە و سەنعەت و تکنیکی ڕۆژاوا، نەك بۆ کاروباری نیزامی.

١٦- لەبەرچاوگرتنی کورد بۆ وەزیر، باڵوێز، قازی، گەرێنەرانی یانە گشتییەکان.

١٧- دانانی ئەنیستیتۆ و قانوونی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان و هەروا لە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی.

١٨- دانانی کارخانە و کارگەی بەرهەم و دەسمایە هێنەر بۆ دەست بەکاربوونی گەنجان و لابردنی مەحرومییەت و بێ بەشی لە هەرێمەکانی کوردەواری. بەڕێوەبردنی فەرمانی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بەتایبەت لە فێرگە سەرەتاییەکاندا و هەروا لە خوێندنگە، فێرگە، فرانکۆ، زانستگە و زانکۆدا لە هەرێمی کوردستان، کە ئەوانە ئیجرا بکرێن، جا کاتێ لەپشت میکرۆفۆنەکە هاتە خوارێ جەنابی خەلیل موەفەقی و دۆستانی دیکە وتیان، ئەو هەمووە مەبەستەکە تۆ خواستووتە، ئەویش لەم کارتە ساردو حەساسەدا، وریابە نەتگرن، دەبێ بڵێم تێکستی نوسخەی ئەو وتارەم بە هەندێ لە میوانەکانی کۆنگرەکە، داوە، نوسخەیێ بۆ (سروە) لە بلاّوکی صەلاحەدین ئەییوبی، کە لە شاری ورمێیە، دیارە دەبێ نوسخەیەك لە بایەگانی ئەویدا ئێستا هەبێ و نوسخەیەك بۆ دەنگ و ڕەنگی شاری مەهاباد و نوسخەیەکیشمدا دەست (کاشانی) یەکێ لە بەرپرسان و گەرێنەرانی گۆڤاری (سروە) و چەند بەش لەو (وتارە) لە ژمارەی تایبەتی (سروە)دا بە سەروگوێ شکاوی لە هەردوو

بەشی کوردی و فارسییەکەی گۆڤاری سروە لەگەڵ وێنەی من بڵاوکراوەتەوە. وەك ئەوە نەیانوێراوە یان نەیانویستووە گشت مەبەستەکەن بە تەواوی لە چاپ بدەن. لەو کۆنگرەی شاری مەهاباد رامگەیاند کە خوا لە قورئاندا فەرموویەتی: (وَ ما ارْسَلْنا مِنْ رَسُولٍ اِلاّ بِلِسانِ قَوْمِهِ لِیبَیّن لَهُم) سورەی ئیبراهیم ئایەتی٤، (و مِنْ آیاتِهِ خَلْقُ السَّمواتِ وَ الْاَرضِ وَ اِختِلافُ اَلْسِنَتِکُمْ وَ الوانِکُم اِنَّ في ذلِكَ لآیلتٍ لِلْعالِمِینَ) سورەی روم ئایەتی ٢٢. قورئان بۆ زمانی هۆزو نەتەوە جیاجیاکان گرینگی تایبەتی داناوەو زمانی ئەوانی بە ئایەت و نیشانەی خۆیی ناساندووەو مەفهومەکەی ئەمەیە کە قبوڵ نەکردن و بایەخنەدان بە زمانە جیاجیاکانی کوردو نەتەوەکانی دیکە، وەك قبوڵ نەکردن و بایەخ نەدانە بە دروستکردنی گۆی ئاسمان و گۆی زەوی و گۆڕانی شەو و رۆژ وایە، ئاخرەکەی یانی قەبوڵ نەکردنی ئایەت و نیشانەکانی خودا و ئینکاری بەدیهات، هەروەکو رەژێمی پەهلەوی لە ماوەی پەنجا ساڵدا ئینکاری کرد.

بە سەرنجدان بە فتوای شەرعی زانایانی گەورەی جیهانی ئیسلامەتی: (ئیمامی شافعی، ئیمام حەنبەلی، ئیمام مالکی و ئیمام ئەعزەم ئەبو حەنیفە) خوێندنی نوێژی جومعە و خوتبەکانی بە زمانی دایکی و غەیرە عەرەبی، بە جایزیان داناوە، ئەوە بە زمانی دایکی و غەیرە عەرەبی رەوابێ، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و غەیرە عەرەبی رەواترە. حەنەفییەکان و ئیمامییەکان دەڵێن: عەرەبی بوونی خوتبەکان لە نوێژی هەینیدا شەرت نییە (اَلفِقْة عَلَی الْمذاهِبِ الْخَمْسَةِ) چاپی بیروت پەڕەی ٢١ و ٢٢، جا هەر لەم سۆنگەوەیە، کە ئیمام خومەینی فتوای ئەو حوکمەی داوە کە لە ١٣٥٨/٨/٢٧ی هەتاوی لە رۆژنامەی کەیهان و... لە چاپیش دراوەو بڵاوکراوەتەوە، کە دووپاتەیشی لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ (حقّ ادارەی امور داخلی و محلّی) سەبارەت بە نەتەوەی کورد و ئەوانی دیکە ئیجرا بکرێ و دووپاتەشی کردووە کە دەبێ (رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی بکرێ)، یانی دەبێ تبعیض نەمێنێ یانی نەتەوەکانی ئێرانی کاروباری نێوخۆیان بە بیرو دەستی خۆیان بەڕێوەی ببەن و لە فێرگە و زانکۆکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و تەبعیضیك نەبێ. وەزیر،



سەفیر، قازی و یاوەرو فێرکارو مامۆستا لە خۆیان بێ و کارخانە و تیکنیك و سەنعەت و کەرەستەی هۆی بەرزبوونەوەی ئابووری و ژیانی مرۆڤانی لە کوردستان و هەرێمەکانی نەتەوە جیاجیاکاندا یەکسان و بێ تەبعیض بێ و رۆژنامە، گۆڤار و دەنگ و رەنگ بە زمانی خۆیان هەبێ و فەرق و تەبعیض نەمێنێ، بەم جۆرە تەنیا ئەوە ماوە حوکومەکەی ئیمام خومەینی و ماددەکانی قانوونی ئەساسی کە راگیردراون ئیجرا بکرێن، کە بەداخەوە ئەوە ماوەی ٢٥ ساڵ زیاترە هێمان ئەو حوکمە و ئەسڵی ١٥ و ١٩ و ١٢ و...ی قانوونی ئەساسی ئێران بەڕیوە نەبراوە (هەر بۆییێ دەڵێن، دوو سەد و تەبەقەت نیوەکارو کردەوەیەك بایەخی نییە).

دیارە ئەگەر حوکومەت لەکات و ساتی خۆیدا ئەو حوکمەی ئیمام خومەینی و ئەسولی قانوونی ئەساسی پێوەندیدار بە نەتەوە جیاجیاکانی ئێران ئیجرا بکرداییێ، نە راپەڕینی هێزی چەکداری و نە بزاوی ئیعتیرازی و تووڕەبوونی خەڵك رووی نەدەدا و نە تاقمی دەروون حاکمیەت دەیانتوانی بە چاوی بێگانە و نیشتەجێیانی موستەعمەرە تەماشای کورد بکا، جا لەبەر ئەوەیە جەنابی خاتەمی سەرۆکۆمار لە قسەکانیدا سەبارەت بە تەوەی کورد وتوویەتی: ((هیچ کس حق ندارد بگوید از کُرد ایرانی تر است)). دیارە ئەگەر بۆ فریونەبووبێ، یانی دەبێ عەمەلەن وەك ئەسڵە ئێرانی تەماشای نەتەوەی کورد بکرێ، هەروا لە ٤-١٣٧٢/٩/٥ لە شاری سنە لە سالۆنی (میهمانسرای) سنە کۆنگرەیەك سازدرابوو لە بابەت تەتەوری زمانی کوردی قسەم کردو داوای بەڕێوەبردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و خوێندن بە زمانی کوردیم کرد و لە هەموو ئەو کۆنگرانە، کە لە شاری سنە بەڕێوە دەچوون، من داوای ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەو ئوسولانەی قانوونی ئەساسیم دەکرد کە پێوەندیان بە کورد و نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانییەوە هەیە و راگیردراون.

هەروا لە کۆنگرەی رێزدانان بۆ لێکۆڵەر، موتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد: عەبدولرەحمان شەرەفکەندی (هەژار) کە لە ١٣٨١/٣/٢٣ لە شاری مەهاباد سازدرابوو، داخوازی ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئوسولەکانی راگیردراوی

قانوونی ئەساسیم کرد. هەروا لە جێژنی هونەری کوردی کە لە (سینما فلسطین) لە تاران ١٣٧٤/٩/٢٨ سازدرابوو قسەم کرد و خوازیاری بەڕێوەبردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەسڵە راگیردراوەکانی قانوونی ئەساسیم کرد، هەروا لە رۆژانی پێنج شەممە و هەینی ١١ و ١٢ سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٨ لە ساڵۆنی (مجتمع شهید اوینی) لە کرماشان کە کۆنگرەیەك بۆ رێزدانان لە خوالێخۆشبوو سەیید تاهیر سەیید زادە هاشمی سازدرابوو داوای ئیجرای ئەسڵی ١٥ و ١٩ قانوونی ئەساسیم کردو ئەم داخوازیەم لە کتێبی فەرهەنگ و ئازادی، کۆمەڵێك نووسەر کتێبی گوڵان ژمارەی ٣٣ چاپی ٢٠٠٠ی زایینی، هەولێر، لەچاپ دراوە، هەروا نووسەری ئەو کتێبە نووسیوویەتی: ئەو داخوازیە کۆڕەکەی جۆشدا.

لە کۆنگرەی رێزدانان بۆ پێشەوا مستەفا بارزانی رابەری کەبیرو هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد لە ٢٠٠٠/٣/١٠ی زایینی لە تالاری (بین المللی) سازمانی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەم کردو لە ئاخری قسەکانمدا وتم: ((هیوادارم هەر وەکو تورکیە لە چەند ماڵە ئاوارە))ی تورکی نیشتەجێی قبرس پشتیوانی دەکا، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، ئاوا لە کوردەکان چ لە عێراق و چ لە تورکیە و سوریە و لوبنان و... پشتیوانی بکا. باشە بخەمەوە بیر: رۆژی سێ شەممە ٣ی خەزەڵوەر (ئابان)ی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و ١٢ی رەبیع ئەوەڵی ١٤٠٩ی مانگی و ٥ ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ی زایینی خوالێخۆشبوو: سەیید مەحموودی گوڵسەن، سەیید ئیبراهیم ستودە دکتۆر محەمەد تەقی ئیبراهیمپور. صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، شەریف عەزیمی، محەمەد رەئوف تەوەککولی، محەمەد رەیانی، حەسەن صلاح (سۆران) دوکتور فەرەیدونی جونەیدی، کە لەلایەن ئوستانداری کوردستانەوە بۆ بەشداری کردن لە جێژنی لەدایکبوونی حەزرەتی رەسولی ئەکرەم (د.خ) بە بۆنەی حەوتەم وەحدەت بانگ کرابووینە شاری سنە، و کاك شاروخ هەورامانی، بە ماشێن هاتبووە تاران، بە شوێنماندا شەو لە ئوستانداری کە ئایەتوڵڵا عوزما سەیید عەلی خامنەیی، سەرکۆماری ئەوسای ئیسلامی ئێران لەوێ بوو، ئێمەیش ئەم موستەد عەیاتەمان بە ئیمزای هەموومان لە شەوی مەولود خوانی لە



ساڵۆنی ئوستانداریدا دا دەست سەرکۆمار، دەقی موستەدعەیاتەکە: (مستدعیات هیئت علمی فرهنگی کُردان کە بمنظور شرکت در مراسم هفتەء وحدت در محضر ریاست محترم جمهوری بە سنندج دعوتت شدەاند:

١- تشکیل فرهنگستان کُردی (اکادمی).

٢- ایجاد کُرسی زبان و ادبیات کُردی و تأسیس چند واحد تدریس زبان کُردی در دانشگاەهان مناطق کُردنشین و تهران و سایر مراکز علمی کشور.

٣- پیگیری مصوبەی نخستین کنگرەی زبان و فرهنگ و ادبی کُردی مهاباد، دربارەی تدریس زیان کُردی در جنب زبان فارسی در مدارس ابتدایی در مناطق کُردنشین.

٤- ایجاد دفتر هماهنگی در ستاد انقلاب فرهنگی در تهران بە منظور پیگیری مستدعیات یاد شدە. زۆر بەڕێزەوە هەیئەتی عیلمی فەرهەنگی کە بە تەقازای ئاغای (روزبە) موشاویری کاروباری موتالەعات و فەرهەنگی ئوستانداری سنە، (کوردستان) ناوەکان و موستەدعەیاتەکە، وەرگیران و پێشکەش بە بەڕێز سەرکۆمار کرا بە ئیمزای هەموومان (ئابان) ١٣٦٧ی هەتاوی بەداخەوە لە ١٣٧١/١٠/١١ی هەتاوی گوڵشەن بە نەخۆشی دڵ وەستان وەفاتی کردو منیش بۆ یادی ئەو دۆستە ئازیزە شەرحی حاڵی ئەوم بە زمانی کوردی نووسی و لەگەڵ ئەو موستەدعەیاتەدا لە ٢ ژمارەی ٤٠ و ٤١ حەوتەنامەی ئاوییەر، مانگی خەزەڵوەر و سەرماوەرزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی بە چاپم گەیاند. خودا لە قورئاندا فەرموویەتی: (اِنَّ اللّهَ یَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَ الاْحْسانِ)لە قورئاندا ئەمر کراوە مرۆ عادل و دادگەر بێ و لە وڵاتدا، عەداڵەت بەرقەرار بکا، دیارە عەداڵەت هەموو لایەنەکانی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی و رامیاری و ئابووری دەگرێتەوە، دیارە پەرەدان بە دادگەری و عەداڵەت و پاراستنی رێز و کەرامەتی مرۆ، لە نێزیك بوونەوەی خەڵکی لە یەکتر، دەتوانێ ببێتە ئامانجگەلی هاوبەش؛ کە لە سازدانی ئاژۆتن بەرەو لای جیهانی بوون نەخشی بنەڕەتی هەبێ. بە هیوای ئەوەین دادگەری بە دی بێی.

بەڕێزەوە دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیم (شەپۆل) تاران ١٣٨٤/٦/١٢ و رێکەوتی ٣ی سپتامبەری ٢٠٠٥ی زایینی.

# خاوەن شکۆ سەرۆکی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود بارزانی خوا بتانپارێزێ

**سڵاو ڕێز...**

خاوەن شکۆ رابەر و سەرۆکی هێژا و بوێر و خۆشەویست جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆك و رابەری لە کارزانی هەڵبژاردەی نەتەوەی نەجیبی دابەشکراوی کورد و کوردستان. بە بۆنە ئەمڕۆژە پیرۆزە (١٢ی ژوەنی ٢٠٠٥ی زایینی) کە لە کۆمەڵەی نیشتمانی کوردستان بە تەواوی دەنگ ئێوەی بەڕێزیان بەو شێوە دیموکراتانە هەڵبژارد، بۆ سەرۆکی و رابەری کردنی کورد و کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی عەرز دەکەم، بەڵێ! کاك مەسعودر بارزانی رابەری دیفاع لە کورد و کوردستان (لە خواکورك و کۆڕێ) کە خوستی لە هێرشی بەعسی بەغا بڕی و دەنگی پێی کپ کرد، هەر ئەوەش بووە هۆ کە سەدام و سەدامیان بۆ هەتا هەتایە گۆڕیان گوم بێ. هەڵبژاردنی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ رابەری کردنی کورد و کوردستان بەو شێوە رەسمی و دیموکراتیانە لە رێگای قانوون و بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی نەتەوەی کورد، لە کۆمەڵەی نیشتمانی کوردستان، بەتایبەت کە بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراقی فیدرالی بەشدار بوو قسەیشی کرد و کاك مەسعود بارزانی تەبییدکرد کە هەردوو رێزدار خۆیان خستەوە باوەشی نەتەوەی بەشخوراوی کوردو گوڕو تین و تەوانێ دیکەیان بە خۆیان و بە نەتەوەی کورددا هەرچەند ئەوان هەمیشە لە باوەشی گەرمی گەلدا بوون، بەڵام دوژمنان دەیان قڕاند کە لەگەڵ دوورن، بەڵام مام و کاکە بە چاکە و بە دڵسۆزی و لەخۆبوردن کوردیان بەرەو ئازادبوون و سەربەخۆیی شاد کرد، کە بووەتە نیشانەی وەحدەت و یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبەکە و یەکبوونی نەتەوەی کورد و ماڵی کورد بۆتە یەك ماڵ و بەتێکڕا لەسەر مافی رەوای کورد سورن. لەلایەکی دیکەوە حوزوری سەفیران و نوێنەرانی ئەمەریکا، بەریتانیا و... هەروەها ئامادەبوونی وەزیرانی کابینەی عێراق و گەورە سیاسییەکان و ژنان و پیاوانی ناوداری



عێراق و ئەو هەموو رۆژنامەوان و کاربەدەستانی سەتەلایتەکان کە هەموو لەکاتی سوێند خواردنی سەرۆك مەسعود بارزانیدا لەوێ بوون و بەخۆشی و چەپڵە لێدان کاك مەسعودییان تەئیید دەکرد. وەحدەتی نەتەوەکانی وڵاتی عێراقی بە گشتی و یەکبوونی کورد بەتایبەتی نیشان دەدا، یەکبوونی نەتەوەی کورد، وزە، قودرەت، گوڕو تین و تەوان، هێز و تەسمیم و برایی و لێبڕان بە کورد، دەبەخشێ. بەتایبەت لەو رۆژە مێژووییەوە، تا ئەمڕۆ هەینی ١٧ی ژوەنی ٢٠٠٥ی زایینی و رێکەوتی ٢٧١٠/٣/٢٧ی کوردی بەردەوام خەڵك بە شایی و هەڵپەڕکێ و بە نامە، فاکس، ئیمێل، وتووێژکردن لەگەڵ رۆژنامە و سەتەلایتەکان و بیروڕا دەربڕین و پشتیوانی کردن لە هەڵبژاردنی کاك مەسعود بارزانی و پیرۆزبایی وتن، حاڵەتێك وەك ریفراندۆمی بەخۆوە گرتبوو بەتێکڕا کاك مەسعودیان تەئیید دەکرد و بوونە پشتیوانی. دیارە هەمووشمان دەزانین دەبێ سەرۆك خاوەن تەجرەبە و بە ئەزموون، شوجاع و نەترس و بوێر، قاتیع و بڕاوکارا و لە کارزان بێ تا لە کاتی رووبەڕووبوون لەگەڵ بوحراندا بێ شڵەژان، ئاسان و هێدی بتوانێ لەگەڵ کەند و کۆسپدا، رووبەڕوو بێ و موشکیلات بە شێوەی ئاشتی و موسالەمەت حەلل و فەسڵ بکا و بەسەر کاروبارا سوار بێ و بێ گرێ پووچکە، وڵات ئیدارە بکا. شوکر بۆ خوا گشت ئەو موحاسین و ئاکار و خووە جوان و ئینسانانە لە کاك مەسعود بارزانیدا بە تەواوی هەیە، کاك مەسعود نە تەنیا سەرچاوەو هێزو دڵسۆزییە بۆ کوردستان، بەڵکو سەرچاوەی هێزە بۆ خەڵکی عێراقیش بەگشتی.

کاك مەسعود بارزانی سەرۆك و رابەری کورد و کوردستان جێنشینی بەدرخان پاشا، جێنشینی میر محەمەدی رەواندزی، جێنشینی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، جێنشینی مەلیك مەحموود حەفید، جێنشینی شێخ سەعیدی پیران، جێنشینی شێخ ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان، جێنشینی ئیحسان نوری پاشا، جێنشینی سمکۆی مەزن، جێنشینی قازی محەمەد، کاك ئیدریسی بارزانی و جێنشینی پێشەوا ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی رابەری کەبیر و هەمیشە زیندووی کورد و کوردستان، دیارە رۆحی

شیرینی ئەو رابەرە کوردە مەزنانە، لە وجودی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و بەرپرس و موتەعەهید و ئاگا و حەکیمی ئێوەدا کۆبوونەوەو دەزانین ئێوە بوون بڕیارتاندا بە سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەڕەتی ئارەزوومەندانە، هەر ئێوە سووربوون لەسەر ماددەی ٥٨ بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر کوردستان، نەتانهێشت ئاڵای سەددامی بەعس لە کوردستان هەڵدرێ، بەرگریتان لە دەست تێوەردانی تورك کرد. فەر ژیرانە یەکبوون و وەحدەتی ریزەکانی کوردتان پاراست، هەر ئێوە بوون بەرەوانیتان لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد کرد، نەترسانە خۆت ئامادەکرد تا لە رێگای پاراستنی کیانی سیاسی کوردستان تەنانەت بەرەو کاروانی شەهیدان برۆیی، ئەمانە و چەندەها کار و ئاکاری جوانی تۆ، بە ئاشکرا و شەفاف بۆتە هۆ کە خەڵکی کوردستان بە تێکڕا ئێوە بە رابەر و سەرۆکی دڵسۆز و واقیعی خۆیان دابنێن. بەڕاستی جێی فەخر و شانازی و سەربەرزییە، کە پێشمەرگەیەکی ئازا و سەرکردەیەکی نیشتمانپەروەری وەك کاك مەسعود لە خانەدانی مەزنی هۆزی خەباتگێڕی بارزانی کە لە منالییەوە لە فێرگە و وانەی باوکی رۆحی کورد پێشەوا مستەفا بارزانی کوردایەتی و دادپەروەری و مرۆڤ پارێزی و خەباتکاری فێربووەو بۆتە رابەری کورد و کوردستان. ئەو رابەرییە و سەرۆکایەتییە پیرۆز بێ پیرۆز، دیارە وجودی کاك مەسعود کە لە ئاسۆی کوردستان بەرزبووەتەوە تیشکی رۆژە کە نوری ئازادی و بەختەوەری لە کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە. کاتێ سووربوویی لە سەر دەنگدانی خەڵکی کەرکووك بەو کوردە تازە گەڕاوانەشەوە، نوێنەری ئەمەریکا ئارمیتاژ هات و فەموودەی ئێوە، برا بەڕێوە یا وەزیری جەنگی ئەمەریکا کە لەگەڵ ئێوەدا قسەی دەکرد وتی: بۆش (سەرکۆماری بەهێزترین وڵاتی دنیا) وتوویەتی قسەکانم بە تەواوی عەینی قسەکانی سەرۆك مەسعود بارزانییە، بەتایبەت کە مام جەلال سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ رایگەیاند کە سەرکۆماری ئەمەریکا تەبریکی بە کاك مەسعود بارزانی وتووە کە بەناوی سەرۆك و رابەری کورد و کوردستان هەڵبژێر دراوە، کاتێ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا خانم رایس یەکڕاست هاتە سەلاحەددین و لەگەڵ ئێوە قسەی دەکرد، تەعبیرێکی لە بابەت



جەنابت بەکاربرد، کە ئەم واتایانەی دەگەیاند بانی سەرۆك مەسعود بارزانی (ئاگا، موتەعەهید و حەکیمە) دیسانەوە ئەم سەرکەوتنانە و ئەمڕۆژە مێژووییە بە جەنابتان و بەگست نەتەوەی کورد لە هەموو جێی جیهان پیرۆزبایی دەڵێم: هیوادارم یەکبوونی و هاوفیکری لە نێو نەتەوەی کورد، سەقامگیر و بەردەوام بێ، چونکا یەکبوون فایدەی فرەیە، بۆ وێنە تۆ لە گڕەگڕی گەرمای هاوینا سیگارێ برە بەر تیشکی خۆرەتاو، هەرچەند زۆریشی رابگری گڕناگرێ، بەڵام زەرەبینێك بگرە بەرخۆرەکە و سیگارەکەیش بگرە بەر زەڕەبینەکە، لە پڕا گڕ دەگرێ و دووکەڵ لە سیگارەکە، هەڵدەستێ چونکا ئەنێرژی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، نەتەوەی دابەشکراوی کوردیش دەبێ یەکبێ تا گوڕ و هێز و توانای زیاتر لە خۆیدا کۆبکاتەوەو ئاسانتر بەسەر کەند و کۆسپا؛ تێپەڕێ و سەرکەوێ و بە ئازادی و سەربەخۆیی بگا.

لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤانیدا بارزانی و بنەماڵەی پاك و بێخەوشی بارزانی رۆژەو بە فو ناکوژێنەوە.

کورد، لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی سێبەری رەحمەت و بەرەکەتی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی رابەری کەرو نەمری نەتەوەی کورد، وا بەسەرەوە و شوێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانە دڵسۆزییەکانی دیارە و بەسەر کورد و کوردستاندا هەر پڕشنگ و نوری ئازادی بەسەر کورد و کوردستاندا دەڕێژی، نەتەوەی نەجیب و ئازادی کورد، فەخرو شانازی بەو زاتە و بە بارزانی و بارزانیان دەکا.

بیرو ئیبتکاری کورد و ئێرانی لە دامەزراندنی ناوەندی دەوڵەتی بۆ نووسین و وەرگێڕاندنی کتێب، لە ١٧ی ژوئیەی ساڵی ٨٣٠ی زایینی کورد و ئێرانیان کە بە نێوی راوێژکار: (موشاویر لەگەڵ مەئمور خەلیفەی عەبباسی هاوکاریان دەکرد، لە شاری بەغا دام و دەزگایەکیان سازدابوو، کە لە بنکەی کتێب و سیپارە دانان و وەرگێڕاندنی کتێب: (پەراو) دەچوو، کە لە ٢٦٥ ساڵ بەر لەوە، بە دەستووری (خوسرەو ئەنەوشیرەوان) شای ئەو سەردەمەی ساسانی کورد و ئێرانی لە تیسفۆن: (مەدائین لە نێزیکی بەغا کەونە موڵکی باو و باپیرانی کورد) بۆ دامەزرابوو (کلیل و

دیمەنە) لە زمانی سانسکریتەوە، هێنرایە سەر زمانی ڕۆژئاوی پەهلەوی ساسانی، ئەو سەردەمەی خەڵکی کورد و ئێران: (زمانی گۆرانی)، ئەو ناوەندە فەرهەنگییە بە (بەیتولحیکمە) ناونرایابوو هەروەکو بنکەی کتێب دانان و وەرگێڕاندنی کتێب و سیپارەی ڕۆژگاری (خوسرەو ئەنەوشیرەوان) کتێبخانە و دەفتەری کۆمکاری تەرجەمە و هەروا دەفتەرێکیش بۆ کۆمەك و خەرجکێشانی نووسەران و شاعیران و موتەرجیمان و بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و پشتیوانی و تەشویق کردنی ئەوان دامەزرابوو، هەر ئەوەشە کە لە کوردستانی ئازاد بەهۆیی سەرەك وەزیرانی کوردستان بەڕێز جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی (کۆڕی زانیاری) لە شاری هەولێر پێتەختی کوردستانی ئازاد دامەزراوەو سەرەنج بە زمانی شیرینی کوردی و زانینی ڕۆژباو دراوەو هیوادارین زیاتر پشتیوانی لەو کۆڕە بکرێ و فەرەتر پەرەی زیاتری پێی بدرێ.

**بەڕێزەوە دوکتۆر**

**محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)**

**مامۆستای زانکۆی تاران.**



## بۆ ئەدای دەین و پێزانین سەبارەت بە زانای دڵسۆزی کورد، مامۆستا محەمەد سەعید ئیبراهیمی

**بەناوی خوای بەخشەر و دلاوا**

**مامۆستا محەمەد سەعید ئیبراهیمی**

خالێخۆشبوو، ئەو زانا دڵسۆزە پڕ زانا کوردییە، کە ئوسوەی عیلم و تەقوا و خۆراگری و خۆپارێزی و کورد و نیشتمان خۆشەویست بوو، کە بۆ خزمەتکردن بە زمان و فەرهەنگی کوردی کتێبی گەشتێ لە علومی بەلاغە؛ بەیان بە دیع و مەعانی بۆ نووسین، لە چاپی داوە کە ئەگەر ڕۆژێك لە زانکۆی کوردستان ئەم عیلمە بە زمانی کوردی بخوێندرێ ئەم کتێبە پڕ نرخە دەبێ بە دەرس بە زانینخوازان: ((دانشجویان)) بوترێ و ئیدی نیازمان بە کتێبی (جواهر البلاغە و مطول و مختصر)ی عەرەبی نامێنێ و بۆ خۆمان ئەو کتێبە کوردییەی مامۆستا، بە دەس دەخوێنین، مامۆستا ئەو زانا پڕ زانا مێژوو زانانەیە کە کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کوردی بە زمانی شیرینی کوردی، داناوەو لە چاپی داوە، کە لە سەرەتای تاریخەوە باسی قارەمانانی کوردی کردووە، تا دەگاتە پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، ئیحسان نوری پاشا و سمکۆی مەزن، مامۆستا چەن کتێبی بە نرخی دیکەشی لە زانین و عیلم و ئەخلاق و دیندادا، داناوەو لە چاپی داون و بڵاوی کردونەتەوە. دیارە بیرەوەران و فەیلوسووفانی کۆمەڵایەتی بێ وەستان تێدەکۆشن تا بۆ نەتەوەی خۆیان روون بکەنەوەو بڵێن: کە ناسنامەی ئەوان چییە تا بە لاوانی کۆمەڵگای خۆیان بسەلمێنن کە ئەوان دارای هەویەن و بیرمەندان بۆ دۆزینەوەی تاریخی دوور و درێژی خۆیان کۆشاون تێدەفکرن تا بروسکەیەك بۆ شانازی لە مێژوودا پەیدا بکەن و لێکی بدەنەوەو پەرەی پێ بدەن و خزمەتی خۆیان نیشان بدەن، ئەو زانا دڵسۆزەی گەل و نیشتمان، لە سەردەمی فەقیەتیدا کە بۆ فێربوونی عیلم لە حوجرە و فێرگەی مزگەوتەکانی کوردەواریدا، گەڕاو، هەروەها لەو کات و ساتانەی مەلا و مودەریس بووە، هەر وەکو

کۆمەڵناسێك بار هاتووەو باش خەڵکی ناسیووەو هەستی بە بن دەستیکورد و دیلی هەژارانی نێو کۆمەڵ کردووە، جار هەر لەو سۆنگەوە دژ بەو بارە نالەبارانە، بارهاتووەو لە باری کۆمەڵایەتیدا دژی پیاوی نالەبار و دوژمنی چەوسێنەران و لە ریا و درۆ. بێزار بووەو بەزەیی بە گزیکاراندا، نەدەهات و فرە لەوە قەڵس بوو کە هەندێ لە تێکوڵ، کرە کرپانەوەو کاکڵ بەسەر ناکەنەوە، گزیکاران بەناوی دین پارو لەدەم ساوێلکە و هەژاران دەرفرێنن. مامۆستا، لای وابوو، مرۆ دەبێ بە هەموو توانای لە ژیاندا بۆ خزمەتکردن بە زمان و فەرهەنگی کوردی و بۆ دابینکردنی مافی رەوای کوردی چەوساوەو ماف داگیرکراو، گیان و ماڵ و کات و ساتی خۆی بەخت بکا، مامۆستا؛ گەورەو گچکەی بە چاوێ تەماشای دەکرد.

بنەماڵە: مامۆستا مەلا سەعید ئیبراهیمی کوڕی خوالێخۆشبوو مەلا ئیبراهیم، کوڕی عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد ((بەها)) ئەمین حوزوری مەلیك قازی خەزرەتی شێخ عوبەیدییلای نەهری شاهی شەمزین و کوڕی مەلا سەعید-ی گەورە، کوڕی حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی (کە تەفسیر و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئایەتی نور نووسیوە خاوەن و مالیکی خاوێران و دێی پیریونس Piryunes بووە کە لە بەشی ناوەندی شاری سەقز و ٢٠ کیلۆمەتری باکووری رۆژئاوای سەقزدایە و چەند ئاشی ئاوی و دێی (کانی شێتەی) هەبووەو قەبالە کۆنە دەسخەتەکان بە مۆر و ئیمزای مەلا و پیاو ماقوڵی ئەو سەردەمە ماوەو لە کتێبخانەی بنەماڵە راگیردراوە) و کوڕی مەلا رەحیمی گەورەیە، بێشك ئەو بنەماڵە زانا و زانا پەروەرە. رایەڵە و مام شەبەکەیەکی پەرەدار و پڕ شاخ و بەرگی عیلمیان، لە نێو خۆیاندا سازداوە. بۆ وێنە مەلا قادر سەعیدی (شاعیری کوردی وێژ، کە دیوانەکەی بە کوردی چاپ بووەو لەم دوایانەدا ببووە مودەریس و ئیمامی مزگەوتی دوو منارەی شاری سەقز) نەوەی مەلا سەعیدی گەورەیە، بنەماڵەی شێخانی مازوداریش لك و پۆی مامۆستا مەلا قادر سەعیدی یان پێوەیە و هەروا بنەماڵەی زانای ناودار، بە مالا ئەحمەد لاسور ((رەببانی)) و حاجی مەلا عەلی رەببانی (مودەریسی گوندی



بوغدەکەندی لای بۆکان) دەچێتەوە سەر ئەو بنەماڵە، هەروەها بنەماڵەی رەسول شیرازی (فێرکار لە فێرگە و فێرانگۆکانی یانەی فێرکردن و بارهێنانی شاری سەقز) دەچێتەوە سەر بنەماڵەی حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی، هەروەها بنەماڵەی مەلا ئەمجەد عوسمانی خەڵکی دێی قەڵای رەسولەسیت لەسەر چەمی مەجیدخان، لەو لك و پۆپەن و (مەلا ئەمجەد دیوانی شیعری بە کوردی هەیە). هەروەها بنەماڵەی گەورە: زانا و زاناپەروەی (شێخ الاسلامی) شاری بانە و سەلامییەکانی شاری بانە، تا و پۆی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) یان پێوە دیارەو عەللامە حاجی سەیید مەلا جەلال (شێخ الاسلامی) کە لە ١٣٨٣/٤/١٩ی هەتاوی لە ماڵی خۆیی لە شاری بانە وەفاتی کردووە، وێنەی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها)ی لە چوارچێوەو قاپێ جوان گرتبوو و لە تاقچەی رووبەڕووی جێی دانیشتنی خۆی لە ماڵێ داینابوو ڕێزی ئەم وێنەی فرە لابوو، ئێستا ئەو، وێنە بۆ ودم هەر لەوێی ماوە. هەروەها جەنابی مامۆستا مەلا محەمەد عەلایی ئەردەلان لە راپەڵە و پۆی مام شەبەکەی بنەماڵەی مەلا سەعیدی گەورەیە.

حاجی خەلیفە ((بەها)) کۆڕانێ زانای وەك عەللامە مەلا عەلی هەبووە، کە لەگەڵ مەلا رەحمانی برای لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە شەڕی روسی تەزاری لە رووداوەکانی شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی یەخسیر و لە رێگای دیفاع لە کورد و نیشتمان لە ساڵی ١٣٣٣ی مانگی بەدەستی رووس شەهید کراون. ئەوەیە ((بەها)) فەرموویەتی: (شکرالله شادمانم من بە لطف بی نظیر- گشتە در راه دفاع حق دو فرزندم اسیر) مامۆستا مەلا سەعید لە نێو بنەماڵەیێ ئاوا پڕ لە عیلم و زانا و زاناپەروەر لەدایك بووەو پەروەردە کراوەو بەر خوێندن نریاوە.

خوێندن: مامۆستا مەلا سەعید لە حەوت ساڵیدا، لای خوالێخۆشبوو مەلا ئیبراهیمی باوکی خۆی، قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی عولومی ئیسلامی خوێندووە، لە پاشان لای باش مەلا زاناکانی کوردستان، بۆ وێنە لای زانای کوردی

وێژ مامۆستا مەلا عصامەدینی شەفیعی لە شاری بۆکان و مەلا حیسامەدین وەجدەی لە دێی گەورە قەڵا، لای عەللامە، مەلا مەجید ئوصولی لە سنە، عەللامە مەلا مەحمودی موفتی لە سنە، حاجی مەلا خالید موفتی لە شاری سنەی کوردستان...) هەروەها عولوم و دەورەی مەعاریفی ئیسلامی و عولومی موتەداوەلەی رۆژئاوی لای ئەو زانا ناودارانە تەواو کردووە، جا لە پاشان بۆ لێکۆڵینەوەو پیاچوونەوەو لێکدانەوەو تەحقیقێ زیاتر لە عولوم و مەعاریی ئیسلامی چووەتەوە شاری مەهاباد لە حوجرەو فێرگەی فەریدی زەمان پڕ زانا حاجی مامۆستا مەلا حسێن مەجدی، پاش ماوەیەك، لای ئەو زاتە پڕ عیلمە ئیجازەی ئیفتاو تەدریسی وەرگرتووە، لە ساڵەکانی ١٣٣٠ی هەتاوی تا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی کە لە گوندی گێسیان لە مەرگەوەر مودەریس و ئیمامی جومعە و جەماعەت بووە، فەقێ و مەلایێ زۆر، بۆ فێربوونی عولومی ئیسلامی روویان کردۆتە فێرگەی مامۆستا مەلا سەعید. لە گێسیان و فەقێ و مەلایێ باش و خوێندەواری فێری زانینەکانی ئیسلامی کردووەو باری هێناون، زۆر لەوانە ئێستا مودەریس یا ئیمام جومعەن لە شار و دێ.

لە گێسیان لە راستیدا مامۆستا ببووە موفتی و لای ((سلطان العرفا حاج عبداللە)) گەیلانی زادەو سەرانی عەشایر و خەڵکی ئەو ناوچە، ببووە مەرجەع و جێی متمانە و زۆر خۆشەویست و پڕ قەدر و حورمەت، وەببووە جێی راوێژ و مەشوەرەت و جێی بەجێی کردنی گیر و گرفتی شەرعی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو ناوەو لە رووی کۆمەڵایەتی و دین و دیانەتەوە، کەند و کۆسپی لە رێگای ئەوان لادەدا و کار و باری بۆ ئەنجام دەدان.

مامۆستا زانایان، دانایان، قەڵەم بەدەسان، هونەروەران، دەست رەنگینان، رووناکبیران، نووسەرانی قەڵەمڕەوان، زمان پاراوان، ئەویندارانی باوەڕدار و ئازادیخواز، و ئەوانەی بە ئاواتن ژیانی بگۆڕن و بۆ یەکسانی گەل و نیشتمانی کوردی، بن دەست لە خەباتا بوون، پڕ بە دڵ و گیان خۆشی دەویستن و دژی چینایەتی بوو و حەزی دەکرد نەزمی و بەرزی ناوقیعی نەمێنێ و خەڵك فێری عیلم و هونەری



جۆراوجۆر و زانین و پیشەسازی و تیکنیك، و فێری زانستی رۆژئاوا بن و بەپێی ئەم فەرمووده: (هەر لەسەر پشتی بێشکەوە تا دەچینە گۆریچەوە دەرس خوێن بین.) بەڕاستی مامۆستا عاشق و ئەوینداری عیلم و زانین بوو هەر ئەوەیش وای کرد لە گێسیانەوە روو بکاتە شاری زانین پەروەری مەهاباد و لە مزگەوتی حاجی شاتری، بەناوی مودەریس و ئیمام و خەتیبی ئەوێ دامەزرێ. مامۆستا لە شاری مەهاباد زیاتر بەرچاوی رووناك کریاوە، لە باری روانگە و تێفکرینەوە بۆ سەردەمیانەکردن و نوێکردنەوەی زانیاری خۆیی، دەکۆشا و تێدەفکری و بیری دەکردەوە بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتن و راپەڕین بە دژی مانەوە لە لیباسێکدا. مامۆستا لە ساڵەکانی ١٣٣٦ تا ١٣٤٢ لە مەهاباد لە رادیۆ مەهاباد بە دەنگی خۆی بەرنامەگەلێکی لە بواری کۆمەڵایەتی و مەعاریفی ئیسلامی و پێوەندی نێو کۆمەڵ و بنەماڵە، بە زمانی شیرینی کوردی، بڵاودەکردەوەو ئۆگردارانێ زۆربەی لە خۆ ئالاندبوو و ئەو بەرنامە ببووە فێرگە و مەکتەبێ.

دیارە مامۆستا لە مەهاباد، دەرەتانێ زیاتری بۆ هەڵکەوت، تا لە تاران لە وەزارەتی فەرهەنگ و فێرکردنی بالا لە رێگای ئیمتحانەوە، دیپلۆمی مودەریسی وەربگرێ و ببێتە فێرکار و مامۆستا لە فێرگە و فێرنکۆکانی، یانەی فێرکردن و بارهێنان لە شاری مەهاباد- جا چونکە بەڕاستی ئەوینداری فێربوونی علومی رۆژئاوا بوو، خوێندی و لە رێگای کۆنکۆرەوە لە زانستگەی ئیلاهیات و مەعاریفی ئیسلامی زانکۆی تاران لە رشتەی زمان و ئەدەبیاتی عەرەب قەبوڵ دەکرێ و دوای خوێندن و تەواوکردنی دەورەی زانینگە، گەڕانەوەتەوە بۆ کوردستان و زیاتر لە ٣٠ ساڵ تەدریس لە فێرگە و فێرانکۆ و زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە شاری مەهاباد و زانستگەی پەیامی نور، لە شاری بۆکان سەرەنجام لەلایەن وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانەوە لە شاری مەهاباد، خانەنشین کراوە، مامۆستا مەلا سەعید لەبەر ئەوەی جامیعی بەینی حەوزە و دانیشگا بوو، هەم لە عولمی ئیسلامیدا پڕ زانا بوو هەم لە خوێندنی زانینگە، شارەزا و خوێندەواری رۆژئاوا، تێگەیشتوو و فرە شیاو بوو، لەو سەردەمانەی

مەلای مودەریس بوو دەرسی بە فەقێ و مەلایان دەدا، چەن فەقێ و مەلای باسەواد و خوێندەواری فێری علیم کرد و ئیجازەی مەلایەتی پێدان. لەم ساڵانەی دواییدا، زانستگەی ئیلاهیات و مەعاریفی ئیسلامی زانکۆی تاران ئێجازەی لە وەزارەتی عولوم و خوێندنی باڵا بوو مەلاکانی ناوچەی کوردستان وەرگرتبوو کە لە ئیمتحانی ئەو زانستگەدا بەشداری بکەن. مامۆستا مەلا سەعید لەو ئیمتحانە بەشداری کردووەو بە پلەێی باڵا، هاوسەتح و هاوتای دوکتۆری لەو زانستگەیەدا قەبوڵ دەکرێ.

لەم دوایانەشدا دۆستان بە تکا و خوهیشت بردیان سەر خانەقای نەهری لە شاری مەهاباد و کردیانە ئێمامی جەماعەت و خەتیب. بەڵام بەهۆی نەخۆشی چووە شاری بۆکان، تا کوڕە گەورەکەی زیاتر ئاگای لێ بێ. مامۆستا ئیسلام ناس، قورئانزان، مێژووزان، لێکۆڵەر، هەستیار، وێژرەوان، نووسەر بە زمانی شیرینی کوردی، قابیل و بە توانا و کەم وێنە بوو، بەڵام خۆ بەزڵنەزان، شارەزا بە گشت شاخ و لقە جیاجیاکانی عولوم و مەعاریفی ئیسلامی، عولومی بەلاغە، بەیان بەدیع و مەعانی، زانین راز و رەمزی هونەر و ئەدەب و شیعر، چ کوردی، فارسی یا عەرەبی. بۆ نموونە بڕواننە وتاری مقایەسە بەینی ئەشعاری مەولەوی جەلالەدین بەلخی رۆمی و مەولەوی کورد. پەڕەی ٢٠ تا ٥٥ (مجموعە مقالات و اشعار کنگرەی بزرگداشت مولوی کرد، سقز، شهریور ٧١، چاپ تابستان ١٣٧٥، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە) ئەگەر بەچاوی وردبینانەوە تەماشای ئەو هەڵسەنگاندنە بکرێ، وردبینی و لە کارزانی بە عیلمەکان و جوانناسی و زەرافەتناسی کەلام، باش دەردەکەوێ کە مامۆستا عیلمەکانی بۆ بووتەوە مەلەکە، بۆیی دەتوانێ ئاوا ئاسان راز و رەمزی شیعر و کەلام ئاشکرا بکا و خەڵك فێر بکا.

مامۆستا قسەزان، قسەرەوان و زمان پاراو بوو، لە راستیدا بێژە و فەرهەنگی موتەحەریك و پەرلان و کتێبخانەیەك بوو. جا ئەوەیە دەبێ بڵێین، مامۆستا، رەحمەت و بەرەکت بوو، دیارە (شەپۆل) وتەنی: ((هەر کەسێ عیلم و زانین بەدەست بێنێ رەحمەت و بەرەکت بەسەر خۆیدا دەبارێنێ)) مامۆستا کورد و نیشتمان و زێدی خۆی



زۆر خۆش دەویست و فەقێ و زانینخوازەکانی خۆی بۆ خزمەتکردن لەو رێبازە فێر دەکرد و باری هێنان، دەیفەرموو: سەرهەڵدانی تێکنۆلۆژی پێوەندییەکان و راگەیاندن، دنیای ئەمڕۆ دەگۆڕێ. دەبێ تێبگەین کە دنیا بەرەو مۆدێرنیتە دەکشێ و بەرتەسك دەبێ و وێکدێ و دەبێتە گوندێ با وێترێنێك جا ئەوەیە پێوەندی و نوچەکان زۆر بە پەلە پێك دێن و بڵاودەبنەوە، سا دەبێ خۆمان بە زانستی رۆژباو تەیار بکەین، دەنا وەدوا دەکەوین.

مامۆستا زانایێ بەغیرەت، ئینسان دۆست، دڵسۆز، نوکتەزان، بوێر و خوو ئاکار چاك و پاك و بێ خەوش و پڕ حیکمەت بوو، ژیرانە لەگەڵ خەڵك و دەرو جیراونیدا بێ تەوەقوع و خۆ بە کەم زان، رەفتاری دەکرد، مامۆستا دەیزانی دنیا گۆڕاوە، وەك جاران نەماوە، ئەوانە لەسەر هزری مامۆستا زۆر شوێنی دانابوو، جا هەر لەبەر ئەوە بوو لە حەوزەوە خۆی گەیاندبووە زانکۆ. مامۆستا زۆر حەزی لە جلکی کوردی بوو و شانازی پێوە دەکرد، چوون لیباسی کوردی بە لیباسی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانی، زۆر بە شادمانییەوە لەبەری دەکرد، هەرچەند کاربەدەستانی نامۆی حوکومەتی لە یانە و لە فێرگە و فێرانکۆکاندا بە مۆڕ و مۆنە و سەرنجتان دەدا، بەڵام لە تاران لە زانکۆ کۆت و شەڵواری لەبەر دەکرد و کراوانی دە بەست. باشە بزانین: کە خوالێخۆشبوو مەلا ئیبراهیمی باوکی مامۆستا مەلا سەعیدی ئیبراهیمی محەمەدی لە رۆژی هەینی ١١/٣ ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا لە شاری فەرهەنگ و زانا پەروەری مەهاباد، وەفاتی کردووە و لە تاقەداری شاری مەهاباد نێژراوەو دیوانی شیعری بە کوردی هەیە و هەندێ لە شیعرەکانی بە کوردی لە کتێبی (پاڕانەوە) بەناوی مەلا ئیبراهیمی موکری ئامادەکردنی خانم (ئامینە عەزیزی) پەڕەی ٢٩، چاپی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە چاپ دراون و بڵاوکراونەتەوە کەلە کۆمەڵە (ژیکاف) نازناوی (خیرەد) یان پێیی دابوو عارفی رەببانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) (رۆژنامەی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٣٨ تا ١٣٤٢ی هەتاوی بە وێنەی حەوتانە لە تاران لە چاپخانەی ئەختەری شومال لە چاپ دەدرا و لە ئێران

بڵاونەدەکراوە). پڕ زانا: عەلائەددین سەججادی لە کتێبی مێژوو ئەدەبی کوردی ژمارە ١٦ دەنووسێ: حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) هاوچاخی شێخ رەزا تاڵەبانی بووەو دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە، ئەمە کە مامۆستا مەلا سەعید ئیبراهیمی لە نێو بنەماڵەیەکی ئاوا عالەم و زانا و زاناپەروەر لە دایك بووەو پێگەییووەو پەروەردە کراوە، بە لانی کەم بەو بێ ئیمکاناتەی ئەو رۆژگارە، کە توانیویانە پێ بگەن، و تێبگەن کە دەبێ بە زمانی شیرینی کوردی شیعر بڵێن و بە زمانی کوردی خزمەت بکەن، جێی شانازی و لێکۆڵینەوەیە، کە بزانین کە نەتەوەی نەجیب و دابەشکراوی کورد لە رێگای پاراستنی زمانی کوردی توانیوویەتی خۆ رابگرێ و لە نێو کورە و سۆبەی گڕداری داگیرکەراندا سەر بڵند بمێنێ و نەتاوێتەوە. خوا هەموویان غەرقی رەحمەت و بەرەکەی خۆی بکات.

ئەمەیش ناوی نووسراوە چاپکراوەکانی مامۆستا مەلا سەعید ئیبراهیمی:

١- گەشتێ لە عیلمی بەلاغە بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە تاران چاپخانەی مەهارەت چاپ و بڵاوکراوەتەوەو قسە لە عیلمی بەلاغە، عیلمی مەعان و عیلمی بەدیع و جوانناسی لە کەلامدا دەکات.

٢- کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کورد، بە زمانی کوردی چاپی ١٣٨٢.

٣- اشنایی بة تحولات مذاهب اسلامی: امام اعظم، امام مالك، امام شافعی، امام احمد حنبلی، اشاعره، معتزله، ماتریدی و... چاپخانەی شمشاد، تاران چاپی ١٣٦٤. ئەم کتێبە لەلایەن حاجی مامۆستا قازی خزری ((قاضی خضری)) ئیمامی جومعەی شاری شنۆ و چەند مەلای گەورەی دیکە، تەعریف و تەحسین کراوەو ئافەرین نامەی بۆ نووسراوە.

٤- (الوضع و الاستعارة و رسالة العضدیة) چاپی ١٣٧٨ نەشری رەهرۆ مەهاباد، کە بە فارسی شەرحی لێکردوون، تا زانینخۆزان باشتر و ئاسانتر بەم زانستانە، ناسیاو بن.



## چاپ نەکراوەکان:

١- اصول فقه اسلامی

٢- تەرجمەی کتێبی تعریفاتی جورجانی لە عەرەبییەوە بۆ فارسی.

٣- ریسالەیەك لە عیلمە نەحودا کە لە دانشگای ئازادی ئیسلامی مەهاباد خۆی تەدریسی کردووە.

٤- تەرجەمە و تەجزیە و تەرکیبی دە سوورە لە قورئان، بە شێوەی نوێ بۆ زانینخوازان کە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی شاری مەهاباد خۆی تەدریسی کردوون.

٥- مەجموعەی کامیلی تێستی کۆنکۆری تایبەتی گوروهی ((٢)) چاپی ١٣٤٨، تاران کتێب فرۆشی شەرق. مامۆستا بە نووسینی ئەو کتێبانە ویستوویەتی تاریخ، زمان و فەرهەنگ و دین و بیروباوەڕی کوردبوونی خۆی و رەگەزی نەتەوەی کورد بە نووسین بە زمان کوردی، بپارێزێ.

٦- چەند وتار و مەقالە کە لە کۆنگرەی فەرهەنگی و عیلمی شاری ئیلام، تاران، سنە، سەقز، ورمێ، مەهاباد، بۆکان و مەریوان بەشداری کردووەو ئەوانەی خوێندۆتەوەو هەندێکیان لە گۆڤاری سروە لە ژمارەکانی ((١٠٦ و ٥ و ٥٢)) و لە گۆڤاری ئاوێنە ژمارەکانی ((١٩ و ٢٠)) و حەوتەنامەی ئابیدەر ژمارەکانی ((٧٧/١/٢٩ و ١٣٧٦/٣/٧)) و لە مەجموعە مەقالاتی کتێبی بوزورگداشتی مەولەوی کورد، ئینتیشاراتی سەلاحەددین ئەیوبی، ورمێ چاپی ١٣٦٧ و چاپی وتار لە کتێبی کوردستان و تەوسیعەی فەرهەنگ، چاپی ١٣٧٣ زانکۆی کوردستان، سنە.

مامۆستا مەلا سەعید ئیبراهیمی محەمەدی کوڕی مەلا ئیبراهیم لە ١٣١١/٣/٣ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. (دایکی ناوی زوبەیدە خاتوون قەدەمخێر و لە هۆزی شێخ سمایل گەلباغییە) و لە سەعاتی دەی هەینی لە رۆژی ١٣٨٣/١/١٤ی هەتاوی و ١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٠٤ی کوردی و ٢٠٠٤ی زایینی لە ماڵی خۆی لە شاری بۆکان وەفاتی کردووەو نێژراوەو شاعیرانی کۆڕی ((ئاسۆ)) بە شیعری کوردی لە

مزگەوتی بۆکان لە پرسەی ئەو زانایە شینیان بۆ گێڕا، و هەروەها مامۆستا مەلا محەمەد علائی قسەی کرد و زۆری قسە لە زانایی و خزمەتە عیلمییەکانی مامۆستای رەحمەتی کرد، و هەروەها لە شاری مەهاباد لە خانەقای نەهری لە رۆژی شەممە ١٣٨٣/١/١٥ و ٣ی ئاوریلی ٢٠٠٤ (کاک ئەحمەد قازی لە پرسەی ئەو زانایە زۆری تاریف لە خزمەتە فەرهەنگییەکانی، بەتایبەت لە کتێبی گەشتیێ لە عیلمی بەلاغەی کرد و کۆڕی فەرهەنگی و شاعیران لەوێ بە شیعر ئاه و داخی خۆیان دەربڕی و تاریفی مامۆستا مەلا سەعیدیان کرد و شینیان بۆ گێڕا و لە تارانیش لە مزگەوتی ئەبولفەزل کە پرسەی بۆ دانرابوو، ئازادی ئیبراهیمی وتارێکی لە بابەت ئەو زانایە خوێندەوەو چەند کەسی دیکەیش قسەیان کرد و لە شاری سنەی کوردستانیش لەلایان محەمەدی برای کە ئێستا لە شاری کوردستان لە زانکۆ دەرس بێژە و لە لایەن خزمانەوە کاک ئەنوەر سەعیدی و جەنابی مامۆستا مەلا محەمەد عەلایی ئەردەلان و جەنابی جەلال فەهیمییەوە سەرەخۆشیان لە مزگەوتی خالد بن ولید بۆ دانابوو.

شیعری ئاسۆ، هەستیاری پڕ هەست و ناسک خەیاڵ بۆ کۆچی دوایی مامۆستای پڕ زانا مەلا سەعیدی ئیبراهیمی:

هەواڵێکی دڵ تەزێنە		خەفەت هێن شادی بەزێنە
ئا لەم وەرزی سەرهەڵدانە		بەجێ هێشتن زۆر گرانە!!
گوڵان لەبن خاک هاتنە دەر		لە کێو و لە کەژ لە دەشت و دەر
بەڵام بۆ تۆ دەچیە ژێر خاک		ئەی بڕوا پاک و خەسڵەت چاک!!!
خاوەن قەڵەم دڵسۆزی کورد		راهنوما بۆ دەرشت و ورد
تۆ بۆ وەڕز بووی لەم دنیا		لەم دنیای پڕ رەنگ و ڕیا؟
خۆ دونیای دەروونی پاکت		پڕ بوو لە پاکی وەک خاکت
تۆی هاوڕێی شیعر و نووسراوە		بێزار لە قڕە و ئاژاوە
تۆی دڵداری شیعر و هەڵبەست		قەڵەم پڕ جەوهەر و مەبەست
تا دوایین هەناسەت کاکە!		هەر دەتنووسی بۆ ئەم خاکە!!



ئەی بۆ لەم وەرزی بای وادە		سازبوو، ئەم کوچە ناوادە؟
ویستت بچیە لای حەقیقی		لای ((سەید کامیلی)) رەفیقی
لە خوا داوا کەن ئازاد		لەدەست بێ عەدڵی و بێدادی
لەو دنیام نەمردووی ماوی		لەو دونیای بە دور لە گۆنگەڵ
مامۆستای بەلاغی و زانام		مەلا سەعید! ئەی مامۆستام!
دڵنیانی وێکڕا بە کۆمەڵ		بە روح لامان راوەستاوی
کەسێ وەک تۆ خاوەن شعوور		بۆ شاگردان سەنگی سەبوور
خاوەنی دەیان شوێنەوار		کە هەر پەڕیان دێنێ هەزار
هەرمان چرای بۆ دە دێرێ		چۆن مردنی پێ دەدیرێ؟
تۆ چۆن قەڵەمت وەک چرا		بۆ گەل و بۆ خزم و برا
لە تاریکی شەوگاری سارد		پەیامت بۆ هەتاو ئەنارد
دڵنیابە لەو دونیای دیش		لەو دونیای پڕ لە روئیای دیش
هەر وەک ئێستا فیکری پاکت		روونی دەکا کێڵگە و خاکت
چاو لە دورە پڕ قیمەتە!		((دونیا مەزرای ئاخیرەتە))
من دڵنیام بە دڵ گیانە		حەشرت دەگەڵ پیاو چاکانە
چون نووسەری قەومی بێ کەس		فریاد دەکەوێ فریارەس
دڵنیام لەوێش ئامادەن		هەر داوێنی خودا بادەن
ئاسۆی ئەم گەلەمان روون بێ		دەربەدەری توو ناو توون بێ

((ئامین)) بۆکان ٨٣/١/١٤ محەمەد سەعید نەجاری ئاسۆ.

بۆ زانای بەڕێز و خۆشەویست جەنابی مامۆستا مەلا سەعید ئیبراهیمی (ئاوێر):
برای ئەدیب و زانا و بە ئیمان		ئای ئیبراهیمی مەلا سەعید گیان
هەسوێنی عیلمیت گەلێك بەجێهێشت		تاڵی و سوێریەکی یەکجار زۆرت چێشت

خامەت دەگەڕا لە رووی زانست — وەدەری دەخست، مەبەست و هەست
لەسەر تەدریس و تاقیق ببوی سور — گەشتیێ بەلاغەت، دەدرەوشیێ وەك نوور
تەحەوولاتی مەزهەبی عامت — ئاشنای کردن، عالەم بە نامت
قارەمانانی نەتەوەی کورد — کوردی دەنوێنی بە بیری وردت
مەقالەی بەرزی بیرو بۆچونت — بە فیڕو نەچوو دەورانی بوونت
لە دنیا روویی بە کەڵك و مایە — عومری دریژت نەدا بە زایە
کۆڵەبارت برد گەلێك بە جوانی — ئەگەر نەیش ماوی هەر لە نێومانی
لەبەر ئەدەب و وەفا لێزانی — وێنەت نەخشاوەو لەبەر چاوانی
ئاسەوارەکەت تووی دەست چێنە — ئەسپارد و مانی بە خودا بێ وێنە
((هیوا)) بە وەفات هەر وەفادارە — لە زوڵم و زۆری نەیار بێزار

٨٣/١/٢٢ کۆچی هەتاوی مەهاباد ((هیوا))



## محەمەد صالح ئیبراهیم (شەپۆل)

محەمەد صالح ئیبراهیمی کوڕی خوالێخۆشبوو، مەلا ئیبراهیم کوڕی عارفی رەبباتی حاج خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) ئەمین حوزوری مەلیك غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین[1] کوڕی مەلا سەعیدی گەورە، کوڕی حاج مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی، کوڕی مەلا رەحیمی گەورەیە (شەپۆل) لە ١٣١٢/٤/٣ی هەتاوی و ١٩٣٣ی زایینی لە نێو بنەماڵەیەکی زانا و زاناپەروەر لە مەهاباد لەدایك بووە. لە ٧ ساڵیدا لای باوکی قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی عولومی ئیسلامی خوێندووەو لە پاشان لای مەلا زاناکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی عولومی قدیمەی دینی تەواوی کردووەو لە مەهاباد لە فێرگەی زانای پڕ زانا حاجی مەلا حسێن مەجدی، ئیجازەی ئیفتاو تەدریسی وەرگرتووەو لە ساڵی ١٣٣٥ و ١٩٥٦ بۆتە خەتیب و ئیمامی جومعە و جاماعەتی خانەقای نەهری لە شاری مەهاباد و لە هەمانکاتدا (شەپۆل) بۆتە مودەریس و دەرس بێژی مزگەوتی سوور. لە ساڵی ١٣٤٠ واردی زانکۆی تاران بووەو دوای وەرگرتنی لیسانس و خوێندن لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی و ١٩٦٩ی زایینی فەوقی لیسانسی لە زانستگەی ئیلاهیات و مەعاریفی ئیسلامی زانکۆی تاران وەرگرتووەو لە ساڵەکانی ١٣٧١ و ١٩٩٢ی زایینی دەورەی تەحقیقاتی عالی و دوکتۆری خوێندووە (شەپۆل) لە خوێندندا پلەی دوکتۆری هەیە و لە زانینگەی عولومی قەزایی و خەدەماتی ئیداری و زانکۆی ئازادی ئیسلامی و دانیشگای مزاهب اسلامی دانشگای تاران دەرس بێژ و ئوستادە.

---

(1) مەلا ئیبراهیم لە رۆژی هەینی ١٣٣٧/١١/٣ی هەتاوی و ١٩٥٨ی زایینی لە ٦٨ ساڵیدا وەفاتی کردووەو لە تاقەداری شاری مەهاباد نێژراوەو عارفی رەبباتی حاج خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) لە ٢٧ی رەمەزانی ١٣٤٣ی مانگی و ١٩٢٣ی زایینی لە ٨٣ ساڵیدا وەفاتی کردووەو لەنێو خزنی شێخ مەحمووده شەهید لە بنەماڵەی ساداتی نەهری شەمزینان نێزیك شەقامی جامی جەم لە شاری مەهابادی موکری نێژراوە (قدس سرهم).

ڕۆژنامەکانی تاران لە بابەت تەرجمەی قورئان بە زمانی کوردی بە دەیان وتوویژیان لەگەڵ (شەپۆل) ئەنجام داوە، هەروەك: ڕۆژنامەکانی (جمهوری ئیسلامی: کەیهان، ئینتخاب ژمارەی ١٧١٣ کتێبی حەوتە، ژمارە ١٣، ئێران ١٣٨١/٩/١١ و دسامبری ٢٠٠٢ و هاوشاری، کەیهانی فەرهەنگی، ڕۆژنامەی ئیتلاعات، الوفاق عەرەبی چاپی تاران ساڵی ١٩٩٧/١٠/٦ ز و... وتوویژ لەگەڵ ڕایەڵەی سەحەری کوردی، کاناڵی ١ و ٢ و ٣ و ٤ فارسی، چاپی وتار لە گۆڤاری زانکۆی ئیسفەهان ساڵی ١٣٤٥ و ١٩٦٦ز و لە گۆڤاری کۆنگرەی ئەدەبی فارسی زانکۆی تەورێز ساڵی ١٣٧٣ و ١٩٩٤ز- و گۆڤاری ڕێزدانان بۆ حەکیم مەولەوی کوردی ٩ و ١٣٧١/٦/١٠ سەقز و چاپی گۆڤارەکە لە ١٣٧٥ کراوە، چاپی وتار لەو کتێبانەی کۆنگرەکانی زانکۆی کوردستان (سنە) وەك: هەڵەبجە، تەکراری هێروشیما، ساڵی ١٣٧٤ و کتێبی ریشە پاك و تەوسیعەی کوردستان و... چاپی وتار لە ئاوێنە، سرووە، ئابیدەر، سیروان، ویرا، ژمارە ١ و ٢ زانکۆی ئیلام ساڵی ١٣٨١، ژوان زانکۆی کوردستان (سنە) ١٣٨٠. وتاری کوردی هونەرە لە گۆڤاری مانگە شەو ژمارەی ١٣٨٠/٢/١ و ٢٠٠١ز. زانکۆی عەللامە تەباتەبایی تاران، سارێژ زانکۆی پزیشکی تاران ساڵی ٢ ژمارەی ٢ ساڵی ١٣٧٩ و ٢٠٠٠ز. گوڵستانی قورئان ژمارە ١٤ چاپی ١٣٨٠ و ژمارەی ١٦ چاپی ١٣٨١ و ندای ئیسلامی، دارولعلومی زاهیدان بە فارسی چاپی ١٣٨٠ و بانگی حەق ساڵی ٤ چاپی لەندەن ١٩٩٠ز. و زاگرۆس USA ١٦ی ئابی ١٩٩٠ز. و کتێبی دانشمندانی کورد، لە خزمەت عیلم و دیندا، چاپی ١٣٦٩ی هەتاوی و ١٩٩٠ز. تاران، کە چەن بەشیشی لە کتێبی ژیاناوەری زانایانی کورد، نووسراوی (شەپۆل)ی لەگەڵ خستووەو کردوویە بە فارسی و لە کتێبی نیگاهی بە تاریخی مەهاباد چاپی ١٣٧٧ و فەرهەنگی موکریان، مەهاباد چاپی ١٣٧٣ و کتێبی فەرهەنگی ناماوەرانی مەعاسری ئێران تاران، جەلدی دووەم ئەلف ئەلف سین، پەڕەی ٤٨ و ٤٩ کە وێنەی (شەپۆل)ی بە لیباسی کوردییەوە لە چاپ داوە چاپی ١٣٨٤ و لە سەفەرەکانی دیداری کۆڕی فەرهەنگی بۆ کوردستانی



باشوور سەفەری ئەوەڵ لە ٣ ژوئینی ١٩٩٩ز. و سەفەری دووەم لە ٢٠٠٠/٥/١٥ی زاینی لە سلێمانی و سەلاحەددین بەدیداری سەرۆك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و زۆربەی شاعیران و نووسەران و گەورە پیاوانی رامیار گەیشتم و زۆربەی شارەکانی وەك هەڵەبجە، دهۆك و... و چووینە زیارەتی مەرقەدی ژەنڕاڵ مستەفا بارزاانی و کاك ئیدریس لە بارزان (قدس سرهم العزیز) و لە سەفەری سێیەم بۆ هەولێر و سەلاحەددین بە دیداری سەرۆك مەسعود بارزانی و زۆربەی نووسەران گەیشتم و زۆر شاری وەك زاخۆ، دیانا و لالەش...مان دی و لە ١٨ ئوگوستی ٢٠٠٢ زایینی، لەو سەفەرانەدا وتوویژی (شەپۆل) لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ، پەیڤ، ڕۆژنامەی ئیتحاد بە عەرەبی ژمارەی ١٩٩٩/١١/٣٢٢ز. ڕۆژنامەی برایەتی ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٠٢ و گوڵان، رامان و... رادیۆ و تلفزیۆنەکانی کوردی هەرێم بڵاوکراونەتەوە، بەشداری کردن لە کۆنگرەی ڕێزدانان بۆ ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری کەبیری هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد ٢٠٠٢/٣/١٠ز. لە تالاری بین المللی سازمان صدا و سیمای کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاران و سوخەنرانی کردن، و بەشداری کردن لە کۆنگرەی کرماشان ناسی ٤ و ١٣٧٢/١٠/٥ لە تاران، و تاردان و داواکردنی بەڕێوەبردنی ئەصلی ١٥ و ١٢ و ١٩ی قانوونی ئەساسی بەتایبەت کە لە فێرگەکانی کوردەواری زمانی کوردی بخوێندرێ و پەرە بە زمانی کوردی بدرێ و بەشداریکردن لە هەمایشی ساڵانەی کوردستان ناسی لە سنە ٤ و ١٣٧٢/٩/٥ و وتاردان لە بابەتە تەوەری زمانی کوردی، و لە هەمایشی ساڵیادی شەهیدانی هەڵەبجەی سوتاو هێرۆشیمای کوردستان و چاپی وتار لە کتێبی هەڵەبجە، تەکراری هێرۆشیما لە ساڵی ١٣٧٤ پەڕی ١٨١ تا ١٨٦ و وەرگرتنی جایزە لە بابەت ئەم وتاری هەڵەبجەوە-و لە یادی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە زانکۆی سنە لە ٢ تا ١٣٧٣/٦/٤- وتاردان لە کۆنگرەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی مەهاباد ١٣٦٥ و داواکردنی بەڕێوەبردنی ئەسڵی ١٥ قانوونی ئەساسی بۆ خوێند بە زمانی کوردی و... وتاردان لە کۆنگرەی غولام رەزا ئەکەوازی لە زانکۆی ئیلام لە ٢٣ و

١٣٧١/٦/٢٤ و له کۆنگرەی ڕێزدانان بۆ وەفایی له مەهاباد ١٣٧٣/١٠/٢٩، ١٩٩٤ زایینی و داخوازی ئیجرای ئەسڵی ١٥ قانوونی ئەساسی بۆ خوێندن به زمانی کوردی، تاردان له کۆنگرەی بێسارانی ٢٧ و ١٣٧٥/٢/٢٨ له مەریوان و له یادی محەمەد رەسولی شیرازی ١٣٧٥/٦/١٨ له شاری سەقز، وتاردان له جەژنی هونەری کوردی ١٣٧٤/٩/٢٨ له تاران، وتاردان سەبارەت به زمان و هونەری کوردی و بەشداریکردن له کۆنگرەی سەیید تاهیر هاشمی له شاری کرماشان ١٣٧٩/٩/١١ و داواکردنی بەڕێوەبردنی ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسی ئێران بۆ خوێندن به زمانی کوردی لەو یادەدا شاعیران و نووسەرانی کوردستان کەسانێ وەك: کاك فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستانی باشووری و جەناب کاك عبدولڕەزاق عەلی، لەوێ بوو، کاك عەلی ئەو، داخوازییەی (شەپۆل)ی له کتێبی فەرهەنگ و ئازادی[1] ئەو باس کردووە: ((کاتێك د. محەمەد صالح ئیبراهیم (شەپۆل) مامۆستای زانکۆی ئازاد ئیسلامی، له تاران به بابەتێك لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی سەید محەمەد تاهیری هاشمی بەشداری کرد، له کۆتایی بابەتەکەیدا به ئاشکرا، داوای له بەرپرسان کرد، پەیامەکەی ئیمام خومەینی سەبارەت به خوێندنی زمانی کوردی له ئێراندا جێبەجێ بکەن و ئەو ماف و حەقەی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران به رۆڵەکانی کوردی بینیووە، پەیڕەوکارانی فەراهەمی بکەن. گوتەکانی د.ئیبراهیمی کوڕەکەی جۆشدا وکاریگەری زۆری لای ئامادەبوان بەجێ هێشت —هەر له کرماشان کاك عەبدولرەزاق عەلی وتوویژێکی یەك سەعاتەی تلویزیونی لەگەڵ (شەپۆل) ئەنجام دا و نەواری ویدئۆیە کەی هەیە.

(شەپۆل) ئەندامی گەڕێنەری زۆربەی ئەوکۆنگرانەبووە-وەهەروا چاپی و تارلە گۆڤاری (دڵهاواندیشەها) سەبارەت به ئاداب وروسومی کوردی١٣٧٥ ژمارەی ٦ تاران ، وتاردان له یادی محەمەد قازی و داواکردنی ئیجرای پەیامی ئیمام و ئەسڵی ١٥

(1) چاپی ٢٠٠٠ی وەزارەتی فەرهەنگ: ((رۆشنبیری)) هەولێر به ژمارەی ١٥٢ پەڕەی ١٠٢



قانونی ئەساسی، لەرەشەمەی ١٣٧٧-١٩٨٨ ز-لەمەهاباد، وتاردان له کۆنگرەی زیزدانان بۆ لێکۆڵەر و شاعیری ناوداری کورد، هەژار: ئەورەحمان شەرەفکەندی ١٣٨١/٣/٢٣ لەشاری و داخوازی ئیجرای ئەسلی ١٥ قانوونی ئەساسی ئێران . وە لەکۆنگرەی سەیید مەحموود گولشەن کوردستان ١٣٨١/٥/٨ سنە، وتاردان له کۆنگرەی رێزدانان بۆ لێکۆلەر وموتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد هەژار (عبدالرحمن شرفکندی) له هەولێر١٨ ئوگوستی ٢٠٠٢ز- وەچاپی وتار له بابەت گوڵشەنی کوردستانی له ئاوییدەری ژمارەی ١٣٧٧/٨/١٥/٤٠ پەڕەی ١٣ و ژمارەی ١٣٧٧/٩/١٤ پەڕەی ١٣- شەپۆل ئەندامی دامەزرێنەرو سەروکێ ئەنجوومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەر کوردە له تاران کە به رەسمی له ١٣٧٨/٩/٢٠ی هەتاوی و ١٩٩٧ز له تاران دامەزراوەو تا ئێستا ٩ ژمارەی گۆڤار به کوردی و فارسی له بابەت هەڵەبجە و کۆنگرەی هەورامان ناسی کە له کوردستان (سنە) له ١٣٧٩ دانرابوو و بەناوی ئەنجوومەنەوە، بڵاوکراوەتەوە، هەروەها (شەپۆل) ئەندامی دامەزرێنەر و کۆنسەی سەرۆکایەتی (جامعە): کۆمکاری کوردانی تارانە.

دووشە ٢٠٠٦/١/١٦ زایینی و ١٣٨٤/١٠/٢٦ کاك حامید ئەبو بەکر ئەحمەد سەرنووسەر و بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ژمارەی ٦٥ی له ١٧ لاپەڕەی رەنگین له کاغەزی گلاسەدا بەناوی بەدرخان له سنە و گەشتی بەدرخان بۆ ئێران، له تاران دووشەمە رێبەندانی ٢٧٠٥ی کوردی هاتە ماڵی (شەپۆل) ئەو ژمارە جوانە و ژمارەی ٦٢ و ١٣ی مانگنامەی بەدرخانی لەگەڵ میداڵی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان به وێنەی بەدرخان بەرەو ئازادی رۆژنامە نیگای کوردستان، تاران ٢٠٠٦ز. بەناوی جایزەی نووسەری و لێکۆڵەری و موتەرجیم و موفەسیری قورئانی کەریم به زمانی کوردی، دای به (شەپۆل) و چەن وێنەیشی له (شەپۆل) هەڵگرت بۆ چاپ له بەدرخاندا و وتاری سوڵتان سەلاحەددین ئەییوبی له ٣٦ پەڕەدا و سەردار رەشید خانی ئەردەڵان (عەبباعخان له ١٢ لاپەڕەو نیشتمانی کورد له ٣٤ لاپپەڕە و پێشخستنی سەقز و تەوسیعەی فەرهەنگی له ١٧ لاپەرە بۆ چاپ وەرگرت

و (شوان تاڤینگ: محەمەد علی) هاوکاریشی، مەلیك غازی شێخ عوبەیدیلای نەهر شاهی شەمزین لە ٤٦ پەڕەدا کە هەموویان بە کامپیۆتێر جوان پیتچنی کرابوون، بۆ چاپ وەرگرت. شەپۆل وێڕای دەرس وتن بە زانینخوازان و نووسین بە زمانی شیرینی کوردی لە ساڵی ١٣٤٣ تا ئێستا ٢٠٠٦/٩/١ز. لەگەڵ دەنگ و ڕەنگی بەشی کوردی ئێران لە تاران هاوکاری دەکا و لە ساڵەکانی ١٣٥٠ و ١٩٧١ی زایینی لە تاران کومەیتەییێ بۆ هاودەنگی و هاوڕەنگی بەرنامەکانی کوردی لە تاران سازدرابوو، دوکتۆر صدیق موفتی زادە و ئەحمەد موفتی زادە و خوسروی شیخکانلو و جەمیل ڕۆژبەیانی و (شەپۆل) و سوارەی ئیلخانی زادە و مەزهەری خالقی و محەمەد غەفاری و عەبدوڵڵا مەردۆخی لەوێ کاریان دەکرد. (شەپۆل) بە زمانی کوردی بەنێوی باوی کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆری کوردی بەرنامەیەکی دەنووسی و بە وێنەی تێکست لە تارانەوە بۆ ڕادیۆ شاری کرماشان و ڕادیۆ سنە و مەهاباد و ورمێ بەڕێ دەکراو بڵاویان دەکردەوە، بەڵام سەیید ئەحمەد تاهیری لە ڕادیۆ کوردی و ورمێ هەندێ ئاداب و ڕوسومی کرمانجی ژووروی لێ زیاد دەکرد، جەنابی ئیبراهیم ئەفخەمی لە فەرهەنگی ئەدەبی موکریان ج٢ پەڕەی ١٩٣ تا ١٩٢ چاپی ١٣٧٢ نووسیویەتی: (شەپۆل) محەمەد صالح ئیبراهیمی شەخسێ پڕ کاروکاراو سەرکەوتووەو لە وێژەو وێژەوانی زمانی کوردیدا، فرەزان و فرە وارده و تا ئێستا خزمەتێ بەرچاوی لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا، ئەنجام داوە، هەروەها (شەپۆل) لەو سەردەمەدا بەرنامەیەکیشی بە زمانی فارسی بەنێوی تەرجەمە و تەفسیری قورئان بۆ ڕادیۆ فارسی ئێران دەنووسی و بڵاویش دەکرایەوەو لە ١٣٥٩ی و ١٩٨٠ شەوە تا ئێستا ٢٠٠٦ز لە ڕادیۆ بەشی کوردی تاران بە وێنەی حەوتانە تەفسیری قورئان بە قورئان بە ناوی (بەرەو ڕووناکی) بەرنامەیەك بە دەنگی خۆی بڵاودەکاتەوە. شەپۆل ئەم چەند کتێبانە شی بە زمانی کوردی نووسیوە.



## نووسراوەکانی (شەپۆل) محەمەد صالح ئیبراهیمی:

١- دین و ئەدەب چاپی ١٣٦١/٦/٢٨ تاران مەتبوعاتی عەتایی دوو بەرگ.

٢- تەفسیری سورەی فاتحە الکتاب چاپی ١٣٦٧. بەخشی بین المللی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلام.

٣- پەند یا ئەمساڵی قورئان چاپی ١٣٦٢ چاپی نەڵۆسی شنۆ.

٤- کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی (ئاداب و رسوم: فۆلکۆلۆر) کە ئێستا بۆ چاپی دووەم لە ١٣٧٩/١١/٢ چاپکراوەتەوە. چاپی ئەوەڵ چاپخانەی جواهیری ساڵی ١٣٦٠ تاران.

٥- باوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و... چاپی نەورۆزی ١٣٥٧، تاران کە ئێستا بۆ چاپی دووەم لە ١٣٧٩/١١/٢ چاپکراوەتەوە.

٦- ژیناوەری زانایانی کورد... یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ١٣٦٤ تاران.

٧- بەرگی دووەمی زانایانی کورد چاپی ١٣٧٩، نەشری محەمەدی سەقز.

٨- نۆ ژمارە کۆفار بە ناوی گرشەی کوردستان چاپی ١٣٥٩، و یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١٩٨١/٣/١ لە چاپ دراوەو بڵاوکراوەتەوە.

٩- مێژووی ڕاپەڕینی ژەنڕاڵ مستەفا بارزانی ڕابەری کەبیری هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد و حەماسەی پەڕینەوە، لە ئاوی تاراز ئەم حەرەکەتە لە حەرەکەتی مائۆلە چین زۆر گرینگتر بووەو ئەم کتێبە لە چاوار دەفتەردا، دراوەتە دەست دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد لە تاران کە بینێرێ بۆ هەولێر بۆ چاپ.

١٠- چریکەی حەزرەتی یوسف یا تەفسیری سورەی یوسف بە کوردی بە کامپیوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

١١- زریزەی زێڕین لەبن ژمارەی ٢٢٧ لە ١٩٩٩ز لە هەولێر، ئاراس چاپکراوە.

١٢- ڕاپەڕینی مەلیك غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین بە کامپیوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

١٣- زیندووی کوڕی بێدار - وە کتێبی شارە هەنگ کە لەلایەن نووسینگەی فەرهەنگی ئیسلامییەوە لە تاران لە ساڵی ١٣٧٥ لە ١٥ هەزار دانەی ڕەنگین لە چاپ دراون. ئەم دوو کتێبە تەرجەمەن.

١٤- بەرگی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ زانایانی کورد بە کامپییوتێر جوان حروف چینی کراوە.

١٥- تەرمەجەی ئینسان و بڕوا، چاپی ١٣٦١ سروش تاران، نووسراوی ئوستاد شەهید موتەهەری.

١٦- یوسف و زولەیخا بە زیانی کوردی بە کامپیوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

١٧- شێخی ئیشراق، بە کامپیۆتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

١٨- سەلاحەددین ئەیوبی- بە کامپیوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

١٩- مەولانا خالد شارەزووری، بە کامپیوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

٢٠- ئایاتی مونتەخەبە، بە کامپییوتێر جوان حروف چینی کراوەو ئامادەی چاپە.

٢١- باوەی کوردەواری بەرگی یەکەم چاپی ١٣٧٨/٥/٧ هەتاوی. بەم جۆزی شمارەی ٦٢٠-١٣٧٨/١/٢٢ تاران.

٢٢- باوی کوردەواری بەرگی دووەم چاپی ١٣٧٨ی هەتاوی تاران.

٢٣- تەرجەمەی قورئانی کەریم لە ئەوەڵەوە تا ئاخرین سورە بە تەواوی کە ڕەنگین و جوان و لە ساڵی ١٣٧٦ لەلایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامییەوە لە چاپ دراوەو بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی ١٣٧٧ و ڕێکەوتی هاوینی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە چاپ دراوەتەوەو لەلایەن نوێنەری دەشاری کوردنشین لە مەجلیسی شورای ئیسلامی لە تاران تەقدیر و تەشویق بە وێنە کەتبی لە تەرجەمەی قورئان بە کوردی: (شەپۆل) کراوەو ئەم تەقدیرنامە ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی ئێران چاپ



کراوە، ئەم تەرجەمە جارێکیش لە لایەن کاك مەلا هادی و دانا کەریمی کانی سوور، لای بانە لە ١٣٧٩/٩/١١ و ٢٠٠٠ز. لە دە هەزار نوسخە بەنێو کتێبخانەی سوونە لە چاپ دراوەو واتای بیسمیلاکان و ئاخری ئەو مەبەستانەی چاپی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی لابردووەو تەنیا لەسەر جەڵدەکەی نێوی محەمەد صالح ئیبراهیمی چاپ کردووە. (ترجمان وحی نشریه تخصصی مرکز ترجمه قران مجید به زبانهای خارجی سال٣/ شمارەی اول بهار و تابستان ١٣٧٨ سازمان اوقاف و امور خیریه) یادی شەپۆل و تەرجەمەی قورئان بە زمانی کوردی کراوە و تا ئێستا ئەم تەرجەمەی (شەپۆل) ٧ جار لە چاپ دراوە.

ئێستا ئەو چەند کتێبە کە بە زمانی کوردین و بە کامپیوتێریش جوان پیتچنی کراون کەس نییە بۆ چاپییان یارمەتی بدا، چونکا کتێب بە زمانی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کڕیاری کەمە، هەر ئەوەیە زۆربەی نووسەرانی کورد، بە فارسی دەنووسن چونکا لە باری ئابوورییەوە، دەری ناهێنێ و کڕیار بۆ فارسی زۆرترە، فارس، تورك، بە لوچ و کورد زمانیش دەیکڕن، بەڵام کتێبە کوردییەکان، لە بەشێکی بەرتەسکا دەفرۆشرێن، بەداخەوە لێرە نووسین بە زمانی کوردی باری ئابووری بەخۆگرتووەو کزوماتی کردووە.

سەفەر (شەپۆل) لە ساڵێ ١٣٧١ و ١٩٩٢ زایینیدا بۆ حەج و زیارەت چۆتە مەککە و مەدینە و لە ١٣٧١ و ١٣٧٧ و ١٩٩٨ زایینی، دوو جار چوونە کوردستانی سەر بە تورکیا بۆ زیارەتی مەرقەدی حەکیم ئەحمەد خانی و بۆ سەیرانیش چۆتە دوبەی و شاریجە و دوو جاریش لە ساڵەکانی ١٩٩٦ و ٢٠٠٣ی زایینی بۆ دیداری ناسر و مستەفای کوڕی چۆتە سوئید و نۆرۆێژ کە لە سوئید زۆربەی کوردانی ئاوارەو شارەکانی ستۆکهۆڵم و ئوبسالا و یوتوبوری دیووەو... کەناری دەریا و باغی گوڵان و... گەڕاوەو لە نوروێژیش دۆستان و خزمانانی دیوەو بەشاری ئوسلۆ، درامێن، کێوی سیراڵ (تونێلی ئەڵمانیان)، بیرانبوو، گران و... گەڕاوە، لەو دوو سەفەرە فڕۆکەکەمان لەم، سەرەو سە لە ڕۆم، دانمارك، مەسکۆ نیشتەوەو بۆ چەند کاتژمێری

لەو فرۆکەخانانە ماینەوە، لەم دوو سەفەرەدا خەجیجە خانم دایکی منداڵان هاوڕێی بوون. هەروا (شەپۆل) لەگەڵ دەستەی شاعیران و نووسەرانی ئەم دیو، سێ جار چۆتە کوردستانی باشوور و لە سلێمانی و هەولێر بە دیداری سەرۆك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و شاعیران و نوسەران گەیشتووەو لە یاد و ڕێزدانان بۆ حەکیم مەولەوی کورد چۆتە سەر گۆمبەزی تازەی ئەو زاتە لە گوندی سەرشاتە و وتوێژەی کردووەو بیروڕای گۆڕبووەتەوە، چاپی وتار لە سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم. هەولێر، کوردستان ٢٠٠٣، و چاپی وتار لە گۆزری گزینگ ژمارەی ٣٩ و ٤٠ هاوین و پاییزی ٢٠٠٣ز. سوئید، ستۆکهۆڵم و چاپی وتار لە بابەت بابە تاهیری لوڕ و سمکۆی مەزن بە وێنەی تەحقیقی و بە شێوە نووسینی دایرەتولمەعاریف هەر کام لە چەن ژمارەی حەوتەنامەی سیروان ژمارەی ٣٤٦ تا ٣٦٥ و ٢٩٠ و ٣٤٣ و ٣٠٦ و ٣٢٤ و ٣٢١ و ٣١١ و ٢٧٣ و ٣٧١ و ٣٢٦ و ٢٧٣ و ١٣٨٣/٣/٢/١٩ی هەتاوی ساڵی ٦ و ژمارەی ٨٣/٣/١٦/٢٧٧ و ژمارەی ١٣٨٣/٣/٢٣/٢٧٨ پەڕەی ١٠ شاری سنە، کوردستان و لە ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی چاپی کوردستانی باشووری (وتوویژ) لە ژمارەی ٢٠/١٦٤ نیشانی ٢٠٠٤ز. پەڕەی ٥ لە ١٣٨٢/٩/٢٧ و ١٨ دیسامبەری ٢٠٠٣ی زایینی بڵاوکراوەتەوەو چاپی وتار لە گۆڤاری ئێران میهر ژمارەی ١٢ و ١٣ گوڵانی ١٣٨٢ و ژمارەی ١٩ و ١٨ چاپی ئازەری ٨٤ پەڕەی ٤٨ تا ٥٣ و پەڕەی ٧٩ و ٨٠. لەلایەن (جامعە): کۆمکاری کوردەکانی تارانەوە، سیمنارێك بۆ ڕێزدانان و قەدرزانی لە سێ کەس لە ئەندامانی خوێی لە هۆدەی ئەندازیاران (مهندسان)ی ئێران، لە شەقامی صەبای تاران سازدابوو، یەك لەو سێ کەسە (شەپۆل) بوو، حەسەن سەلاح سۆران، شاعیر و موتەرجیم وتارێکی بە زمانی کوردی لە بابەت خزمەتە فەرهەنگییەکان و نووسراوە کوردییەکانی (شەپۆل) خوێندەوەو لە ئاخریشدا جایزەیەکیان بەنێو ڕێزدانان و قەدرگرتن لە کارە فەرهەنگییە کوردییەکان، بە (شەپۆل)دا.



بۆ زانین، خوالێخۆشبوو مەلا ئیبراهیم باوکی (شەپۆل) ڕۆژی هەینی (١٣٣٧/١١/٣)ی هەتاوی کە دەکاتە (١٩٥٨) زاینی لە (٦٨) ساڵیدا لە شاری مەهاباد وەفاتی کردووەو لە تاقەداری ئەو شارە نێژراوەو هەندێ لە شیعرەکانی لە کتێبی (پاڕانەوە) بەناوی مەلا ئیبراهیم موکری ئامادەکردنی (ئامینە عەزیزی) پەڕەی (٢٩) چاپی ساڵی (١٣٨٠)ی هەتاوی لە چاپ دراوەو بڵاوکراوەتەوەو عارفی ڕەببانی حاج خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) ئەمین حوزوری مەلیك غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، لە ساڵی (١٣٤٣)ی مانگی و (١٩٢٣)ی زایینی لە (٨٣) ساڵیدا لە شاری مەهاباد وەفاتی کردووەو لە نێو خزنی شێخ مەحموود (شەهید بەدەستی رووسی تەزاری لە بنەماڵەی ساداتی نەهری) لە نێزیك شەقامی جامی جەم لە شاری مەهاباد، نێژراوە (قدس سرهم) و لە کتێبی تاریخ، مەشاهیری کورد، دانراوی عەللامە بابا مەردۆخ ڕۆحانی شێوا بەرگی (٢) پەڕەی (٢٢٢) چاپی سروش (١٣٦٦) تاران شەرحی حاڵی باپیری (شەپۆل) نووسراوەو زۆریشی تاریف کردووە، غەزەلێکی شیعری کوردی ئەویش لە چاپ داوە، هەر وا شەرحی حاڵی ئەو زاتە لە کتێبی (تاریخ و فەرهەنگ و ئاداب موکریان) جەڵدی یەکەم پەڕەی (١٩٣) تا (١٩٩) چاپی ساڵی (١٣٤٦) نووسراوی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەفخەمی هاتووەو هەروا شەرحی حاڵی حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) برا گەورەی (بەها) لە کتێبی (شاعیرانی کوردی پارسی گوێی)ی نووسراوی (عبدالحمید حسیرت سجادی) چاپی یەکەم (١٣٧٥)ی هەتاوی پەڕەی (٥٣١) و شەرح حاڵی ئەوە زاتە لە (کتێبی وێژەو وێژەوانی سەدیق بۆەکەیی) پەڕەی (٥٠٣) چاپی (١٣٧٠) بەناوی (مەلا ئەحمەدی عارف) نووسراوە.

بەڵام چونکە هەم بابا مەردۆخ و ئەفخەمی و هەم بۆرەکەیی، مەبەستەکەیان لە ڕۆژنامەی کوردستان وەرگرتووە، تاریخی حەیات و مەماتی (بەها)یان، بە هەڵە نووسیوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵەکانی (١٣٣٢) تا (١٣٤٢)ی هەتاوی لە تاران لە چاپخانەی ئەختەر شمال، لە چاپ دەدرا، بەڵام لە ئێران بڵاونەدەکراوە.

و مامۆستا عەلائەددین سەججادی لەبن ژمارەی (١٦) لە کتێبی ئەدەبی کوردی، یادی حاجی مەلا ئەحمەد (عارف)ی کردووەو حاجی سەلیم خان ناودار بە (سهام الملك) لە سەفەرنامەی حەجی خۆیدا زۆری بەشان و باڵی حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) هەڵوتووەو لە زانایی و دانایی ئەو زاتە قسەی کردووەو دەڵێ: لە حەج لە ساڵی (١٣١٠)ی مانگی لە مەکە و حیجاز لە نەخۆشی وەبا، وەفاتی کردووەو لە (جنة المعلی شعب نور) نێژراوە کە لەو ساڵەدا لە حەجدا بووە، لە مەکە (شەپۆل) لە نێو بنەماڵەیەکی ئاوا زانا و زاناپەروەر، لە ٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی و ڕێکەوتی ٢٤ی مای ١٩٣٤ی زایینی لە دایك بووەو پێی گەیووەو پەروەردە کراوە، کە توانیویانە لەو هەڵومەرجەدا پێ بگەن و تێبگەن کە دەبێ بە زمانی شیرینی کوردی شیعر بڵێن و بە زمانی کوردی خزمەت بکەن جێی شانازی و سەرنج دانە کە بزانین نەتەوەی نەجیب و دابەشکراوی کوردی لە ڕێگای پاراستنی زمانی کوردی توانیوویەتی خۆ ڕابگرێ و لە نێو کورەو سۆبە گڕداری داگیرکەراندا، بمێنی و نەتاوێتەوە، پڕ زانا ئوستاد محەمەد سەعید ئیبراهیمی محەمەدی کوڕی مەلا ئیبراهیم لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی و ١٩٣٣ی زایینی لەدایك بووەو لە سەعاتی ١٠ی شەوی هەینی ١٤ی خاکەلێوی ١٣٨٣ی هەتاوی و ١١ی سەفەری ١٤٢٥ی مانگی و ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٤ی زایینی لە ماڵی خۆی لە شاری بۆکان وەفاتی کردو نێژراوە، ئەم کتێبانەشی نووسیوون: گەشتێ لە بەلاغە بە کوردی چاپی ١٣٦٤ و کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کورد، چاپی ١٣٨٢ و شەرح و وەرگێڕانی وەزع و ئیستیعارە لە عەرەبییەوە بۆ فارسی لەگەڵ کتێبی وەزعی قازی عەزودو کتێبی ئاشنایی با (تحولات اسلام) بە فارسی چاپی ١٣٦٢ و چاپی چەندین و تارکە لە کۆنگرەکانی فەرهەنگی کوردی بەشداری و سوخەننرانی کردووە، و چەند کتێبی دیکەی نوسیووە کە هیمان چاپ نەبوون. دەبێ بڵێم کۆڕ و کۆبوونەوەی پرسە و سەرەخۆشی ئەو زاتە لە شاری بوکان و لە خانەقای ئەهر لە شاری مەهاباد و لە تاران، لە مزگەوتی ئەبولفەزل لەڕاستیدا وەك کۆڕی شیعر خوێندنەوە وا بوو و شاعیران و نووسەران جەناب ئەحمەد



قازی، سەعید نەجاری، میرزا ڕەحیم و... شیعر و مەبەستیان لە پەسەندی ئەو زاتە پڕ زانایە خوێندەوەو نەواری ویدئۆیەکەی لە ماڵی سەعدی کوڕی دایە و ڕۆژنامەکانیش لە سەریان نووسیبوو خوا غەرقی ڕەحمەتیان بکا. بەشداریکردن لە کۆنگرەی یاد و ڕێزدانان بۆ ژەنرال مستەفا بارزانی ڕابەری کەبیر و هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد لە ٢٠٠٢/٢/١٠ی زایینی لە تالاری نێو نەتەوەی گەلانی سازمانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران و قسەم کردو دەقی قسەکانم لە پەڕەی ١٠ ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٢/٣/١٤ی زایینی ژمارەی ٣٦٣٥ هەولێر، لەگەڵ وێنەیەکمدا بڵاوکراوەتەوە. چاپی وتار بەشێوەی تەحقیقی لە کتێبی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر چاپی هەولێر ٢٠٠٤/٣/١٤ بەشی یەکەم پەڕەی ٣٦٨ تا٣٤٩، چاپی وتار لە گۆڤاری گزینگ ژمارەی ٣٩ و ٤٠ هاوین و پاییزی ٢٠٠٢ چاپی سوئێد، بەناوی وتووێژ سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە شێوەی لێکۆڵینەوە، پەڕەی ٤٧ تا ٤٠. وتارێکی لێکۆڵینەوە لە بابەت بابە تاهیری لوڕ لە ٢٢ پەڕەدا. وردبوونەوەیەك لە بابەت یارسان، یاری (ئەهلی حەق) وتارێکی تەحقیقی لە بابەت عارفی ڕەببانی شێخ ئەحمەد ناودار بە مەلای جزیری و چاپی ئەوە لە گۆڤاری ڕامان ژمارەی ٥٢ تەشرینی یەکەم هەولێر پەڕەی ٢٥ تا ٢١ چاپی ٢٠٠٠ی زایینی، چاپی وتارێکی تەحقیقی لە بابەت زمان و ئەدەبی کوردی بە زمانی فارسی لە گۆڤاری ئێران میهر ژمارەی ١٢ و ١٣ پەڕەی ٥٣ تا ٤٨ چاپی فەروەردین و ئوردیبەهیشت ١٣٨٤ تاران. چاپی وتارێکی تەحقیقی بەناوی شناختێ لە کورد و کوردستان بە زبانی فارسی لە گۆڤاری مانگانەی حافز شەهریوەری ١٣٨٤ ژمارەی ١٧ ساڵی یەکەم پەڕەی ٧١ تا ٥٦ تاران: (شەپۆل).

نوکتە (شەپۆل) کوڕی مەلا ئیبراهیم، کوڕی عارفی ڕەبیانی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) (ئەمین حوزوری شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین) کوڕی مەلا سەعیدی گەورە، کوڕی حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی، کوڕی مەلا ڕەحیمی گەورەیە. هەندێ لە شیعرە کوردییەکانی خوالێخۆشبوو مەلا ئیبراهیم لە

کتێبی (پاڕانەوە) ئامادەکردنی ئامینە عەزیزی پەڕەی ٢٩ چاپی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە، مەلا ئیبراهیم لە ١٣١٠ لەدایك بووەو لە ڕۆژی هەینی ١٣٣٧/١١/٣ هەتاوی لە شاری مەهاباد، وەفاتی کردووەو لە تاقەداری ئەوێ نێژراوە. حاجی خەلیفە (بەها) لە ٢٧ی ڕەمەزانی ١٣٤٣ی مانگی لە ٨٣ ساڵیدا لە شاری رامیاری و فەرهەنگ پەروەری مەهاباد، وەفاتی کردووەو لە نێو خزنی شێخ مەحموودی شەهید (بە دەستی رووسی تەزاری لە ١٣٣٣ی مانگی) نێژراوەو ئارامگەکەی جێی رازو نیازی پەیڕەوانیەتی و سەفەرنامەی حەج و دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە و بابا مەردۆخ ڕۆحانی شیوا لە کتێبی تاریخی مەشاهیری کورد، ج١، پەڕەی ٢٢٢ چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی شەرحی حاڵی (بەها)ی نووسیوەو زۆریش تاریفی کردووەو غەزەلێکی کوردی ئەویشی بەناوی نیگاری، چاپ کردووەو هەروا ئیبراهیم ئەفخمی لە کتێبی فەرهەنگ و ئەدەبی موکریان. بۆکان چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی پەڕەی ٣٩٥ تا ٣٩٢ شەرحی حاڵی (بەها)ی نووسیوەو غەزەلی کوردی (نیگاری):

**نیگاری مەهوەشی زیبا، نیقابی شەرمی لاوداوە**
**لە شۆری عاشقان ئەمڕۆ دەڵێی مەحشەر هەستاوەی**

لەگەڵ وێنەی ئەو زاتە لە چاپ داوە، حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی تەفسیر و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئایەتی نور نووسیوەو خاوەنی دێی خاوێران و پیر یونس بووە کە لە ٢٠ کیلۆمیتری باکووری ڕۆژاوای شاری سەقز دایە و چەند ئاش و ئاوایی دیکەی. هەبووەو پیر یونسی بە باپیری خۆی زانیووەو بە چەن نیشت دەچێتەوە سەر هۆزی کوردی شوانکارە-حاجی مەلا ئەحمەد (عارف) کە دیوانی شیعری بە کوردی و فارسی هەیە و لە کتێبی وێژەر و وێژەوانی نووسراوی سەدیق بوورەکەئی سەفی زادە و کتێبی پارسی گویان نووسراوی سەیید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی چاپی ١٣٧٥ش تهران، و کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی لەبن ژمارەی ١٦ یادی کراوەو شیعرە کوردی و فارسییەکانیشی لەو دوو کتێبەی سەرێدا لەچاپ دراون و



حاجی سەلیم خان سەهامولموك لە سەفەرنامەی حەجی خۆیدا لە زانایی و دانایی ئەو زاتەدا قسەی کردووەو نووسیویەتی: لە حەج لە ساڵی ١٣١٠ی مناگی لە مەککە و حیجاز بە نەخۆشی وەبا، وەفاتی کردووەو (جنة المعلی شعب نور) نێژراوە کە لەو ساڵەدا لە حەج بووە. مەلا سەعید ئیبراهیمی براگەورەی (شەپۆل) کتێبی گەشتێ لە عولومی بەلاغە، بەیان، بەدیع و مەعانی بە زمانی کوردی نووسیووە کە ئەگەر ڕۆژێك لە زانکۆی کوردستان ئەو عیلمە بە زمانی کوردی بخوێندرێ ئیتر نیازمان بە (مختصر و مطول و جواهر البلاغة)ی عەرەبی نامێنێ و هەروا کتێبی قارەمانانی نەتەوەی کوردی بە زمانی کوردی لە تاریخی کورد، لە سەرەتاوە تا دەگاتە راپەڕینی ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری نەتەوەی کورد نووسیووەو لە ١٣٨٢ لە چاپی داوەو چەن کتێب و وتاری بەنرخی دیکەیشی نووسیووە.

# کوردی شوانکارە

شوانکارە، هۆزێکی کوردی زۆر ئازاو نەبەزەو لە پێنج تیرەو هۆز، پێکهاتووە. رۆژگارێك لە نێو جەرگەی فارسدا حوکومەتی سەربەخۆیان هەبووەو نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ ئەو حوکومەتە هەرماوە.

دامەزرێنەری حوکومەتی شوانکارە، ئەمیر فەزلەوەییە، کە کوڕی عەلی کوڕی حەسەنی ئەییوبی بووە، کۆبەی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی - حوکومەتی شوانکارە ساڵی (٤٢١ی مناگی و رێکەوتی ١٠٣٥ی زایینی) دامەزراوەو تا ساڵی (٧٥٦ی مانگی و ١٣٥٥ی زایینی) هەر بەردەوام بووە، کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغا، پەڕەی ١٣٧ نەقڵ لە کۆبەی شەرەفنامە بە کوردی پەڕەی ٦٤ چاپی دووەم ساڵی ١٩٨١ی زایینی تاران چاپخانەی جەواهیری.

**هەر کاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە، کە تەمەن؛ چەن**
**کورتە، بۆ کەڵك وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).**

# زمانی کوردی هونەرە

زمانی کوردی، رەمزی هەویەی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردە، زمانی کوردی میراتێکی گرینگ و زۆر بایەخداری فەرهەنگییە. زمانی کوردی، دەبێ لە واژەی داتاشراو بپارێزرێ.

زمانی کوردی لە بابەت تەرکیبەوە، زمانێکی گشتگێریی (موعجیزەیی)یە، دەبێ لە خونجاوی و گونجاوی پەرەدار، و سەرسوڕهێنەری تەرکیبی ئەوە. بە باشی کەڵك وەربگیردرێ.

زمانی کوردی زۆر ئاسان واژەی بێگانە لە خۆیدا دەتاوێنێتەوەو هەروەکو واژەی خۆماڵی لێدەکا، زمانی کوردی چۆمە ئاوێکی پڕ بەرەکەت و تەژییە لە گەنجینەیەکی



گەورەو بایەخداری میران و کەلەپوری فەرهەنگی کورد و نەتەوەی کورد زمان، و بۆ گەلانی دیکەیش بە دیهاتوویەکی گەورەو پڕ شان و شکۆیە، زمانی کوردی دارای واژەی زۆر و پەرەدار و جوان و لەبارە و لەسەر زار خۆش و سووک و رەوان و شیرین و ئێسك سووکە. زمانی کوردی ئاهەنگی دڵ و دەروون لاوێنی هەیە و زۆر لە گوێ خۆشە، جوان گوێ دەلاوێنێتەوە، و بەپاڵدان بەتایبەتییەکانی واژەی خۆی و تەرکیبی تایبەت بە زمانی کوردی، ئاسان دەتوانێ هەر بەشێ لە بەشەکانی زانین و مەعاریفی مرۆڤانی نیشان بدا و بە وردی بەیانی بکا.

زمانی کوردی زمانی شیعر و هۆنە، فەلسەفە و زانین و هونەرە، بۆیێ باو باپیرانمان فەرموویانە: زمانی کوردی هونەرە.

زمانی کوردی هۆیەکە، تایبەت بۆ بەدەست هێنانی واتای بەرزو تەرز، زمانی کوردی حیکمەتێ گەورەو بێ وێنەیە، جا هەر لەبەر ئەوە، زۆرێ لە لێکۆڵەران و زمان ناسانی جیهانی، زمانی کوردی فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی خۆیان، بە زمانی شیرینی کوردی، بەیان دەکەن. نموونەکەی (مایکڵ چایدە) کە لەسەر رادیۆ کوردی لە واشینگتۆن، لە بابەت زمانەوانییەوە قسە دەکا و رێشەی واژەکان لە زۆربەی زمانەکانی مرۆڤی جیهانی ئەم سەردەمە لێك دەداتەوەو باس لەسەریان دەکا.

زمانی کوردی زمانێ فاخیر، جوان، ساف، لوس، لەبارو رەساو رەوانە، گونجاوی و خونجاویشی زۆر و زەوەندە، زمانی کوردی زمانێکی زیندووە، چونکا واژەی لێ سازدەکرێ و موشتەقاتی هەیە[1] و زۆر بە ئاسانیش واژەی خەڵکی تر لە نێو خۆیدا، دەتاوێنێتەوە. زمانی کوردی واژەی پاك و بێ گەرد و خاوێنە، بنەڕەتێ ریشەیی و سفت و پایەدار و مایەداری هەیە، زمانی کوردی، لە سوێنگەی نووسەرانی ژیرو بیرورد و زاناو زمانەوانی کوردەوە، رۆژ بۆ رۆژ، پەرەدارتر و پتەوتر و سفت و سۆڵتر دەبێ.

(1) ئەمە قسەی دوکتۆر فەرید وەجدی میسرییە کە لە دایرە المعارفی خۆیدا لە باسی زمانی کوردی رایگەندووە (شەپۆل).

زمانی و ئەدەبی کوردی رەمزی یەکیەتی و هەویەی مێژوویی کوردانە، سا ئەبێ بە تەواوی و پڕ بەهێز، بە وزەیێ تەواو، بی پارێزین و پەرەی پێی بدەین و غەنی تری بکەین، کورد زیاتر لە هەر شتێ بە هۆی زمان و فەرهەنگی خۆماڵی خۆیی توانیوویەتی لە ڕاست داگیرکەران، راوەستێ و خۆی زیندوو رابگرێ و دژ و دوژمنان لە خۆی بپرینگێنێـەوەو لە نێو کورەو سۆبەی گڕداری داگیرکەران نەتاوێتەوە، زمانی کوردی پڕ هێز و بە وزەیە، باش دەتوانێ باری فەرهەنگ و عیلم و زانین و تیکنیك و بایەخەکانی فەرهەنگی مرۆڤانی و ئیسلامی هەڵگرێ و لە نێو خۆیدا سەقامگیری بکا، نووسەران و لێکۆڵەران و ئەنستیتۆ و ئەنجوومەن وکانوونە فەرهەنگییەکان، لە دەرەوەو لە ناوەوە ئەرکێ سەنگین و قورسیان لەسەر شانە، بۆ پاراستن و پەرەدان بە زمانی کوردی، دیارە هونەریش لە زمان و ئەدەب و فەرهەنگەوە، سەرچاوە دەگرێ، ئەوە بینش وتی روانینی هونەرە کە لە گیانی کوڕ و کۆمەڵگادا تۆف و تۆفان بەدی دەهێنی و زانین و تیکنیکیش بۆ گەیشتن بە ئامانج دێتە یارمەتی دانی.

دیارە هونەر سەرچاوەی عیلم و شارستانیەت و ژیارە، هەروا راگری بەردەوامی بیر و فیکری ئافڕاندنەکانی ئینسانە، بەدرێژایی مێژوو.

هونەر سەرەتای هەر شارستانیەتێکە، هەروەك گرنگترین دیمەنی رێنسانس لە رۆژاوادا، باری هونەری ئەو بووەو لە ئۆل و دینیشدا پێغەمبەران لەڕاستیدا؛ گەورەترینی ئینسانی مێژوون، جا هەر لەبەر ئەوەیشە قورئان بە گەورەترین کشگێری پێغەمبەری ئیسلام دەزانرێ، چونکا گرینگترین تایبەتمەندی قورئان باری هونەری ئەو، دیارە دەبێ پیشتیوانی هونەری ئەمڕۆی کورد، هونەری رابوردوی بێ و بیش روانێتە دواڕۆژ، تا بتوانێ بە مومتازی بمێنێتەوە. دیارە زانین و عیلمیش ئەبێ بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتنی مرۆ بێ و لێهاتوویی بێ بڕانەوەی ئەو، هەمیشە بە زانین بگاتە کردەوە، تا زەرفییەتی گیان و مرۆ، ئاواڵەتر و دڵڕەوێن تر بێ.

پێویستە ئەمڕۆ نەتەوەی کوردی، باشتر خۆی بناسێ و جیهانی بناسێ تا بتوانێ بەشە جیاجیاکانی زانین و تیکنۆلۆژی بەدەس بهێنێ و بیان کاتە خۆماڵی کوردی، لەم



رێبازەدا خوێندەواران و ژیران و پڕ بیران و زانایان و خاوەن (نوسینگ) قەڵەم و خاوەن ئەندێشە، زۆر ئەرکێ بەرچاویان هەیە.

لە بابەت دەنگەوە، زمانی کوردی زۆر غەنییە، لام وایە هیچ زمانێ بە ئەندازەی زمانی کوردی خاوەنی (ئەصوات: دەنگ) بێ، بۆ وێنە: حیلە، لورە، سەڕەسەڕ، زریکە، تەقە، رەقە، هاڕە، جریوە، سیڕە، بۆڕە، وێزە، میاو، قڕەقڕ، زەڕە زەڕ، تەپە تەپ، بۆڵە بۆڵ، زرمە زڕم، حڕمە خرم، بۆڕە بۆڕ، قیڕە قیڕ، زریکە زرێك، قیژە قیژ، زڕە زەڕ، هاژە هاژ، مرخە مرخ، قلمە قلم، قلپە قلپ، شریخە شریخ، شریقە شریق، بروسکە بروسك، خاوە خاوە، زڕەنگە زڕەنگ، ترپە ترپ، هاسکە هاسك، تاسکە تاسك، هەنسکە هەنسك، قۆڕە قۆڕ، قوڵتە قوڵت، پشم و هۆڕ، میزە میز، گیزە گیز، بریکە بریك، فیکە فیك، جیکە جیك، چەقە چەق، حەپە حەپ، شاپە شاپ، قرخە قرخ، لرە لرخ، فرتە فرت، قڕتە قرت، گرمە گرم، زرم کوت، خنکە خنك، چەمکە چمك، تکە تك، گارە گار، کاڕە کاڕ، بالەباڵ، هۆڕە هۆڕ، قریشکە قریشك، ئاخ و ئۆخ، زیڕە زیڕ، مەشە مش، خشپەخشپ، هوشەهوش، لوشەلوش، زڕە زڕ، فڕە فڕ، قرچە قرچ، فلچە فلچ، ملچە ملچ، پچە پچ، قاسپە قاسپ، منگە منگ، قوقە قوق، قوشقە قوشق، شیتە شیت، خلەخل، تلەتل، گلەگل، مچەمچ، بۆرە بۆر، گابۆڕ، زۆربوونی دەنگ خۆی نیشانەی پەرەداربوون و پڕ پیت و بەرەکەت بوونی زمانی کوردییە، دیارە (دەنگ) لەمەش زیاتر لە کوردیدا هەن، هەرچەن هەندێ لەوانە ئیسمی سەوتن، بەڵام سەوت لەوانیشدا، هەر هەیە.

رۆگارێ زمانی ماد: کوردی لە فەراغنییەوە تاگانا (لە مەدیترانەوە تا چین) خەڵکی ئەم ناوە ناوە بە زمانی کوردی مادی ناسیاو بوون، بەتایبەت لە کاتی هێرشی ئیسکەندەردا، کوردی مادی باوی سەر زاری خەڵك بووەو دەرسی پێ خوێندراوە، ئەم دەرس وتنەوە بە زمانی مادی کوردی لە فێرگە (حوجرە)ی مزگەوتان، بەر لەوەی (دار الفنون) لە خۆرهەڵاتی ناوین دانرێ لای مەلایان دەرس دەخوێندرا، مامۆستا دەرسەکانی بە زمانی کوردی واتا دەکرد و شیعری کوردیشی بە زانینخوازەکان

دەوت، تەنانەت کتێبە سەرەتایی و وردیلەکانی لە عەرەبییەوە، دەکرد بە کوردی، جا ئەوە تا سەردەمی خاناخانی قوبادی بەردەوام بووە کە خانا فەرموویەتی:

**هەر چەن مەواچان فارسی شەکەرەن کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن**
**بە لەفزی کوردی کوردستان تەمامپێش بووان محفوظ، باقی والسلام**

پەڕی ١٤ و ١٥ی شیرین و خوسرەو، چاپی ١٩٧٥ کۆڕی زانیاری کوردن بەغدا. (زانین میحوەری وردبوونەوەی زاستی) بۆتە هونەری ڕۆژباو (شەپۆل).

## زمانی کوردی هونەرە

١- بەرتەسك کردنەوەی زمانی من بە واتای بەرتەسك کردنەوەی دنیای ژیانی منە، چونکا من دنیای خۆمم: (وینگنشتاین).

٢- هەر زاراوەو زمانێ کە کاری پێی بکرێ، دەتوانێ گوڵ بکا و هەڵدا و زەرفیەت و وزەو توانایی، یەك زمان لە خۆیدا بنوێنێ و باش نیشانی بدا (جامسکی).

٣- هەر زاراوەو زمانێ کە بێتە مەیدانی نووسین و کتێب و ڕۆژنامەی پێی بنووسرێ، دەبێتە زمانی ناسیۆنالیزم و نیشتمانی و ئەو زمانە دێتە گۆڕەپانی دنیای ژیانی خۆیی.

زمان چییە؟ ئایا بە قسە: (سوسور) کۆمەڵێ لە نیشانەیەکە، کوللییەتێکی گونجاو و خونجاو بەدی دێنێ و هەرواژەیەکیش لەم کوللیەتەد واتا پەیدا دەکا، یا ئەوەی بوونی هەیە بە قسەن (وینگنشتاین) کایەکردنی زووانە و هەرواژەش خۆ بەخۆ خێوی واتایە، ئەوەی لێرەشدا قسەی لەسەر دەکرێ، مەسەلەی زووانی نیشتمانی و تاکە، کە نەتەوەیەك قسەی پێی دەکا و بەو زاراوەو زمانە دەئاخوێ و پێی دەنووسێ. زمانی کوردی بەو تەمەنە کورتەی کە نووسراوی کوردی. دوای ئیسلام پێی نووسراوە ڕۆژی ٢٢ی نیسان: (ئاوریل و گولان)ی (١٨٩٨ز) لە دەرەوەی کوردستان یانی یەکەم



ڕۆژنامەی کوردی لە (قاهیرە، ژنێڤ، قاهیرە، لەندەن، فۆلسکتۆن، ژنێڤ (١٨٩٨-١٩٠٢ز) ڕۆژنامەی کوردی (بەدرخانیان)، پێشینە کەونەکەی زمانی کوردی جیا لە کەونارابوونی ئاخی ئێران نییە، کە لە گۆشەگیریدا خراوەتە کۆبە و پەراوێز و پشتگوێی نا کورد، خریاوە، هەرچەندە لەم سەدە دوایانەدا جار بە جار بزاوێکی فەرهەنگی و نیشتمانی لە کوردەواریدا ڕووی داوەو زمانی کوردیش لەم ڕێبازەدا، فرە بە جوانی خۆی باش نیشان داوە، زمانی کوردی لە سەدەی ١٧ی زایینی بەهۆی عارفی ڕەبیانی مەلا ئەحمەد جزیری، فەقێ تەیران، حەکیم ئەحمەد خانی، بێستانی، پڕ زانا مەلا پەرێشان و... کە سەدەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بووە، کوردیش بە ڕاپەڕین و بزاوێك لە مەیدانی شیعر و نووسین و هۆنەدانانەدا خۆیی خزاندۆتە نێو جەرگەی نووسین و دانانی ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤار و لە سەدەی بیستەمیشدا، کە سەدەی بیاو برەوی بزۆزی ناسیۆنالیزم بوگە، بەهۆیی حاجی قادر کۆیی، عارف و پیر زانا مەحوی، حەکیم مەولەوی کورد، مەلای باتە، ئەحمەد نالبەند، خان ئەڵماس خان، حاجی خەلیفە (بەها) ئەمین حوزوری حەرەتی مەلیك غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، میر نەورۆز لوڕستانی، پڕ زانا ئەرکەوازی، مەلا ڕوستەمی ئیلامی، سەیید سالّح ماهی: (مادی) دەشتی، سەیید هەورامی، میرزا شەفیع کێمنەیی، هەروا نووسینی ڕۆژنامە بەهۆی بەدرخانیان ١٨٩٨ز بەهۆی سۆن لەکاتی دەسەڵاتی مەلیك مەحموود، بەرزنجی حەفید، گۆڤاری کوردستان ژمارەی ١ لە ١٩١٩/١/٢١ لە ئەستەمبوڵ (میهری محەمەد) برای دوکتور محەمەد صدیق موفتی زادە، حەوتەنامەی کوردستان لە ئێران لە ١٣٣٨ بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ لە تاران بە سەرنووسەری دوکتور محەمەد صدیق موفتی زادە لە تاران، گۆڤاری گرشەی کوردستان کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ز، لە تاران بە زمانی کوردی چاپ و تا ٩ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوەو ڕۆژنامەی کورد بە سەرنووسەری پڕ زانا مەلا محەمەد تورجانی زادە (قزلجی) و هاوکاری پڕ زانا ئەحمەد تورجانی زادە کە ٨٨ ساڵ بەر لەمڕۆ بڵاوکراوەتەوەو لە ١٢ شەوالی (١٣٤٠) لە وەرمێ، بەمجۆرە ژوانی کوردی دوای هەندێ دەست بە سەری دووبارە، هەروەك بەهارو

بەهەشتی کوردەواری بوژاوەتەوەو خۆی رازاندۆتەوەو جلکی رۆژ باوی زمان و زمانەوانی لەبەر کردۆتەوە، بەتایبەت لەکات و ساتی دەسەلاّتداری کورد، بەرابەری مەلیك مەحموود بەرزنجی لەو ماوەی ١٤ سالە خۆیدا و هەروا لە زەمانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لەو ماوەی یازدە مانگەی خۆیدا لە زەمانی پێشەوا قازی محەمەد، ئەو هەمووە رۆژنامە و گۆڤارەو نامیلکانەی بە زمانی شیرین و لەسەر زار خۆشی زمانی کوردی بلاّوکرایەوە کە زمانی کوردی ئێستا گەیشتۆتە ئەم پلەیە کە لە باقی زمانەکانی دنیا مەبەستی پێی وەردەگیڕدرێ، بۆ نموونە قورئان لەلایەن چەن دلّسۆزان، بە زمانی کوردی، هاتۆتە سەر زمانی کوردی. دیارە ئەوە بزاوێکە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی رۆژباو کە وزەی ئەوەی پەیدا کردووە کە دەقی قورئان و کتێبی دیکەی پێی تەرجەمە بکەی و بەو شێوە بتوانێ شان لە شانی زمانی نەتەوەکانی ئەم گۆی زەوییە بدا و بچێتە ناخی بیرو هزرو فەرهەنگیانەوەو لەم رێبازەشەوە ئەونەی دیکەی خۆی تەسەل بکاو گەشەو پەرەبستێنی و خۆ بگرێ، لام وایە هیچ زمانی بە ئەندازەی زمانی کوردی دارای دەنگ نییە کە ئەمە خۆیی نیشانەی دەولەمەندییە، زمانی کوردی زاراوەی فرەس کە ئەوەیش نیشانەی بە پیت و بەرەکەت بوونی زمانی کوردییە، زمانێ کە لە سەرەتای پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا رۆژ بۆ رۆژ گەشە و نەشە دەکا، جا بەو هەمووە زاراوە ئیسك سووك و تەڕو پاڕاوانەی خۆی کە دڵ و گوێ لاوێنیشن، زمانی رۆژ باوی خۆی لە سەتەلایتەکاندا خستۆتەگەڕ و خوێی لە نێو بەرەی کوردەواریدا بەو پەڕی شیرینی خونجاندووەو جێگای لە دڵ و دەروونی دلّسۆزانی خۆی خۆشکردووەو باری لە باری رامیاری، ئابووری، کۆمەلاّیەتی، فەرهەنگی و وێژەو وێژەوانی و یەکیەتی بۆ خۆی ئافراندووە. ئەگەر رەخنەگریش لە کەم و کوڕی زمانی کوردی رەخنە بگرێ، دەبێ بێژین: رەخنەگری هێرشکار، هەمیشە جێی خۆی لە مێژووی وێژاوەری هاوچەرخ دیاری کردووە خەتی نەڕینی و نای بەسەر کارو کارنامەی خەلّکی دیکەدا هێناوە، بەلاّم بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە تەنیا خۆیان دەبینن دەبێ بلّێین: هۆنە:

**(کس داور کار خویش تواند بود        هرکس بود انکه دیگران گویند)**



بیانی هیچ کەسێ ناتوانێ داوەری کاری خۆی بێ/ هەرکەس بێ هەر ئەوەیە کە خەلّکی تر دەیلّێن. باشە بزانین: دەنگ: (صەوت) کە یەکێ لە پیتەکان دێتە ژمار، وەك: خرمە، بۆڕە، زەڕە، حیلە، لورەو... بەلاّم ئیسمی صەوت یا شیبهە جوملە، وەك: حەیف، مخابن یانی خەفەت بۆ تۆ دەخۆم بۆ چ وات بەسەر هات، ئیسمی صەوت واتای فیعلی تێدایە. نوکتە: مەعریفەت: (ناسین و زانین) بەو جۆرەی لە تەعریفی سازمان: (مەکۆ)ی یۆنسکۆدا هاتووەو تاریف کریاوە: (هەر جۆرە مەعلوم و زانراوێك، حیس وەرگر، تەجرەبە و ئازمون پەزیرە) بەم واتایە هەرچی لەگەلّ خوا، پێغەمبەران و ئاخیرەتدا، لە پێوەندیدا بێ (عیلم و زانین) بەم واتای ئەزموون و تەجرەبە، نابێتە ژمار، بۆ دەرچوون لەم بن بەستە، وتراوە: (دین و ئۆل لەباتی خزمەتکردن بە فێرگە، فێرانکۆ، بیرو هزرو ئیدۆلۆژییەکانی بەرەو مرۆ خەریکی رێنوێنی و هیدایەتی خەلّك دەبێ، لەم خول و دەورەدا: (زانین میحوەری وردبوونەوەی زانستی) بۆتە هونەری رۆژباو (شەپۆل).

## زیارەتی مەرقەدی حەکیم ئەحمەد خانی (د.خ)

خواپێکی هێناو بوزی خوارد رۆژی پێنجشەممە ١٣٧٧/٣/٧ لە کاتژمێری ٦ی سەر لە بەیانی بەماشینی عومەر تەکین بەرەو دۆغ بایەزید وەرێکەوتین، لە کاتژمێری ٧ی دەمەو خوراوا کە لەسەر ئارارات کەمێ زەردەی خۆر مابوو گەیشتینە مالّی عومەر و مالّی باوکی و بۆ رۆژی شەممە ١٣٧٧/٣/٩ و ٣٠ی مانگی مە: (مایس) ١٩٩٨ی زاینی و ٢٦١٠ی کوردی و ٤ی موحەرەمی ١٤١٩ی مانگی چوومە زیارەتی مەرقەدی پاك و پیرۆز و مدفەرکی حەکیم ئەحمەد خانی، لە بایەزید، کە ئارامگەی حەکیم خانی لە سالّی ١٩٩١ز. بەهۆی مەحموود کوڕی حەسەن کۆتان ساکان، کە خۆی کوردە تەرمیم و تەعمیر کراوەتەوەو زۆر جوان رازاوەتەوە، عومەر تەکین، منی بردە زیارەت و یەك و دوو کەسی ناساویشی هێنابوو، مرۆڤێك بەنێوی

محەمەد معەبدوڵڵا گولی خودێ لەسەر مەرقەدی حەکیم خانی قورئانی دەخوێند، زۆرس ڕێز لێگرتم بەتایبەت دیوانی پەرزەردەی حەکم خانی بە دیاری بە مندا. ئەم دیوانە زینەلعابدین ئامێدی بە نێوی نوسخەی سەحیح نووسیویەتەوەو لە ٣ مە (مایس)ی ١٣٣٥ حەمزە نێوێك ئەو دەسخەتەی لە چاپ داوەو مانای واژەکانی لە ئاخری کتێبەکەوە، زۆر جوان و ورد بۆ نووسیوەتەوە، واژەنامەیەکی پڕ و چڕ و تەسەلە و لە سەرەتایشەوە شێخ محەمەد عەسکەری بنی شێخ عەبدولڕەحمان ئاقتەپی بە هۆنە ئافەرینی بۆ نووسیوەو ئەمەیش چەند شیعر لەو ئافەرین و پاڕانەوەو بۆ حەکیم خانی.
هەر گاە هەزار رەحمی بێ عەدد-یارەب تۆ بکە لە رۆحی ئەحمەد- شێخ ئەحمەد خانی رۆحی شاکە-وی بەخشی حەبیبی موستەفاکە-کورمانجی کیتابەکە، بوهاپوڕ- خوەش نەزم کردی دعیشقی پوڕ سیڕ- لەو دەچێ مام هەژار موکریانی مەم و زینی حەکیم خانی چاپی نووسینگەی تارا، ستۆکهۆڵم، سوێد ١٩٨٩ز، ٢٦٠١ك لە ڕووی ئەو نوسخەوە ئامادەکردبێ و پەراوێزی بۆ نووسی بێ و هەروا واتای واژەکانی ئەوی هێنابێ، هەرچەند نێوی ئەم نوسخەی نەبردووە.

بەڵێ ئازیزان گولی خودێ لە مزگەوتی حەکیم خانی کە لە نێزیکی مەرقەدەکەیە، نوێژی بە جەماعەت بۆ کردین و ئەوانەی واهاتبوونە زیارەت، هەموو لە مزگەوت جەم بوون و لە نوێژی نیوەڕۆ بەشدارییان کرد. بەڕاستی لەباری بیهدا شیتییەوە، ئاوی لوولەکێشی و پاکی و خاوێنی جوان رازاوەتەوەو خانوێی زۆر جوان و رازاوەیش لەسەر مەرقەدی حاکیم خانی سازدراوەو نێوەکەی فەرشکراوەو شەپاکی سەوز لە پارچە ئاوڕیشم بەسەر مەرقەدەکەیدا، هەڵکێشراوەو ئایەتی قورئان و شیعر لەسەر نووسراوەو زۆر جوان رازاوەتەوە، ئێوە بڕواننە ئەم وێنانە تا بزانن، خانووی سەر مەرقەد چەن جوان و رەنگین و نەخشینە.

جا دوای وێنەگرتن لەگەڵ گوڵی خودێ چووینە دیدەنی خانووی شێخ بەهلول پاشا: ئیسحاق پاشا کە عەبدی پاشای باوکی لە ساڵی ١٦٨٥ز، دەستی بە سازدانی کردووەو لە ١٧٨٤ تەواو کردووە. دەرگای ئەوخانووە (کۆشکە) کە لە زێڕ بووە، لەگەڵ گەواهیراتی موزەخانەکەیدا، رووسی تەزاری لە شەڕی ساڵی ١٩١٧ز، بە تاڵان بردوویەتی و شاری بایەزیدیشی وێران کردووەو قڕی خستۆتە نێو خەڵك بە کوردی و ئەرمەنەوە. شوێنەواری شارە وێرانکراوەکە، هێمان دیارە.



سەیرە لەو رۆژگارەدا شۆفاژ بۆ گەرما و ئاوی گەرم و فازیلاب لە نێو ئەو کۆشکە دروا و بۆ کلەی بەران لە نێزیك دەروازەی زێڕ هەر ماوەو کەمێ شکاوەو ئێستا ئەو کۆشکە بۆتە سەیرانگا و شوێنەواری کەنارا، بۆ گەڕۆکانی دونیا، لەو لە وسەردەمەی من لەوێ بووم، ئەوروپایی و گەرۆکانی هەندەران هاتبوونە زیارەتی حەکیم خانی و دیدەنی کۆشکی باڵۆڵ.

هەروا عومەر تەکین کنی بردە سەیرانگای (قووڵی تەپێ) کە لە ١٨٢٠ز، بەرد (شەهاب)ی ئاسمانی هاتۆتە خوارێ و لەو هەردەی داوەو تا ٦٠ میتری قوڵ کردووەو پانایی دەهەنەیشی ٣٥ میترە، قوڵی تەپێ لە نێزیکی بازرگان، لە بەرامبەری ئاراراتی گەورەو گچکە، مختەپە، گری زگ دریاو، گری (گردی) نێرا دایە، لە کاتژمێری ٦/٥ دوا نیوەڕۆی رۆژی پێنجشە ١٣٣٧/٣/٧ چوومە دیدەنی ئەو شوێنە. گویا بەردی ئاسمانی بۆ یەکەمجار لە دنیادا لە ئالاسکا بە ئەمەریکا لە زەوی دراوەو بۆ جاری دووەم لە کوردستان لە قوڵی تەپێ دراوە.

دەبێ بزانین کە شەپۆل لە ساڵی ١٣٦٤دا بەسەر هات و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد پڕوچڕو جوانی لەسەر حەکیم خانی و شاکاری مەم و زین لە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد، لە جیهانی ئیسلامەتی، دانووسیووەو لەە چاپی داوەو بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها لە کۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٢ ساڵی ١٣٧٢ و ١٩٩٣زایینی، پەڕەی ٣٤ تا ٣٧ لەسەر حەکیم خانی و دیوانی مەم و زین بە تەحقیق و لێکۆڵینەوە نووسیوەو لە چاپ دراوە. هەر جۆرە بێ لە رۆژی ١٣٧٧/٣/١٠ گەڕامەوە تاران بۆ ماڵێ، هەرچەند دەمویست بچمە شەمزین بۆ زیارەتی مەرقەدی حەزرەتی سەییدا تاها شاهی شەمزین (قُدِس سِرُّە) بەڵام دۆستان وتیان: لەو نیوەدا شەڕە، رێگانییە، ناتوانی بچی، نایەڵن، بەداخەوە نەمتوانی بچمە شەمزین.

نووسراوەکانی شەپۆل: باوی کۆمەڵایەتی ٩ ژمارە کۆوار، بەنێوی گرشەی کوردستان کە یەکەم ژمارەی لە مارسی ١٩٨١ زایینی لە تاران لە چاپ دراوەو بڵاوکراوەتەوە، ژیناوەری، تەفسیری سورەی فاتحە الکتاب چاپی ١٣٦٧ بەشی نێوگەلانی مەکۆی تەبلیغاتی ئیسلامی لە تاران، زریزەی زێڕین، دین و ئەدەب لە دوجەڵددا، زانایانی کورد لە ٨ جەڵددا، تەرجەمە و تەفسیری قورئان بە تەواوی بە زمانی کوردی کە لە ساڵی ١٣٧٦ و ١٩٩٧زایینی زۆر جوان و ڕەنگین لەلایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی لە تاران لە چاپ دراوەو لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٩٨زایینی، دووەم چاپی لە ١٥ هەزار نوسخەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە دزی منەوە دەستیان لە واتای ئایەتی نوێژداوەو ئێستا من شکایەتم لێیان کردووەو بە نوێنەرانی مەجلیسیشم ڕاگەیاندووە، کتێبی ڕاپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا: مەلیك غازی شاهی شەمزین، تەرجەمە و تەفسیری سورەی یوسف بەجیا لەگەڵ چیرۆکی یوسف و زولەیخا بە زمانی کوردی، شەرحی حاڵی ئیمام شافیعی و بیروڕای ئەو لە فیقە و ئوسوڵدا، شەرحی حاڵی ئیمام مەلیك، ئەبو حەنیفە، ئیمام ئەحمەد و ئیمام شافعی و تەقیدەی فیقهی ئەو چوار زاتە، و بیروڕای ئەشعەری شەرحی حاڵی حەزرەتی ڕەسول و خولەفای ڕاشیدین بە کورتی و بە کوردی، کتێبی گەنجینەی فەرهەنگ و زانین بە زمانی کوردی چاپ ١٣٧١ پەند یا ئەمساڵی قورئان بە زمانی کوردی چاپی ساڵی ١٣٦٢ و هەروەها وتارخوێندنەوە لە ئامفی تاتری زانکۆ تەورێز لە (کۆنگرەی گسترەی ادبیات فارسی...) و چاپی ئەو وتارە، لە بابەت مەولانا خالید شارەزووری کە لە (انتشارات) زانکۆی تەورێز لە پەڕەی ١ تا ١٤ لە بەهاری ١٣٧٣ لە چاپدراوە، هەروا چاپی وتار لە کتێبی کۆنگرەی ڕێزدانان بۆ حەکیم مەولەوی کورد ساڵی ١٣٧١ پەڕەی ٥٦ تا ٦٣ چاپی وتار لە نەشریەی ژمارەی ٢ی زانکۆی ئیسفەهان لە ساڵی ١٣٤٥ لە بابەت عەللامە بێوشی بە عەرەبی. چاپی وتار لە کتێبی کوردستان و تەوسیعەی فەرهەنگی چاپی ١٣٧٣ی زانکۆی کوردستان پەڕەی ٢١١ تا ٢١٤، چاپی وتار لە کتێبی هەڵەبجە تەکراری هێروشیما، لە بابەت هەڵەبجە



هێرۆشیمای کوردستان چاپی ١٣٧٤ وابەستە بە ئوستانداری کوردستان پەڕەی ١٩٦ تا ١٨١، چاپی وتار لە کتێبی ریشە پاك چاپی ئوستانداری کوردستان چاپی ١٣٧٥، چاپی وتار لە ژمارەی تایبەتی ئاوێنە سەبارەت بە مەلا پەرێشان و... چاپی ١٣٧٣، ژمارەی ١٤ و ١٥ پەڕەی ٥٨ تا ٦٤، چاپی وتار لە ژمارەی تایبەتی سروە، لە یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگی، ئەدەبی کوردی چاپی ١٣٦٥ لە بابەت تەدریسی زمانی کوردی. دیارە ئەم وتارانە لە کۆنگرەکانیشیدا خوێندراونەتەوەو نووسین، لە چاپدانی بە سەدان وتار لە سروە، ئاوێنە، گرشەی کوردستان، گزینگ، بەربانگ، رابون، خەرمان، ئابیدەر، ئامانج، کەیهانی هەوایی، ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی، هوخت، ئەرمەغان، میهر، بۆ بیسارانی، ناری، وەفایی، سەقز و تەوسیعەی فەرهەنگی و... وەنووسین و خوێنەنەوەی بە سەدان وتار لەسەر دەنگ و ڕەنگی، کوردی تاران، سنە، مەهاباد، ورمێ کە لە ساڵی ١٣٤٣ێوە، تا ئەم سەردەمە لەگەڵ بەرنامەکانی کوردی هاوکاری دەکەم و دەنووسم و بە دەیان و تووێژی ڕادیۆ تلویزیون یان لەگەڵ ئەنجام داوم، سەبارەت بە عولوم و زانینەکانی قورئان و تەرجەمە و تەفسیری قورئان و تووێژ بۆ کۆواری زاگرۆس چاپی ئەمەریکا بە عەرەبی ژمارەی ٥ ساڵی ١٩٩٠ زایینی، کۆواری نداء الحق چاپی لەندەن ساڵی ٤ ژمارەی ١٤ و ١٥ ڕۆژنامەی الوفاق بە عەرەبی ئورگانی خەبەگوزاری جمهوری ئیسلامی ئێران ژمارەی ٦٣ ساڵی ١٩٩٧زایینی چاپی تاران و... شەپۆل.

## بیت المقدس

ئیلیاء ناوی پێشووی شاری (بیت المقدس) بە مانای (شاری خودا)یە، فەرەزدەق شاعیری بەناوبانگی عەرەب لەم بارەیەوە دەڵێ:

**و بیتان بیت الله نحن ولاته وقصر باعلی ایلیاء مشرف**

یانی: دوو خانوو ((یەکیان ئێمە بەسەریدا رائەگەین: (ئەوی دیکەش کۆشکێکە بەسەر هەورازەکانی ئیلیا))دا، دەڕوانێت (بیت المقدس).

(مقدس) لە لوغەتدا بە مانای پاك و خاوێنە، وەك لەم ئایەتەدا: کە مسجد الاقصی بە واتای بیت المقدس (سبحان الذی اسری بعبده لیلاً من المسجد الحرام الی المسجد الاقصی...) یانی پاك و خاوێنە ئەو خودایە، کە بە شەو عەبدی خۆی (حەزرەتی محەمەد د.خ) لە مسجد الحرامەوە ڕەوانەی مسجد الاقصی کرد. مسجد الاقصی یانی (بیت المقدس) یانی ماڵی پاك.

عمر بن الخطاب (د.خ.) خەلیفەی دووەم لەشکرێکی بە فەرماندەیی (عمر و بن عاص) ڕەوانەی بیت المقدس کرد (عمر و بن عاص) نەیتوانی بەبێ خوێنڕێژی ئەو شارە بگرێ (ابو عبیده بن الجراح)ی کردە فەرماندەی لەشکری ئیسلام. ئەویش نەیتوانی بچێتە ناو شار، چونکە خەڵکی شارەکە کلیلی دەرگاکانی قەڵاکانی شارەکەیان، نەدایەیێ و داوایان کرد خەلیفە خۆی بێت تا کلیلەکانی شارەکەی بدەنێ (ابو عبیده) نامەی بۆ (عمر بن الخطاب) نووسی و داوای کرد بێتە (بیت المقدس) عمر ساڵی ١٧ی هجری گەیشتە شاری (جابینە)ی نزیك دیمەشق لەوێوە بۆ لای (بیت المقدس) کەوتەڕێ و بەبێ هیچ شەڕو کێشە چووە ناو شارو لەو وەختەوە (بیت المقدس) کەوتە دەست حوکومەتی ئیسلامی. زۆربەی دانیشتووەکانی خەڵکی ئەو شارە دینی ئیسلامیان قبوڵ کرد و موسڵمان بوون. مەسیحی و یەهودی لەگەڵ موسڵمانەکان بە ئازادی دەژیان و ئەحکامی مەزهەبی خۆیان بەبێ هیچ گیروگرفتێك بەجێ دەگەیاند. ساڵی ٤٩١ هیجری (فەرەنگییەکان لەوبەری دەریاکانەوە) بە چەند کەشتی



هوروژمیان کردە سەر (بیت المقدس) و شارەکەیان داگیرکرد. کوشتار و تاڵانێکی زۆریان کرد. ماوەی حەوتویەك کوشتاریان لە موسڵمانەکان کرد. موسڵمانەکان، بۆ رزگارکردنی خۆیان لە دەست دوژمنە فەرەنگییەکان، پەنایان برد بۆ (بیت المقدس) و چوونە ناو مزگەوتەکەوە، بەڵام فەرەنگییەکان بەبێ ڕێزی (بیت المقدس) یان پێشێل کرد و تەواوی ئەو موسڵمانانەیان کوشت کە پەنایان بردبووە ئەوێ، و نزیکەی حەفتا هەزار کەس بوون. هەموو شتە بە قیمەتەکانی مزگەوتەکەیان تاڵان، کرد (مسجد الاقصی) و (قبه الصخره) یان کردە تەوێڵەی بەرازە گلاوەکانی خۆیان (بیت المقدس) ٩١ ساڵ بەدەست فەرەنگییەکانەوە بوو.

(صلاح الدین ئەیوبی) ساڵی ٥٨٣ی هیجری دوای گەلی شەڕی سەخت ئەو شارەی ئەستاندەوەو تەواوی وێرانبیەکانی سەر لەنوێ دروست کردەوە، قەڵاکانی شارەکەی قایمتر کرد. دوای مەرگی (صلاح الدین)یش ئەم شارە ساڵگەلی فرە لەژێر دەستەڵاتی موسڵمانان دابوو. پادشاکانی عوسمانلی بۆ دروست کردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە پۆڵێکی زۆریان خەرجکرد. کاتێ پێوەندی عوسمانییەکان لەگەڵ ئینگلیسییەکان باشتر بوو (ئینگلیسییەکان ڕێگایان بۆ (بیت المقدس) کرایەوە. بە ئیجازەی عوسمانیەکان دەستیان کرد بە کەندو کاو لە دەوروبەری شارەکە و بۆ ئاسەواری کۆنە دەگەڕان و نەخشەی شارەکەیان گرت. ساڵی ١٨٦٤ی زایینی جولەکان، بە ئیجازەی ئینگلیسییەکان دەستیان کرد بە کۆچکردن بۆ ئەم شارە، و بە کۆمەکی ئینگلیسییەکان هێندێ زەمینیان پێ درا، هاوکاری ئینگلیسییەکان لەگەڵ جوولەکەکان گەیشتە رادەیەکی وا کە جوولەکەکان توانیان هیندێ مەزارو شارۆڵکەی جوولەکەکانیش بۆ خۆیان سازکە. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی جوولەکەکانی دانیشتووی ئەورووپا ساڵی ١٨٩٧ی زایینی لە شاری (بازن) لە سویس کۆنفراسێك بەناوی کۆنفراسی سەهیونیستی بین المللی هەوەڵ) ڕێکخەن و لەو خزمەتانە کە ئینگلیسییەکان بە جوولەکەکانیان کردەوە (سوپاس بکەن) و لە جوولەکەی سەرانسەری دنیا داوا بکەن کە بە خێرایی بێنە (بیت المقدس).

## دایە گیان

سڵاو لە تۆ دایە گیان! ئەی ئایەت و نیشانەی یەزدان، سڵاوێکی گەرم و بەتین هەروەك تیشکی هەتاوی بەر بەرۆچکەی دەمەو پاییزێکی سارد، کە خۆرەتا و خۆشەویستە، سڵاوێك لە گوڵدانی رۆحی پاك و بێ گەردت بێ، ئەو گیانی بەرزو تەرزی ئاسمانییەت، کە بە ئەستێرە زێڕ وەشان کراوە، دایە گیان! ئەی یەکەمین و تاقانەی ئەوینی زارۆکی بەرمەمکان، کە هەر تۆی لێوڕێژی لە سەفا و ئۆگر و پشکوتنی وەفا، خۆشەویستەکەم! ئەمە یەکەمین نامەیە کە لە دەمە و بەربەیانی وەرزی گوڵاڵە و گەزێرەی شلك و تورت و ناسك و جوانەکانی دەم بەهار بۆ تۆی بەرێزی دەنووسم کە لە سەر کورسیلەی زێڕینی بەهەشتی ئەوین و خۆشەویستی و مەحەبەت رەحمەت دانیشتووی و هەروەك شا دایك پاڵت لێداوە ئەوە.

سەڵام لە تۆ، کە بەرزی بیرو ئەندێشەی تۆ، نیشانەی کەماڵ و جەماڵی خیلقەتە و سەردار و سەروەر و گەورەی تێکۆشانی مرۆڤانیت، نیشاندەری گشتگیری (موعجیزەی) ئافراندنی، لەلایەن خوداوە. سەڵاو لە تۆ دایە گیان، کە دەنگی نەرم و نیان و پڕ لە خۆشەویستی تۆ کە بەلایە لایە کۆرپەت بەو دەنگە زوڵاڵ و خودایەت دەلاوێنییەوە، بەڕاستی دڵ لاوێنی، کاتێ بەو ئەوینە دایکانەت دەمدوێنی، لایە لایەت گرێوی هەمیشەیی ژیانی مرۆیە و گەرانی دەست و بازۆڵەت نیشانەی بێ سکونی زەمانە.

تۆ زۆر لە ئەندێشە و خەیاڵ و بیربانتری و بەرزتر لە تێفکرینی، ئاوەزوو هزر ناگاتە هەرێمی گەورەیی تۆ کە لەوا پاکی و چاکی و گەورەیی و عەشق و خۆشەویستی و رەحمەت شەپۆل دەدا.

بەرزی و بڵێندی و گەورەیی پلە و پایەی تۆ! دایە گیان! بێ ئەوەی بمانەوێ، تێ دەگەین، چونکا مەحەبەتی بێ پسانەوەی تۆ و ئەوینی بێ بڕانەوەی تۆ لەگەڵ بیرو مێشکی ئێمەدا لێکدراوەو تێکەڵاوە.



دایە... تۆ ئایەرەی بێ پسانەوەی عاتیفەی مرۆڤانیت، تۆ سەرچاوەی هیواو ئارەزوویی، هەروا تۆ رەمزو رازی بەهای ژین و ژیانی، تۆ بەرزترین هۆی حەماسەی بوونی و دڵ لاوێنترینی سروودی خۆرسك و تەبیعەتی. تۆ دڵ و دەروونی زمان و بوون و ژیانی، بەدڵ و دەروونی تەژی و لێو رێژ لە خۆشەویستی تۆ و خوێندنی لایە لایەکانت بەو دەنگە نەرم و مەچەکە میهرەبانانەت، کەساز ندەشن، لە رێبازی بێ بڕانەوەی رۆژگار، رێگا دەبڕم تا دەگەمە ئاوات و دوندی بەختەوەری و ناسەوەری.

بە گرشە گرش لە وریشە وریش دایی. جا نابێ جێی عەجبات بێ کە دوای خوا یەکەمین بزاوتنی لێوی زارۆك بەنێوی شیرینی تۆیە ئەی دایە، دایەی پڕ میهرو دلاوا و دڵ لاوێن.

دایە گیان! ئەشق و ئەوینت پایەدار، میهرت جاوید و هەمیشەیی، غوللورت موقەدەس و مدفەرك و پاك و بێ گەرد، زاراوی زارت شیرین و دڵنشین و خەشم و غەزەبت شیرین و ژین هێنەرە، جا ئەگەر بیرو هزر لە بابەت پەسەند و سوپاس کردن لە تەقالای بێوچانی تر، بێ تین و بێ توان و داما و بێ، جێی خۆیەتی، چونکا عەزەمەتی ئاسمانی تۆ لە خەیاڵی مرۆڤ بانتر و لە وزەی مرۆ بەدەرە، پەری و فریشتەی رەحمەت لە سەراو پەردەی بەرز و بڵێندی عەرشی تۆ، پەسەند وێژی عەزەمەتی بێ پایانی تۆن.

هێری دۆت، ئیسترابوون وتوویانە ماد: (کورد) و ئێرانی یەکەمین نەتەوەن، کە رۆژی دایکیان کردۆتە چێژن. جا ئەوەیە ئێمەش چاو لە پیروکاڵی خۆمان دەکەین و ئەو داب و دەستووره کەوناراو جوان و دڵ پەسەندە بە نرخە دەبوژێنینەوەو ئەو واتا بەنرخە ئاخلاقییە چاك و کۆن و کەونارایە سەرلەنوێ، نوێدەکەینەوەو خۆشەویستی و ئەمەك ناسی خۆمان سەبارەت بە دایك، بەشایی و خۆشییەوە، جێژن دەگرین و رۆژی دایك پیرۆز دەکەین.

لە رۆژانی راپەڕینی مەلیك غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین لە ١٩٧٨ی زایینی و دوو پانەی راپەڕینی پێشەوای گەورەو رابەری کەبیری

کورد ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆك ئاپۆ عەبدوڵڵا ئوجەلان، پلەو پایەی دایك (ژن و کچ) لە نێو کوردەواریدا کوتۆتەوە سەر بارودۆخی ڕێز لێگرتنی وەك جاری جاران، سەنگین و گران بۆیان دەرواندرێ و لە نێو لاندك نێو بڕوژن بە ژنەیان پێی ناکرێ و ئەوانیش مرۆڤانی خۆیان وەك جاری جاران دۆزیوەتەوە. ئەمڕۆ کچان و دایکانی ئازادە و ئازاد و ئاگادار بەرپرسایەتێکی زۆر گرینگ و بە نرخیان بە ئەستۆیە و ئەویش پەروەردەکردنی بەرەی دوا ڕۆژە کە بتوانن ئارمانجەکانی ڕاپەڕینی کورد و نەزمی نیزامی ئاڵوگۆڕ و گۆڕیانی سەدەی ٢١ دەرك بکەن و بکۆشن تا ڕاپەڕینەکان بە ئاکامی بەڕاستی خۆیان بگەن و نەتەوەی کوردیش لە مافی بەرابەر و مافی مرۆڤانی و ئیسلامی کەڵك وەربگرن و چارەنووسی خۆیان دوای خوا بەدەست خۆیان بێ، نەك بەدەست نامۆ و نەیار تا بتوانین حوکومەتی سەربەخۆیی کوردی خۆماڵی و خۆیی خۆمان هەبێ، هیوادارم کە کچان و دایکانی کوردەواری بە سەرنجدان بەو بارە گرانەی کە کەوتۆتە ئەستۆیان، نەخشی نەخشینی خۆیان لە تازەکردنەوەی بینای کۆڕ و کۆمەڵگا و ئابووری و فەرهەنگی و ڕامیاری کوردەواریدا، زۆر بە چاکی ئەرك و ئەسپاردەی مرۆڤانی خۆیان کە سازدانی هۆی بەرەو پێشبردنی کۆڕ و کۆمەڵگای کوردەوارییە لە جاران چاکتر بکۆشن تا پڕۆزبن و بەسەر کەندو کۆسپا باشتر سەرکەون، تا دەگەنە دوندی ئاوات و بەختەوەری بەڕاستی، و نەتەوەی کوردیش بە تەواوی سەربەخۆیی و حوکومەتی و دەوڵەتی خۆیی بۆ خۆیی هەبێ (شەپۆل).



## پێشکەش بە دایکم زبیدە قەدەم خێر

دایە قەزات لە گیانم
ئەی لوتفی خواو ئارامی ڕەوانم
دایە ئەی ئەوینی ژین و ژیانم
ئەی ڕۆح و هەست و گیانم
بێ تۆ دایە گیانە! نەماوە ژیانم
دایە ئەی ئامۆژگاری دەری گوڕ و تینم
قەت حەز ناکەم مەرگت ببینم
شادیم بە تووەیە شادی و ژینم
بێ تۆ دەکولێتەوە برینم
توانا بە قسە نەبوو ڕەوانم
قسەو وتار تۆ ناتە سەر لێوانم
میهرەوانی تۆ بوی چرای روونم
نوری رووی تۆ بوو، ڕوونی کرد ڕەوانم
ئەی قەزات لە گشت بوون و نەبوونی باوانم
دایە گیان هەر تۆی دڵ سۆزم
هەر تۆی ئاگا لە سۆزی پڕ سۆزم
نهێنییەکانی من هەر تۆ باش دەیزانی
نایان درکێنی ئەوە باش دەزانم
لەبەر نەزانیم ئەگەر قسەم ناڕەوایە
تووڕەو قەڵسم دەزانم لە پوان یا سوانم
بێ ئەمریەت، دایە کارێ ناڕەوایە
ڕەزای تر دایە، ئەوە ڕەزای خوایە

## ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا

لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی و ڕێکەوتی سازبوونی کۆنفەرانسی تاران، ئیحسان نوری پاشا بەندو زیندان دەکرێ، برزو کەڵهور، کە لە بەرا فەرمانداری قوچان بووەو لە پاشان دەکرێتە بازرەسی وەزارەتی نێوخۆ ((کیشوەر)) دەبێتە زامنی ئیحسان نوری پاشا و لە بەند ئازاد دەکرێ و حوکومەتی تورکیەیش زۆری بۆ دەوڵەتی ئێران هێنابوو، تا ئیحسان نوری پاشا بدرێتە دەست تورکانی تورکیە، دۆستان و ناسیاوانی ئیحسان نوری پاشا، چ کورد و چ ئەرمەنی بە یارمەتی وەرگرتن لە سەرۆکی سێ دەوڵەتی گەورەی دنیا، کە هاتبوونە تاران بە زامن بوونی برزو کەڵهوڕ ئازادکرا و هۆی بەند و زیندانی کردنی ئیحسان نوری پاشا، ئەوەبوو، کە لە ڕێگای نادر ئاڕاستەکە مودیر کوللی وەزارەتی نێوخۆی ئێران بووە، شۆڕەوی پێشنیاری بە ئیحسان نوری پاشا کردووە کە لەگەڵ چەند ئەفسەری ئەرتەشی شۆڕەوی بە جلکی ئەفسەرانی ئەرتەشی سوور، بڕواتە ئازربایجان و کوردستانی لای خۆ و سەڵماس و ماکۆ (مادکۆ) و چاوی بە سەرانی عەشایری کورد بکەوێ، تا ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا ڕابەرایەتی ڕاپەڕین و بزاوی ئازادیدەری کورد و کوردستان بگرێتەوە ئەستۆ، سەرەنجام ئیحسان نوری پاشا، لەگەڵ ئەفسەرانی شۆڕەوی، دەرواو چاوی بە سەرانی کوردی جەلالی، ملان و شکاك دەکەوێ و قسە و باسی ڕاپەڕین و بزاوی ئازادیدەری کورد و کوردستان، لەگەڵ سەرانی کورددا دەست پێ دەکا و لەکاتی گەڕانەوەی بۆ تاران قۆڵبەست و زیندانی دەکرێ، ئیحسان نوری پاشا لای وابووە، نادر ئاڕاستە باوەکو نۆکەری شۆڕەوی بووە، بەنهێنی ڕاپۆرتی لە ئیحسان نوری داوە، کە بۆتە هۆی گیران و زیندانی کردنی ئیحسان نوری پاشا، نادر ئاڕاستە مودیر کوللی وەزارەتی نێوخۆی ئێران و لە پاشان بووەتە ئوستانداری گیلان و سەفیری ئێران لە شۆڕەوی، هەم لەگەڵ شۆڕەوییەکان و هەم لەگەڵ ئینگلیسییەکاندا سەرۆکارو کەینەو بەینەی بووە. دەڵێن: نادر ئاڕاستە ئەو سەفەرەی ئیحسان نوری بۆ نێو کوردی جەلالی و میلان و شکاك بە ئینگلیس ڕاگەیاندووەو ئیحسان نوری پاشا گیردراوەو زیندانی کراوە. صارمخان صادق



وەزیری لە کتێبی (دیفاع از دو چهرهء برجسته جنبش ملی کورد: زندەیادان: قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجەرای انتخابات دورەی هفدەهم مجلس شورای ملی در مهاباد موکری چاپ ١٣٨٣ خورشید بدون تعیین محل چاپ به زبان فارسی)، نوسیوویەتی بۆیێ من ئەم قسەو باسانەم لەم کتێبەدا گێڕاوەتەوە، چونکا نە لە کتێبی جالبی کاوە بەیات لە بابەت ڕاپەڕینی ئارارات و چارەنووسی ئیحسان نوری پاشا، شتێکم دیوەو نە لە جێگایێ دیکەدا کە ئیحسان نوری خۆی ئەوانەی بە من (صارمخان...) ڕاگەیاندووە پەڕەی ٢٧ (دیفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کورد، سەرچاوەی بەرو.) لەو ساڵانەی کە ماڵی صارمخان صادق وەزیری لە شەقامی سیروس، پامنار لە کۆچەی نیزامیە و نیزیك کەلاتنەری، کە ماڵی ئیحسان نوری پاشایش لە نێزیك کۆچەی دەبستانی بەرو کە لە دواییدا بووە جێی دانیشکەدەی ئیلاهیات و مەعارفی ئیسلامی لە کۆچەیێ باریکدا، ماڵیان پێی دابوو (١٥٠ تا ٢٠٠ متریك لە ماڵی صارخمان دوور بووە و ٧-٨ ساڵ جیران بوون و هاموشۆیان بووە. نووسیوایەتی کە ئیبراهیم خان ئەرمەنی کە خێزانی لە ئەرمەنییەکانی تورکیە بووە و لەگەڵ یاشار خانمی خێزانی ئیحسان نوری پاشا دۆست بووەو یەك ئەرمەنی چل پەنجا ساڵە و شەل کە پاڵتوی کلڤتی سەربازی ئینگلیسی لەبەردابووە، هاتووچۆی ئیحسان نوریان کردووە، کە هەر کاتێ گەیشتۆتە دەرگای ماڵی ئیحسان نوری پاشا، ئیحسان بی هەرای لێ کردووە، ئیحسان نوری پاشا، فەرموویەتی: ئەم ئەرمەنییە شەلە، لە ڕاپەڕینی ئاراراتا، نامەرەسانی نێوان ئەرمەنی و کوردەکان بووەو لەو کاتەوە، پێی نوقسان بووە، پەڕەی ٢٤ سەرچاوەی بەرو. لە ساڵەکانی ٣١ و ١٣٣٠ی هەتاوی لەبەرگرانی و بێ دراوی باری ژیانی ئیحسان نوری پاشا فرە خراپ بووەو ئیحسان نوری پاشا لەو ساڵانەی کە لە کرمان تەبعید بووە فەرشێکی کرمانی گیرکەوتبوو، بە صارمخان دەڵێ: ئێستا لە تارانم نیازم هەیە و برایم خانی ئەرمەنی دەڵێ: ئەگەر تۆ (٣) سێ هەزار تمەنێکم بدەیتێ، منیش دراوێ ئامادە دەکەم بە دراوی هەردووکمان کامیۆنێك دەگرم و کاری پێی دەکەم، جا تکایە بەڵکو ئەم فەرشە کرمانییەم بە

پارەیێ باش بۆ بفرۆشی، صارمخان نووسیویەتی: لە ڕێگای سەیید کەماڵەدین تەباتەبایی کە بازاڕی و مرۆڤێ باش بوو بە (٣) هەزار تمەن بۆی فرۆشت، رۆژی دیتم براێمخانی ئەرمەنی بە کامیۆنەکە، کاری کردبوو، غەرقی تۆز و خۆڵ ببوو، فرە بۆی ناڕەحەت بووم. رۆژێ کە چبوومە دیدەنی ئیحسان نوری وتی: من مانگانە (٢٠٠٠) تمەنم بۆ بڕاوەتەوەو سەردار رەشید خانی ئەردەڵان (٥٠٠) تمەنی بۆ بڕاوەتەوەو هەروا، رایگەیاند: کە سەرگوردێکی کورد، بەناوی موجتەهیدی لەلایەن رووکی ٢ چاوەدێرمە، صارمخان نووسیوویەتی: بەو نیشانانەی کە رایگەیاند، بۆم دەرکەوت ئەوە: عیسا پەژمانە و خۆی کردۆتە موجتەهیدی و هەروا، ئیحسان نوری پاشا رایگەیاند بوو، کە چۆتە ئەڵمان و لە کۆنگرەی زانینخوازانی کورد، لەوێ بەشدار بووە، صارمخان نووسیوویەتی لە ترسی عیسا پەژمان خۆم لە ئیحسان نوری دزییەوەو لە سەفەرا بووم، کە هاتمەوە تاران بیستم ئیحسان نوری پاشا وەفاتی کردووەو لە شەوی حەوتەمدا چوومە سەر قەبرەکەی، دیتم سەرهەنگ پەژمان و سەرهەنگ عەزیز شەمزینی (گەیلانی زادە) کوڕی حاجی سەیید عەبدوڵڵا ئەفەندی (گەیلانی زاد سلطان العرفا) و چەند کەسێ دیکە لە کوردەکانی عێراقی لەوێ لەسەر گلکۆی ئەو بوون، ئیحسان نوری پاشا (کۆمارڕەش) ی دانابوو دۆستانی ئەرمەنی لە پلاستیك مۆرێکیان بۆ سازدابوو کە بە لاتینیش (کۆمارڕەش) لەسەر ئەو مۆرە نووسرابوو، پەڕەی ٣٦ و ٣٧ سەرچاوەی بەرو، صارمخان هەروا نووسیویەتی لە ١٣١٩ی هەتاوی لە تەورێز چاوم بە صەدری قازی و حەمە حسێنخان کەتبوو لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی چوومە دیدەنی خوالێخۆشبوو صەدری قازی نوێنەری مەهابادی موکری بۆ تەبرێك وتنی جێژنی نەورۆز کە هەر لەو کۆچەی ماڵی ئێمەدا بوو جیران بووین کە لە دواییدا ماڵی چبووە شەقامی ئەمیریە، مونیریە و صارمخان نوسیوویەتی بۆ یەکەم جار لەوێ چاوم بە هاشم شیرازی کەوتووە کە موعەلیمی دەبستانێك بووە لە تاران و زۆربەی قسەکانی دوکتور شیرازی کە لە بیرەوەری خۆیدا نووسیوونی رەدی لێ داوەو هەروا نووسیویەتی کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو صدیقی ئەنجیری ناسیاوی پەیدا کردووە کە لە ساڵانی ٢٥-



١٣٣٤ی هەتاویدا، لە مەهابادەوە، بە زۆر نەقڵی تاران کرابوو هەروا لەگەڵ جەنابی دوکتور عەلی مەولەوی و ئەحمەد تەوفیق و عەلی خوسرەوی ناسیاو دەبێ و رایگەیاندووە کە، لە بەهاریا تاوسانی ١٣٢٦ رەحیم خەرازی و رەحیم سوڵتانیان هاتنە ماڵی من کە دەیانویست حیزبی دیموکراتی کوردستان ببوژێننەوە منیش بەڵێنی یارمەتیدانم پێدان، بەڵام لە هەرای ١٣٤٧دا بۆ ماوەی ٨-٩ ساڵێ پێوەندیمان نەماو داویی هاتنەوە لام و دیارە منیش دەمویست یارمەتیان بدەم و قەتییش قسە و باسی ئەوانم بۆ صەدقی ئەنجیری نەدەگێڕاوەو صارمخان فرە تایفی حاجی رەحیم حەرازی و حاجی صاڵحی باوکی دەکا و رایشیگەیاندووە کە ئیبراهیم نادری، کرماشانی وەزیری فێرکردن و بارهێنانی کابینەی کوردستانی ئازاد، لە مەهاباد بووە. هەروا نووسیویەتی لەو ٦-٧ ساڵە کە جیرانی ئیحسان نوری پاشا بووم و دەچوومە دیدەنی کەسانێ وەك: حاجی سەیید عەبدوڵێ ئەفەندی، موهەندیس قاسملۆ کە خێزانەکەی خەڵکی تورکیە بووە، لەگەڵ ئەحمەد قاسملۆ کە خێزانەکەی کچی سەرهەنگێکی شارەوانی بووە. برزۆ کەڵهور، محەمەدی کەیوانیور: (موکری) کە لەو سەردەمەدا لە تاران گۆڤاری (ماد)ی بڵاو کردووتەوە، هەروا دوکتۆر ئەورەحمان قاسملۆ، کە لەو سەردەمەدا، لە دارولفنون لە تاران دەرس خوێن بووە، هەروا عەزیز یا موڵکی دیپلۆماتی عێراقی کورد و کورد زادە و (خزمی شەریف پاشای ناودار) لە ماڵی ئیحسان نوری دەدی، بەڵام قەت شیرازیم لەوێ نەدی و لەگەڵ سەرهەنگ زاگروس (فەوزیە) خەڵکی سەقز کە ئەهلی موتالاً و خوێندەوار و ئاگادار بووەو... صارمخان ناسیاوی پەیدا کردووە، هەروا لەگەڵ محموود هورموز لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی کە حیزبی تودە بە هۆی دوکتۆر جەودەت سازدانەوەی فیرقەی دێموکرات و حیزبی دێموکرای کوردستانی بەناوی (کاك) دەست پێکردووە، صارمخان و مەنسور جەوهەری سنەیی کارگەری چیتسازی تاران و ئەحمەدی بیجاری بەشداربوون، صارمخان لە د.جەودەت دەخوازێ دوکتۆر ئەورەحمان قاسملۆ، وەرگرێ کە لە چەکوسلاواکی لەگەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری پێوەندی هەبووەو لەوێ زانینخوازبووە،

ئەویش لە وەڵاما وتوویەتی گەنجێ کە لە چەکو سلاّواکی سۆسیالیستی دەرسی خوێندبێ چ جۆرە ئەزموون و صەلاحیەتێکی هەیە بۆ کارکردن لە کوردستان ئا لەم هەڵومەرجەدا، سەرەنجام بە پێشنیاری صارمخان د.جەوەدەت رازی دەبێ و دوکتۆر قاسملۆ لە ١٣٣٢ دەکرێتە بەرپرسی کادری سێوەمی حیزبی تودە لە مەهاباد موکری و دەڕواتە مەهاباد، صارمخان نووسیوویەتی: رۆژێك لە تاران لەبەر دەرگای ماڵی خۆمدا چاوم بە (جەوهەری) کەوت کە بەرپرسی کادری کوردستان لە سنە بوو، پرسیم چۆنە هاتووی دیتم ناتوانێ کار بکا.

پێم وت: ئەو بەرپرسیارەی ئەمڕۆ بە تۆدراوە، رۆژی بە ئەستۆی (قازی محەمەد) بووە، هەر جۆر بێ بەرپرسی ئەویشماندا دەست قاسملۆ و دوکتۆر قاسملۆ بووە بەرپرسی کۆمیتەی ئەیاڵەتی و لەو بەینەدا بە د.جەوەدەتم وت بابە صدیق ئەنجیری کونە حیزبی دێموکرات کارێ بسپێرین وتی: ئەو لە تەك (باکروژوکیها) پێوەندی هەیە، دوای کودیتای ٢٨ مورداد، هەموو کارو بارشیوا بەسەریەکا و لێمان تێکچوو. نوکتە زۆر جاران ئەم پرسیارە دێ بە مێشکی مرۆڤدا، ئەرێ! بۆ چ هەندێ سەران و خوێندەوان و نوخبەگانی نەتەوەی کورد، لە باتی ئەوە پشت بە تودەو مودە ببەستن، بۆ ئاوڕیان نەداوەتە سەر خۆناسی تا فەخر بە خۆیان و نەتەوەو مێژووی پڕ لە شانازی خۆیان بکەن و کورد و رابوردووی پڕ هێزی نەتەوەی کورد بکەنە پشتیوانی راپەڕین و بزاوی ئازادیدەری و پشت بە مێژووی پڕ فەخری خۆیان ببەستن و ئاپۆرەی خەڵك هاندەن بۆ یەکبوون و یەکیەتی تا بە پەلە و بە لەز بە مافی رەوای خۆیان بگەن، تۆ بیربکەوە ئێمەی کورد، ئیمپەراتۆری ماد، ساسانی، گوتی، میتانی، مانایی و کاردۆخی، قەڵای زیویە، کە لە ئاوێستادا بە (ئێرزیفیە) نووسراوە، یا ئارامانیت و کەرەفتو، دارایاسی لای مەهابادی موکری، فەقرەقا، کورش یا کوڕی رەش کوڕی رۆژ، حەزرەتی زەردەشت یا یەسا=نیسن: یاسینی پێغەمبەری مەزو پەسنا، ئیبراهیم پێغەمبەری کوردمان هەبوو. ئەی بۆ چ وا دواکەوتووین، دەبێ هۆی دواکەوتن بدۆزینەوەو پەند و عیبرەت وەبگرین.



ئیحسان نوری پاشا خەڵکی موش، کوردستانی باکووری کە بە دەستووری (خۆیبوون) لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٢٠ی زایینی، بە دژی مستەفای کەماڵ راپەڕی و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە چیای ئارارات جەنگی و بۆیەکەم جار ئاڵای ئازادی کوردستانی لە سەردوندی چیای ئارارات: ئاگری داغ بەرزکردەوەو هەڵیدا و تا ساڵی ١٩٢٥ بەردەوام بوو مستەفا کەماڵ کە دیتی باشاری هێزی ئیحسان نوری پاشا ناکا لەگەڵ ئێران و رووسیە خۆی رێکخست و چواردەوری پێشمەرگەی ئیحسان نوریان تەنی و ئیحسان نوری پاش ناچار بەخۆی و یەکسەرو دە کەس لە پێشمەرگە و ئەفسەرانی خۆی بە گزی و فزی رەزاخان پەهلەوی و بە خەیانەتی ئیساساکۆ، نێوی هاتە ئێران کە رەزاخانی پەهلەوی ئیجازەی بە سوپای تورکی عوسمانی دابوو تا لە خاکی کوردستانی بن دەستی رەزاخان، پشت لە سوپای ئیحسان نوری بگرن و تێکی بشکێنن، ئیحسان نوری و یارانی پاشماوەیەك لە کوردستانەوەو لە زەنجان و تەورێز، بە رێکران بۆ تاران و رەزاخان، دەیویست بۆ نیزیك بوونە لە تورکیە ئیحسان نوری و یارانی بداتەوە دەست مستەفا کەماڵ، بەڵام میسیوسەرکیس سەرۆکی حیزبی داشناك=ئەرمەنییەکان لە ئێران لە رێگای سەفارەتخانەی ئینگلیس، نەیهێشت بدرێتەوە دەست مستەفا کەماڵ، رەزاخان پەهلەوی ئیحسان نوری پاشای نارده کرمار و لەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ زیندان بووە، (تاریخ ریشەی نیژادی کورد، چاپی ١٣٣٢ هەتاوی)، بەو جۆرەی دەگێڕنەوە، چوار جار، مۆتۆرسکلێت بە عەمد، خۆی لە ئیحسان نوری پاشا داوەو جاری چوارەم لە رۆژی پێنج شەممە سەعات ٦ دوانیوەڕۆ لە ١٣٥٥/١/١٥ی هەتاوی لە تاران مۆتۆرسکلێت لێیدا و بردیانە نەخۆشخانەی سینا لە تاران و لەوێ وەفاتی کردو بردیانە قەبرستانی بەهەشتی زاراو لە قەتعەی ٥٨/٩ لە قەبری ژمارەی ١٢ بە خاکیان سپارد و خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی و سالار و سەردار و سەعید خان جاف و هەندێ لە کوردەکانی دانیشتووی تاران و محەمەدی صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) و... لەوێ بوون و دوکتۆر هاشم شیرازی چەند شیعر کە

جەنابی یوسف کورد نژاد، داینابوو، لە سەرقەبری ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشای خوێندییەوەو زۆربەی خەڵکەکە دڵان پڕ بوو دەسیان کرد بە گریان.

## کێلە شین

لە (هاڵدی)یەکان بەردە هەڵکەونراوەی کێلەشین کە بە خەتی مێخییە لە باکووری شنۆ لە کێوێك هەر بەو ناوە ماوە. بێژەی کێڵ، لە کێلی قەبر گریاوە کێل: بڵیند، بەرز، بەردی سەرین و پاینی قەبر، جوان چاکی، باڵابەرز، نیشانەی کەوشەن، سەرداری عێل، پێوانە دانەوێڵەو... شینیش بە واتای کەوگ، بە رەنگی ئاسمان، سەوزی تۆخ، شەپۆر، بەربینگ گرتن، فیعلی رابوردوی چوون، ئەوان چوون: رۆیشتن، هاتووە. بڵیندی کێلەشین لە قەدی پیاوی مام ناوەندی بەرزترە، ئەم بەردە کە بە رەنگی کەوگە لە بەردێکی رەشی چەند لاو رەنگکراو گیراوە، کاتی پتەی لێدەی دەزرینگێ و دەنگی جۆری مس و و ئاسنەواڵە ئەدا. لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی برایە مۆزەخانەی شاری ورمێ، هەرچەند لە نێوان ئێران و عێراقدا لەسەر ئەوە دەمەقاڵەیەك روویدا چونکا ئەیانووت کێلەشین کەوشەن و سنوورە.

لە سەدەی نۆی (٩) بەر لە زایین دەوڵەتێك بەناوی (هالدیا) هەبووە، کە ئاشووریان بە (ئورارتو یا ئوراشتو) ناویان بردووەو لە عیبریشدا بە (ئارارات) ناوبراوەو یۆنانیشانیش بە (الارودی، خالدوی و خالدایوی) یادیان کردووە، جا کەوابێ (ئارارات-گۆڕدراوی خالدییی[1] (خلدیە: ئورارتویا (وان) عیبری ئارارات. مەملەکەتی قەدیم[2] لە نێزیك زەریای وان لە باکووری ئاشوور، لە حودودی ١٢٧٠ تا ٧٥٠ بەر لە زایین بەردەوام بووە. یەکەم کەتیبەیەك کە لەوە بەدەست هاتووە لە زمانی

(1) کوردو پەیوەستەگی نەژادی و تاریخی ئەو نووسراوی دوکتۆر رەشید یاسەمی پەڕەی ٩٢.

(2) (حدوودی ١٢٧٠-٧٥٠ بەر لە زایین.



شەلمنصرا-شای ئاشوورە[1] کە بە هێرشی سکاو مادەکان تیاچوون[2] دوکتۆر یاسەمی لە تەوجیهی قسەکەی خۆیدا بوو ناوی (خالدیا) دەڵێ لە نیزیك تەرابوزان لە زمانی دەوڵەتی بیزانسدا شوێنێ بەناوی (خالدیا) هەبووە کە شاری خەلات: (ئەخەلات) نیشانەی ئەوە، تەنانەت لە قەفقازیشدا نێوی ئەم تایفەیە هەیە، بە کورتی بەڵێین: یەکێ لە تیرەی کەڵهور بە (خالدی) ناو ئەبرێ و هەیە.

زۆر دوور نەڕۆین بێژەی (هر): هەر و (هرد): هەرد و (ئەل) لە (ئەوێستا) دا بە واتای (کێو)ە هەروەك لە (البرز) کە بە واتای کێوی بەرزە (ال+برز) یا الوند یا ئاربەبا، ئارموردە (نێوی دوکێون لە بانە) هەر بێژەی (ئەرمەن) ئەمە لە زووانی کوردیدا بە شێوەی سەرەتای خۆی: (هر) و (هرد) ماوەتەوە، هەروەك ئەوە ئەگە لە گوند، لە یەکێ پرسیار بکرێ لە کوێ بوێ دەڵێ: ((لە هەردێ بووم)) یانێ لە کێوو کەژبووم.

ئارارات ئەبێ ئارا: (هرا) و (راد-یارات) لەم دوو بەشە بەدی هاتبێ کە بە واتای کێوی بەخشەرو دەهەندەیە، جار هەر بۆێی عەرەب ئەوەی بە (جبل الجودی) وەرگێڕاوە، ئەو کێوەی کە گەمی نوح لەنگەری لەسەر گرتووە، جا کەوابێ (هالدی) هەر (هردێ) با (الدی)یە کە بە واتای کوێستان و کێونشینە، و (ئورارتو)یش هەر ئەمە دەگەیەنێ و بیژەی (ئارارات) هەروەك لێکۆڵەران وتوویانە کە بیژەیەکی عیبرییە، نابێ وابێ چونکا نفوزو رەخنەی فەرهەنگی یەهوود: (جوولەکە) لە ئەورووپا زۆربەی واژەی مادو کوردو ئێرانی بردۆتە بەر ناونیشانی عیبری، کە یەکێ لەوانە هەر ئەم واژەو بیژەی ئارارات، هالدی یا هلدی یا هردێ)[3]یە (شەپۆل).

(1) ١٢٧٦-١٢٧٥ بەر لە زایین.

(2) دائره المعارف مصاحب.

(3) بۆ زیاتر زانین بڕواننە کورد و پەیوەستەگی نیژادی ئەو نووسراوی دوکتۆر رەشید یاسەمی لاپەڕەی ٩٢ یا کوردەکان و کوردستان نووسراوی دەرکینان تەرجەمەی دوکتور یونسی لاپەڕەی ٢٩ تا ٣٠ چاپی تاران ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی.

یەکەم کەس کە ئەم کێلەی بە دنیا ناساند شولس (Schulz) یەکێ لە کۆنەناسانی ئەڵمانی بووە، کە بە داخەوە کوژراوەو روونووسێ کە لەو کێلەی هەڵگرتبوو، تیاچووە و نەماوە، چەند ساڵ دوای کوژرانی شولتس، راولینس (Rawinson) دۆزێنەری ناوداری بێستون کە ینگلیسییە، بەشێ لە کێلەشین، ئیستامپاژ، و کۆپی ئەکا، لە ساڵی ١٦٥٢ی زایینی خانیکیف (Khanikoff) لەو کێلە قاڵبگیری ئەکا، بەڵام دوای ماوەیەك تیا ئەچێ.

لە ساڵی ١٨٥٨، بلاو Blau لەو روونووسانەی تا ئەو سەردەمە سازدرابوون، کۆزیلکەیەك لای خۆی کۆدەکاتەوە، کە بەداخەوە لە گەچ سازدرابوو، لە نێو باردا وردو خاش ئەبێ، بەڵام لە دواییدا A. H. SaYee لەسەر ئەو گەچە، وردانە کار ئەکاو بیرورای خۆی لە بابەت کێلەشینەوە دەرئەبڕێ.

لە ساڵی ١٨٥٨ تا ١٨٩٠ی زایینی ژ. دێمورگان، لە گوندی هیق Heqەوە، دەچێتە سەر گەردنەو کەلی کێلەشین و بە وێنەی ئیستامپاژ وێنە لە خەتەمیخییەکانی هەڵدەگرێ، لە دوای ئەو هیربیرت M. Herbert بەرپرسی پینەو پەرۆکردنی مۆزەی مرۆڤناسی تر کادر و Trocadero لەسەر ویستی دێمورگان لە رووی ئیستامپاژی ئەو بە گەچ قاڵبگیری خەتەمیخییەکان بکا، بەم جۆرە بۆ یەکەمجار قاڵبگیرییەکی تەواو لەو خەتانە، دەکرێ، ئەو خەتانە بە زمانی ئاشوورییەو ژ. دێمورگان ئەوە بە پێرشێل Seheil، ئاشووری ناسی ناودار نیشان ئەداو پیرشیلیش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە سەرەتایەکەوە، مەتن و دەق و ماناکەی لە جەریدەی Recueil des travaux لە پاریس لە چاپی ئەداو بڵاوی دەکاتەوە، دەقی کەتیبەی کێلەشین ٤٢ خەتە، وادەر ئەکەوێ لە موتەتەرەفی مۆری کیوسی Meherkapuissi و ئیشپوینی Ispuhi و کورەکەی کە بە منوئا Menua کە هەرسێکیان لە پاشاکانی سەر زەوی توشیا Tuspa بوون و بە هەڵدیە (هەردێ) خوای شاری موزازیر Musasir پێشکەش ئەکرێ.



جێگای شاری توشیا، دیاری نەکراوە کە لە کوێ بووە، بەڵام هەمــوو کەوناراناسان لایان وایە لە کوردستانی بەشی ئێران لای شنۆ بووەو کێلەشین بەر لە تەختی جەمشید هەبووەو هی زەمانی ئاشوورییە.

بەر لەو پێرشێل بیرورای خۆی دەربڕی لە نێو کونەناساندا لە بابەت واتای کەتیبەی کێلەشینەوە، دژایەتی هەبوو، لایان وابوو هی دێمورگان لەگەڵ هی راولینس و بلاو، جیاوازە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هی پێرشێل و، وتارێ کە م. لهان M. Lehann لە ساڵی ١٨٩٣ی زایینی بڵاوی کردەوە، ئەو دژایەتیە نەما کە سەرچاوەی لەوە گرتبوو، کە راولینس و بلاو سەرنجی خەتەکانی هەردوو لای کێلەشنیان نەدابوو، بەڵام ژ. دێمورگان کۆپییەی لە هەردووی هەرلگرتبوو. کێلەشین لەو کەلە، کە بە کێلەشین ناودارە لە شوێنی دابەشبوونی ئاوی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی دایە، کە ئاوی لای خۆرهەڵات بە چەمی قادرچا، بەرەو دەریاچەی ورمێ (چی چست) ئەڕوا، ئاوی لای خۆرئاوایش بەرەو دەجلە تێدەپەڕی و ئەڕوا. کێلەشین لە ١٣٢٦ی هەتاوی بە هۆی وەزارەتی دەرەوە، برایە مۆزەی ئێرانی باستان[1].

## شنۆ

نوکتە: شنۆ نێوە بۆ بۆیەکێ لە بەشەکانی (ورمێ)- شنۆ لە باشووری ورمێدایە.

شنۆ لە باکوورەوە بە (باراندوزچای) و لە خۆرهەڵاتەوە بە (سندوس) و لە (خۆرئاوا) وە بە خاکی کوردستانی گەرمیانەوە ئەلکێ.

بەشی باشووری شنۆ جەلگەیە و هەواکەی موعتەدیلە ئەوەی لە (شنۆ) بەدەست دێ دانەوێڵەو توونتنی سیغارە، بەشی باکووری شنۆ کوێستانە و ساردە، زیاتر گەنم و

(1) کێلە شین تەرجەمەی فەرەیدون، تەوەلەلی، نەقڵ لە کتێبی بیرەوەری سەفەری ئازربایجان و کوردستان، نووسراوی محەممەد رەزا خەلیلی عێراقی چاپخانەی ئەرتەش، نوسان، خاکە لێوە: فەروەردین ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی پەڕەی ١٤٦ تا ١٤٤ (شەپۆل).

جۆ و شیرو ماست و کەرەو پەنیرو تووتنی لێ بە عەمەل دێ. ئاوی شنۆ لە کانی و ئاوی بەفری کوێستانە.

کاری زۆربەی خەڵك جووت و گاو مەڕو ماڵات دارییە، شنۆ لە دوو بەشی دەوروبەر و (دەشتە بیل) پێك هاتووە، ٧٦ گوندی بەدەستەوەیە و حەشیمەتەکەی ٣٤٧٨٠ کەسە. ناوەندی ئەم بەشە شاری (شنۆ)یەو سەر بە شاری (ورمێ)یە. گوندەکانی دێستانی شنۆ (نەڵیوان)ەو ٦٠ گوندی بەدەستەوەیە و حەشیمەتیان تا ٢١٧٤١٠ کەسە و ناوی گوندە گەورەکان بەم جۆرەن: دێ شەمس، خواروو ژوور، دێ گورجی، حەسەن نوران، خالداوا، نەلۆس، نەرزیوە، هیق، سنگان، شێخان، نەڵیوان.

شنۆ، شارۆڵکەیەکە، ناوەندی دیهستان و بەشی شنۆی شاری (ورمێ) لە ١١٠ کیلۆمیتری باشووری ورمێ، لەسەر ڕێگای ئیسفاڵتەی نەغەدە، مەهاباد، بۆ پیران شار جادە ئیسفاڵتەیە.

شنۆ لە دۆڵایی دایە، هەواکەی ساردەو لە بەریشا (مێشولەی نۆبەتی) هەبووەو ئێستا نەماوە.

حەشیمەتی شاری شنۆ و گوندەکانی سەر بە شنۆ ئێستا زیادی کردووەو کوردو سونین لە چەمی شنۆ ئاو ئەخۆن کە ئێستا لوولەکێشی ئاو، بەرق، تەلەیفونی هەیە.

کاروباری خەڵك جوت و گاو مەڕ و ماڵاتداری و دوکانداری و کارمەندی حوکومەتییە.

کاری دەستی: جاجم، بەرماڵ پوزەوان، دەسکێش، گۆرەوی، کردو تەون، تێڕو هۆڕو جەواڵ و ڕەشکەی کاکێشان، خۆرجێن و پاشکۆ چنینە.

شاری شنۆ زیاتر لە ٢١٠ دوکانی هەیە، فێرگە، حجرەی فەقێیان، مزگەوتی گەورە، بۆ نوێژی جومعە و هەینی یانەی حوکومەتی وەکو فێرکردن و بارهێنان و...

باری جوغرافیای شنۆ: درێژی ٤٥ پلە و ٦ دەقیقە، عەرز ٣٧ پلە ٢ دەقیقە و ٣٠ سانیەیە. بڵێندی ١٥٣٠ میتر ئیختیلافی ساعەت لە تەك تارانا ٢٥ دەقیقە و ١٢ سانیەیە واتا ١٢ی نیوەڕۆی شنۆ ئەکاتە ساعەتی: ١٢ و ٢٥ دەقیقە و ١٢ سانییە، بەکاتی تاران.



شاری شنۆ مێژینەیەکی کۆنی هەیە و زیاتر لە سێ هەزار بەر لەمە یەکێك لە شارە گەورەکانی کوردستان و ماد ئاوا بووەو لە نووسراوەکانی کەلیدانیدا بە (عەشنۆیە) نووسراوەتەوەو هەیە.

شنۆ پڕو تەژییە لە ئاسەوار و شوێنەواری مێژوویی مێژینە، وەکو (کلێسا)ی (سەرکیس و باخوس) نێزیکی شاری (مەلاتییە)ن و دوو گوندیش ئێستا بەناوی (سەرکیس و باخۆس) کە ناوی دوو مرۆڤی ئایینی بوون، لەلای شنۆ هەیە و چەند گوندی کۆنە، مێژووی تریشن هەن وەکو ئەمانە: (بێمزورتێ: بێ دنا زورتل) کە بە واتای بەخشراوە یا مەوقوفەیە، (گوندی مارا براهام) هی یەکێك لە پێشەوایانی ئایینی مەسیح بووەو ئێستا بە (شێخ برایم) ناودارە گوندی (خورشت) بە واتای نێزیك کە نیزیکترینی گوندە بە گڵکۆی (مارابراهام)، گوندی سینگان بە واتای بەرز و بڵیندە کە لەسەر تەپۆڵکەیەکە بڵیند، دروست کراوە.

هەروا شوێنەواری بەنرخیتریش لای شنۆ هەیە، وەکو کێلەشین کە ئێستا بۆتە دیاری دەری سنووری کوردستانی ئێران و عێراق و نیشانەی دابەشکردنی ئاوەڕۆی شاخەکانی سنووری (مەم المیاه)ە.

بە قسەی نووسەرانی کەلدانی بەتایبەت نووسەری کتێبی (کەشیشهای ریش سوور)ی کۆن، ئەوبەردە کە بەناوی (کێلەشین) ئەناسرێ (٩٠٠) ساڵ بەر لە تەختی (جەمشید) لە نێوان سنووری دوو حوکومەتی ئەو سەردەمە بەنێوی (ئورگرتوو) ئەرمەنستان و (خالدیە) دانراوە.

بە خەتی ئاوێستایی هەندێك نووسراوە لەسەر ئەو تاتە بەردە، کە وەکو کێڵ وایە، هەڵکەنراوە کە لە کتێبی (کەشیشهای ریش سوور) وەرگێراوەو کراوەتە زووانی ئاوێستایی و ماددی و ناوی شێ شاری (ورمێ، شنۆ، نێرگی)یشی لەسەر هەڵکەنراوە.

خۆرهەڵاتناسی ئینگلیسی (سیر ئوریل ئستین) کە بەر لە جەنگی جیهانی هاتۆتە شنۆ لە کتێبی (ڕێگا کۆنەکانی خۆرئاوای ئێراندا) ناوی (تەپۆڵکەی دنخە) براوە کە زۆری پێ پڕ بایەخە، بردوویەتەوە بۆ دە هەزار ساڵ بەر لە دایکبوونی حەزرەتی

(عیسا مەسیح) لە پەراوەی (اناباس) گەڕانەوەی ١٠,٠٠٠ دە هەزار سوارەی گزنفون سەرداری یۆنان بەدرێژی باسی ئازایی و نەبەزی کوردی شنۆ و ئەو ناوە ناوەی کردووە.

لای جەنگیز و تەیمور شەلەو صەفەوییەکان و هێرشکارانی سازێ نەرانی جەنگی یەکەم و دووەمی ناو گەلانی شاخە بەرزەکانی شنۆ لەباری ئیستیراتیژێکی جەنگەوە بە گرینگ دانراوە.

چۆمی گادەر، کە لە کێوە بەرزەکانی کوردستانی ئەورەخە، سەرچاوە ئەگرێ دوای تێپەڕبوون لەشاری نەغەدە، ئەڕواو تێکەڵ بە گۆلی ورمێی ئەبێت.

چۆمی رەش و شۆمی سپی و کانییە ڕەش لە چۆمە پڕ ئاوەکانی گەورەی ئەو ناوچەیە، کە بۆ کشتوکاڵ زۆر بە کەڵکە سەرچاوە ئەگرێ.

لە شنۆدا زانایانی مەزنی وەکو تاج الدین، سلطان المحققین، ملك الحکماء و الواعظین قدوة المحققین و سلطان المتکلمین شیخ شیوخ الاسلام تاج الملە و الدین محمود بن خداداد اشنهی (شنویی) و علامە و عارف ناودار صدری کوڕی مەحموودی شنۆیی و عەلامە. مەلا عەلی شێخانی شنۆ کوڕی شێخ حامد و نووسەری تەصرفیی مەلا عەلی لە زانستی صەرفدا و شاعری وەکو حەمەدەمینی بەلەدی و زانایانی تری وەکو: عەبدول عەزیز شنۆیی، عەبدول عەزیز کوڕی عەلی کوڕی عەبدول عەزیز کوڕی حسین، شێخ ئەبول فەضل شنۆیی خاوەنی (فەرایض) کە لای عەلی ئەبو ئیسحاقی شیرازی و ئەبو جەعفەری کوڕی موسلیمە و... دەرسی خوێندووەو فەضلی کوڕی محەمەدی تەوقانی لای ئەم عەبدول عەزیزە کوردەی خوێندووە، ئەمە قسەی سەمعانییە.

لە تەبەقاتی ئەسنەویدا نووسراوە: عەبدول عەزیز لە شاری بەغا ڕۆیشتووەو لە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغا بۆ ئەوەی قەلەمێکی بە ئەمانەت وەرگرتبوو، بیداتەوە دەست خاوەنەکەی و دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ شنۆ و لەوێ مردووە. دیارە ناوی شنۆ بە هەڵە لەو کتێبانەدا نووسراوە.



وەشنی، ئەشنە، شنۆ سێ کەس لە زانایانی حەدیسی ناوداری وەکو: ئەشنایی و ئەشنەهی و ئەشنائی و مەلای گەورەی بەناوبانگی وەکو مەلا عەلی کوڕی شێخ حامیدی ئەشنەوی لە شنۆدا هەڵکەوتوون(1).

شنۆ یەکێکە لە بەشەکانی سەر بە (ورمێ) کە زیاتر لە ٧٦ گوندی هەیە و لە باکوورەوە ئەلکێ بە ورمێ و لە خۆرهەڵاتەوە بە سندوس و لە باشوورەوە بە رەواندز و لە خۆرئاواوە بە دوڵ و گەڵی قاسملۆ، کەوشەنی ئەگەڕێتەوە.

ناوەندی شاری شنۆیش هەر خودی شاری شنۆیە(2).

## ترکەش

ترکەش: گوندێکە لە دێهستانی مەنگور بەشی حەومەی شاری مەهاباد و ٥٤ کیلۆمیتر خۆرئاوای مەهاباد و لە ٥ و ٤٥ کیلۆمەتری خۆرئاوای جادە ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەردەشتە و کوێستان و ساردو سالمە و زیاتر لە ١٢٢٢ کەس لەوێ ئەژی و کوردو سونین و لە چەمی بادیناوێ و چاوە ئاو ئەخونەوەو بەرهەم دانەوێڵە و تووتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵك جووت و گاو مەڕو ماڵات دارییە و کاردەستی جاجم و شتیوایە و ڕێگا کوێرە ڕێگایە و ئەم گوندە بە قسەی ژاك دێمورگان لە ١٨٨٨ی زاییینیدا دروست کراوەو لە دوو جێگا بە مەودای ١ کیلۆمەتر، دوو گوندی بەناوی تر کەشی سەرێ و خوارێ هەیە و ترکەشی خوارێ حەشیمەتەکەی زیاتر لە ٧٣٥ کەسە.

---

(1) بڕوانە پەڕەی ٢٠ شەرەفنامە بە کوردی چاپی ئۆفیسێتی دووەم ساڵی ١٩٨١ی زایینی تاران.

(2) سەرچاوە: فەرهەنگی موعین پەڕەی ٥٣، ا.ع. چاپی تاران، یادداشتی نووسەر، هەروا بڕواننە مجموعەی اثار فارسی تاج الدین اشنوی قرن ششم و هفتم هجری، بە مقدمە، تصحیح، تعلیق: نجیب مایل هروی چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی و بڕواننە زریزەی زێڕین نووسراوی (شەپۆل) و بڕواننە تاریخ گزیدە نووسراوی حمدالله مستوفی لاپەڕەی ٧٧٦ چاپی ١٣٦٢ی تاران ئەمیر کەبیر. فەرهەنگی جوغرافیائی ئێران جەلدی چوار نووسراوی رەزمارا.

سیوەدین: گوندێکە لە دێهستانی یەختەچی بۆکان بەشی بۆکانی شاری مەهاباد و لە ١٤ کیلۆمیتری خۆرئاوای بۆکان و لە ١٣,٥ کیلۆمەتری خۆرئاوای بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیلە و مێشولەی نۆبەتی هەبووەو ئێستا نەماوەو زیارت لە ١٢٣٧ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو سونین و لە چەمی سیمنەر و ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم: دانەوێڵە و تووتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵك جووت و گاو مەڕو ماڵاتدارییە و کاردەستیێ: جاجم و بەرماڵ و شتیوایە، ڕێگا کوێرە ڕێگایە. لە دوو جێگا بە مەودای ٣ کیلۆمەتر و نیو دوو گوند، بەناوی سیوەدینی سەروو، سیوەدینی خواروو هەیە کە گوایا سەیفەدین خانی سەرداری بۆکان کوڕی عەزیز خانی سەرداری کوللسازی داوەو سیوەدینی خوارێ ١١٤٩ کەس حەشیمەتی هەیە.

سەردەراباد: (سەرداراوا): گوندێکە لە دێهستانی یەختەچی بەشی حەومەی شاری مەهاباد و لە ٣٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای مەهاباد و لە ٢٦ کیلۆمەتری خۆرئاوای جادە ئیسفالتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیلە و مێشولەی نۆبەتی هەبووەو ئێستا نەماوەو زیاتر لە ١٥٩٧ کەس لەوێ ئەژین و کوردو سونین و لە چاوە ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم و دانەوێڵە و تووتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵك جووت و گاو مەڕو ماڵاتدارییە و کاردەستی جاجم و گورەوی و پوزەوان و شتیوایە و ڕێگا: کوێرە ڕێگایە و ئەم گوندە سەردار سەیفەدین خانی دووەم سازی داوە.

سەردەشت: نێوە بۆ یەکێك لە بەشەکانی سێگانەی شاری مەهاباد و لە باشووری خۆرئاوای مەهاباد دایە و لە باکوورەوە ئەلکێ بە دێهستانی مەنگوران و لە باشوورەوە بە چەمی زابی: (زێی)ی گچکەی خاکی کوردستانی گەرمێن و لەخۆرئاواوە ئەلکێ بە دێهستانی گەورکی مەهاباد و (نەمەشیر)ی بانە و لە خۆرئاواوە بە خەتی کوردستانی گەرمیانەوە.

سەردەشت کوێستانە و لێرەوارو جەنگەڵە، بەڵام گوندی (کەلاس) لەو ناوەدا تەقریبەن جەنگەڵە.



ئاو و هەوای سەردەشت دوو جۆرە بەشی لای کوردستانی ئەودیو ساردەو بەشی ئەم لای چوون لیرەوارە، موعتەدیلە. گوندەکانی سەردەشت لە چەمی سەردەشت و چەمی بادیناوێ و چاوە ئاو ئەخۆنەوە.

بەرهەم: دانەوێڵە و تووتن و کەرەستەی لێرەوارو شیر و کەرەو پەنیرە. کاری خەڵك لە سەردەشتا جوت و گاو مەڕو ماڵاتداری و کارو کرێکارییە.

ئەم بەشە ٧ دێهستانی کە لە ١٨٩ گوندی گەورەو گچکە پێکهاتووەو حەشیمەتەکەی لە ٧٦١٦٠ کەس زیاترە، دوو ڕێگا بۆ سەردەشت ئەچێ ١- ڕێگای ئیسفاڵتەی مەهاباد، سەردەشتە. ٢- ڕێگای بانە سەردەشتە کە نیوە خاك و نیوە ئیسفاڵتەی ساردە.

لە زستاناندا لەبەر بەفری زۆر و خراپی ڕێگا هاتوچۆ بۆ سەردەشت زۆر سەختە.

سەردەشت: شارۆڵکەی بەشی سەردەشتە و لە ١٣٩ کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای مەهاباد دایە.

تایبەتییەکانی جوغرافیایی سەردەشت بەم جۆرەیە: درێژی ٤٥ پلە ٢٩ دەقیقە پانی ٣٦ پلە ٩ دەقیقە و ١٥ سانیە بەرزو بڵیندی ١٤٨٠ میترەو ٢٢ دەقیە و ٤٠ سانیە لەگەڵ تارانا جیایی هەیە، واتا: سەعات ١٢ی نیوەڕۆی سەردەشت سەعات ١٢ و ٢٥ دەقیقە و ٤٠ سانیەی تارانە.

هەوای سەردەشت موعتەدیل و ساردەو زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو موسوڵمان و سونین، بەڵام ئێستا لە سۆنگەی بۆمبارانی ڕیژێمی صەدامی عەفلەقی خوێنڕێژ و کورد کورژەوە نیوە چۆڵە[1]. سەردەشت دوو شەقامی گەورەی هەیە: ١- خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییە. ٢- باشووری و باکوورییە، لە سەرەتای

(1) صەدامی عەفلەقی چۆن هەڵەبجەی بە بۆمی سیانورد بۆمی خەردەل و بە بومی شیمیایی هەڵەبجەی کردە هیرۆشیمیای کوردستان، شاری سەردەشت و ڕەبەت. (کانی مارۆ)ی بۆمباران کردو خەڵکی کوردی ئاوارە کردووە خوا سەدامیش ئاوارە بکا.

شەقامی خۆرهەلاّتی و خۆرئاوایی سەردەشتا چاوە  ئاوێکی گەورە هەیە کە لە عەردهەلّ دەقولّێ و دارای گولّ و ئەستێرەیە و ئاوی خواردنەوەی شارو ئاودانی زەوی و زاری دەوروبەرو گەڕانی ٧ ئاسیا و (ئاش)ی ئاوی لەو چاوە ئاوە دابین ئەکرێ ئەو ئاوە زیاتر لە ٧ ئاشگێڕە.

لە شاری سەردەشتا چەند چاوە ئاوی تر لە ١ کیلۆمیتری شارا هەیە، بەلاّم چونکا جۆمالّ ناکرێن و پیان ناچار درێن ئاوەکەیان کەمی کردووەو لە کزین، بەلاّم ئاوەکەیان زۆر خۆش و گەوارایە.

لە سەردەشتا مزگەوتێ زۆرو مەلای مودەریس و فەقێ هەیە. دەفتەری ئەسناد، فێرگەی تازە وەکو دبیرستان، یانەی حوکومەتی، پادەگان و سنوورەوانی لێیە.

بە قسەی ژاك دێمورگان سەردەشت بەردە مەڕمەڕە سپی چاك و عالی[1] هەیە کوردستان خاوەنی چەم و رووبارێ زۆرە وەك:

١- دەجلە کە درێژایەکەی لە کوردستاندا (٦٠٠) کیلۆمیترە و (٤٥٠) کیلۆمیتری دەجلە لە کوردستانی تورکییەوەو (١٥٠) کیلۆمتریشی لە کوردستانی گەرمیانەوە: (عێراق) تێئەپەڕێ.

٢- فورات درێژایی ئەگاتە: (٢٨٠٠ )کیلۆمیتر و (١١١٠) کیلۆمیتری بە کوردستاندا ئەڕوا. ئاو، ئاوی کوردان، تورکی عوسمانی بە و بەغدای ئەفرۆشی و کەلّکی رامیاری و ئابووری لێ وەردەگرێ.

٣- چەمی (قزلّ وەزان) کە لە ٣٠ کیلۆمیتری زەنگانەوەیە، ئەم چەمە لە کێفەکانی مزگەوتی میرزاد لە رۆژئاوای (سارالّ) و کێوەکانی باشووری دێهستانی سارالّەوە، سەرچاوە دەگرێ و هەلّدەقولّێ و خۆ ئەخزێنیتە دەریای خەزەر[2].

(1) پەڕاوەی گەنجینەی فەرهەنگ وزانست نووسراوی شەپۆل.

(2) بڕوانە گرشەی کوردستان پەڕەی ١٢، ژمارە ٥ی سالّی دووەم ١٩٨١ی زایینی تاران.



٤- سیروان لە کوردستانی ئێران سەرچاوە ئەگرێ و ئەرژێتە خاکی کوردستانی عێراق.

٥- قەرەسو، لە رەوانسەرەوە لە شاکۆی کوردستانی ئێران سەرچاوە ئەگرێ.

٦- زێی گەورە، لە کوردستانی تورکیاوە سەرچاوە ئەگرێ و ئەچێتە خاکی عێراق.

٧- زێی گچکە، ئەمیش هەر لە تورکیاوە سەرچاوە ئەگرێ ئەڕواتە ناو عێراق و ئەرژێتە دەجلە.

٨- ئەرەس لە کوردستانی تورکیاوە دێ و ئەرژێتە دەریای خەزەر[1].

٩- چەمی بتلیس و بۆتان بە کوردستانی تورکیادا ئەڕوا.

١٠- گاماسیاو (گاماسیاب) بە کوردستانی ئێراندا ئەڕوا.

نوکتە: وەرمیشیان: گوندێکە لە دێهستانی مەنگورانی بەشی حەومەی شاری مەهاباد و لە ٤٨ کیلۆمیتری باشووری خۆرئاوای مەهابادەو ٣١,٥ کیلۆمیتری خۆرئاوای جادە ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەردەشتە.

کوێستانە و سارد و سالمە زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ کەس لەوێ ئەژین و کوردو سونین، لە چەمی بادیناوێ، ئاو ئەخۆنەوە.

بەرهەم دانەوێلّە، توون و گەنم و جۆیە، کاری خەلّك حووت و گاو مەڕو مالاّتدارییە. رێگا بۆ گوند: کویرە رێگایە:

بادیناوێ مەنگوران: یەکێکە لە دێهستانەکانی مەنگورانی بەشی شاری مەهاباد و لە ٥٨ کیلۆمیتری باشووری خۆرئاوای مەهابادەوەیە و لە ٤٩ کیلۆمیتری خۆرئاوای رێگای ئیسفالّتەی مەهاباد بۆ سەردەشتە.

(1) کە ژەنرالّ پێشەوا بارزانی و پینسەت کەس لە پێشمەرگەکانی بە مەلە باسلە لە ئاوی ئارازەوە پەڕینەوە نێو خاکی شوورەوی بەروو.

جەلگەیە و موعتەدیل و سالمە و زیاتر لە ٨٠٠ کەس لەو گوندەدا ئەژین و لە چەمی بادیناوێ ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم دانەوێڵە، تووتن، گەنم و جۆیە، کاری خەڵك: جوت و گاو ماڵاتدارییە، کاری دەستی: جاجم، گورەوی چنین و شتیوایە.

ڕێگا ئەرا بەرەوە.

بادین ئاوا: گوندێکە لە دێهستانی پیرانشاری بەشی حەومەی شاری مەهاباد و لە ٥٧ کلۆمیتری باشووری خۆرئاوای مەهاباد و لە ١٥ کلۆمیتری باشووری خۆرئاوای جادە خاکی پیرانشار بۆ نەغەدەدایە. کوێستانە و ساردو سالمە، زیاتر لە ١٤٠٠ کەس لەوێ ئەژین و کوردو سونین و لە چەمی بادیناوێ، ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم: دانەوێڵە، تووتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵك جووت و گا و و مەڕدارییە و کاردەستی ژنانیش: جاجم و بەرماڵ و گورەوی و شتیوایە و ڕێگا: ئەرابە ڕەوە.

خاڵ دەلیل: گوندێکە لە دێهستانی یەڵتە مرو بەشی حەومەی شاری خۆرئاوای جادەی ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەردەشتەو کوێستان و موعتەدیلە و مێشوولەی نۆبەتی هەبووەو ئێستا نەماوەو زیاتر لە ٢٢٠٠ کەس لەوێ ئەژی و کورد و سونین و لە کانی و چاوە ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم دانەوێڵە و تووتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵك جوت و گا و مەڕو ماڵاتدارییە و کاردەستی: جاجم و بەرماڵ و گۆرەوی و شتیوایە و ڕێگا کوێرە ڕێگایە، لەم گوندەدا دانەی گەورە (گرانیت) هەیە.

تەرەغە: گوندێکە لە دێهستانی یەڵتە مری بەشی حەومەی شاری مەهابادە و لە ٣٨ کیلۆمیتری باشووری خۆرئاوای مەهاباد و ٢٣ کیلۆمیتری خۆرئاوای جادە ئیسفالتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیل و سالمە زیاتر ٢٢٣٠ کەس لەوێ ئەژی و کوردو وسونین و لە دەرەو دۆڵ ئاو ئەخۆنەوە بەرهەم: دانەوێڵە و تووتن و گەنم و جۆیە. کاری خەڵك جووت و گاو مەڕوماڵاتدارییە و کاری دەستی: جاجم، بەرماڵ و گۆرەوی، و شتیوایە و ڕێگا کوێرە ڕێگایە لە تەرەغەدا، ئاهەك هەیە.

ئیساکەن: گوندێکە لە دێهستانی یەختەچی بەشی، حەومەی شاری مەهاباد و لە ٢٩ کیلۆمیتری باشووری خۆرئاوای مەهاباد و ١٦ کیلۆمیتری خۆرئاوای جادە



ئیسفالتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیل و مێشولەی نۆبەتی هەبووەو ئێستا نەماوەو زیاتر لە ١٢٥٥ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو سونین و لە چاوە ئاو ئەخۆنەوە. بەرهەم: دانەوێڵەو گەنم و جۆیە و کاری خەڵك: جوت و گاو مەڕو ماڵاتدارییە و کاردەستی: جاجم و شتیوانەو ڕێگا کوێرە ڕێگایەو ئەم گوندە ئاهەکی هەیە.

## سیمیناری سەقز و تەوسیفەی فەرهەنگی

نەخشی مامۆستایانی ئایینی و بنچینەی دینی شۆڕشی ئیسلامی لە تەوسیعە و پێشخستنی فەرهەنگی میوانانی ئازیز و بەڕێز و خۆشەویست درودو ڕەحمەتی خواتان لەسەر بێ.

کاتێ خۆم لە نێو گەشە پێدەرانی فەرهەنگ و زانینی کوردەواریدا دەبینم لە شاری فەرهەنگ پەروەری سەقزدا شاری (ملك الكلام مجدی-١٢٦٨-٣٤٤ی مانگی-میرزا عبدالحمید ملك الكلامی امیر الكتاب ١٢٦٢-١٣٢٨ی مانگی، شاری محمد رسول شیرازی ١٣١٤-١٣٦٨ی هەتاوی، شاری-استاد مەلا عبدالقادر سعیدی امامی سابیقی مسجد دو منارە، شاری مظهر، شێخ حەسەن مەولانا مەولاناوا-وەفات ١١٣٦ی مانگی-شاری مەولانا موفتی سەقز، شاری پیر یونس، قازی کەوسەر ١٢٦٣-١٣٢٨ی مانگی، شاری ((صادق محمد سقزی))، شاری مەلا کەریم صائب زاری ١٣٢٩-١٣٦٠ی هەتاوی، شاری ئەبولمواهیب کوردی، شاری عبداللە ناهید، شاری شێخانی بست، شاری شێخ ڕەئوفی ضیایی ١٢٧٣-١٣٦٦، شاری مستەفا جوانڕۆیی و...)

بەڵێ لەم کاتەدا ئەم شیعرە پڕ لە هەستەی ملك الكلام مەجدیم دێ بە بیرا کە دوای پەرەوازە بوون لە شاری عیلم پەروەری سەقز، ئاگری نیشتمان ویستی دوورە وڵات گڕی داوە کە فەرموویەتی:

جەرگم لەت لەتە خۆزگە بمدیایێ     چارە چەقیلەی ناری قەلایێ

منیش پڕ بە دڵ دەڵێم: ئۆخەی وا نەمردم دوای کۆنگرەی ڕێزدانان بۆ حەکیم مەولەوی کورد کە لە ڕۆژانی **٩** و **١٠**ی خەرمانانی ساڵی **١٣٧١** لەم شارە دانراوە، بۆ جاری دووەم لەم شارە جوانە دەڕوانمە لای ناری قەڵایێ و ئاواتی مەجدی بەجێ دێنم، ئەویش ئاوا لە نێو ئەم هەمووە هەستیار و نووسەر و قەڵەم ڕەنگینانەی کوردی ئازیز و خۆشەویستم، شوکر بۆ خوا.

ڕۆڵ و نەخشی مامۆستایانی ئایینی و بنچینەی دینی لە پێشخستن و پەرەپێدان و تەوسیعەی فەرهەنگی لە سەقز و لە نێو کوردەواریدا، ئەگەر بە وردی بڕوانینە باری ژیانی خەڵکی لە کوردەواری بۆمان دەردەکەوێ کە ژیانی خەڵکی موسڵمانی کورد تابیعی عورف، عادەت، ئاداب و رسومی باوی نێو خۆیی بوون کە ئەمانەیش بە خۆرسك و بە تەبیعی دەزانران، دیارە لە نێو ژیانی بەو شێوە خۆماڵیانەو لە ئاوەها هەڵومەرجێکدا نەخش و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی و ئەحکامی فیقهی و بنچینە دینییەکان لە کوردەواریدا سەرەڕای نەخشی مەعنەوی لە روانگای کۆمەڵایەتیشەوە نەخشێ تایبەتیان هەبووە. ئەو نەخشەش دیاریکرانی تەکلیفی ئەفعالی ئیختیاری تاکە تاکی موسڵمانە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، و پاراستنی نەزم و لابردن و نەهێشتنی دژی و ناکۆکی لەنێو خەڵکدا لە ڕێگای عەمەلکردن بەو ئەحکامە دینییانە.

عەمەلکردن بەو ئەحکامانە، هەم وەك ئەوە بووە کە بە فەرمانی خوا جووڵاونەتەوە، هەم دادگەری و خوو ئاکار و ئەخلاقی باش و چاك بەڕێوە براوە، هەم نەزمی کۆمەڵایەتیش بۆ نەهێشتنی قڕەقڕو ناکۆکی دابینکراوە، لەڕاستیدا عەمەل بەوەی کە بە فەرمانی خوا نێودەنرا، شوێنەواری قەهری کۆمەڵایەتی هەبووە، ژیانی دینی ژیانی کۆمەڵایەتیش بوگە.

مامۆستا فیقەزانەکان لەڕووی کتێب و سوننەت: ((قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەوە)) حەلال و حەرامیان بۆ خەڵکی دەستنیشان دەکرد، و خەڵکی موسڵمان لە کوردەواریدا ئەوەیان لە ژیاندا بەکاردەهێنا و ژیانی ڕۆژانەیان دەگوزەرا، لە بەشێکیش لە بابەت باری ژیانەوە دەستووری دیاری نەدەکرا، چونکە ئەو بەشە بە



مەباح ناودەبرا. لەم شێوە ژیانەدا هەم ژیانی ڕۆژانە بەردەوام بوو و هەم فەرمانی خوا لە بابەت حەڵاڵ و حەرامەوە بەڕێوە دەبرا. ژیانیش ژیانی سادەی کشتوکاڵ، مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری نێوە فئودالی، بازرگانی و شتیوا بووە. ئەم جۆرە ژیانەش بە عورف، عادەت، ئاداب و رسومی باوی نێو کوردەواری بەڕێوەچووە، جا بۆ نەهێشتنی ناکۆکیش شێخ و مەلا و ریش سپی نێوبژیان کردووە.

دیارە عیلمی فیقهیش ئەحکامی دین و کارو کردەوەی بۆ خەڵك روون کردۆتەوەو حاکمانیش لەڕووی عەمەلکردن بەو ئەحکامانە نەزمی کۆڕو کۆمەڵگایان دابینکردووە، هەر کاتێکیش حاکم ویستبێتی عورف یا تەگبیرێ تازەو نوێ بهێنێتە نێو ژیانی کۆمەڵگای موسوڵمانان، ئەمیشیان بە ئایەرەی حەڵاڵ و حەرامی فیقهی هەڵدەسەنگاند، تا دژایەتی یەك لەگەڵ حوکمی خوا پەیدا نەکا. کتێبی فیقە و کتێبگەلی سوڵتانییە بەو تێڕوانینانەوە نووسراون، ئیمام محەمەد غەزالی لەم بارو بابەتەوە فەرموویەتی: ((فیقە بۆ سوڵتان موقەرەراتی حوکومەتی سازداوە تا سوڵتان بەپێی ئەوانە عەمەل و رەفتار بکا، کتێبی ئەحیای عولەومی دین)).

ئەمە کورتەی ئەو شێوە ژیانە بوو لە رابوردوودا، و نەخش و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی و نەخشی ئەحکامە دینییەکان لەوانەدا.

لە پەرەگرتنی مێژوویی ئەو شێوە ژیانە و ئەحکامی فیقهیدا نیزامگەلی رامیاری: ((سیاسی)) کڕین و فرۆشتن، کاروباری ماف و حوقوقی، ئابووری، فەرهەنگی، و کۆمەڵایەتییەکی دیاریکراو، لە نێو موسڵمانانیدا بەدیهات، کە ئەوانە هەموویان هۆی مێژوویی خۆیان هەبووە، ئەوانە نیزامگەلێ بوون، کە لە هەڵومەرجی مێژوویی تایبەت بەو هەڵومەرجە سەریان هەڵداوە، نەك لە نیزامی هەمیشەیی، چونکە ئاوەزوو ئەقڵ ناتوانێ هیچ نیزامێ بە هەمیشەیی بزانێ. ئەو نیزامانەی باسی لێکرا لە چوارچێوەگەلێدا بوون. بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و دژایەتی، و بۆ پاراستنی نەزم لە ژیانا، تا ئەو جێگایەی کە کوڕی سینا بۆ عەلی فەیلەسووفی ناوداری موسڵمانیش لە باسی ئیلاهیات لە کتێبی ((الشفا))دا وەختێ لە فەلسەفەی

پێغەمبەرایەتی (نبوت) دەدوێ روونی دەکاتەوەو دەنووسێ: ((فەلسەفەی کۆمەڵایەتی سوننەت و ئەحکامی دینی نەبەوی ئەمەیە کە دژایەتی و ناکۆکی لە نێو خەڵك لاباو نەزم و تەرتیبێ بۆ دڵنیایی و موتمانە بوون، بۆ ژیانی گشتی بەرەی مرۆڤ بەدی بهێنێ)). دیارە مامۆستایانی دینی لە سەقز، و لە نێو کوردەواریدا لە پەرەپێدان و پێشخستنی فەرهەنگی ئیسلامی و فەرهەنگی کوردیدا نەخشێ زۆر بەرچاویان هەبووە. بۆ نموونە کەسانێ وەکو ئەم زاتانە سەریانهەڵداوەو خزمەتی فەرهەنگیان ئەنجام داوە: مەولانا خالد نەخشبەندی شارەزووری، نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە، حەکیم ئەحمەد خانی، حەکیم مەولەوی کورد، عارفی رەبانی مەلا ئەحمەد جزیری، عەلی تەرەماخی، فەقێ تەیران، مەلا باتە، عەلی حەریری، مەلا گچکەی هەولێری، حاجی قادری کۆیی، ئایەتوڵڵا مەردۆخ، قەناتی کوردۆ، فەقێ قادر هەمەوەند، خانای قوبادی، مەلا پەرێشانی لور، تەوفیق وەهبی، پیرەمێرد، ناری، نالی، کوردی، ئەمیر حەسەنپور، جەماڵ نەبەز، ئەرکەوازی، مەلا رۆستەمی ئیلامی، خەلیفە بەها، سەرهەنگ ئەلماسخان، رەحمان زەبیحی، قانع، حاجی خەلیفە ((بەها))، صەلاح سۆران، بۆز ئەرسەلان، فەتتاحی قازی، شێخ سەلیم تەختەیی، گۆران، میرزا شەفیع کێمنەیی، میرزا قادر پاوەیی، مەحوی، وەفایی، سەی سالْح ماهی دەشتی، تەمکین، شامی، سەی یاقو کرماشانی، سالم، خالەمین، ئاوات، فیدایی، زاری، غەمگین، حەریق، جەوهەری، عەللامە مەلا عەبدولکەریم مودەریس ئیمامی شافیعی رۆژگار، بێکەس، پەشێو، مەلای گەورەی کۆیێ، هێمن و هەژارو...

بەڵێی ئازیزان، بەڵام لە یەك سەدەو نیو بەر لە ئەمڕۆ کە تەمەدون و شارستانی یا باشتر بڵێین: واتای تەوسیعە و پێشخستن و پەرەپێدان و پەرەگرتن دەڵێوەتە نێو وڵاتە موسڵمان نشینەکان، خەڵك شێوەی ژیانی تازەو نوێیان هەڵبژاردووە، کە لە تەك ژیانی سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر زۆری تەوفیرە، ئەم شێوە ژیانە تازەیە کە لە واتای پێشخستن و پەرەپێداندا بەیان دەکرێ بریتییە لە بەدەست هێنانی ئاگادارانە و بە رەوشت و رێبازدار، لە هەڵومەرجی خۆرسك و تەبیعی ژینگەی ژیانی مرۆڤانی، و



هەروەها گونجاوبێ لەگەڵ رووداوەکانی ژیان و پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانیدا، ئەوە لە لایێ، لەلایەکی دیکەیشەوە لە پەرەپێدان بە ژیانی فەرهەنگی و پێشخستنی مرۆڤانی مرۆڤ لە گشت لایەنەکانی ئەودا کە پەرەپێدان بەوانەو کەرەستەی پێداویست، و تەنانەت رەگەزی و هەویەی ئەوانە لە پێشەوە بە دروستی نەناسراون، ئەمڕۆ لە دنیای ئەمڕۆکەدا کاروباری ئەم شێوە ژیانە لەبن ناوی پێشخستن و تەرەقی ئابووری، تەوسیعەی فەرهەنگی پێشخستنی رامیاری و کۆمەڵایەتی، و بەرزکردنەوەی باری ژیانی خەڵکی لە پلەیەکی دڵخوازدا، و وێنەی ئەمانە روون دەکرێتەوە و تایبەتمەندی گەلێ دیاری کراویان بۆ ناو دەبەن. ئەم شێوە ژیانە نوێیە، لەلایەکەوە بە یارمەتی و کۆمەکی فەلسەفەی ماف و حوقوق، خو و ئەخلاقی چاك و مرۆڤانی، رامیاری و عولومێ ((زانینی)) کۆمەڵایەتی، و مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ، مۆتۆری بزاوتنی ئەم جۆرە ژیانە بریتییە لە ئیرادەو لێنەوینی چڕوپڕ و پڕ هێزی مرۆڤی هاوچەرخ بۆ کەشف و دۆزینەوەی ئاسۆیی تازە لە ژیانی ئینساندا، بێ ئەوەی ئەو جۆرە ئاسۆیانە لەبەرا بە دروستی دیار بن یا بکرێ بە تەواوەتی تێبینی بۆ بکرێن، واقیعییەتی دەرەوەیی ئەو ((پێش)) کە لە واژەی پێشخستن و بێژەی پێشکەوتن لەبەر چاو گیراوە، و ئەو پێشخستن یا پەرەپێدان کە واژەی تەوسیعە و پەرەپێدانی بۆ لەبەر چاو گیردراوە لە پێشدا بە دروستی دیار نییە و مەعلوم نەکراوە. لە ژیاندا لەسەر بنەڕەت و بنچینەی پێشخستن و پەرەپێدان ئاسۆی تازەی ژیان بەرە بەرەو پێ بەپێ کەشف دەبن و دەدۆزێنەوە، نەك لە پێشدا دیاری کرابن، و کەسێ نازانێ ئەوانە چ جۆرە کەرەستەیەکیان پێ دەوێ، و لەگەڵ ئینساندا چ دەکەن، هەرچەندە هەندێ کەس وتوویانە: کە مەبەستی دوا رۆژی ئەم پەرەپێدان و پێشخستنانە بریتییە لە رزگاربوون لە نەزانی، هەژاری، نەداری، نەخۆشی، بن دەستی، ناساغی، دیلی، کەم فەرهەنگی و... بەڵام ئەم جۆرە تەعبیرانە زۆر نادیار و کەم و کوڕن، ناتوانن گشت واتای پەرەپێدان و پێشخستن بە چاکی بەیان بکەن. لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو نەتەوەکانی دنیای سەر ئەم گۆی خاکە، ئەم شێوەی تازە ژیانەیان هەڵبژاردووە،

موسلّمانانیش بە چاولێکەری ئەم جۆرە ژیانە تازەیان بۆ خۆیان لەبەرچاو گرتووە. بەڕاستیش هەروایە ئەوەی بەنێوی پەرەگرتنی تەمەدون و شارستانی نێویان دەبرد، و ئەمڕۆیش ب پەرەپێدان ((توسیعە)) و پێشخستن نێوی دەبەن هەر یەکە.

گەلاّلە سازدان و کارکردن لەڕووی پەرەپێدان و پێشخستنی بەرنامەی یەکەم، دووەم، سێوەم و... لە کۆماری ئیسلامی ئێران، و لە ولاّتانی موسلّمان نیشیندا لە دەها سالّ بەر لە ئەمڕۆکەوە دەست پێکراوە، جا هەر لەسەر ئەم بناغەیە، و هەلّبژاردنی ئەم شێوە لە ژیان کە موسلّمانان عادەت و خۆیان پێگرتووە. بە کورتی و بەکوردی بێژین موسلّمانەکانیش بە کورد و ناکوردەوە لە دنیای ئەمڕۆدا پەرەپێدان و پێشخستن و پێگەیشتنیان هەلّبژاردووە و ڕێگای خۆدزینەوەو گەڕانەوەشیان لەم شێوەی تازە ژیانە بۆ نییە. سەرکاروانی ئەم جۆرە ژیانە ولاّتانی ڕۆژئاوان و ئەوانن ئەم جۆرە ژیانەیان بەدیهێناوە، کە ئەمڕۆ هەموو نەتەوەکانی دنیا و نەتەوەکانی موسلّمانیش بە کورد و ئەوانی دیکەوە بە ناچار وەریانگرتووەو ئەم جۆرە ژیانە تازەیان بۆ خۆیان هەلّبژاردووە، هەرچەند لە ئێراندا بە هۆی نەسیرەدین توسی و محیەدین خەلاتی کورد، ڕەسەدخانە لە مەراغە دامەزرا، تا ئێمەی ئێرانی بە کوردو نەتەوەکانی دیکەوە، خەلّکی نیشتەجێی ئەم گۆی خاکە فێری زانینی ڕۆژو ژیانی تازە بکەین، بەلاّم هێرشی تورکە ڕەشە، مەغۆل، تەیموور شەلە و... ئێمەیان دواخست.

لە ئێرانی ئیسلامیدا بەرنامەی یەکەم، دووەم و سێوەمی پەرەپێدان ((تەوسیعە)) و پێشخستن کە دوای سەرکەوتی شۆڕشی گەلانی ئیسلامی قسەی لێدەکرێ، و هەروا بەرنامەگەلیّ کە لە پێشدا هەبووە، هەموویان لەبەر ئەوەن تا ژیانی نەتەوەکانی ئێران لەگەلّ ئەم ژیانە تازەی وا لە دنیای ئەمڕۆ باوە خۆیان بگونجێنن، و ژیانی خەلّك لە باری فەرهەنگی، ڕامیاری، ئابووری و کۆمەلاّیەتی پێش بخرێ و پەرەی پێ بدرێ، لەمەدا هیچ دوو دلّیەك نییە کە ئەگەر ژیانی موسلّمانان و گەلاّنی ئێران و کوردستان لەگەلّ ژیانی تازەی دنیا ڕێك نەبێ و خۆ نەخونجێنێ، ئەو نەتەوانە (موسلّمانان: کوردو ئێرانی) توناییی و هێزو وزەی بەردەوامی ژیانی شارستانیان لە دنیای تازەدا لە



کیس دەدەن. تەعبیری دواکەوتنی یا قەتیسمان لە دواکەوتوویيدا کە لە دەیان سالّ بەر لە ئەمڕۆکە لە زووانی موسلیحانی کۆمەلاّیەتی و ڕامیاری ئەم ولاّتەدا بە سەدان جار دووپاتە کراونەتەوە، واتاکەی بێجگە لە مەشتیّ دیکە نەبووە، کە ولاّتە موسلّمان نشینەکان بێبەشن لەو هەلّومەرج و ئەو جۆرە ژیانە تازانەی وا لە بەشیّ لە ولاّتانی دیکەی دنیادا هەیە کە بە پەرەپێداوی و پێشکەوتوویی ناودارن. دیارە دەبیّ ئەم بارە نالەبارە بگۆڕدرێ. ئاشکرایشە کە دواکەوتوویی لە عیرفان، وێژاوەری و ئەدەبیات، فیقە، تەفسیر و دینداری مەبەستی ئەو موسلیحانە نەبووەو نیشە. با وەکو ئالّوگۆڕی پیشەیی لە شێوەی ژیانی بەرەی موسلّماناندا ڕوویداوە، بەلاّم کەند و کۆسپی ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەیە هێمان هەندیّ لە زانا ئایینییەکان وا دەزانن بۆ هەلّسووڕانی کاروباری موسلّمانان دەبیّ لەڕووی کتیچب و سوونnەت (قورئان و فەرموودە) دیاری بکرێ و حەلاّلّ و حەرامی بۆ لەبەرچاو بگیردرێ، کە حوکومەت دەبیّ چ بکا، و چ نابیّ بیکا. حوکومەت کردن لە کۆڕو کۆمەلّگای ڕووبە پێشخستن و پەرەپێدان بە کاروبار و ژیانی بەرەی موسلّمانان لە خۆرسك و تەبیعەتی خۆیدا لەڕاستیدا یەك هەلّسووڕێنەری عیلمی و زانینی و فەن و فوتییە. جا هەر لەبەر ئەمەیە کە پسپۆڕانی تەوسیعە دەلّێن: تەوسیعە لە واتای کۆمەلاّیەتیدا یانی: تەرقی و هەلّدان، و لەڕاستیدا بە واتای پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و بەرزبوونەوەی ژیان لە پلەیەکی ئیدەئالّ و دلّخوازی ئینسانیدا.

پێشخستن و تەرەقی و گەشەکردنی دادگەرانەی کۆڕو کۆمەلّگا لە بابەت لابردنی نیازگەلی ئەنبوژەنی شیاو، لە تەك دابینکردنی نیازی ماددی تاکە تاکی ئەو کۆمەلّگایە، و ئەبیّ بە تەواوەتی هاوڕێی لەگەلّ بافتی ئابووری کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی خەلّکدا هەبیّ، جا پیّ بە پیّ بڕواتە پێشەوە، بەدیهاتنی تەوسیعەی کۆمەلاّیەتی تەنیا بە کەلّك وەرگرتنی خۆنجاو و دروست دەگونجیّ بەو مەرجەی لەکاتی خۆیدا گشت هەلّومەرجەکان و سەرچاوەگەلی مەوجود لەبەرچاو بگیردرێ. لە یەك بەرنامە داڕشتنی دروست، بۆ پێشخستنی گشت لایەنەکانی کۆمەلّگا تەقەلاّی

هاودەنگی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی بە ئەولەوییەت بەندی زەمانی، تێبینی دەکرێ، و لەوێشدا بەشداری گشتی خەڵك بنەڕەتی بزوتن و گۆڕان لەبەرچاو دەگیردرێ.

یەکێ لە ئامانجە گرینگەکانی تەوسیعە، بەدیهێنانی دڵنیایی قایمە کە ببێتە یەك بە خۆ باوەڕی نیشتمانی، و کەرەستەی هەڵدان و بەرزبوونەوەی لێهاتووەکانی نهێن لە کۆڕ، و کەڵك وەرگرتن لە هەلۆمەرج، و سەرچاوەی مەوجود، جا بە دیدیێ، و سەربەخۆیی هەمە لایەنەی بە دواوەیە.

بەرنامەگەلی تایبەتی تەوسیعە و پێشخستن، بە سێ جۆر بەرنامە: کورت ماوە، نێوانجی ماوەو درێژ ماوە، دابەش دەبێ کە لە هەلۆمەرجی ئێستادا بەرنامەگەلی زەمان بەندی پێنج ساڵە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کەڵکی لێوەردەگیردرێ، کە لەم بەرنامانەدا مودیریەتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئامانجی تەوسیعە و پێشخستن دەبرێ بەڕێوە.

## بابەتەکانی تەوسیعەی کۆمەڵایەتی

ئەلف- بەرنامە داڕشتن: وردناسینی سەرچاوەو گونجاوییەکانی کۆمەڵگا، ستوونی بنەڕەتی بەرنامە داڕشتنە کە بەرنامە داڕێژان بە کەڵك وەرگرتن لە شێوە ئاماری جیا جیا، و لێکۆڵینەوەی کارناسانە، ئەوە جێبەجێ دەکەن. سەرەڕای ئەوەیش دەبێ نیازگەلی بەڕاستی کۆمەڵ بزانن، و بۆ دەرخستنی کەندو کۆسپی کۆمەڵایەتی باش بکۆڵنەوە.

کارناسانی کاروباری بەرنامە داڕشتن بێجگە لەو مەبەستانەی سەرەوە نیازن بە ناسینێکی وردو هەمەلایەنەی ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە لەسەری دەکۆڵنەوە، ئەبێ بە تەواوەتی ئاگایان لە باری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رامیاری ئەوە هەبێ. و بەرنامەی خۆیان جۆرێ ساز بدەن کە بتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە ئەهرومگەلی موافیق، بتوانن لە نوختەگەلی چڕو پڕی کۆمەڵ، و لە کاروباری خۆکرد و خۆرسك کەڵك وەربگرن، و بە لەزو بە پەلە بگەنە ئەو بەرنامانە کە لەبەرچاویان گرتووە.



بێ- بەڕێوەبردن: دووەمین پلەی دەستکەوتی تەوسیعە و پێشخستن بەڕێوەبردنی وردو زەمان بەندی کراوی بەرنامەیە کە ئەبێ بەهۆی با هۆی مودیرانی لایەق، کارا، کارزان و ئاگادار بەڕێوەببرێ. لەڕاستیدا مودیرییەت ئەبێ بە جۆرێ بێ کە بە لابردنی زەمان و تووشبوون بە کەند و کۆسپ ، ئینعیتافی هەبێ و بتوانێ دابێ و لەگەڵ ئاڵوگۆڕدا بە لەز لە بابەت نیازەوە لەسەر رەوەندی خۆی بەردەوام بێ.

لە بابەت چاوەدێری کردنەوە کەڵك وەرگرتن لە بیروڕای کارناسانی پسپۆڕ و زانا و شیاو بۆ چاوەدێری کردن و رێنوێنی کردن بۆ لابردنی گیروگرفتێ کە دێتە سەر رێگا، و تەگبیرکردنی عیلمی و فەننی گرینگی تایبەت بە خۆی هەبێ.

## ناوەکانی ئامانجی تەوسیعە و پێشخستن

١- بەروبوو دانی زیاتر، بەرفرە بوونی بەرهەم یا هەڵدان و پەرەگرتنی بەرهەمی ناخالیسی نیشتمانی.

٢- دابەشبوونی دادگەرانە، یا دابەشکردنی قانزاجی تەوسیعە و دابینکردنی لانی کەم نیازگەلی بنەڕەتی و ئەوەڵییەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وەك خۆراك، پۆشاك، نشیمەن (مەسکەن) فێرکردن و بارهێنان، بیهداشت، دەرمان و باقی خزمەتە گشتییەکان، وەك ئاو، بەرق، کەرەستەی سووتەمەنی، ئاورودو، سەرئەنجام سەرچاوەی دەستکەوت و بەرهەم، وەك کەرەستەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ.

٣- بەدیهێنانی هۆی کارکردن، بۆ بێکاران.

٤- دابینکردنی بەشداریکردنی بە تێکڕای خەڵك و چوونە سەرەوەی بە ئەستۆگرتنی بەرپرسی کۆمەڵایەتی، بە دڵ و داو.

٥- بەدیهێنانی باوەڕ بەخۆ، و پاڵدان بە سەرچاوەی نێو خۆیی مەوجود، و سەرچاوەی کەسی و تایبەتی لە بابەت تەوسیعەی موتتەکی بە خۆ، واتای پەرەپێدانی پاڵدان و باوەڕ بە خۆبوون.

٦- راگرتنی لاناسەنگی (تەوازون)ی سنوور: (بوم)ناسی نێوان مرۆڤ و خۆکرد کە بە مۆدیرییەتی دروست بتوانێ لە سەرچاوەی خۆرسکی بەرتەسك و قابیلی تەجدید بە باشی کەڵك وەربگرێ.

٧- نەهێشتنی نەداری و هەژاری بەو هۆیە کە بە لانی کەمەوە، داهاتی کافی بهێنێتە بن چۆکی خۆی بە کەڵك وەرگرتن لە گشت سەرچاوەو لێهاتوویەکانی مەوجود.

٨- بەدیهێنانی پێوەندی بە کردەوەو بە عەمەل لە نێوان زانستی فەننی و نیازگەلی رۆژانە و نێوخۆیی.

٩- کەڵك وەرگرتن لە زانینەکان و تێکنۆلۆژی و بەدیهێنانی هۆیی تەحقیق: پیاچوونەوەو لێکۆڵینەوە بە رێگای ئوگربوون بە زانست و زانین.

١٠- بە تەواوەتی پەرەپێدان بە خەلاقییەت و بەدیهێنەرییەکان و لێهاتوویەکانی مرۆڤ، زنجیرەی پلەو پایەکانی ئامانجەکانی تەوسیعە و پێشخستن.

پلەو پایەی پێشخستنی کۆمەڵایەتی بە ئەندازەی ئاگادارییەکانی بە تێکڕایی خەڵکی بەم واتایە بەستراوەتەوە کە هەرچی ئاگاداری خەڵك بڕواتە بان شتێ زۆرتر لە تەوسیعە و تەرەقی و پێشخستن بەدەست دێ.

## جەدوەلی زنجیرەی پلەی ئامانجەکانی تەوسیعە

**فەرهەنگی**[1]

**کۆمەڵایەتی رامیاری**

**ئابووری کۆمەڵایەتی**

**لانی کەمی نیازەکانی بنەڕەتی**

دیارە هەموو دەبێ بزانین سەرمەشق بۆ شێوە ژیانی تازە بۆ ئینسان کە بە تەمەدون بژی، و ژیانێکی مۆدێرن و خاوەن شارستانی هەبێ، بەم جۆرەیە کە باسی دەکرێ:

١- یەکەم ئەوەیە کە ئەم شێوە ژیانە تازەو نوێیە لە ئیرادەو لێنەوینی چڕو پڕو بە توانا، و لە باشتر ژین و ژیان کردنی ئینسان سەرچاوەی گرتووە.

٢- دووەم سەرتاپای وجودی ئەوەیش بە هەڵدان و پێگەیشتنی عولوم و زانیاری تازەی خۆکرد و تەبیعی و کۆمەڵایەتییەوە شەتەك دراوە.

٣- سێوەم ئەم ژیانە تازەیە سەت لە سەتا پیشەیی و سەنعەتییە.

٤- چوارەم لە ڕێگای بەرنامە داڕژانەوە پێکدێ.

---

(1) سەرچاوەی کەڵك لێوەرگرتن، وتاری بەڕێوەبردنی جێنشین کردن بۆ تەوسیعە و پێشخستن، نووسراوی رام، سی ماهوترا جێنشینی موئەسەسەی تەوسیعەی ئاسیاو ئەقیانووسیەی مەکۆی گەلان، بڵاوکی مەکۆی بەرنامە و بودجە-بڵاوکی سەقز و تەوسیعە ئورگانی فەرمانداری شارستانی سەقز لاپەڕەی ١٦، چاپی ١٣٧٤ی هەتاوی (شەپۆل).



٥- پێنجەم قەبوڵکردنی ((کەسرەت)) زۆربوونی ئەقیدە، بیروباوەڕو ڕێزدانانی بەرانبەر بۆ ئەوانە، بەشداری کردنی رامیاری گشتی، بەژیری و بە ئەقڵ و تێفکرینی جەمعی، و حوکومەت کردن بە شێوەی دیموکراتیکی، هەڵومەرج و شەرتی پێداویستی ئەوەیە، یانی وڵات لە ڕێگای زانین و ئەقڵ و تەگبیر و بەرنامەوە بەڕێوە ببرێ.

٦- شەشەم قانوون لەم شێوەی تازە ژیانە، واتابێ زۆر پەرەداری پەیداکردووەو زۆرترین قانوون و موقەرەراتێ کە لەم وڵاتانەی وا لە حاڵی پەرەپێدراوی و تەوسیعە دادەنرێن، قانوون و موققەرەراتێکە، کە ڕەوەندی تەوسیعەو پێشخستنی نیشتمانی لە تەك ئەواندا پێکەوە دەبنە خێوی نەزم و نەزم بەدیدەهێنن، مەبەست قانوونێك نییە کە دەبێتە هۆی لابردنی ناکۆکی و دژایەتی لەنێو تاکە تاکدا، و بە بەدیهێنانی نەزم بەس بکا.

٧- حەوتەم گرینگترین ئەرك و ئەسپاردەی حوکومەت لە وڵاتانی ئەمڕۆکەدا مودیرییەتی عیلمی ئەم ڕەوەندە پەرەدارەی پێشخستن و پێشکەوتنە کە ئەرك و ئەسپاردەی فەرهەنگی، ئابووری و ڕەفاه و سامانێ تازەی بۆ دەوڵەتەکانی بەدیهێناوە، ڕەوەندی تەوسیعە و پێشخستن هەزار و یەك مەسەلەی لە دنیای ئەمڕۆدا لە نێو وڵاتانی جیهان و لە شانۆی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی بەدیهێناوەو بەدیدەهێنێ، جەنگ، ئاشتی، لە دنیای ئەمڕۆدا هەر بەم مەبەستەوە پێوەندی هەیەو گرێدراوە، پێوەندی ئابووری، رامیاری و فەرهەنگی لەنێونەتەوەکاندا پێوەندی بەم مەبەستەوە هەیە، مەسەلەگەلی پێوەندیدار بە ئیستیعماری کۆنە و ئیستیعماری نوێ، ڕاپەڕین بە دژی ئیستیعمار، شۆڕشە ئازادیخوازەکان، تەنانەت شۆڕشی گەلانی ئیسلامی ئێران، بێ دوو دڵی لە پێوەند لەگەڵ ئەم ڕەوەندی تەوسیعە، قەوماوەو روویداوە کە لەم سەردەمەدا لە نێو گەلانی دنیا قسەی لێدەکرێ، تەوسیعە و پێشخستن مەسەلەی بلێسکی و میحوەرییە لە دنیای ئەم ڕۆژگارەدا کە هەموو شتێ بەدیهێنێ، جەنگی داسەپاو، کە لە ئێراندا دوای شۆڕشی بەدیهات، لە شتگەلێکەوە کە پێشکەوتن و

پەرەپێدان بەدیهێنن سەرچاوەیان گرتووە، مەسەلەی گەورەو گرینگی کۆڕو کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆکەیش، پێوەندی هەر بەم شێوە ژیانە تازەو نوێیەوە هەیە.

٨- هەشتەم ئەم جۆرە ژیانە تازەیە، بەو واتایە نییە کە دیینی بۆ وەلابنێن و دەست لە دین هەڵبگرین، پەرەپێدان ویست یا پێشخستنخواز دەتوانێ خواناس و خواپەرست بێ، بەڵام ناتوانێ لە تەوسیعە و پێشکەوتنی دینی قسە بکا، دینداران دەتوانن لەگەڵ واتای دیینی ڕەوەندی گشتی تەوسیعە و گۆڕشانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدا، و لەوە نەقد بکەن، تێبینی کردنی هەندێ لە بەرنامەکان لە نێو ئەم ڕەوەندی پێشخستن و تەوسیعە، بە سوود و قانزاجی دین، قەت ناتوانێ کوللییەتی ئەم ڕەوەندە بکاتە دیینی و ئەوە بخاتە بن کۆنتورۆڵی ئامانج و واتای دیینی. دینداری ناتوانێ تەوسیعە و پەرەپێدان لەخۆیدا هەزم بکا و بیهێنێتە سەر ڕەنگ و رووی خۆی.

٩- نۆهەم ئەوەی بەکارو کردەوە لەم شێوە ژیانە نوێیە بەدەست دێ بە هیچ لەونێ بە تەواوەتی، تێبینی بۆ ناکرێ، بەتایبەت ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی تێبینی نەکراوی زۆر و بەرفرەی لەم شێوە ژیانە تازەیەدا بۆ پەیدا دەبێ. یانی بەکارو کردەوە ژیانی تازەو نوێی ئەم ڕۆژگارە بە تێڕوانین لە کتێب و سوننەت (قورئان و فەرمووده) بەڕێوەنابرێ و هەڵناسوڕێندرێ، جا ئەگەر وابێ مامۆستا ئایینییەکان مەگەر لە ڕێگای ئابووری، رامیاری و کۆمەڵایەتییەوە، دەنا لە ڕێگای ئایینییەوە نەخش و ڕۆڵێکیان لە دنیای تەوسیعە و پێشخستندا بۆ نییە و نابێ. بەڕاستیش هەروایە، هیچ دینێ ناتوانێ لەمەدا نەخشی هەبێ.

بیروباوەڕێکی وەها گۆڕاندنی حەقیقەت و ماهییەتی دیینە، و دین خستنە نێو کەند و کۆسپە، بەرنامە داڕشتن و قانوونی کردنی پەرەپێدان و پێشخستن یا هەڵسوڕاندنی وڵات بە ئەستۆی حوکومەتە، و عیلم و سیاسەت و فەن و فوت و ڕەمز و ڕازی تایبەت بە خۆیی گەڕەکە، بە ئەحکامی فیقە دیاری ناکرێ و لە ڕۆژگارانی بەروودا دەگونجا، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا ناخونجێ و ناگونجێ و ئەویش نابێتە کەم و



کوڕی بۆ هیچ دینێ، بۆ وێنە بۆ دینی پیرۆزی ئیسلامیش کەم و کوڕی نییە. ئەوەیە کە لە دەوڵەتی بەڕێز خاتەمی بۆ سەرو سامان دان بە باری ئابووری فەرمان درا، بە ئەقڵ و زانین و تەگبیر و عیلم و ئیرادە، و بەرنامە داڕشتنی ژیرانە، سەر و سامانی پێبدرێ. دیارە ئەگەر بێژین بە ڕوانین بە قورئان و فەرمووده (کتێب و سوننەت) ئەکرێ مەسەلەی پەرەپێدان و پێشخستن و تەوسیعەی وڵات چارەسەر بکرێ. ئەم قسە نیشانەی ئەوەیە:

١- یەکەم بە تاك زانینی سەرچاوەی مەعریفەتی مرۆڤ، دانان و راگرتنی هەموو زانینەکانی دیکە لە بن سێبەری زانینی دیینیدا یانی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و ناڕاستی هەموو زانینەکانی دیکەی دنیا بە ئایەرەی زانستی دینی، لە ئاکامدا بایەخنەدان بە زانستەکانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی، و مرۆڤناسی فەلسەفی تازەو نوێ، دین ناسی تازە، مێژوو فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زوان و شتانی دیکەی وەك ئەمانە. و لە هەمووان گرینگتر پێداگرتن و سووربوون لەسەر مەعریفەتناسی پێشووی پێشینان لە بابەت دینەوە.

٢- دووەم بیرکردنەوەی تەنیا لە ساخت و سازی زوان و کەم تەرخەمی کردن لەوەی کە ساخت و سازی هەموو زوانەکان، بۆ وێنە زووانی عەرەبی یەك ساخت و سازی مێژوویییە، و هیچ زووانی وزەی بەیانی هەموو مەعریفەتی گونجاو یا خونجاوی بۆ نییە، بۆ وێنە هیچ زووانی بەتەنیای ناتوانێ تەکوز و نیزامگەلی باش و چاکی رامیاری، ئابووری، سەنعەتی و... لە گشت خول و چاخێکدا بەیان بکا.

٣- ئەو بیروڕایە کە تەنیا یەك جۆر بیرکردنەوە، یا یەك جۆر فەلسەفە لە مێژوو دەگونجێ، کە ئەویش ئەقڵی بوون و بە نەزم بوونی مێژووە، کەچی بیرکردنەوەی دیکەیش لە مێژوو دەگونجێ کە لەواندا بە نەزم بوون و مەعقولییەتی مێژوو خەبەرێك نییە، لە نەتیژەدا مرۆڤ غافڵ بێ و نەتوانێ فەلسەفە بۆ (نبوت) پێغەمبەرایەتی و ئامانجەکانی بدۆزێتەوە.

٤- چوارەم ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کە واتاکانی دەق و متون لانی کەم ئەوانەی بە (نصوص یا نص) نێو دەبرێن راستەوخۆ لە واژەو رستەوە، دێنە زیهن، هەندێ دەق لە یەك واتا و لە یەك تەفسیر زیاتری بۆ نییە، دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە خۆی یانی: کەمتەرخەمی کردن لە قسەو باسی پڕو تەژی لە گرێ پوچکە، کە زانینی هێرمنۆتیك (Hirmenotik-تەفسیر و تەئویلی دەق و متون) ئەمڕۆکە قسەی لەوانە کردووەو راگەیەندراوە، کە هەموو دەقێ: (مەتنێ) بێ جیاوازی تەفسیرگەلی جیاجیا هەڵدەگرێ، دیارە تەنیا یەك تەفسیری دروست و گوجاو بێ واتاو بێ کاکڵە.

٥- پێنجەم ئەم قسە کە بگوترێ لە کەوشەن و سنووری مەعریفەت و ناسیندا دەکرێ لە ئیسباتی بەڵگەی یەك حەقیقەت یا یەك واقعییەت قسە بکرێ و ئیتر سەرنج نەدرێتە قسەو لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و مەنتیقی دیکە کە بە دژی ئەو قسەیە کە لە گۆڕ یا لە ئارادایە.

٦- شەشەم خۆ لادان لە شێوەی فەلسەفی، عیرفانی فەیلەسووفان و عاریفانی موسڵمان کە لە قسەو باسی (تەوحید) خوا بە تاقانە زانین، بەکاریان بردووە، بە شێوەی کەلامی و پاڵدان بە ئیعتیباری بابەتێکەوە لە وێنەی حوسن و قوبحی ئەقڵی لە باسی نبوەتدا.

دیاری ئەو جۆرە بیروڕاو باوەڕانە لە بابەت بیروباوەڕی دینییەوە، و ئاوەها تەفسیر و سەرنجدانێك بە (کتێب و سوننەت) قورئان و فەرموودە سەردەکێشێتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ وابزانێ دین گشت نیزام و تەکوزەکانی ئابووری، رامیاری، ماف و حوقوق دەگرێتەوە, کە هەر مرۆڤێك لە هەر سەردەمێك بتوانێ بەوە ژیان بداتە سەر، و ئەستۆداریش بێ کە بەوە بژی. جا هەر لەبەر ئەمەیە حەکیم فیردەوسی فەرموویەتی: (خرد راو دین رارهی دیگرست- سخنهای نیکو به پند اندر است).

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دینی مامۆستایانی ئایینی با بڕواننە کتێبەکانی وەك ئومی ئیمام شافیعی، توحفە، منهاج و... دیارە دەبێ بزانین پەرەداری نەخشی پەیامی دین مەسەلەیێ گرینگی دیکەیە و زۆر بە فراوانترە، لە ئەحکامی فیقهیدا،



سەڵماندنی فیقە بەسەر ژیانی مرۆڤدا یانی رۆح لە دین دارنین و ریشەی دین لەبن دەرهێنان و ویشك کردنی ئیحساس و هەستی دین، پەیامی دین، هەستی دین دەبزوێنێ، پاڵدان بە حوسن و قوبحی ئەخلاقی واتا بەخشینە بە ژیانی ئینسان و ئەمەیش گرینگترین کاری دینە. دین لە کۆڕ و کۆمەڵگای تەوسیعە خوازی لە دنیای ئەمڕدا زۆر گرینگە، ئەوە دینە کە دەتوانێ مرۆڤ کە بە داوی تەوسیعەوە گیری خواردووەو بە تەلەوە بووە، بێ ئەوەی ئامانجێ رووناکی لەبەرچاو بێ یا بتوانێ ئەم رەوەندی تەوسیعە کونتور بکا، هەروا بۆ لای نوختەیێ نادیار پاڵەستو دەدرێ، بە واتا دان بە ژیان مرۆڤ دەتوانێ لە رێگای دینەوە خۆ لە دانەو داو رزگار بکا، یا ئەو بوحرانەی لەسەر سووك بکرێ.

تازە لە کۆڕ و کۆمەڵگای کوردەواریدا فەرهەنگی دینی فەرهەنگی بە تێکڕای خەڵکە. مامۆستایانی ئایینی باش دەتوانن خەڵك لە قڕەقڕە و پێك هەڵپڕژان دوور راگرن و لە رێگای دینەوە هۆی پێکەوە باش سازان بەدیبهێنن، جا ئەگەر جوان بیربکەینەوە تێدەگەین کە مامۆستایانی دینی ئێم وێژاوەری، هونەر و ئەدەبیاتێکی وا جوان و عیرفانی و قووڵ و تەژی لە دوڕ، مەرجان، مرواری، زێڕو زیوی قاڵ کراوەی بە نرحی دینی و عاریفانەیان بۆ بەدی هێناوین، کە لە تنۆکە شەونێکی شەفاف و جوان زەریاییێکیان خولقاندووەو لە زەرەیێ درەخشان جیهانێ پڕ و تەژییان لە رەنگ و جۆراوجۆر بوون بەدیهێناوە، بۆتە زەخیرەو گەنجینە بۆ فەرهەنگی کوردی، جا دەبێ ئێمە وێڵی ئەم شێوە بەدیهێنانە بین و ئافەرین بە مامۆستایانی ئایینیمان بڵێین، دیارە ئێمەی کورد لەم هەلومەرجانەی دنیای ئەمڕۆدا زیاتر نیازمان بە بەدیهێنانی لەم جۆرە بابەتە تازەو نوێیانە هەیە. هەموو دەبێ بزانین دەست لێبەردانیان ناشیاوە، جا هەر لەبەر ئەو واتایانە مامۆستایانی ئایینی دەتوانن ئینسان بە مرۆڤایەتی بەرز و تەرز و موتەعالی خودایی و ئینسانی ناسیاو بکەن و ئاشتی، برایەتی لە نێوماندا دابین بکەن، بەتایبەت بۆ بارهێنانی منداڵ، مێردمنداڵ، گەنجان و لاوانمان بە پەیامی خواو پێغەمبەر و عاریفان و خواناسان، گیان و رۆحیان پاراو، تێراو بکەن و لەڕووی

پەیامی دینەوە بڕواننە ڕەوەندی تەوسیعە و پێشخستن، بە پیاچوونەوە شوێنەواری ئەنبوژەنی ئەوە کۆنتۆڕۆل بکەن، دیارە ئەم کرانە بریتین لە نەقدی گشتی پێشخستن و تەوسیعە لە روانگای مرۆڤناسی دینی، نەك مودیرییەتی کۆڕ و کۆمەڵگا، لە ڕێگای فیقەوە، پەرەپێدەران باکاری خۆیان بکەن و مامۆستایانی ئایینیش کاری خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەی وا لە دوا ڕۆژ رووددەدا بە دروستی بۆ کەس نازاندرێ. نەقدی ژیانی تازەو نوێی ئینسانی (مودێرنیتە) لە باری پەیامی دینییەوە بە واتای مانایەکی پەیامدار، دەگونجێ و شیاوە. بەڵام بە شێوەی زانینی تەجروبی و تەبیعی لە بابەت دین تیۆرییەوە ناتوانێ جامعییەت بە دین بدرێ.

## باجەڵان

یادو ڕێزدانان بۆ سەیید تاهیر هاشمی لە شاری کرماشان لە ڕۆژانی ١١ و ١٢ی سەرماوەرزی ساڵی **١٣٧٨**ی پێنج شەممە و هەینی لە سالۆنی (مجتمع شەهید ئاوینی) شاندێکی فەرهەنگی لە هەولێرەوە بەسەرپەرشتی کاك فەرهاد عەونی کە بریتیبوون لە ئەحمە سالار، پرۆفیسۆر مەسعود کەتانی، ئەنوەری محەمەد تاهیر، ڕەشید فندی، ئازاد عەبدولواحید، ئازا حەسیب قەرەداغی، غازی حەسەن، حەمە کریم عارف، فەیسەڵ عوسمان، محەمەد قادر، عەبدولڕەزاق عەلی، زیاد موهەندیس، محەمەد خدر مەولوود و عیماد ئەحمەد، و لە سلێمانیشەوە ئەم زانایانە: پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول، حسێن عارف، لەتیف هەڵمەت، ڕەئوف بێگەرد، فەرید زامدار، ڕەئوف ئەحمەد تەشریفیان هێنابووە هوتێل ئازادەگانی شاری کرماشان و لەوێ دابەزی بوون و نووسەری ئەم دێرانەش (شەپۆل) کە بانگهێشتن کرابوو لەگەڵ هەندێ لە زانایان و شاعیرانی کوردی تاران بە فرۆکە چووینە ئەو هوتێلە لە شاری کرماشان و بۆ ڕۆژی پێنج شەممە **١٣٧٩/٩/١١** کە لە سالۆنی ئاوێنی میوانەکان کۆببوونەوە، ئوستاندار،



ئیمام جومعەی کرماشان، مەلا قادر قادری ئیمام جومعەی پاوە، کاك بارام وەلەدبەگی، ئەحمەد قازی و کۆڕێ لە نووسەران و شاعیران لەوێ حازربوون. منیش کاتێ کە نۆبەی قسەکرنم هات، چوومە پشت مایکرۆفۆن، هەروەك کاك عەبدولڕەزاق عەلی لەبن ناوی ئەو دیمەنانەی لەبیر ناچنەوەدا نووسیویەتی: کاتێك د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) مامۆستای زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە تاران بە بابەتێك لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی سەیید تاهیر هاشمی بەشداری کرد، لە کۆتایی بابەتەکەیدا بە ئاشکرا داوای لە بەرپرسان کرد ئەسڵی ١٥ قانوونی ئەساسی و پەیامەکەی ئیمام خومەینی ڕەحمەتی سەربارەت بە خوێندنی زمانی کوردی لە ئێراندا جێبەجێ بکەن و ئەو ماف و حەقەی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی بینیووە، پەیڕەوکارانی فەراهەمی بکەن. گوتەکانی د. ئیبراهیمی کۆرەکەی جۆشدا و کاریگەرییەکی زۆری لای ئامادەبووان بەجێهێشت. کتێبی فەرهەنگ و ئازادی (کۆمەڵێك نووسەر) کتێبی گوڵان، ژمارەی **٣٣**، سەرۆ قادر، ساڵی ٢٠٠٠، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ژمارە **٥٠٢**، هەر ئەو قسانە وایکرد هەندێ لە کوردەکانی گەرمێن بێن وتووێژ لەگەڵ نووسەری ئەم دێرانە ئەنجام بدەن، بۆ وێنە کاك عەبدولڕەزاق عەلی بۆ ماوە ٤٥ دەقیقە نەواری بۆ پەخش لەگەڵ دەزگاکانی گوڵان لە قسەکانم زەبت و تۆمارکردو لە سەفەری دووەم بۆ هەولێر لە **٢٠٠٠/٥/٣١** ئەو نەوارەی لە کسێتێکدا پێی لوتف کردم.

سەفەری یەکەم بۆ کوردستانی باشووری، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆك و زیارەتی کاك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی و مام جەلال و نووسەران و شاعیران و زیارەتی مەرقەدی پاك و موتەهەری ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد و کاك ئیدریس بارزانی لە دێی بارزان، هەروا زیارەتی مەرقەدی کاك ئەحمەد بەرزنجی و شێخ مەحموودی نەمر لە شاری سولەیمانی ١٥ ڕۆژی خایاند، یان لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٧٨ و ٣ ژوئینی ١٩٩٩ تا ١٣٧٨/٣/٢٥ و ١٦ ژوئینی ١٩٩٩ زایینی درێژەی هەبوو، لەو سەفەرەدا کاك بارام وەلەدبەگی، کاك عەلی فەیلی، کاك

محەمەد بارامی کەمانگەر، دوکتۆر جونەیدی، کامبێزی کەریمی، کاك جەلیل ئازادیخواز، کاك فەتاح ئەمیری، کاك عومەر فاروقی، کاك حەسەن سەلاح سۆران، دوکتۆر قوتبەدین سادقی و حسێن شەریفی و... حوزوریان هەبوو. لە تارانەوە لە رێگای پەروێزخان و لە دەربەندیخانەوە چووینە سلێمانی و لە هوتێل ئاشتی بە سروود خوێندنەوەی کوڕان و کچانی مێرد منداڵ پێشوازی کراین. کاك ئازاد خانەقینی بەسەر میوانەکاندا رادەگەیی، لە سلێمانی بە خزمەت مام جەلال و پیاوانی گەورەی ئەوێ وەك عەدنان موفتی، دوکتۆر ئیحسان، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول، مەلا بەختیار، رەئوف بێگەرد، لەتیف هەڵمەت، شێخ لەتیف و... گەیشتین و لە هەولێریش کاك فرانسۆ حەریری، فەلەکەددین کاکەیی، بارزان مەلا خالد، جەوهەر نامق، فەرهاد عەونی، فازیل میرانی، رۆژ نوری شاویس، شێخ یەزیەدین، عبدالعزیز تەیب، پیرۆت، جەلیلی جەلیل، کەریم فندی و جرجیس ئاغا حەسەنمان دی قسەو باسی فەرهەنگیمان لەگەڵدا کردن، هەروا چووینە دیداری قەڵای دێرینەی هەولێر و مەغۆڵ بەزێن لە ١٣٧٨/٣/٢٠ لە سەلاحەدین چوینە زیارەتی کاك مەسعود بارزانی و نانی نیوەڕۆمان لە خزمەت ئەودا خواردو دوای قسەو باسێ زۆر لە خزمەتی مەرەخەس بووین و بۆ رۆژی ١٣٧٨/٣/٢١ بۆ دهۆك چووین، لەوێش چاومان بە کاك عەبدولعەزیز تەیب ئوستانداری دهۆك کەوت، هەروا هوتێل شیراتۆن کە تازە ساز درابوو و ١١ نهۆمی بوو، پرۆژەی سوپەر مارکێتی تازە ساز کە ١٧١٥ میتری چوارگۆشەیە دی، لە دهۆکیشەوە بۆ هاوینەهەواری (زاوێتە) و بۆ فراوین میوانی کاك فەلەکەددین کاکەیی وەزیری فەرهەنگ و رۆشنبیری بووین و لەوێوە بە کەنار شاری ئامێد (ئاشەب) دەڕۆین کە لەسەر کێوێ قەڵاکەی سازدراوەو پایتەختی میرانی بادینان بووە، لەوێوە بە سولاڤدا دەگەینە ناوچەی بارزان بە کەناری چیای شیرین و چیای پێرس کە لە ١٩٣٠ و ١٩٤٥ ئەم چیایانە شاهیدی جەنگی بارزانیان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد و ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بوون لە تەك عەرەب و ئینگلیسدا -لە گوندی باڵندە- کە دارێکی لێیەبەناوی داری بارزان کە شێخ ئەحمەد



لەبن سێبەری دانیشتووە، جا کەم کەم دەگەینە گوندی بارزان و دەچینە سەر گڵکۆی نەمران ژەنەراڵ مستەفا بارزانی و کاك ئیدریس و فاتیحە و دوعای بەخێریان بۆ دەخوێنین، لەبەر دەرگای ماڵی بارزانی نەمر دادەبەزین، بەرێزان شێخ عوبەیدیلا و کاك محەمەد ساڵح بارزانی و دەیان گەنج و پیری بارزانی دێن بە پیرمانەوەو لە بارزانەوە بەرەو هەولێر کە بە کەناری گوندی بلێ، دورێ، کە لە دوورەوە تابلۆی شانەدەر لە چاو دەدا و دیارەو لەوێوە بە گەلی عەلی بەگدا کە سەیرانگایەکی زۆر خۆش و پڕ تاڤگە و ئاوەو لەوێوە بەرەو دوو ڕییانی کێوی بێخاڵ، بە خەلیفاندا و دەگەینە حەریر و باتاس، لە بناری چیای سەفین و شەقلاوەوە بۆ هەولێر و هوتێل تاوەر لە هەولێر دەچینە رۆژنامەی برایەتی کە شەهید ساڵح یوسفی بە فەرمانی بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا دایمەزراندبوو، چاومان بە کاك فەرهاد عەونی دەکەوت، هەروا کاك زاهیر رۆژبەیانی و لە پاشان گەڕاینەوە سلێمانی و لەوێوە لە پەرویزخانەوە بۆ تاران گەڕاینەوە.

سەفەری دووەم بۆ کوردستانی باشووری کە لە ٥/١٥ تا ٢٠٠٠/٦/١ بۆ ماوەی ١٧ رۆژ درێژەی کێشا (٢/٢٧ تا رۆژی ٢٧٠٠/٣/١٢ی کوردی و ٢/٢٧ تا ١٣٧٩/٣/١٢ی هەتاوی) لە ١٥ی گوڵان لە رۆژی سێ شەممە لە تارانەوە بە فڕۆکە رۆیشتین و چووینە هوتێل فیردەوسی لە شاری کرماشان و بۆ بەیانی لەوێوە لەگەڵ شاندێکی فەرهەنگی کەسانی وەك دوکتۆر ئیبراهیم پور، حەسەن سەلاح سۆران، محەمەد کەمانگەرو چەند کەسێکی دیکە، لەگەڵ کاك یاری نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی بە ماشێن بەرەو سنووری بەنێو پەروێزخان رۆیشتین و لەوێ کە کۆڕێ لە شاعیران و نووسەران و نوێنەرانی یەکیەتی بە پیرمانەوە هاتبوون، سواربووین و بە دەربەندیخاندا چووینە هۆتێل سەرچناری سلێمانی، بۆ رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٠/٥/١٨ بە ماشێن ئێمەیان بردە قەڵاچوالان و لەوێ کۆڕێ زۆر لە زانایان و نووسەران و شاعیران و سیاسەت زانان لە تالاری ئەو شارە بۆ یاد و رێزدانان لە برایم ئەحمەد کۆبوونەوەو جەنابی مام جەلالیش حوزوریان هەبوو، چەند کەس لەو کۆڕەدا قسەیان

کرد، بۆ وێنە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول. نوێنەری ئێران سەردار مەسجیدی بە فارسی قسەی کردو تەنانەت کاك عومەر عەبدوڵڵا، کۆسرەت رەسول عەلی، قادر عەزیز، محەمەد حاجی مەحموود، کاك میهری و وەتەن دۆست نوێنەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە ئێران و... لەو نێوەشدا (شەپۆل) نووسەری ئەم دێرانە بە نێوی وتاری وەفدی رووناکبیرانی شاندی فەرهەنگی کوردی ئێرانی قسەی کرد ((پەڕی ١، ستوونی ٦، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی ٢١٤٩ی رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٠/٥/١٨ز)) رایگەیاند بەداخەوە کورد لە دراوسێکانی فێربووە (زیندوو کوژی مردو پەرست بێ)، هەروا وتی: کورد پیاوی وەك سەلاحەدین ئەییوبی و کەریم خانی زەندی هەبووە کە ئێستاش لە تاران بلوارێك بەنێوی ئەم هەیە و کەس نەیتوانیوە بڵێ کەریم خانی تاغوت و زاڵمە، چونکە زۆر دادگەر بوو کە جا کەوابێ کورد کە لە رێگای زاناو دانایانی خۆیەوە لە خزمەت فەرهەنگ، عیلم، نور و زانین و مرۆیانی و ئیسلامی دابووەو خۆی بە قەرزاری ئیسلام نازانێ، بەڵکو ئیسلام قەرزاری نەتەوەی کوردە، هەروا وتی: پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەراڵ مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد، فەرموویانە: لە هەر شوێنی ماڵە کوردی یا گوندێکی کوردی هەبێ، ئەوێ ئێرانە، هەروا رایگەیاند کە دوکتۆر قاسملۆ فەرموویەتی کورد ئێرانییە و ئێمە قەت نامانەوێ لە ئێران جیابینەوە (رۆژنامەی موشارەکەت، گوڵانی ١٣٧٩). جا کەوایە دەبێ ئێران و دەوڵەت و بەرپرسانی ئێران لە مافی نەتەوەی کورد پشتیوانی بکەن، هەروەك تورکانی تورکیا لە چوار ماڵە تورکی موجاهیر بە قبرس پشتیوانی دەکا. هەروا (شەپۆل) سەرانیی کوردی بانگ کرد بۆ پێکەوە سازان، ئاشتی و خۆشەویستی و یەکبوون، هەروا رایگەیاند دەبێ لە شێوەی شیوای رەسولی ئەکرەم و یارانی بۆ یەکبوون کەڵك وەرگرن کە خودا فەرموویەتی (محمد رسول الله و الذين معه اشداء على الكفار رحماء بينهم — ولا تنازعوا فتفشلوا و تذهب ريحكم) و... جا دوای تەواوبوونی کۆڕی قەڵاچوالان، ئێمەیان بردەوە سلێمانی و بۆ بەیانی هەینی ٢٠٠٠/٥/١٩ ئێمەیان بردە تالاری رۆشنبیری. مام جەلال، نەوشیروان ئەمین، شێرکۆ



بێکەس، گەلاوێژ ئەحمەد، منیرە قەفتان، تاها بابان، حسێن عارف، دوکتۆر کەمال فوئاد و هێرۆ خان ئیبراهیم ئەحمەد و... لە بابەت کەسایەتی برایم ئەحمەدەوە قسەیان کرد، لە سلێمانی چاوم بە د. کەمال خۆشناو، د. کەمال فوئاد، د. ئیحسان فوئاد، عەدنان موفتی، جەمال عەبدول، ئیبراهیم باجەلان کەوت و لە بابەت فەرهەنگ و زمانی کوردی زۆر قسەکرا.

دوای تەواوبوونی یادمانەکە، چووینە دیداری بەڕێز مام جەلال و دوای قسەو باسێ زۆر دەستووریدا شام لە خزمەتی دابین و بۆ بەیانیش بمانبەنە دیداری بەردە قارەمان، باڵاوگەی نەوت لە سلێمانی و دیدەنی بەربەند و سەدی دوکان، لەوێ ئەندازیارەکان تەواو کونج و کەلێنی بەربەند و توربینەکانیان نیشانداین و بۆیان تاریف کردین و لە پاڵاوگەی نەوتیش زۆریان تاریف بۆ کردین و بووە هۆی شادو گەشانەوەی شاندەکە بە تێکڕا کە ئاوا کاردەکەن و کاریان بۆ ئاوەدانی کوردستان کردووە، هەروا لەو ماوەدا چووینە گردی مامەیارە زیارەتی گڵکۆی پیرەمێردی نەمرو سەر قەبری برایم ئەحمەد. لە رۆژی شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٠ چووینە دیداری کاك شێخ محەمەد شاکەلی لە وەزارەتی (فەرهەنگ) رۆشنبیری، بە منی وت: بۆ یادو میهرەجانی مەولەوی کورد تۆم بانگهێشتن کردووە، تۆ لەگەڵ شاندی فەرهەنگی دووەم بەشداری میهرەجانی مەولەوی کورد و لێرە بە، دوای گەڕانەوەی ئەم شاندە تۆ بچۆ هۆتێل ئاشتی و منیان بردە هۆتێل ئاشتی و لەو ماوەشدا چەندین وتووێژی رۆژنامەوانی و رادیۆ و تەلەویزیۆن بۆ کوردستان سات لەگەڵ مندا ئەنجام دراو چاویشم بەم بەڕێزانە کەوت: مستەفا عەسکەری، شاڵاو عەسکەری، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، ئازاد جوندیانی، دڵشاد عەبدوڵڵا، دلاوەر قەرەداغی، جەمال عەبدولێ، محەمەد مەردان مەجید، محەمەد ساڵح سەعید، قوبادی جەلی زادە، محەمەد ئەمین، دلێر، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزەنجی، حسێن عارف. شاندی دەستەی یەکەم لە رۆژی سێ شەممە ٢٠٠/٥/٢٣ بەرەو تاران بەرێکران و بۆ رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٠/٥/٢٤ شاندی دووەمی شاعیران، نووسەرانی کوردی ئێرانی، وەك کاك بارام وەڵەدبەگی، دوکتۆر عەلی روخزادی، بەختیار سەجادی، کاك

محەمەد عەلی سوڵتانی، جەلیلی ئازادیخوا، ئەحمەدی قازی و دوکتۆر فەرەیدونی جونەدیدی گەیشتنە هۆتێل ئاشتی لە سلێمانی بۆ یادو رێزدانان لە حەکیم مەولەوی کورد. بۆ رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٥ هەموو میوانەکانیان بردە سەر شاتە سەر گڵکۆی مەولەوی کە گومەزی جوانیان بۆ سازداوە، دوای نان خواردنی نیوەڕۆ، ئێمەیان بردەوە سلێمانی و بۆ بەیانی لە تالاری وەزارەتی رۆشنبیری هەندێ لە شاعیران و نووسەران هەروا بەڕێز مام جەلال ئاخەوتن، دوای تەواوبوونی یادو رێزدانان لە مەولەوی بۆ رۆژی یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٨ بەرەو هەولێر چووین. لە (دێیگەڵە) کۆڕێ لە وەزیران و نووسەران و شاعیران و پیاو ماقوڵانی وەك کاك مەهدی خۆشناو، عەبدولکەریم فندی، سەرۆ قادر، بارزان مەلا خالد و... هاتبوونە پێشوازیمان و ئێمەیان بردە هوتێل هەورامان لە هەولێر، دیارە لە دوکان، خەلەکان، دێی خاوەنی وەفەیات، کویێ، چیای هەیبەت سوڵتان ,... لەسەر رێمان بوون و بۆ رۆژی دووشەممە ٢٠٠٠/٥/٢٨ بۆ فراوین ئێمەیان بردە زیارەتی کاك مەسعود بارزانی و میوانی ئەو بووین و لە خزمەت کاك مەسعود بارزانی دەست کرا بە قسەو باسی (حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ)، منیش لە حوزوری کاك مەسعود و میوانەکان عەرزم کرد لەکاتی وەفاتی سەیید عەزیز شەمزینی (گەیلانی زادە) لە مزگەوتی دزەی مەرگەور بەمنیات وت: بچم قسە بکەم، چوومە پشت میکرۆفۆنی میحرابی مزگەوت و دەستم کرد بە قسەو رامگەیاند، خوا کاتێ باسی عەرەب دەکا دەڵێ: (الاعراب اشد کفراً و نفاقاً) دیارە باسی تورك و فارسی نەکردووە. بەڵام کاتێ باسی کورد ئەکا بە ئازا، بە نەبەزو... ناویان دەبا، چ لە سوورەی جومعە، ئەنبیا، فەتح، روم و... بۆ وێنە لە ئایەی ١٦ سوورەی فەتحدا عەللامە حسێن هێندی لە (ترجمان القرآن)دا، دوکتۆر باستانی پارێزی لە کتێبی (یعقوب لیث دا)، کتێبی (بیان الائمه) بە عەرەبی، ج١، تەفسیری (روح المعانی)، (المیزان) و تەفسیری (ابن کثیر) لەبن ئەو ئایەتەدا نووسیویانە: پێغەمبەر فەرموویەتی: (شەئنی نزولی) ئەم ئایەتە قەومێکە کاڵەکانیان لە مووەو کوردن و بارزانی و منیش لە تەرجەمە و تەفسیری قورئان بە کوردی لە نێو



دوو هیلالدا نووسیومە (هۆزی کاڵەموویین)، چونکە نەیانهێشت (کورد و بارزانی لەوێ چاپ بێ)، جا کاتێ لەو مزگەوتە قسەکانم تەواوبوو پیاوێ هات و وتی: بەخوا حەسەنی لە ورمێ ئەتگرێ، منیش وتم: من  بە قورئان قەسم کردووە، ناتوانێ هیچ بکا و جەنابی کاك شێخ ئەدهەم بارزانی بۆ پرسە تەشریفی لەوێ بوو، چاوم بە دیداری کەوت.

دوای نان خواردنی نێوەڕۆ لە خزمەت کاك مەسعود بارزانی لەو سەفەرەدا لەگەڵ میوانەکان ئێمەیان هێناوە هۆتێل هەورامان بۆ شاری هەولێر و لەوێ چاومان بە زۆر کەس وەك بارزانی مەلا خالید، دکتۆر سامی ئەوڕەحمان، شێخ یەزیەدین کەوت و هەروا چووینە نیشتگەی کۆڕی راوێژ و تەکبیر و ئەنجوومەنی وەزیران و چاومان بە نوێنەرانی نیشتگە و هەندێ لە وەزیران کەوت و هەروا چووینە دیداری قەڵاو دیداری پارکی تازەسازی هەولێرو چاومان بە کاك زاهیر رۆژبەیانی، فوزیە رۆژبەیانی، عەبدولڕەزاق عەلی، کاك فەرهاد عەونی و... هەروا وتووێژی زۆریان بۆ رۆژنامەو رادیۆ و تەلەویزیۆن لەگەڵ ئەنجام دام، بۆ وێنە کاك بەدر ساڵح بارزانی دەزگای گوڵان و... بۆ رۆژی ٢٠٠٠/٥/٣١ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و شەو لە سلێمانی ماینەوەو کاك مەسعود بارزانی دەستووری دابوو، بە ٥ ماشینی سواری ئێمەیان تا سنووری باشماغ بەڕێکرد و لەوێشەوە سواربووین، بە پێنجوێندا تا مەریوان و سنەو لەوێشەوە بۆ تاران گەڕاینەوەو شەوی هەینی ٢٠٠٠/٦/٢ زایینی و ٢٧٠٠/٣/١٣ی کوردی گەیشتمەوە ماڵێ. (شەپۆل).